# تێگەیشتن لە ڕۆژنامەوانی

لينت شێريدان بێرنس

# تێگەیشتن لە ڕۆژنامەوانی

گۆران سەباح

لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

لینت شێریدان بێرنس
تێگەیشتن لە رۆژنامەوانی
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: گۆران سەباح
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣١١
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٩٠٩ - ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: بۆکان نووری، تریسکە ئەحمەد

ژینک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-81-2

## پێڕست

پێشگۆتن ........ 9

**کەرتی یەکەم: چۆن دەزانی دەتوانی؟**

بەشی یەکەم ........ 13
پێشەکی ........ 13
ڕۆژنامەنووسەیل و جەماوەریان ........ 18
ڕۆژنامەنووسان و کۆمەڵگە ........ 20
دانوستاندن لەبارەی ئاستەنگەیل ........ 25
بەشی دووەم ........ 33
ڕۆژنامەوانی لە گەرمەی کاردا ........ 33
ڕۆژنامەوانی وەک پراکتیز ........ 34
ڕۆژنامەوانی وەک چالاکییەکی تەکنیکی ........ 37
ڕۆژنامەوانی وەک پیشە ........ 40
پاڵپەستۆ لەسەر مۆدیلی پرۆفیشناڵ ........ 41
ڕەنگدانەوەیەکی ڕەخنەیی سەبارەت بەڕۆژنامەوانی ........ 47
بەشی سێیەم ........ 49
ڕۆژنامەوانی وەک بڕیاردان ........ 49
لە زانینەوە بۆ توانا ........ 50
ڕۆژنامەوانی وەک بڕیاردان ........ 52
کاری ڕژد و ڕەنگدانەوە ........ 53
ڕەنگدانەوە لە کاردا ........ 55
بڕیاردان لە کاردا ........ 61

**کەرتی دووەم: رۆژنامەوانی لە کاتی کاردا**


بەشـی چوارەم ..... 71
دۆزینەوەی هـەواڵ ..... 71
پێناسـەی هـەواڵ ..... 72
بەهاکـانی هـەواڵ ..... 74
مانای هـەواڵ ..... 78
دۆزینەوەی هـەواڵ لە کـاردا ..... 78
بەدواداچوونی هـەواڵ ..... 81
بەشی پێنجـەم ..... 93
هـەڵبژاردنی هـەواڵ ..... 93
هـەڵبژاردنی هـەواڵ ..... 96
بەهای غەیرە هـەواڵ لە هـەڵبژاردنی هـەواڵدا ..... 98
هـەڵبژاردنـی هـەواڵ لە کاردا ..... 102
پێناسـەکردنی بەرژەوەندیی گشـتی ..... 103
دانی بڕیاری ئەخلاقی ..... 106
ڕێچکەی بۆک بۆ بڕیاردان ..... 106
١٠ پرسـیارەکەی بلاک و سـتیل و بارنی ..... 108
خشـتەی پۆتەر ..... 111
بەشی شەشـەم ..... 118
کۆکردنەوەی هـەواڵ ..... 118
دیمانە وەک سـەرچاوەی سـەرەکی ..... 119
کۆکردنەوەی هـەواڵ لە کـاردا ..... 126
سـەرنجەیلی دیمانەکان ..... 129
ڕەنگدانەوەی رەخنـەیـی ..... 133
بەشی حـەفتـەم ..... 141
هـەڵسـەنگاندنـی سـەرچاوەیلی هـەواڵ ..... 141
هـەڵسـەنگاندنـی سـەرچاوەیلی هـەواڵ ..... 143

بەکارهێنانی سەرچاوەیلی هەواڵ لە کاردا ........ 146
ڕەنگدانەوەی ڕەخنەیی ........ 156
بەشی هەشتەم ........ 162
داڕشتنی هەواڵ ........ 162
بەها ڕێژەییـیـەکـانی هەواڵ ........ 163
نووسینی هەواڵ ........ 165
داڕشتنی هەواڵ لە کاردا ........ 172
ڕەنگدانەوەی ڕەخنەیی ........ 179
بەشی نۆیەم ........ 184
نووسیاریکردنی هەواڵ ........ 184
پرۆسەی نووسیاریکردنی هەواڵ ........ 185
چاکردن و بژارکردن ........ 187
پێکهاتەی ڕستە ........ 187
هونەری قەساب ........ 190
نووسینی سەردێر ........ 191
نووسیاریکردنی هەواڵ لە کاردا ........ 192
هونەری قەساب لە کاردا ........ 206
بەشی دەیەم ........ 213
کارکردن لەگەڵ وشە ........ 213
باکگراوندی وتارەکە ........ 215
پرۆسەی نووسین (درافتی یەکەم) ........ 216
خاڵی سەرەکی و پێکهاتە ........ 220

## لەبارەی کتێبەکەوە

"لە کوێ دەست پێ بکەم؟" ئەمە پرسیارێکی بنەڕەتییە بۆ ڕۆژنامەنووسانی نوێ، چ ئەوانەی هەوڵ دەدەن ئەو زانیارییانە جێبەجێ بکەن کە لە وانەکاندا وەری دەگرن یان لە مەیدانی کاردا فێری ڕۆژنامەوانی دەبن. هەردەم ڕۆژنامەوانی لە هەلومەرجێکی کولتووری ئاڵۆزدا دێتە بوون، ئەمە ڕاستە بۆ هەموو سەردەمێک. جەختکردنە سەر پراکتیزەکان یان بەهرەکان لەلایەن ڕۆژنامەنووسەیلەوە ناتوانێ پێناسەکانی ڕۆژنامەوانی بگۆڕێت یان ئامۆژگاریی بەرفراوان لەسەر ئاستی دنیادا پێشکێش بکات.

ئەم کتێبە جەخت دەکاتە سەر "ئەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ خۆماندا دەیکەین" کە شتێکە شۆن لە ١٩٨٣ باسی کردووە. ڕێنوێنیی سەرەتاییەکان دەکات لە ڕێگەی پرۆسەی بیرکردنەوە کە لەلایەن ڕۆژنامەنووسەیلەوە بەکار دێن بۆ بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەوانییەکی کوالیتی باش و پڕ مانا کە بازاڕیشی هەبێ. کتێبەکە زۆر لەبارەی ڕەخنەوە نییە لە پراکتیزەی میدیا بگرە ناوەندێکە بۆ تاوتوێکردنی ئاستەنگەکان.

# پێشگۆتن

"ئامادەبوون هەموو شتێکە"

هاملێت، پەردەی پێنجەم، دیمەنی دووەم.

پێش هەموو شتێک، ئەم کتێبە قەرداری بیری ئەو گەنجانەیە کە من لە ماوەی زیاتر لە دەیەک لە کاتی گوتنەوەی وانەی ڕۆژنامەوانی لە زانکۆگەل تووشیان بووم.

ئەم ڕۆژنامەنووسە سەرەتاییانە، بە تاک و بە کۆ، ڕاستەوخۆ بەرەنگاری هەموو ئەو شتانە بوونەوە من لەبارەی ڕۆژنامەوانییەوە لە ٢٥ ساڵی پراکتیزەکردنی پیشەکە فێری بووم. من وەک مامۆستایەک، نەک ڕۆژنامەنووسێک، پرسیارم لە خۆم دەکرد ئاخۆ چۆن پەیم بەڕاستییەکان بردووە. ئەو قوتابیانە ناچاریان کردم شیکردنەوەی ڕوون و بەجێ بدۆزمەوە بۆ پیشەیەک کە بەلای زۆربەی ڕۆژنامەنووسانەوە پیشەیەکی سروشتییە.

لەناو پۆلدا، دەچوومەوە ناو ژوورگەلی هەواڵ کە پێشتر کارم لێ کردبوون. ئەو پسپۆڕ و مامۆستا بەڕێزانەم بیر دەهاتەوە کە زانیاریی و سۆزیی ڕۆژنامەوانییان پێ دام. هەروەها سوپاسی هاوکارەکانم لە پەروەردەی ڕۆژنامەوانی دەکەم بۆ بزواندن و فراوانکردنی بیرم.

لەگەڵ ئەوەشدا، تۆوی ئەم کتێبە زۆر لەوە دواتر دەگەڕێتەوە.

کاتێ لە حەفتاکان بەدوای خولی ڕۆژنامەوانیدا دەگەڕام، دەگەڕامەوە لای باوکم بۆ یارمەتی بۆ نووسینی نامەی گرینگی تەقدیمکردن. ئەم دەستەواژەی باوکمم بیرم ناچێتەوە "سەبارەت بە گرینگی ڕاهێنان بۆ کار بیریار بە..."

پاشـان، وەک ڕۆژنامەنووسـێک، ئەو دەسـتەواژەیـەم بەسـەیر زانـی و وشـەی "بیـریار"م بەوشـەیەکی نەگونجـا دانا بۆ پەیامنێـران. بەم دواییانە هـەمـان ئەو وشـەیە، لە کاتی نووسـینی ئەم کتێبـە، هـاتەوە سـەر ڕێم. چووومە لاوس، لەوێ، هـاوکـارێکم کتـێـبی ئێلین لانگـەرزی دامـێ بەنـاوی "بیـریـاری" کـە لە ١٩٨٩دا نووسـراوە، تەنێ دوای ئەوە درکم بەوە کـرد کە هـەمـوو ڕۆژنامـەوانی برێتـییـە لە بەکارهێنانی مێشک و بیریاری.

سوپاسی باوکم، گۆردن شێریدان، دەکەم بۆ ئەو ئامۆژگارییە پێشوەختەی لەبارەی جیاوازیی نێوان مەعریف و تێگەشتندا.

ئەم کتێبـە بۆ ئەو ڕۆژنامـەنووسـانەیە دەیانەوێ باشـتـر کـارەکـەیان بکەن، ئەوانەش کە دەمێکە کارەکە دەکەن، ئەوانەش کە حەزیان لێیە ڕۆژێک بێ ببن بەڕۆژنامـەنووس. ئێـوە پـێـشـتـر ئەوە دەزانـن کـە ڕۆژنـامـەوانی پـیـشـەیەکی ئـاڵـۆزە. ڕۆژنامـــــەنووســــان دەبێ بەڕێوەبەرەکـــانیـــان، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرەکـان، خاوەنەکە، خوێنەر و خەڵک دڵخۆش بکەن. بەرگەگرتنی ئەم هـەمـوو قـایلکردنە ئـاسـتـەمـە، زۆر هـەن بەرگـەی ناگـرن. بەڵام، ئەم کـتـێبـە بۆ ستایشکردنی ڕۆژنامەوانییە نەک ناشتنی.

کـتـێـبـەکـە جـەخت دەکـاتە سـەر کـاری ڕۆژانەی ڕۆژنـامـەنووس و گـەڕان بـەدوای تێگەیشتن لێـیـــان. کـــەس نـاتوانـێ پێت بـڵـێ لـە کـــاتی کـــاری ڕۆژنامـەوانیـدا تووشی چی دەبی. بۆیە، کـەس ناتوانێ سـەتاسـەت پێت بڵێ چۆن مـامـەڵە لەگەڵ ئەو ئاسـتـەنگانە بکەیت دێنە پێش. بەڵام، ئەگەر بتوانی ڕووبەڕووی حـاڵەتێک ببـیـتـەوە و تێی بگەیت، بزانیت چۆن بڕیـار دەدەیت چونکە پیـشـەی ڕۆژنامـەوانی پێویسـتی بەبڕیاردانە. هـەروەهـا ئـەگـەر بزانی چۆن ئەخلاقیـانە کارەکەت دەکەی، چۆن بەمـتمانەوە بیکەیت، ئەوا ئەم کتێبە ئامانجی خۆی پێکاوە.

ل. ش. ب.

کەرتی یەکەم

# چۆن دەزانی دەتوانی؟

## پێشەکی

"... شوێنەکە بەمەنجەڵێکی سەر والای گەورە دەچوو... گوفەکئاسا... پڕ بوو لە خاشاک و هیلاکی. ئەگەر یەکێکی وەک نووسیاری شار کورسییەکی بەسوڕی هەبێ، ئەوا جومگەی گەردوونی دەشکێ، چونکە کاتێ کە هەڵدەستێتەوە، جێگەکەی هەڵدەبەزێتەوە وەک بڵێی شەقی لابەلای تێ هەڵدرابێ."

ئەمەی سەرەوە وەسفی ژووری هەواڵی ڕۆژنامەی نیویۆرک هیرالد تریبیونە لەلایەن تۆم وۆڵفەوە. وەسفی ئەو ڕۆژنامەنووسە تازانە دەکا کە ژووری هەواڵیان پڕ کردووە.

... ئێمە وا لە ڕۆژنامەنووسی سەرەتایی گەیشتووین کەوا خواخوایەتی چیرۆکێک بنووسێ و ناوی لە ژێر بێ و لە حەفتەی یەکەم بڵاو بکرێتەوە. ئەمە ڕاست نییە. بگرە لە ئەنجامی چوار حەفتە ئامادەکردنی ئێمە بۆ کارێک کە دواتر دەڵێین "بریا قەت نەمانکردبا"، ئێمە تەماشای هەواڵ دەکەین.

شتێکی سروشتییە کە زۆرجار بەهەڵە لە شت تێ دەگەین. بۆ نموونە، من پێم وا بوو پەیامنێر مرۆیەکی ڕووخۆش و ئاسایی و سادەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، نارێکی و ژاوەژاوی ژووری هەواڵە ڕۆژنامەیلی ڕۆژانە هەواڵ بەرهەم دێنن.

(شێریدان ١٩٧٧)

کاتێ ئەم وتارەی سەرەوە لە نیوز ستاف بڵاو کرایەوە، کە ڕۆژنامەیەکی گەورە بوو لە ١٩٧٧، هاوکارانی پەیامنێران هەڵچوون و دڕندەئاسا کەوتنە ڕەخنەگرتنی. کاتێ نووسینێکی ڕۆژنامەنووسێکی گەنج لە ژووری هەواڵ بەدەنگێکی بەرز دەخوێندرایەوە، هەر هەموو بەگاڵتەوە دەیانگوت "قەیناکە، ئاساییە." ئەمە لە بارەی نووسینی خراپەوە. بەڵام ئەمڕۆکە ئەو وتارە تەنیا بەشێکی پیشەی ڕۆژنامەوانی دەگرێتەوە لەبەر ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر پیشەکەدا هاتووە لە ماوەی ٢٥ ساڵی ڕابردوودا. ئەمڕۆ، ناڕێکی و دەنگەدەنگ و هەرا چرکەچرکی تایپڕایتەر باوی نەماوە. ژوورەیلی هەواڵی ئەم سەردەمە هێمن و ڕەنگاوڕەنگن و پڕن لە کۆمپیوتەر. جاران، ژوورەیلی هەواڵ جەمەیان لێوە دەهات، دەمەتەقێی نێوان نووسەر و نووسیاران لەوسەری ژوور دەنگی دەدایەوە، پەنجا ڕۆژنامەنووس بەجارێک بەرهەمی دیمانەگەلیان لە ژوورێک دەجنی. ئێستە ڕۆژنامەنووسان لە بەردەم کۆمپیوتەر، جیا و دوور لە یەکتر، دادەنیشن و دیمانە بەتەلەفۆن و ئیمەیل ئەنجام دەدەن. جاران پەنجا ڕۆژنامەنووس بوو، ئێستە بیست و پێنجە و بگرە کەمتریش. ئێستە ڕۆژنامەنووسان زیاتر بۆ کۆوار کار دەکەن نەک ڕۆژنامەیل.

پرۆفایلی ڕۆژنامەنووسیش هاتووەتە گۆڕان. تەنێ ٣٠ ساڵ لەمەوبەر، ڕۆژنامەنووس بەهۆی هێز و بازووی جەستە و زانایی لە پێوەندیی کۆمەڵایەتی وەسف دەکرا نەک بەهۆی توانای مێشکی، وەک لە نووسینەکەی کاندلین لە حەفتاکاندا کە دەڵێ "خۆت فێری ڕۆژنامەوانی بکە". کاندلین ئەوسا دەیگوت هێزی جەست و ئەقڵ و کوالیتی کەسایەتی پێوەر و پێویستن بۆ کاری ڕۆژانەی ڕۆژنامەوانی.

ئەوانەی لە ژوورەیلی هەواڵی سەردەمی گەنجێتی مندا بوون گرووپێکی فرە بوون. ژوورەکە دەرچووی زانکۆی کەم لێ بوو، بەڵام زۆر بوون ئەوانەی

له ١٥ ساڵیدا بەگەر ڕۆژنامەیەک کەوتبوون و کاریان دەکرد، یان خولی ڕۆژنامەوانیان وەرگرتبوو لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا. هی وای لێ بوو پێشتر شوفێری قەلاب بوو، مامۆستا تەنانەت قەشەشی تێدا بوو. ڕۆژنامەنووس لە هەر شوێنێکی دنیا بووایە، کەمێک بەگەورەتر لە ژیان حسێبی بۆ دەکرا. ڕۆژنامەنووسی ڕاستەقینە ئەوەیە هەردەم بەدوای چیرۆکی دواتردا بگەڕێ و بەگوێرەی یاساکانی کار بکات و سڵ نەکاتەوە و چرکەیەکیش نەوەستێ. زۆربەی ڕۆژنامەنووسان پیاو بوون. ڕۆژنامەنووس وا سەیر دەکرا کە فەیلەسووفە و لە بارەی هەموو شتێکەوە دەزانێ. ڕۆژنامەنووسی باجی شەرەف بوو چونکە ڕۆژنامەنووس بەردەوام بیری لەوە دەکردەوە و خۆی هیلاک دەکرد تا شت بەخەڵکی بڵێ. مایکل گراتان، لە مۆنۆگرافەکەی ساڵی ١٩٩٨یدا، باسی چارەنووسی ئەو ڕۆژنامەنووسانە دەکا لە میدیای ئەمڕۆکەدا:

> کاتێ چوومە ڕۆژنامەی زە ئەیج، کابرایەکی لێ بوو پێیان دەگوت جاک دارمۆدی. دارمۆدی وەک ماسی دەیخواردەوە، دڕدۆنگ و دزێو بوو، بەردەوام لە پێش چاوی هەمووان دمەدمی بوو لەگەڵ گراهام پێرکینسی نووسیار. بەپێی میزاج خەڵکی خۆش دەویست یان ڕقی لێیان دەبووەوە. تەنێ خوا دەزانێ دەبێ ئەو جاک دارمۆدییە چی پێ بێ و چی بزانێ، یان چۆن ڕاوێژکارانی هەڵسوڕاندن بەرتەلی کارەکانی دەبنەوە. (گراهام، ١٩٩٨:٦).

هیچ ئامادەکردنێکی فەرمی بەپێویست نەدەزانرا بۆ جیلی دارمۆدی، تەنیا "لووت بۆ هەواڵ" و ڕێگەی بزاو بۆ پێگوتنی چیرۆک نەبێ.

بۆ ڕۆژنامەنووسەیل، تاکە ڕێگەی سادە و خۆش بۆ فێربوونی پیشەکە کارکردن بوو تێیدا، بەهۆی سزادان و هەڵەکردنەوە. ئەگەر هەڵەیەکت کردبا، چیرۆکەکەت بڵاو نەدەکراوە و ئیتر زەحمەت بوو تا جارێکی تر چیرۆکێکی

باشت دەنووسی و متمانەی نووسیارت دەگەڕاندەوە، یان ئەگەر هیچ پەیامنێرێکی تری نەبوایە ئەوا نووسیار چانسێکی تری پێ دەدای. هەموو کەس پێی وابوو ڕۆژنامەنووس لەدایک دەبێ، دروست ناکرێ. واتە ئەو توانای بەهرانەی پێویست بوون بۆ ڕۆژنامەنووس بەخشش و توانایەکی غەریزی بوو. فێربوون لە زانکۆ بەباش نەدەزانرا چونکە پێیان وابوو زانکۆ گشتاندنی بژاردەیە. ڕۆژنامەنووسەیل شانازانە خۆیان بەوەشانکاری زانیاری دادەنا، دەنگی پیاوێک کە ڕاستییەکان بۆ خەڵکی دێنێت. ڕاهێنان لەلایەن دەستەیلی کۆنی ئەزموونداری، تاکە ڕاهێنان بوو، ئەگەر کەیفیان پێت هاتبا، پێیان دەگوتی بۆ کۆپییەکەی تۆیان گۆڕیوە. ئەو زمانەی بەکاریان دەهێنا زەحمەت بوو بۆ سەرەتاییەک تێی بگا. دەبوایە ڕستەیلی ناساندن خێرا و تازە بوونایە، ئێستە دەبێ سەرنج ڕاکێش بن. بەردەوام سەیر لەوەدا بووە کە ڕۆژنامەنووسەیل، بڵاوکارانی پرۆفیشناڵی کۆمەڵگە، ناتوانن وەها ئاسان ئەو پرۆسە ڕۆشنبیرییەی بەکاری دێنن لەکارکردندا بەوشە دابڕێژنەوە.

بەپێچەوانەی پاڵەوانە سەرسەختەکانی هاوولاتیی ئاسایی، ڕۆژنامەنووسەیلی پەروەردەکراوی ئێستە زیاتر وەک کەپەچینۆ خۆری چینی ناوەندا تەماشا دەکرێن، بۆچوونێکی زۆر دوور لەوەی بینەر و خوینەر بەرهەم دێنن بەڵام لە رووی سیاسییەوە ڕاستە. ڕۆژنامەنووسیەلی مۆدێرنی ڕۆئاوا ڕەخنەیان لێ دەگیرێت لەسەر ئەوەی زانیاری فرۆشن و بۆ بازاڕ هەموو شتێک دەکەن بێ ئەوە حسێب بۆ هۆ و هەستیاری و پابەندبوونی تاک بکەن.

ئەمە مانای ئەوە نییە کە ڕۆژنامەوانی لە حەفتاکان لەپڕێکا هاتبێتە گۆڕان. ئەو ڕۆژنامەوانییەی ئەمرۆ ئێمە دەیزانین هەردەم چووەتە پێش، هەندێ جار لە ئەنجامی تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو، هەندێ جار بەهۆی ڕەنگدانەوەیلی ناو کۆمەڵگە. بۆ نموونە، داهێنانی تەکنەلۆجیای تەلەگراف

زمانی ڕۆژنامەوانی گۆڕی. لە باتیی ئەوەی ڕاپۆرت وەک نامەیەکی پەیامنێر بێ، تەکنەلۆجیای تەلەگراف پەیامنێری ناچار کرد پابەند بێ بەڕاستییەکان و بەکەمترین وشە ڕاپۆرتەکە پێشکێش بکات چونکە هەر وشەیەک لەسەر تەلەگراف پارەی تێدەچوو. کاتێ ڕۆژنامەوانی بەهۆی کیبۆردی ئاسنینەوە هاتە بەرهەم، تەکنەلۆجیا کردی بەمۆدێل کەوا کۆتاییی هەموو چیرۆکێک ڕەنگە بێتە برین چونکە تەکنەلۆجیا ڕێگەی بەبڕینی ڕستە نەدەدا لە دوا خولەکەدا. ئەمڕۆکە، تەکنەلۆجیاگەلی دیجیتەڵ کار دەکاتە سەر ئەو ڕێگەیەی ڕۆژنامەوانی پێشکێشی جەماوەر دەکرێ و ئەو ڕێگەیانەش کە فۆرمی نوێی ڕۆژنامەوانی دێننە بەرهەم.

فراوانبوونی بەکارهێنانەکانی تەکنەلۆجیای پێشکەوتووی میدیا ناوەڕۆک و بەرهەمی میدیای لە ڕەگوڕیشەوە گۆڕیوە. هەندێ دەڵێن ئەمە سەرکەوتنی شێوازە بەسەر مادەدا (گراتان، ١٩٩٨). ئەوانەی هەواڵ دابین دەکەن و دەیانەوێ دڵی ئەو خەڵکە ببەنەوە کە مەیلیان داوەتە کۆوارەیل، پێشڤەچوونی تەکنەلۆجیا کاری ئەوان و بەلاڤۆکەیلی ڕۆژانەیان ئاسان کردووە. بەپێی تێپەڕبوونی کات، تەکنیکەیلی پێشکێشکردنی میدیا، کە وەک پێشاندانی تابلۆی هونەرمەندەیل دەستی پێکرد، یان گرافیکی ڕوون لەسەر شاشە لە پشت بێژەری هەواڵ گوێزراونەتەوە بۆ ئامێری دیجیتاڵ، گۆشەی کامێرای شاراوە، وێنەی دیجیتاڵ، دەنگ و وێنەی تەلەڤزیۆنی بۆ خستنەڕووی ڕاستی.

کینگسبێری پێی وایە تەکنیکەیلی میدیا بەقووڵی کار دەکاتە سەر ناوەڕۆک.

بەگوێرەی بەرهەمی ناوەڕۆکی میدیا، جیا لە خودی تەکنەلۆجیا، چالاکەیلی کەناڵی تۆڕی هەواڵی کێبڵ CNN بەردەوام بیرۆکەی ئەوەی هەواڵ چییە و دەبێ چۆن بێ گواستووەتەوە... لە حاڵەتی ڕووداوەیلی

گەورەدا، چالاکیی گواستنەوەی هەواڵ بەوێنە هێندەی هەواڵەکە خۆی گرینگە. (مارشال و کینگسبێری، ١٩٩٦:٨٧).

## ڕۆژنامەنووسەیل و جەماوەریان

جەماوەری گرینگ و بەبایەخ کاتی خۆی بەیەک جەماوەر دادەنرا. عادەتەن پەیامنێر ڕادەسپێرا و فێر دەکرا بنووسێت بۆ پوورە بەسێ لەسەر شەقام. خەڵکی ئەمڕۆ لەسەر شەقام فرەن لە کولتوور و ئارەزوو و بەها. وەک ڕۆژنامەنووسی سەردەمی حەفتاکان، ئێمە تەنێ ئەو ڕاستییانەمان بەخەڵک دەگوت کە پێویست بوو بیزانن. دڵنیاش بووین لەوەی ڕاستی هەر ئەوەیە کە ئێمە دەیزانین، چونکە پێمان وابوو خوێنەر وەک ئێمەیە. حسێبمان بۆ خودیبوونی هەواڵ نەدەکرد، بەس پرۆفێشنالی هەو بوو. ڕۆژنامەنووس و دانەری ئوسترالی کرێگ ماکگرێگە بەم شێوەیە لەبارەی هەشتاکانەوە لە ساوندتراکدا دەنووسێ:

> لە ڕۆژنامەی سیدنی مۆرنینگ هێراڵد تازە پەیامنێر بووم. فێری بابەتیبوون و بێلایەنیان دەکردین (مەگەر لەسەر بابەتێکت نووسیبا کە بەڕێوەبەرەکەت تێوەی گلابا، لە حاڵەتەدا دەبوایە بەگشتی بابەتەکە بنووسی).

بەهاگەلی ئەمڕۆی هەواڵ زۆر ئاڵۆزترن و ڕاستەوخۆ بەندە بە پرۆفایلی دیموگرافی جەماوەر. پێناسەی هەواڵ و ڕۆڵی ڕۆژنامەوانی چالاکەیلی زۆر ئاڵۆزترن لەوەی تەنێ دابینکردنی پەنجەرەیەک بێ لەسەر دنیا چونکە بۆچوونەکە لەناو ئەو پەنجەرەیەک دەوەستێتە سەر ئەوەی ئاخۆ پەنجەرەکە گەورە یان بچووکە، چوارچێوەی زۆرە یان کەم، ئاخۆ شووشەکەی زبرە یان ساف (کۆچ، ١٩٩٠:٢٠).

سەردەمێک دەگوترا ڕۆڵی ڕۆژنامەوانی دڵخۆشکردنی خەمبار و خەمبارکردنی دڵخۆشە، بەڵام ڕۆژنامەوانیی ناو بازاڕ واتە پێدانی

ئەولەویەت بە ئارەزووەکانی جەماوەر و ڕێکلامچییەکان. ئێلینەر ڕاندۆلفی واشنتن پۆست ئەنجامەکەم بەم شێوەیە وەسف دەکا:

> ئێمە ئەو چیرۆکانە داناپۆشین کە زۆر ڕەق یان زۆر ئاڵۆزن... ئێمە ئەو چیرۆکانە داناپۆشین کە هێڵی ژیان و سەرچاوەمان دەکوژن- هەروەها ئەو چیرۆکانەش بڵاو ناکەینەوە کە زۆر دوورن لە خەم و ئارەزووەکانی ڕۆژ.

ڕەخنەگرەیلی وەک هۆڵ (١٩٩٢) و چۆمسکی و هەرمان (١٩٨٨) پێیان وایە ڕۆڵی میدیای مۆدێرن بریتییە لە بەرهەمی ڕازیکردن نەک ڕەنگدانەوەی ڕای گشتی. بەپێی ئەم سۆنگەیە، میدیا ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە، بۆ نموونە، ئاخۆ کاری پیشەسازی پێشکێش دەکرێ وەک بەرگرییێک لە مافەیلی کرێکار یان وەک گرووپێکی کەمینە کە خەڵک ناچار دەکەن فدیە بدەن. بەڵام هۆڵ ڕوونی دەکاتەوە کە ڕۆژنامەنووسەیلی ڕۆئاوا لەناو چوارچێوەی مانای نەریتیدا کۆنترۆڵ نەکراون. ماکوەیل ئەم دیاردەیە بەم شێوەی خوارەوە شی دەکاتەوە:

> وەک چۆن قسەکەرانی زمانی دایک ڕەنگە لە سینتاکس و ڕێزمانی زمانەکەیان نەگەن، پەیامنێران و لێدواننووسانیش درک بە لایەنگیریی ناکەن لە کاتی نووسیندا.

ئەو پێگەیەی ڕۆژنامەنووس لێیەوە چاودێری فاکتەکان دەکات چۆنیەتیی پێشکێشکردنی ڕاستییەکان دەردەخات. بەم پێیە، ڕاستی بریتییە لە هێزی ئەو پێگەیەی جەماوەر باوەڕی پێی هەیە. کاریگەرییەکە ئەوەیە زۆرجار چیرۆک دێتە نووسین تەنێ لە یەک ڕوانگەوە، کە زۆرجار ڕوانگەیەکی تەسکیشە. ڕوانگەی تر دێنە پشتگوێخستن و ڕەتکردنەوە. ئەوانەی ڕووبەڕووی وێنەی خوازراوی کۆمەڵگە دەبنەوە دەخرێنە پەراوێز یان دەنگیان نایەتە بیستن.

ڕۆژنامەنووس و فێرکار سالی أ. وایت بەجۆرێکی جیاواز بیر لە ڕۆڵی ڕۆژنامەنووس دەکاتەوە. وایت دان بەگرینگیی ڕۆڵی میدیا دەنێ وەک چاودێرێکی سیاسی لە وڵاتەیلی ڕۆئاوا، بەڵام ئەوەش دەڵێ کە تێگەیشتن لە ڕۆژنامەنووس گوایە ئەو زانیارییە بەخەڵک دەدات کە پێویستە بیزانن، جار هەر ئاکامێکی هەبێ، کارێکی ناواقیعیانەیە.

> دەبێ بیرمان نەچێ کە ڕۆژنامەوانی، خراپ یا باش، شتێک نییە بەتەنێ. وێڕای ئەوەی ئێمە لە سۆنگەیەکی تایبەتییەوە دەڵێین ڕۆژنامەوانی چییە و دەبێ چی بکات... قسەیەکی تریش هەیە، کە هەردەم دەیڵێینەوە، ئێمە بەردەوام دەڵێین "ئەها ڕۆژنامەیل ئێستەوە ئەوە دەکەن"، یان "ئەها ڕادیۆ ئێستەوە ئەوە دەکات"، بەڵام شتێک هەیە بەردەوام لەگەڵماندایە ئەویش بریتییە لە کەیفخۆشی.

ئاستەنگ لەبەردەم ڕۆژنامەنووسەیلی مۆدێرن دۆزینەوەی ڕێگەیەکە بۆ دانوستاندن لەگەڵ هەلومەرجگەلی پڕ لە پێشبڕکێی پرۆفیشناڵی، بازرگانی و ئەخلاقی لە دۆزینەوەی هەواڵ و پێشکێشکردنی، لە کاتێکدا پابەندن بەو تێگەیشتنەوەی ڕۆژنامەوانی گوایە ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕن لە کۆمەڵگەدا. کارێکی ئاڵۆزە- هەوڵ بدەی دڵی نووسیارەکەت، بەڕێوەبەرەکەت، خۆت و تەواوی جەماوەر خۆش بکەیت.

## ڕۆژنامەنووسان و کۆمەڵگە

سپلیکەل و سپارکس لە ١٩٩٤ توێژینەوەیەکیان لەسەر قوتابیانی قۆناخی یەکەمی بەشی ڕۆژنامەوانی کرد لە ٢٢ وڵات. ویستیان بۆچوونی پیشەیی لەبارەی دەسەڵات و بەرپرسیارەتیی ڕۆژنامەوانی لە کۆمەڵگەدا دیار بکەن لە نێو دەسەڵاتەیلی پەروەردەی ڕۆژنامەوانییەوە. سپلیکەل و سپارکس گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ڕۆژنامەوانی پێگەیەکی زەحمەتی هەیە کاتێ دێ

ئازادی دەپارێزێ و دەسەڵاتی میدیا بەکار دێنێت بۆ چاکە.

دوودڵیی بۆ ڕۆژنامەوانی ئەوەیە کارێکە بێلایەنی تێیدا بنەڕەتی تیۆری دیموکراسییە، لە هەمان کاتدا دەبێ ترسەکانی بژاردە، کە ڕەگی داکوتاوە لە پرۆفێشنالیزم و موحتەریفی لە چاپەمەنیی ئازاد، نەهێڵێت. نابێ پشت بەو دەسەڵاتە ببەستێت کە سەرچاوە دەگرێ لە خۆڕێکخستن و هاوکات نەخرێتە پەراوێزیشەوە کە سەرچاوە دەگرێ لە نەبوونی ڕیکخستنەوە. (سپلکیەل و سپارکس، ١٩٩٤:٨٦)

ئەنجامێکی تری توێژینەوەکەی سپلیکەل و سپارکس برێتییە لەوەی پاساوێکی تر دەهێنێتەوە بۆ سەر ئەو ڕاستییەی کە ڕۆژنامەوانی پراکتیزەیەکی کولتوورییە. ئەو تێگەیشتنە زاڵە نێودەوڵەتییەی لەمەڕ ئەنجامەیلی ڕۆژنامەوانان هەردەم ڕای زاڵ یان ستانداردی ئەخلاقی نییە لە هەموو ولاتێکدا. کولتوور لە ژووری هەواڵدا هێندەی کولتووری کۆمەلایەتییە فراوانەکە کاریگەری هەیە لەسەر کاری ڕۆژنامەنووسان. ڕاستییەکەی، واقیعی کاری ڕۆژانەی ڕۆژنامەنووس دروست دەبێ لە ڕوانگەی ئیماژی تاک و ئەو ڕێکخراوەی کاری بۆ دەکا.

> لەسەر ئاستی تاکدا، ڕۆڵ و ئیماژی ڕۆژنامەنووس دەکەوێتە ژێر کاریگەریی وردەکاریی ئەزموونی- واتە ڕاهێنانی، قەبارەی، جۆر و کولتووری ڕێکخراوەکەی کاری بۆ دەکا، فشارگەلی نووسیارەکەی و تێڕوانینە کەسانییەکانی. تێگەیشتنی ڕۆژنامەووسان لەسەر خۆیان بەوەی کە بلاوکارن، شڕۆڤەوانن، لێکۆڵەرن یان شەڕانگێزن دەوەستێتە سەر ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین، ئیماژی چاپەمەنی بەگشتی و ئیماژی ئەو ڕێکخراوەی کاری بۆ دەکا (گۆنت، ١٩٩٠:١٤٢).

ڕووپێوێک لە ٢٠٠٠، لەلایەن سەنتەری توێژینەوەی پو بۆ خەڵک و

ڕۆژنامەوانی و دەزگەی پێداچوونەوەی ڕۆژنامەوانی کۆڵەمبیا، دووپاتی ئەم بۆچوونە دەکاتەوە. توێژینەوەکە، کە دیمانەی لەگەڵ ٣٠٠ ڕۆژنامەوان کرد لە ئەمەریکا، دەری خست کە لە ١٠ ڕۆژنامەوان چواریان دەستیان شل کردووە بەئەنقەست بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ڕێکخراوەکەیان (ئەسۆشیەتد پرێس، ٢٠٠٠). ڕاپرسییەکە دەری خستووە کە زۆربەی ڕۆژنامەنووسان گلەییان لە فشاری بازاڕ کردووە بۆ گەمەکردن بەڕوونی چیرۆکەکان گوایە زۆر ئاڵۆزن یان بێزارکەرن. نزیکەی سێیەکی ڕۆژنامەنووسان خۆیان لەو چیرۆکەیل لاداوە کە لەوانەیە زیان بە بەرژەوەندیی دارایی ڕێکخراوەکان بگەیەنێت یان ڕێکلامچییەکان شەرمەرزا بکا، هەندێکیان نەبێ گوتیان ئەو جۆرە سانسۆرە باوە. هۆڵ و دانەرانی تریش دەڵێن ڕۆژنامەنووسان هەردەم لە هەواڵی ڕۆژانەدا پێچوپەنایەک دەکەن بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو پرۆسەیەی بەڕێوەی دەبەن. چالاکییەکانیان لە ژێر دەستی کاریگەریی یەک کۆمەڵدا نییە بگرە ڕەنگدانەوەی ئەو ڕێگەیە دەیگرنە بەر بۆ وەڵامدانەوەی کێبەرکێی بازاڕ، پرۆفێشنالیتی و فشارگەلی ئەخلاقی و پراکتیزەی ڕۆژنامەوانی.

یەکێ لەو ڕێگەیانەی کە واقیعگەلی ڕۆژنامەوانی کار دەکاتە سەر کاری ڕۆژانەی ڕۆژنامەنووس بریتییە لە توانای ڕۆژنامەنووسەکە لە بایەخدان بە نووسینەکەی و ڕادەی پرۆفیشناڵێتی. ڕاستییەکە ئەوەیە ستافی کەم و ماوەی کورتی دێدلاین واتە کەمتر سەربەخۆبوونی ڕۆژنامەنووس لە گەڕان و کۆڵینەوە.

> پێم وایە کاتێ گفتوگۆی کار و چییەتی ڕۆژنامەنووسەیل دەکەین، ڕۆڵیان لە زانیاریی گشتیدا لە بیر دەکەین. وابزانم یەکێک لە کێشەکان... بریتییە لە بەپرۆفیشناڵیکردنی زانیاری کە لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا سەری هەڵداوە. ئەوە هەڵسووڕاندنی زانیارییە کە ڕۆژنامەنووسەیل، بەڕێوەبردن و ڕۆژنامەیل و میدیا بەگشتی پێکەوە دەبەستێتەوە. هەر ئەوە وایان لێ دەکا ئەوەی

دەیانەوێ هەواڵ بدەن بەدەستی بێنن. (وایت، ١٩٩٢:٣).

کاریگەرییەکانی ژووری هەواڵ وەک دێدلاین، شوێن و ستاف فشارێکی توند دەخاتە سەر ئەو ڕۆژنامەنووسانەی بەرپرسن لە هەڵبژاردنی هەواڵ. لە ئەنجامدا، ڕۆژنامەنووس حەز دەکا شتێک بکا کەمترین کاری بوێ، بۆیە ئەو هەواڵانە هەڵدەبژێرێت کە ئاسانترینن بۆ دۆزینەوە و نووسیارکردن. ئاندەروود بەم شێوەیە باسی ئەم دیاردەیە دەکات:

> نەریت هەر وا بووە، هەڵبەت نەریتێکی فشۆڵە، ڕۆژنامەیلی ڕۆژانە لە زۆربەی کاریاندا خۆیان لەو زانیارییە بەدوور دەگرن کە چاخی زانیاریی ئێمە پێوەی بەندە- بەلایەنی کەم ئەو زانیارییەی کە زەحمەتە بۆ پشتڕاستکردنەوە. لە هەمان کاتدا، کارمەندانی پێوەندییە گشتییەکان، دەستە و بڕیاردەرانی حکوومەت زەقەی چاویان دێ و بەپەرۆشن بۆ گلدانەوەی ئەو زانیارییانەی کە ئاسانن بۆ گلدانەوە. (ئاندەروود، ١٩٩٣:١٤٧).

دەکرێ فشاری بازرگانی و ئایدیالیزمی ڕۆژنامەوانی ئاوێتە بکرێن بۆ پاڵپشتی کولتوورێکی ئەقڵانی، ئەمەش پاڵ بەڕۆژنامەنووسەیل دەنێ بەنابەدڵی کار بۆ بازاڕ بکەن. بۆ نموونە، نووسیاری تەلەفزیۆنی شارێکی میترۆپۆلیتان هەموو هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ دابەزاندنی نۆرەی هەواڵی ئێواران کە هەواڵی "ڕەق" و "نەرم"ی تێدا بێ. ئەم نەریتە ماوەی ٣٠ ساڵە نەگۆڕاوە. کەچی ئەو نووسیارە ئێستە بەگەرمی نکووڵی لەوە دەکا هەواڵ دانارێژرێ یان قۆرخ ناکرێ بۆ خزمەتی دنیابینییەکی تایبەت. بەڵام شادە بڵێ هەوڵی من بۆ دڵخۆشیی بینەرە. بۆیە بەڕۆژنامەنووسەیلی گەنج دەڵێ "نابێ وا لە بینەر بکەن نانی ئێوارەی لە کیس بچێ". ئاڵتشول باسی ئەوە دەکا چۆن هەندێ ڕۆژنامەنووس لە نێوان بەرداشی هاودژییەکدایە، ئەویش لە نێوان ئەوەی دەیکەن و ئەوەیش پێیان دەسپێردرێ بیکەن بۆ دڵخۆشکردنی بینەر. دەڵێ لە کاتێکدا ئاساییە ڕۆژنامەوانی گۆڕانی ئەرێنی

لە کــۆمــەڵگەدا بکات، واقــیــعــەیلی ســیــاسی و ئابووری توند پاڵ بە ڕۆژنامەنووسەیل دەنێن ئەو کارە بکەن.

گۆنت باسی ئەو دوودڵییە دەکا تووشی ڕۆژنامەنووسەیل دەبێ، ئەوانەی تا ئێستە باوەڕیان بەوە نییە کە ڕۆژنامەوانی بریتی نییە لە "کارێکی جیاواز". باکۆن دەڵێ ئاستەمە بۆ ڕۆژنامەنووسان ئایدیۆلۆجیای پرۆفیشناڵی خۆیان ئاوێتەی حەزی ئاڵۆزی بینەران بکەن. ئەو پێی وایە ڕۆژنامەنووسان بەئاشکرا گیرۆدەی دەستی گەلێ لایەنی ڕۆژنامەوانی دەبن.

> ڕۆژنامەنووسەیل بەردەوام باسی ئەوە دەکەن کام چیرۆک دێتە بڵاوکردنەوە و کامیان نایەت، یان کاریگەریی خاوەنێکی نوێ یان نووسیارێکی نوێ چی دەبێ لەسەر کارەکانیان. پرسیار لەو ڕێگانە دەکەن بەهۆیەوە ئەجندای هەواڵ دەکەوێتە ژێر باری مەیدانی بازاڕەوە (باکۆن، ۱۹۹۹:۹۰).

دەکرێ ئەم گفتوگۆ بەردەوامەی نێو ستافی میدیا بە "مامەڵەی ناو دوکان" بچێ- چونکە فۆرمێکە ڕنگدانەوەی کارکردن. ئەم کتێبە تاوتوێی هەر ڕۆژنامەنووسێک دەکا لە کاتی هەڵبژاردنی وشەگەل بۆ وەسفکردنی دنیا. هەر یەکەیان ڕەنگە بەشێک بن لە کێشەکە یان بەشێک بن لە چارە. هەریەکەیان دەسەڵاتی بەرگەگرتنی چیرۆکی ئاسانی هەیە کە لەسەر فەرز دەکرێ بەهۆی پێوەندییان بەستافی میدیاوە. هەریەکەیان دەسەڵاتی هەیە بەکەیفی کەسێک هەڵبژێرێ بۆ دیمانە، بەدوای تێڕوانینێکی تردا بگەڕێ پێش نووسین. هەریەکەیان دەسەڵاتی هەڵبژاردنی وشەکانی خۆی هەیە بۆ وەسفکردنی ڕووداوگەل، نەک لێدانەوەی ئەو قەوانەی لە ڕێگەی پرێس ڕلیسەوە بۆیان دێتە دابینکرن. ڕۆژنامەنووسانی ئەمڕۆ، لەگەڵ یان بێ نووسیارانیان، دەبێ ڕێگە بدۆزنەوە بۆ دانانی هزری هەستیار لەناو ئەجندای هەواڵ. هەمان ئەو کولتوورەی ژووری هەواڵ کە دەتوانێ دەسەڵاتی ڕۆژنامەوانی سنووردار بکات، دەتوانێ بەسوودی ڕۆژنامەنووس ببزوێ.

هۆیەلی گرینگ ئەمانەن: پێداگرتن، تێگەیشتنی دەزگەی هەواڵ بۆ بەهاگەل و ویست بۆ پەسندکردنی بەرپرسیارەتی بۆ ئەو جۆرە ڕۆژنامەوانییەی تۆ تێیدا دەنووسی، کەواتە بۆ ئەو جۆرە ڕۆژنامەنووسەی خۆت دەتەوێ ببی.

## دانوستاندن لەبارەی ئاستەنگەیل

هەندێ جار ڕۆژنامەنووسەیلی سەرەتایی پێیان وایە بزانی چۆن بنووسی یەک شتە لەگەڵ توانای نووسین. ڕاستیت دەوێ، دووەمیان (توانای نووسین) زەحمەترینە، چونکە مەعریفە و تێگەیشتنی دەوێ لەبارەی حاڵتگەلی نائاشناوە. ئەم کتێبە میتۆدێکە بۆ ڕێنوێنیکردنی ڕۆژنامەنووسەیلی سەرەتایی لە ڕێگەی پرۆسەی بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەوانییەکی مانادار و کوالیتی باش، هاوکات لەگەڵ ئەوانە یەک بگرنەوە کە هاتوونەتە ناو ڕۆژنامەوانی بێ ڕاهێنانی فەرمی. بۆ ئەوانەی دەیانەوێ لە قوتابیی ڕۆژنامەوانییەوە ببنە ڕۆژنامەوانی چالاکی کردەنی، زەحمەتە ئەوەی لە کلاس فێری دەبی بخەیتەوە واری جێبەجێکردن لە ژێر فشاری بارودۆخێکی نوێ و کاریگەردا. بۆ ئەوانەی فێری ڕۆژنامەوانی دەبن لە شوێنی کارکردندا، پرسیاری "لە کوێ دەست پێ بکەم؟" زۆر گرینگە جا لە هەڵبژاردنی یەکێک بگرە بۆ دیمانە تا دەگاتە نووسینی ڕاپۆرت بە پشتبەستن بەزانیاریی نێو ئەرشیف. گوتاری ئەم کتێبە ئەوەیە کردەی ڕۆژنامەوانی پێکهاتووە لە زنجیرەیەک کێشە کە چارە دەکرێن بەهۆی زنجیرەیەک بڕیارەوە. ڕۆژنامەنووسەیلی مۆدێرن چارەی ئەم کێشانە دەکا لە هەلومەرجێکدا تێیدا بڕیار بڕیارێکی ئەخلاقی، پرۆفیشناڵی و بازرگانییە. ئەم کتێبە پێمان دەڵێ ئەو وەڵامەی ڕۆژنامەنووسێک دەستی دەکەوێ دەوستێتە سەر هۆیەلی مەفهومی، بەڵام ئەو پرسیارەی ئەو دەیکا لە هەموو کونجێکی ئەم دنیایە یەکە. لە ٢٠٠٠، دانەر ئەم ئەگەرانەی لە وێرکشۆپێکدا لە نۆ وڵات تاقی کردەوە. هەندێ لەو وڵاتانە هەژار یان لە پرۆسەی

پێــشکەوتندا بـوون، ئەوانـی تر دەوڵەمـــەند و پێــشکەوتوو. هـەندێکیـــان کۆمەنیست، هەندێ کاپیتالیست. کەمێک بەسەر تێپەڕینی وێرکشۆپەکە، زوو ئاشکرا بـوو هەمـوو ڕۆژنامـەنووسـان یەک چوارچێوەیان بەکـار دێنا بۆ نووسینی چیرۆکێکی سپێردراو پێیان. بۆیە ئەم کتێبە جەخت دەکاتە سەر ئەو شـتـەی شـۆن پێی دەڵێ "ئەو گـفـتـوگـۆیانەی لـەگەڵ خـۆمـانی دەکـەین" پرۆسـەیەک لەلایەن ڕۆژنامـەنووسـەیل بەکار دێ بۆ پێنـاسکردن، دیاریکردن، هەڵسەنگاندن و دروستکردنی ڕۆژنامەوانی.

ئەم کـتـێـبـە ڕوونی دەکـاتەوە کـە گرین نیـیـە چەندە بەهرەی سـروشـتـی نووسینت هەیە وەک نووسەرێک، ڕۆژنامەوانی کردەیەکی ئۆرگانی و غەریزی نییە بەڵکو هەوڵێکە بۆ نووسین کە دەکرێ تێی بگەیشترێ و بەشـداریی تێدا بکرێ. ئەو وەڵامــانەی ڕۆژنـامــەنووس بۆ پـرسـیــارەکــانی دەدیـدۆزێتـــەوە دەوەستێتە سـەر هەستیارییەکانی تـاک و ئیقـاعی ئەو ڕستـانەی ڕەنگە زۆر قەرزداری خۆشەویستیی وشە بن. ئەو پرسیارانەی باشـترین ڕۆژنامەنووس لە خـۆی دەکـا هـەمـان ئەو پرسـیـارانەی ڕۆژنـامـەنـووسـێکی سـەرەتاییـیـە. وەڵامــەکــان جــیــاواز دەبن چونکە بەها و پـرۆســەی بـیـرکــردنـەوەی هـەر ڕۆژنامـەنووسێک جیایە لەوەی تر. ئەم کتێبە پرسیارگەل دەخـاتە بەردەست بۆ ڕێبەریکردنی ڕێگەی بڕیاردانی بەجێ و ڕاست و پشت پێ بەستراو.

قسـەی سـەرەکیی کتێبەکە ئەوەیە ئەو ڕۆژنامـەنووسـەی هۆشـیـارە و لەو بڕیارە چـالاکـان تێـدەگـات کـە کــاری ڕۆژانەیان پێـوە بەندە ئامــادەترین و باشترین ڕۆژنامەنووسە بۆ دانوستاندنی ئاستەنگەکانی ڕۆژنامەوانی.

دووەمی هـزری ســەرەکـیی ئەم کـتـێـبـە ئەوەیـە هـەر ڕۆژنامــەنـووســێک دەســەڵاتی ئەوەی هەیە بەرپرسیارانە، بیرمەندانە و کاریگەرانە کار بکات. دەســەڵاتەکـە لـەناو خـودی تـاکـەکـەدایە و لە هـەر بڕیارێک دەیدات لـەبارەی هەواڵەوە بەدیـار دەکەوێت. دەســەڵاتی ڕۆژنامــەنووس دەردەکـەوێت لە کــاتی پرسـیــارکـردن، چی بنووسـێ و چی نەنووسێ و تـاد. هـەر یەک لەو بڕیارانە

ڕوانگەی پرۆفیشناڵی، بازرگانی و ئەخلاقی هەیە و دەبێ هاوسەنگ بن لە دەقی چیرۆکەکەدا. ئەمە جێبەجێ دەبێ بەسەر هەموو شتێک ڕۆژنامەنووس دەینووسێ، گرینگ نییە قەبارەکەی چەند بچووک بێ. بۆ نموونە، نووسینی ڕاپۆرتێکی بێلایەنی بەرپرسیارانە بۆ ڕۆژنامەیەکی بچووکی لۆکال دەتوانێ کارێکی واقیعیی باش بۆ کۆمەڵگەیەکی بچووک بکات. بەهەمان شێوە، نووسینی هەواڵێک بەپێی قسەی پۆلیس لەبارەی قوربانیانی ڕووداوی ئۆتۆمبیل لە شارێکی گەورە ڕەنگە زیانێکی گەورە بەوانە بگەیەنێت کە تێوەی گلاون. ئەوە خاوەنی دەزگە هەواڵییەکە نییە ئەم دەسەڵاتەی هەیە، بگرە ئەوە دەسەڵاتی ئەو ڕۆژنامەنووسە بێ دەسەڵاتەی ژووری هەواڵە. ڕۆژنامەوانی کارێکی ئاڵۆزە و ڕۆژنامەنووس چاوەڕێی ئەوە لێ دەکرێ چیرۆکێکی هەر کوالیتی باش بۆ بڕیاردەرانی بنووسێ.

سێیەم پایەی سەرەکی ئەوەیە هەر ڕۆژنامەنووسێک دەبێ دان بەو بەرپرسیارەتییە دانێ و پەسندی بکات کە لەناو کاری میدیادا هەیە و کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی خەڵک هەیە. نابیتە ڕۆژنامەوانێکی پرۆفیشناڵ ئەگەر لە کۆتاییی حەفتە هەست بەهیلاکی بکەیت و کارەکەت بەباشی نەکەیت. دەبێ مێشکت چالاک بێ و کار بکا لە کاتی هەر شتێک تۆ دەینووسی، گرینگ نییە بابەتەکە چەند سادە بێ.

وەک ڕۆژنامەنووس، تۆ تووشی دەیان شتی کتوپڕ دەبیت و دەبێ بەباشترین شێوە بینووسی. ئەو کەسەی چیرۆکەکە دەنووسێ یارمەتی دانانی کارنامەکە دەدا. ئەگەر ئەمە بەهەزرێکی باشەوە کرا، ئەگەر ڕۆژنامەنووس بزانێ چ بەهایەک دەخاتە پێش ناوەندی بڕیار و ئەگەر درک بەئەنجامەکانی بکات، ئەوا ئەخلاقی ڕۆژنامەوانی دەچەسپێ و هەموو کەسیش هەر ئەوە لە ڕۆژنامەنووس ڕادەبینێ. سادە و ساکار دەڵێم، ئەگەر هیچت پێ نەکرێ بەلایەنی کەم هەوڵ بدە بیر لەو دەسەڵاتە بکەوە هەتە کە ڕەنگە ببێتە مایەی باشە یان خراپە بەهۆی ئەو بڕیارەی تۆ دەیدەی. ئەو

دەســەڵاتەی تۆ هەتە هەمــان دەســەڵاتی کــۆنتــرۆڵی مــیدیا نــیــە بەســەر بەکارهێنەرانەوە، دەسەڵاتی تۆ ڕادەی پرۆفیشناڵیت دووپات دەکاتەوە.

هارتلی ڕەخنەی لە پەروەردەی ڕۆژنامــەوانی گــرت بەوەی کــە لە بریی بەرهەمهێنانی تەلارساز، کۆمەڵێک هەواڵفرۆش بەرهەم دێنێت. هارتلی بەم قسەیەی جیاوازییەک دەکات لە نێوان تەلارسازێک، کە باشترین کار دەکا بۆ موشتەرییەکەی و، کارمەندێکی عەقارات کە چاوی هیچ نابینێ بەس فرۆشتنی زەویوزار نەبێ.

بەلای گەلێ ڕۆژنامەنووسانەوە، ڕەنگە بیرۆکەگەلی ئەم کتێبە شتگەلی سادە و باو بن. گرفتی سادە و باو ئەوەیە کە سادە و باو نییە هەتا یەکێک پێت نەڵێ وایە. کاری ڕۆژانەی ڕۆژنامەوانی برێتییە لە زنجیرەیەک بڕیار. بڕیار لەبارەی چی هەواڵ دروست دەکــات، لەبارەی ســروشت و مـــەودای بەرژەوەندیی گـشـتی، لەبارەی ڕەچاوکـردنی ئەخـلاق بۆ هەر حـاڵەتێک و لەبارەی ڕاست و دروستی و وردیی زانیاریی و باوەڕپێکردنی سەرچاوەگەل. بڕیار لەبارەی باشترین ڕێگە بۆ ڕێکخستنی زانیـاری تا ببێتـە هەواڵێکی باش. ئەم دەقـە فـێـری پرۆســەی بڕیاردانمان دەکـا، فـێـرمـان دەکـا چۆن توانامان لە کاری خۆماندا ڕەنگ بداتەوە. ڕەنگدانەوەی توانای خۆت هەردەم سیفەتێکی کاری ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵە.

> ڕەنگدانەوەی خود پێوەرە بۆ کارێکی باش و پرۆفیـشناڵ. کاتێ گرووپەیلی تر، وەک ژمێریار و دوکتۆر، گفتوگۆی کـارەکەیان دەکەن، ئەوە بەشێکە لە کارەکەیان نەک گفتوگۆیەکی دوور و جیا و ڕۆشنبـیـری. زۆربەی ڕۆژنامـەنووسـان نکووڵی لەو دەسـەڵاتە ناکـەن کە مـیدیا هەیەتی پێناسکردنی جـیـهانێکی مـسۆگـەر. لەباتیان، بەهرەی پرۆفیشناڵی و پێشکەوتووی نووسینیان تێکەڵ بەخـودی خـۆیان دەکـەن لە کـاتی ئەنجـامـدانی کـارەکـەیان. (شێریدان بێرنس، ١٩٩٩:٤).

ئەم کتێبە ئەرکی ڕۆژنامەوانی دەخاتە ڕوو، چینەکانی ئەرکەکە لێک جیا دەکاتەوە و دەستنیشانیان دەکا. باسی ستراتیجگەل دەکا بۆ هەڵبژاردن و جێبەجێکردنی بڕیارەیل. پاشان دێتە سەر سازان و گونجانی ئەو ئیختیارانە. ئەم کتێبە هەوڵێک بۆ ئاوێتەکردنی میدیا، گەیاندن و تیۆری کولتووری لەگەڵ گەشەی بەهرە و توانای نووسین. ئامانجی سەرەکیی کتێبەکە ڕەخنەگرتن نییە لە کاری میدیا، بگرە پردێک پێشکێش دەکا بەهۆیەوە دانوستاندنی ئاستەنگەکانی کارەکە بێتە گەڕ.

لە شێوازی کۆن و ڕەق و زەحمەتی فێربوونی کارەکە، ئەگەر هەڵەیەکت کردبا ئەوا باجت دەدا. عادەتن باجدانیش شتێکی دیاریکراو نەبوو. لەو ژوورەهەواڵەی من فێری کارەکە بووم، تاکە گوناحی لێ نەبووردراو ئەوە بوو نەزانی شتێک بۆچی کراوە. هەڵە هەر هەبووە و هەیە، بەڵام نەزانینی "بۆچی؟" کارەسات بوو. ئەگەر توانییات تەنێ ئەولەویەت بدەی بەهۆکارەکان هێشتا هەر هەڵە بووی بەڵام ئەوە بەلایەنی کەم ئەو مانایەی دەدا کە پرۆفیشناڵانە بۆ کارەکە چوویت.

ئەم کتێبە ئەو ڕێگایە دەکۆڵی ڕۆژنامەنووسان کاری پێ دەکەن بۆ ڕەچاوکردنی ئەو هەواڵگەلە باوەی لەسەر ئاستی دنیا دێتە نووسین. ئاشکرای دەکا لە کاتێکدا دەقی ڕۆژنامەوانی بەرهەم دێ بەهۆی کولتووری کۆمەڵگەوە، ئەو پرسیارانەی تووشت دەبن لە بڕیاردانی کارێکی ڕۆژنامەوانی هەمووی یەکن. بۆ نموونە، هەواڵی مردنی کەسێکی دیار هەواڵێکی جیهانیی بایەخدارە، بەڵام چۆنیەتیی نووسینی مردنەکە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی بۆچوونگەلی کۆمەڵگاکەیە بۆ تایبەتمەندیی تاکی دیار- پێوەرگەلی کۆمەڵگەیە لەبارەی نووسینی خەم و و هەروەها هەر پێودانگێکە کە لەلایەن یاساگەلی کۆمەڵگەوە هاتووەتە سەپاندن.

تێبینی ئەوە دەکەیت کە کتێبەکە قسە لەسەر هەردوو هەواڵی "ڕەق" و "نەرم" دەکات، بۆ نموونە، جیاواز مامەڵە لەگەڵ هەواڵ کۆمەڵگە یان

چیرۆکەیلی وەرزشی ناکات. ئەم کتێبە وەسفی چۆنیەتی ناکات، بگرە جەخت دەکاتە سەر پرۆسەگەلی بیرکدنەوە لە کاری ڕۆژنامەوانیدا. پرۆسەی بیرکردنەوە وەک یەکە لە هەر کۆمەڵگەیەک بێ ئەگەر بێو قسە لەسەر هەواڵێکی دادگە بکەین، بەڵام ئەولەویەت پێدان جیاوازە. کتێبەکە لاسایی هیچ شتێک نییە چونکە باشترین کار بەندە بەهەلومەرجی پرۆفیشناڵی، کۆمەڵایەتی و کولتووری بۆ نووسینی هەواڵێک. ئەم هەلومەرجە ئاڵۆزە بەردەوام دەدەگۆڕێ و گەشە دەکات. بەشی ٩ و ١٠ باسی پرۆسەی نووسیاری دەکات. باسی یەکەم و دوا دڕافتی چیرۆک دەکات، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە تەنێ ئەم شێوازەی نووسیاری هەیە.

کەرتی یەکەمی کتێبەکە، "چۆن دەزانی دەتوانی"، باسی ئەوە دەکا چۆن ڕۆژنامەنووسەیلی پرۆفیشناڵ برەو بەبەهرە و تێگەیشتنیان دەدەن.

بەشی دووەم باسی ئەو ڕێگەیە دەکا ڕۆژنامەنووسەیلی پرۆفیشناڵ مەعریفە و تێگەیشتنیان وەردەگێڕن بۆ کار و بڵاوکردنەوە. گفتوگۆی ئەوە دەکات کە سروشتی گۆڕان و گۆڕانی میدیا ناهێڵێت میدیا وەک کۆمەڵە ڕێسایەک فێری کەس بکەیت چونکە بەهرەی پێویست هەموو کات هەر پێویستە. کاری پرۆفیشناڵ لە کاردا بەدیار دەکەوێ لە ڕێگەی تێگەیشتن و پەیبردن بە پرۆسەی بڕیاردانەوە.

بەشی سێیەم میتۆدی کاری پرۆفیشناڵ دەکۆڵی وەک پرۆسەیەکی هەستیاری ڕەنگدانەوەکان، هەروەک دانەرانی تریش پێیان وایە کە ئەم پرۆسەیە بناخەی ڕۆڵی میدیایە لە کۆمەڵگەدا. ئۆدۆنێل ناو لەو پرۆسەیە دەنێ "هونەری ڕەنگدانەوە لە کاردا".

لە باتیی پشتبەستن بە مەعریفەی تیۆری بۆ لێکدانەوەی هەموو شتێک، دانەر بیرۆکە تیۆرییەکان لە دنیای پراکتیکی و ئەزموونا تاقی دەکاتەوە. لە باتیی پۆلێنکردنی کێشەکان، دانەر وا لە ڕۆژنامەنووس دەکا وەڵامێکی شیاو بۆ کێشەکان بدۆزێتەوە.

کەرتی دووەمی کتێبەکە، "ڕۆژنامەوانی لە پراکتیکدا"، باسی چالاکەیلی بنەڕەتیی ڕۆژنامەوانی، دیاریکردنی هەواڵ، هەڵسەنگاندنی زانیاری، سەرچاوەی باوەڕپێکراو و نووسینی هەواڵ دەکا. باسی نووسیاریی هەواڵ بۆ خوێنەر و ڕۆڵی ڕۆژنامەوانی لە کۆمەڵگەدا دەکات. چەندان نموونە لە دنیای واقیعی ڕۆژنامەوانیدا دەهێنێتەوە کە لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی خاوەن ئەزموون نووسراون.

بەشی چوارەم دەکۆڵێتەوە لە سروشتیی هەواڵ و ئەو هۆکارانەی کار دەکەن سەر حوکمدان لەسەر هەواڵ، بەتایبەتی ڕۆڵی جەماوەر. میتۆدێک دەخاتە بەردەست بۆ دیاریکردنی هەواڵ و ڕەنگدانەوەیان لەسەر ئەرکی دیاریکراوی ڕۆژنامەوانیدا.

بەشی پێنجەم جەخت دەخاتە سەر ئەو ڕێگەی ڕۆژنامەنووسان بەهۆیەوە دەسەڵاتیان بەکار دێنن لە هەڵبژاردنی زانیاری بۆ دروستکردنی هەواڵ. میتۆدێک دەخاتە بەر دەست بۆ دانی بڕیارێکی ئەخلاقی و باوەڕپێکراو لە هەر هەلومەرجێکدا.

بەشی شەشەم باسی ئەو ڕێگانە دەکا بەهۆیانەوە ڕۆژنامەنووس هەواڵ کۆ دەکاتەوە. هەروەها باسی ئەو ئاستەنگانە دەکا تووشیان دەبن لە حوکمدان و دەستنیشانکردنی سوودی زانیاریگەل کە لەلایەن سەرچاوەکانەوە دێنە دابینکردن.

بەشی حەفتەم باسی ئەو پرۆسەیە دەکا ڕۆژنامەمان وتار پێ دەنووسن. چۆنیەتیی نووسینی وتار بە پشتبەستن بە ئەرشیف، گەڕان لە کتێبخانە، ئامار، پرێس ڕلیس و هەڵسەنگاندن و بەکارهێنانی سەرچاوەی لاوەکی.

بەشی هەشتەم باسی ئەو پرۆسەیلە دەکا بەهۆیانەوە کەرەستەی خاو دەگوازرێتەوە بۆ نێو کاری ڕۆژنامەوانی لە ڕێگەی ڕەنگدانەوەی گرینگ بۆ سەر پرۆسەی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بڵاونەکردنەوەی.

بەشی نۆیەم باسی پرۆسەی نووسیاریی هەواڵ دەکا. میتۆدێک دابین دەکا بەهۆیەوە خوێنەر دەتوانێ نووسینەکە شی بکاتەوە و ئەوجا بڕیار بدا لەسەر شێواز و بڕیار و ناوەڕۆکی.

بەشی دەیەم باسی پرۆسەی ئاڵۆزتری نووسیاری دەکا. باسی دواهەمین فۆرمی ڕیپۆرتاج دەکا نووسەر و دەستەی نووسیاران چەندان جار دانوستاندنی لەسەر دەکەن.

ئەم کتێبە، جیا لە هەر دەقێکی تر، باسی پرۆسەی بڕیاردان دەکا. ئەو پرسیارانەی ئەو کتێبە دەیانکا ڕەنگە ببنە هەوێنی پرسیارەیلی تر. دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە، دەتوانی سەتان بڕیاری پرۆفیشناڵی و ڕۆژنامەوانی بدەیت. ئەگەر کتێبەکە کاری خۆی کردبێ، ئەوا دەبێ تۆ بتوانی بزانی چۆن ئەو بڕیارانە دەدەیت. ئەم ئاوێتەبوونی بڕیاردان و ڕەنگدانەوەی هەستیاری خودە گرینگترین شتە بۆ ڕۆژنامەنووس. لەبەرئەوەی دەتوانی بڕیارێکی ئەخلاقی بدەیت لە هەر بارودۆخێکدا، هەموو شتێک ڕێی تێدەچێ. بەری خۆتیان بدێ.

بەشی دووەم

## ڕۆژنامەوانی لە گەرمەی کاردا

تۆ کارمەندی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی. نووسیارەکەت بانگت دەکاتە ئۆفیسی خۆی و میدیا ڕلیسێکت دەداتێ و پێت دەڵێ "بەدوایدا برۆ". ئاخۆ ئەوەی تۆ دەینووسی دوا بەدواداچوون ڕۆژنامەوانییە؟ چۆن دەزانی؟ ئاخۆ ڕۆڵی تۆ جیاوازە لەو کەسەی کە میدیا ڕلیسەی نووسیوە؟

چی نووسەر دەکاتە ڕۆژنامەوان؟ لەگەڵ سەرهەڵدانی بڵاوکردنەوەی شت لەلایەن هەموو کەس لەسەر ئینتەرنێت، پێناسەی ڕۆژنامەنووس زۆر ئاڵۆز بووە.

ئاخۆ هەر یەکێک شت بڵاو بکاتەوە ڕۆژنامەنووسە؟ سپلیکەل و سپارکس و ئەوانی تر دەڵێن ڕۆژنامەوانی پیشەیە، پیشەکارانی خولیا و بەهای هاوبەشیان هەیە. هەندێکی تر دەڵێت ڕۆژنامەنووسەیل پرۆفیشناڵ نین چونکە سەربەخۆ نین لە حوکمدان، هەر حوکمدانیشە ڕێبەرییان دەکا. بەپێچەوانەی پرۆفیشناڵگەلی وەک دوکتۆر، پارێزەر و تەلارساز، مووچەی ڕۆژنامەنووس لەلایەن ئەوانەوە نییە کە خزمەتەکەی بەکار دێنن. ڕۆژنامەنووسەیل کارمەندن، کاری سەرەکیان بریتییە لە زیادکردنی قازانجی بەڕێوەبەریان.

سپلیکەل و سپارکس سێ پێناسە پێشکێش دەکەن. هەرسێکیان هەر تەنێ لەوەوە نەهاتوون کە هەموو یان زۆربەی ڕۆژنامەنووسان کۆمەڵێک

توانایان هەیە بگرە لە جۆری هەڵسوکەوتی ڕۆژنامەنووسان خۆیانیشەوە هاتوون. جیاوازیی نێوان پێناسەکان بەشێکی لە ماناکانیاندایە، بەڵام زۆر کار دەکەن ئەو ڕێگەی ڕۆژنامەنووس بەرپرسیارەتیی کۆمەڵایەتییان پێناس دەکەن. یەکەم پێناسە دەڵێ ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ بریتییە لەو کەسەی کە لەسەر چالاکیی ڕۆژنامەوانی دەژین، بەم پێیەش ڕۆژنامەوانی بریتییە لە کۆمەڵێک پراکتیزە. پێناسەی دووەم ڕۆژنامەنووسان جیا دەکاتەوە لەوانەی کە شتیان بڵاو دەبێتەوە. بەپێی پێناسەکە، ئەو کەسە ڕۆژنامەنووسە ئەگەر لەلایەن گرووپی پیشەکەوە پەسند بکرێ. واتە ئەندامی دەستەی ڕۆژنامەنووسان ڕۆژنامەنووسە: یەکێک ئەندام نەبێ لێی ڕۆژنامەنووس نییە. پێناسەی سێیەم دەڵێ بەرپرسیارەتیی کۆمەڵایەتی ڕەگی داکوتاوە لە پیشەی ڕۆژنامەوانی.

ئەم سێ پێناسەیە کانگەی ئەو کێشانەن ڕووبەڕووی پێناسەکردنی بەرپرسیارەتیی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیی ڕۆژنامەنووسان دەبنەوە. ئەم بەشە باس لە سازان و گونجانی پرۆفێشنالیزم دەکا وەک مۆدیلێک بۆ ڕۆژنامەوانی و پراکتیزەی هزربەخش پێشکێش دەکا وەک چوارچێوەیەکی جێگرەوە.

## ڕۆژنامەوانی وەک پراکتیز

ئاخۆ هەر یەکێ شت بۆ خەڵکێک بڵاو بکاتەوە ڕۆژنامەنووسە؟ سەردەمێک ڕۆژنامەنووس ئاسان پێناس دەکرا بەوەی بریتییە لە کەسێکی تەعینکراو بنووسێ بۆ ڕۆژنامە یان گۆوارێک. ئەم پێناسەیە ڕۆژنامەنووسانی لە نووسەران جیا کردەوە. لەو سیناریۆیەی لە دەسپێکی ئەم کتێبەدا باسکراوە ئەوەی بۆ ڕۆژنامە کار بکات ڕۆژنامەنووسە. فەرهەنگەیلی نوێ بەو جۆرە پێناسەی ڕۆژنامەنووس دەکا، میدیای پەخش و وەشان و گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان کەبەسەر شێوەیلی بەرهەمی میدیادا هاتووە پشتگوێ خستووە. ئەو پێناسەیە کێشەی تری هەیە. ئەگەر ڕۆژنامەنووس ئەو کەسە

بێ مـــووچە وەرگـــرێ بنووسێ بۆ ڕۆژنامـــە یان کـــۆوار، کـــەوابێ، هـەر سیاسـەتوانێک ستوونێک بنێرێ و بڵاوبکرێتەوە ڕۆژنامـەنووسە، هەمان شت بۆ ئەکادیمیایەک کە خوێندنەوەی کتێب دەنووسێ. کەواتە کێشە لە وشـەی "تەعـینکراو"دا هەیە- ڕۆژنامـەنووسـەیلـی ئەمـڕۆ فریلانسن، بەڕاسـپـاردن دەنووسـن یان خـۆیـان چیـرۆک دەنووسن و دەیفـرۆشنەوە. بـاشـە ئەمـانە دامـەزراون بنـووسن لەبەرئەوەی پارە وەردەگرن بـەرامـبـەر بەکار، یـان ئاخـۆ کەسێک هەر دەبێ داهاتێکی مـانگانەی هەبێ ئەوجا دەبێ بەڕۆژنـامەنووس؟ ڕۆژنامـەیل و کۆوارەیل چی تر تەنێ دوو ناوەندی ڕۆژنامـەوانی نین. مـیدیای پەخش و وەشـان هـەواڵ و کـەیفـخـۆشی سـەرنجـڕاکێش بـڵاو دەکـەنەوە بۆ جەماوەرێکی دیاریکراو، وەک چۆن میدیای چاپیش ئەمە دەکا.

ئاخۆ کارمەندانی پێوەندییە گشتییەکان (پی ئاڕ PR)یش ڕۆژنامەنووسن، لەبـەرئەوەی کـارمـەندن و کـاریان لە ڕۆژنامـە و کـۆوار بـڵاو دەکـرێتـەوە؟ گرووپەیلی ڕۆژنامـەوانی، بەنـاوی یەکەتی و دەسـتـەوە یان سـەندیکا، دەڵێن نووســەرانی پی ئـاڕ ڕۆژنامـەنووس نین چونکە دەقـەیلیـان فـۆرمـێکە بۆ ئادڤۆکـەسی، بۆ قـایلکردنـی خـەڵکە نەک کۆمـەڵێک ڕاسـتی و فـاکت. لەگەڵ ئەوەشـدا، ئەوەی دەنووسـرێ و بڵاو دەکرێتەوە لەلایەن ئەو کـارمـەندانەوە لە مـیدیای بەناوبانگ ناچنە قالبی ئەو تێسـتـەوە. سـتـۆون دەڵێ "هـەواڵ ئەوەیە یەکێ لە شـوێنێکدا دەیەوێ بیـشـارێتــەوە." هـەمــوو شـتـێکی بـەدەر لەو پێناسـەیەی ستۆون ڕێکلامە. ئەمە پرسیارگەل قـووت دەکاتەوە سـەبارەت بەو بۆچوونەی گـوایـە ڕۆژنامــەنووســان، بەپێـچـەوانـەی نووســەران، کــار بە فاکتگەلی بابەتی دەکەن. مشتومڕێک لە ئارادایە لەبارەی ئەوەی کە متمانەی خەڵک بەبیرۆکەی "ڕاسـتی" لە نووسیندا خـەریکە کاڵ دەبێتەوە. سـەردەمێک هـەمـــوو کــارێکی ڕۆژنـامــەوانـی بڵاو دەکــرایەوە لـەســەر بـنچــینـەی ئەو تێگەیشـتنەی کە خـوێنەر پەسندی تەواوی بڵاوکـردنەوەکە دەکا نەک باوەڕی بە یەک ڕۆژنـامـەنووس هـەبێ و مـتـمـانـەی بەوانی تر نـەبێ. ئەمـڕۆ زۆربەی

ڕۆژنامەوانیی ڕۆژنامە دەوەستێتە سەر ئەوەی کێ بۆیان دەنووسێ، گرینگ نییە نووسەرەکە چەندە تازەش بێ. مارشاڵ و کینگسبێری ئەمە بەدەسەڵاتێکی زیادەی ڕۆژنامەنووس وەسف دەکەن بەبەراورد لەگەڵ ئەو دەسەڵاتەی ڕۆژنامەنووسەیل لە ماوەی بوریدا هەیانبوو. وایت دەڵێ کێرڤی متمانەی خەڵک بەوردی و بابەتیبوونی ڕۆژنامەوانی ڕوو لە دابەزینە. ئۆکهام و ئەوانی تریش هزری وینشەتل ڕەت دەکەنەوە کە دەڵێ ڕۆژنامەوانی بۆچوونی واقیعیانەی دنیا و میتۆدێکی تاقیکردنەوە لەخۆ دەگرێ.

فۆرد دەڵێ بابەتیبوون هۆی سەرەکیی میدیای بەناوبانگە ناتوانێ زانیاری فرە پێشکێشی خەڵک بکات. ئەو پێی وایە بابەتیبوون ڕۆژنامەنووسەیل بەرەو ئاقاری بابەتی بێلایەن دەبا، وەک تاوان و کارەساتەیلی سروشتی، لەسەر حسێبی زانیاریی ڕووداگەلی گەلێ گرینگتر. پاترسن و ویلکینس پێیان وایە ڕۆژنامەوانی پرۆفیشناڵ و بابەتی وا لە ڕۆژنامەنووس دەکەن زیاتر ڕووداوگەل داپۆشن نەک پرسگەلی هەستیار کە بەهیچ شێوەیەک بابەتی نین. گورفیچ دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە پابەندبوون بە پێناسگەلی پرفێشناڵی هەواڵ هێزێکە بۆ یەکڕیزی. ئەو دەپرسێ بۆچی ڕۆژنامەنووسەیل زۆرجار دەگەن بەیەک وەڵام بۆ ئەم پرسیارە "ئەمڕۆ گرینگترین هەواڵ چییە؟"

بەدەر لە بیرۆکەی ئەوەی ڕۆژنامەوانی وەک سەرچاوەک تەنێ فاکت لە ئامێز دەگرێ و بابەتیبوون پشتگوێ دەخا، ڕەنگە بەم شێوەش ڕۆژنامەوانی پێناس بکرێ: پراکتیزی ئامادەکردنی هەواڵ بۆ وەشاندن بۆ جەماوەرێکی دیاریکراو. ئەگەر ئەم پێناسە گونجاوتر بێ، ئاخۆ بڵاوکردنەوەی سەر ئینتەرنێت ڕۆژنامەوانییە؟ بێگومان گەلێ لە ڕۆژنامە و میدیاکان لەسەر ئینتەرنێت شت بڵاو دەکەنەوە، بەڵام هاوکات بەملیۆن قوتابیش لەسەر کۆمپیوتەر شت بڵاو دەکەنەوە. کینگسبێری دەڵێ ئینتەرنێت هەندێ جار ستایش دەکرێ چونکە دەمانباتەوە سەردەمی دیموکراسیی کۆن کە هەموو

کەس بەشدار بوو. ئینتەرنێت سنووری بڵاوکردنەوە و ئازادیی بێ سانسۆر و دەربڕینی بیروڕای بەزاندووە. ئەم ناوەندە بەرهەڵدایەی بڵاوکردنەوە تاوی زیاتر بۆ پێناسەی ڕۆژنامەوانی دێنێت، لەبەرئەوەی تەنێ بەشێکی بڵاوکراوەکان لەلایەن سەندیکاگەلی ڕۆژنامەوانی دانیان پێدانراوە. سەندیکا یان ڕێکخراوەکانی ڕۆژنامەوانی دەڵێن نووسەرانی سەر ئینتەرنێت ڕۆژنامەنووس نین، لەبەرئەوەی گوێ نادەنە کۆدی ئەخلاقی و پراکتیزی پرۆفیشناڵانەی ڕۆژنامەوانی ناکەن و بۆ هیچ ڕێکخراوێکی میدیاش کار ناکەن. پاڤلیک دەڵێ ئازادی بۆ بڵاوکردنەوەی هزر لەسەر ئینتەرنێت دێتە بوون بێ سانسۆری کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی کە هەردەم لە کاری ڕۆژنامەوانیدا هەن. ئەو پێی وایە نرخی خاوەنداریەتی و دەسەڵاتی میدیا پێویستییەکی یاساییە بۆ ئەوەی بەرپرسیارانە کار بکەن و خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی بکەن، بەڵام ئەمە خۆبڵاوکاران ناگرێتەوە. ئەم پێناسەیەی ڕۆژنامەنووسان ئەوە دەگەیەنێ کە هەندێ جار ناچارن دەسەڵات و کاریگەرییان بەکار بێنن بۆ چاکەی کۆمەڵایەتی نەک دەسکەوتی کەسانی.

## ڕۆژنامەوانی وەک چالاکییەکی تەکنیکی

دووەم پێناسەی سپلیکەل و سپارکس پشتەستووره بە هزری چالاکیی تەکنیکی کە ڕۆژنامەنووسان جیا دەکاتەوە لەوانەی کارەکانیان دێنە بڵاوکردنەوە. بەپێی ئەم پێناسەیە، یەکێ ڕۆژنامەنووسە ئەگەر لەلایەن ڕێکخراوێکی ڕۆژنامەوانییەوە پەسند بکرێ، ئەمەش دوای ئەزموون و کارکردن و خۆسەلماندن. کۆدی ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسانی پرۆفیشناڵ تەواو جیاوازیی لە نێوان ئادڤۆکەسی و ڕاپۆرت نووسین دەکات و جەخت دەکاتە سەر یەکڕیزیی پرۆفیشنالانە لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی. دەستەی ڕۆژنامەوانەیلی ئوسترالی، کە بەشێکە لە یەکەتیی پیشەسازیی میدیا، هاوپەیمانی کەیفخۆش و هونەر (MEAA)، بەرپرسن لە کۆدی ئەخلاقی کە

ڕێنوێنی ڕۆژنامەنووسانی ئوستورالیا دەکات. لە دیباجەکەیدا هاتووە ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ ئەو کەسەیە دامەزراوە لە میدیایەکی تایبەت بەڵام بە بەرپرسیارەتیی گشتییەوە.

بەشێک لە کۆدی ئەخلاقی کۆمەڵگەی ڕۆژنامەنووسانی پرۆفیشناڵی ئەمەریکایی.

* ڕۆژنامەنووس دەبێ ڕاستگۆ بێ، دادوەرانە و بوێر بێ لە کۆکردنەوەی زانیاری، ڕاگەیاندنی و لێکدانەوەی.
* چیرۆک لەبارەی فرەیی و فراوانیی ئەزموونی مرۆوە بوێرانە بنووسێ، تەنانەت کاتێ باویش نەبێ.
* بەهای کولتوورییان بزانن و نابێ بەسەر ئەوانی تریدا بسەپێنن.
* نابێ بۆچوونی نەرێی هەبێ لەبارەی ڕەگەز، جێندەر، تەمەن، ئاین، ئیتنی، جوگرافی، عاداتی سێکسی، کەمئەندام، جەستە یان باری کۆمەڵایەتییەوە.
* پشتگیری ئاڵوگۆڕی کراوەی بۆچوون بکات، تەنانەت ئەو بۆچوونانەی ئازاردەرن.
* هەلی دەنگهەڵبڕین بدە بەوانەی دەنگیان ناگاتە هیچ شوێنێک، سەرچاوەیلی رەسمی و نارەسمیی زانیاری بەیەکسانی دابین دەکرێ.
* ڕۆژنامەنووسی بەئەخلاق مامەڵە لەگەڵ سەرچاوە و بابەت و هاوکارانی دەکات وەک مرۆی شایەن ڕێز.
* بەوە بزانێت کە کۆکردنەوە و ڕاگەیاندنی زانیاری لەوانەیە ببنە مایەی ئازار و سەر ئێشە. چوون بەدوای هەواڵ مۆڵەت نییە بۆ لووتبەرزی.
* چیرۆکەکەی بەتام بێ. نابێ قێزەوەن بێ.
* ڕۆژنامەنووس دەبێ ئازاد بێ و ئەرکی تری نەبێ جگە لە مافی خەڵک بۆ زانین.

* بەلاوەنانی ململانەی بەرژوەندی، ڕاستی و دروستکراو.
* دوور بێ لەو چالاکی و دەزگەیانەی کە لەوانەیە هەڕەشە بن بۆ سەر یەکڕیزی یان متمانەی.
* دیاری، مووچە، دەسهەق، گەشتی بەلاش و مامەڵەی تایبەت ڕەت بکاتەوە، نابێ لە شوێنی تر دامەزرا بێ، دەستی لەناو سیاسەت نەبێ و داوودەزگەی حکوومەت نەبێ یان ڕێکخراوەیلی خزمەتگوزاری چونکە لەوانەیە زیان بەکارەکەی بگەیەنێ.
* ڕۆژنامەنووس بەپرسیارن لە بەرامبەر خوێنەر و بیسەر و بینەریان، بەرامبەر یەکتریش.
* داپۆشینی هەواڵ ڕوون و شی بکاتەوە و دیالۆگ بکات لەگەڵ خەڵکی بۆ ئاکاری ڕۆژنامەوانی.
* هانی خەڵک بدا دڵتەنگیان لە دژی میدیا دەربڕن.

بەڕێوەبەرانی میدیا ڕۆژنامەنووس لەسەر بنچینەی تواناکانی تاک وەردەگرن. بەڕێوەبەران پێناسەی خۆیان هەیە بۆ ئامادەکردن و ڕاهێنانی ڕۆژنامەنووسانی سەرەتایی. ئەمە کێشە بۆ چالاکیی تەکنیکی دروست دەکا، چونکە هیچ پێوەرێکی جیهانی نییە ئەو پێناسانە یەکلایی بکاتەوە. بۆ نموونە، خەڵاتێک لەوانەیە ڕۆژنامەنووسێک زیاتر بخاتە پێشەوە بۆ پەسندکردنی لە وەرگرتنی کارێک، بەڵام هیچ ناتوانێ کۆنترۆڵی بڕیاری نووسیار بکات بۆ وەرگرتنی یەکێ بێ ڕاهێنانی فەرمی یان ئاستێکی بەرز. ئیلیۆت دەڵێ چالاکیی ڕۆژنامەوانی واتە وردی لە نووسین، خێرایی لە نووسین و تەواوکردنی پێش دێدلاین، شێوازی پێشکێشکردن و بەهاگەلی هەواڵ. میدۆس دەڵێ ئەم پێناسەیە برەو بە کۆمەڵێک پراکتیزەی دژە ڕۆشنبیری و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی دەدا، چونکە مانای ئەوەیە ئەرکی ئەخلاقیی ڕۆژنامەنووسان دەوسەتێتە سەر شوێنی کار و بەڕێوەبەر، نەک

ڕۆژنامەنووسەکە خۆی.

وێڕای هەموو ئەمانەی سەرەوە، دەستەگەلی میدیا زۆرجار دەسەڵاتی ئەوەیان نییە پراکتیزی ئەندامەیلیان ڕێک بخەن. ئەوە ڕاستە دەستەیەک دەتوانێ ئەندامەتی ڕۆژنامەنووسێک ڕەت بکاتەوە، بەڵام زۆرجار ناتوانێ ڕێ لەو کەسە بگرێ وەک ڕۆژنامەنووس کار بکات. نووسیارێک دەتوانێ ڕۆژنامەنووسێک دەر بکا لەبەر پابەند نەبوونی بە کۆدی پرۆفیشناڵی کارەکەی، بەڵام ئەو ڕۆژنامەنووسە هەرگیز لە پیشەکە دەر ناکرێ و لە شوێنێکی بەردەوام دەبێ، وەک چۆن ژمێریارێکیش دەتوانێ ئەوە بکا. ڕێکخراوەیلی ڕۆژنامەوانی کار دەکەنە سەر کاری ئەندامانیان لە ڕێگەی هاندانی باوەڕی هاوبەش بە بەهای پرۆفیشناڵانە و پیادەکردنی دەسەڵاتی میدیا. بەڵام، مێدۆس دەڵێ پێوەندییەکی تەنک هەبێ لە نێوان بۆچوون بۆ کار و کارەکە خۆی و هەروەها زۆربەی ڕۆژنامەنووسان ئەوەندە گرینگی بە ڕێوشوێنی کارەکە نادەن بەڵام بەخودی کارەکە دەدەن.

## ڕۆژنامەوانی وەک پیشە

تەنێ سێیەم پێناسەی سپلیکەل و سپارکس، کە دەڵێ بەرپرسیارەتیی ئەخلاقی بەندە بە خودی تاک، یەکدەگرێتەوە لەگەڵ پێناسەی پرۆفێشنالیزم. بۆ ئەوەی کارێک ببێتە پیشە، دەبێ ڕەهەندی ئەهلاقی تێدا بێ. وەک لیباکس دەڵێ "بۆ ئەوەی هەست بە پیشەکەت بکەیت، دەبێ پابەند بی بەو پێوەر و ئاکارانەی بەندە بەپیشەکەوە". لەسەر ئەم بنچینەیە سکۆلەران ڕۆژنامەوانیان وەک پیشە ڕەت و پەسندیان کردووە. ئەخلاقناسانی وەک پاترسن و ویلکینس دەڵێن ڕۆژنامەوانی ئێستە پیشەیە لەبەر ئەو دوو بەرپرسیارەتییە مۆدێرنەی بەسەر ڕۆژنامەنووسدا سەپێنراوە: یەکەم، ڕۆژنامەنووس بەرپرسیارەتیی زیاتری هەیە لەچاو خەڵکی ئاسایی بۆ گوتنی

ڕاستی. دووەم، ڕۆژنامەنووس ئەرکێکی گەورەتری لەسەر شانە بۆ چاودێریکردنی بەچالاکیی سیاسی.

پاترسن و ویلکینس دەڵێن هیچ لە پێناسەکردنی "ڕاستی" قورستر نییە چونکە زانیاری لە تەواوی دنیا بەخێرایی پێمان دەگا، ئەمەش بەدەر لە توانای ئێمەیە ڕاستییەکە دەست نیشان بکەین. ئەوان پێیان وایە کێشەی مۆدێرنی "ڕاستی" ئەوەیە میدیای ئێستە جەماوەرێکی گلۆبالی هەیە، ئەمەش واتە ئەو فاکتانەی میدیا پێشکێشیان دەکا لێکدانەوەی جیاجیایان بۆ دەکرێ لە ڕووی جوگرافی و کولتوورییەوە چونکە جەماوەری میدیا فرە کولتوور و لە فرە ناوچەیلی جوگرافین. هەندێ لە مامۆستایانی ڕۆژنامەوانی زیاتر جەخت دەکەنە سەر پاڵنەری ڕۆژنامەنووسان نەک گەڕان بەدوای ڕاستی. شولتز دەڵێ ئەولەویەتی ڕۆژنامەنووس بریتییە لە نووسینی بێلایەنانە، سەربەخۆیی سیاسی و بەتەنگەوەهاتنی جەماوەر. ئەو پێی وایە ئەگەر بێو بنەماگەلی پرۆفێشنالیزم لە ڕۆژنامەوانی دەربێ، ئەوا پەیامنێر و نووسیار و بەرهەمهێنەرانی ڕۆژنامەوانی دەبن بەسەرەخۆرەی چاخی زانیاری.

هەندێ پێیان وایە کە ڕۆژنامەوانی قیاس دەکرێ بەپابەندبوون بە ڕاستی نەک دەسکەوتی کەسانی. پابەندبوون بەڕاستییەوە کۆڵەگەی پیشەی ڕۆژنامەوانییە. دەسەڵاتی میدیا بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری دەبێ هاوسەنگ بێ لەگەڵ ئەرکی کۆمەڵایەتی بۆ گوتنی ڕاستی و دادوەری.

## پاڵەپەستۆ لەسەر مۆدیلی پرۆفیشناڵ

ماکمانۆس و کۆش و سکۆلەرانی تری میدیا پێیان وایە لە ماوەی ١٠ ساڵی بووریدا، بازاڕی ڕۆژنامەوانی ڕۆڵی ڕۆژانەی ڕۆژنامەنووسانی لە دروستکردنی هەواڵدا گۆڕیوە. گۆڕانەکەش وردە وردە سەربەخۆیی

نووسیاری ناو ڕێکخراوەیلی میدیا کەم دەکاتەوە. توێژینەوەی ئاندەروود لە ١٩٩٣ پاڵپشتی ئەم بۆچوونە دەکا:

> پلانی پێشوەختە بنەڕەتی دیزاین و هەواڵ و پێداویستییەکانی ڕۆژنامەیە... نووسیاران هەردەم شتێک بڵاو دەکەنەوە کە پێشتر خۆیان لە کۆبوونەوە باسیان کردووە، گفتوگۆیان کردووە و پلانیان بۆ داناوە. بۆیە ئەم سیستمی کارکردنە وا لە پەیامنێر دەکا نەبێتە لێکۆڵەر و کۆکەرەوەی زانیاری، بگرە بچووکی دەکاتەوە بۆ کرێکارێکی بیرۆکراسیەتی ڕۆژنامەکە و بازاڕەکەی.

ماکمانۆس بەم شێوەی خوارەوە باسی بازاڕی ڕۆژنامەوانی دەکا کە چۆن کار دەکاتە سەر پرۆسەی هەڵبژاردنی هەواڵ:

> بەپێی بازاڕ، وەشانکاران و کەمتر ڕۆژنامەیل زیاتر ریپۆرتاج لەسەر بەکاربەران یان لایەنگەلی مرۆیی بڵاو دەکەنەوە چونکە هەست و سۆزی جەماوەر دەبزوێن، تەنانەت ئەگەر چیرۆکەکە خوێنەر و بینەر لە ڕەوشی هەنووکەش تێ نەگەیەنێت، بەلایانەوە ئاساییە ئەگەر پارە پەیدا بکات.

گۆنت بیرمان دێنێتەوە ئەوە شتێکی نییە کە بەڕێوەبەرانی میدیای مۆدێرن زیاتر بەدوای قازانجەوەن نەک هەواڵ. ئەوەی نوێیە ئەوەیە تێکهەڵکێشی میدیا و یەکخستنی ناوەڕۆک و تۆڕی میدیایە. بازاڕ وای لە ڕۆژنامەوانی کردووە زیاتر جەخت بکاتە سەر چۆنیەتیی پێشکێشکردن نەک ناوەڕۆک، دەیانەوێ بەجۆرێک ناوەڕۆکە، جا هەر چییەک بێ، پێشکێش بکەن کە سەرنجی ڕێکلامچییەکان بۆ خۆیان ڕاکێشن.

ماکمانۆس دەڵێ ڕۆژنامەوانی بەدەگمەن بەرهەمی دەبێ بەخەرجییەکی کەم. بۆیە ئەگەر میدیا بەدوای قازانجی زۆرەوە بێ، ئەوا کەمتر خەمی زانیاریەتی. بۆیە هیچ شۆک نییە ئەگەر هەواڵێکی زۆر گرینگ بەلاوەنرێ و

هەواڵێکی تافیهی هیچ زەق بکرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆژنامەیەکی تیراژ زۆر ئێستەش خزمەتی خوێنەرانی دەکا. تیڤییەکی پلە بڵند ئێستەش خزمەتی بینەرانی دەکا بەبەرنامەکانی. زۆربەی ڕۆژنامەنووسان پێیان وایە ململانەکە لە نێوان ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسان بۆ چاوکردنەوەی کۆمەڵگە و کاری ڕۆژنامەنووسان بۆ زیادکردنی قازانج دایە. ڕۆژنامەنووس کار بکات بۆ قازانج یان بۆ هۆشیاریی کۆمەڵگە؟ ململانەکە لەوێدایە کاتێ خەڵک باشتر خزمەت دەکرێن ئەگەر ڕۆژنامەنووس شتێکیان پێ بڵێ نەیانزانیبێ، بۆ نموونە شتێک نارەحتیان بکا یان وایان لێ بکا هەست بەتاوان بکەن.

ماکمانۆس دەڵێ جوانکردنی هەواڵ بۆ سەرنجڕاکێشانی ڕێکلامچی ململانەیەکی ڕژدی بەرژەوەندی دروست دەکات. کۆمپانیای زەبەلاح بازاڕیان گەرم دەکەن بەهۆی ڕێکلام لەناو میدیا. بۆیە میدیا بۆ ئەوانە کار دەکا نەک بۆ خەڵک. بۆیە ئەمە دەسەڵاتی نووسیاریی ڕۆژنامەنووسان کەم دەکاتەوە و تەلبەندیان دەکا.

ماکمانۆس و ئاندەروود و ئەوانی تر پێیان وایە ڕازاندنەوەی هەواڵ میدیا بچووک دەکاتەوە تەنێ لەگەڕان بەدوای نرخی بازاڕدا، ئەمەش ڕۆڵی ڕۆژنامەنووس لەناو دەبات لە دەستنیشانکردنی هەواڵی پڕ بەها و مانادار. ئاندەروود دەڵێ بەڕێوەبەران بەڕۆژنامەنووسان دەڵێن با خەڵک خۆی بڕیار بدا چی هەواڵە، تەنێ ئەو هەواڵانە بەهایان هەیە کە بەهایان لەناو بازاڕدا بەرزە. گراتنیش دەڵێ کەمبوونەوەی خوێنەرانی هەواڵ کۆمپانیاکانی نیگەران کردووە لەوەی چۆن بازاڕی ڕێکلام درێژە پێ بدەن. خەمی نووسیارانە ئەوەیە شتێک بڵاو بکاتەوە وا لە خوێنەر بکات تەماشای ڕێکلامەکانی تەک چیرۆکەیل بکەن. ئەم ڕەخنانە پێمان دەڵێن کە بازرگانیی میدیا دەوەستێتە سەر ڕێکلام بۆ ئەوەی پشتی دارایی ئەستوور بێ، بەڵام ئێستە ڕێکلامچییەکان کاریگەریی زیاتریان بەسەر نووسیارانەوە هەیە، کاریگەرییەک قەت پێشتر شتی وا نەبووە. ئاندەروود گەشتووەتە ئەو

ئەنجامەی کە جوانکردن ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسەیل لە ڕەگوڕیشەوە دەگۆڕێت. ئەو دەڵێ ڕۆژنامەنووس چی تر تەماشای ئەودیو هەواڵ ناکات، قووڵتر نابێتەوە لەر استی، بەڵکو تەنێ بەدوای هەواڵێکدا دەگەڕێ بەفیتی ڕێلامچییەکان بێ. عادەتن ئەو هەواڵانەش دووبارەن بەلای خوێنەرەوە. کینگسبێری گەشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە شیکردنەوەی فاکتەیل زەحمەتە، هەروەها قووڵبوونەوە لە ڕاستی کاتێکی زۆری دەوێ، ئەمەش بەدڵی بازاڕ نییە چونکە بازاڕ خێرایە و شتی خێرای دەوێ. پالێتز و ئێنتمان گەشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە لە هەر شوێنێک ئامانجی ڕێکخراوێکی هەواڵ کۆکردنەوە و وەسفکردن و گواستنەوەی هەواڵ بێ، ئەنجام پشتبەستنە بە سەرچاوەی فەرمی و یەکجۆری ناوەڕۆک.

ئەم بەستنەی پشت بە سەرچاوەگەلی پرۆفیشناڵی میدیا دیاردەیەکی جیهانییە. بۆ نموونە، وارن دەڵێ ٨٠٪ی ئەو چیرۆکانەی لە پرێس ڕلیسەوە بەرهەم دێن دەدرێن بە بەلاڤۆکەیلی میدیا. ماکمانۆس لێکدانەوەیەکی سادەی بۆ ئەمە هەیە:

> پشتبەستن بە ئاژانسی هەواڵ و بریکارانی تر چاپەمەنی بۆ وەرگرتنی هەواڵ کەمتری تێ دەچێ لەچاو بەکرێگرتنی ستافی پرۆفیشناڵ تا شت لەسەر کۆمەڵگە بزانی. ئەمە وا لەو ئاژانسانەی هەواڵ دەکا ناوەندەکە قۆرخ بکەن و بەکەیفی خۆیان ئەجندا و سەرچاوەگەل دیاری بکەن.

دابینکردنی هەواڵ بۆ میدیا بزنسێکی گەورەیە. سەرچاوەگەلی پرۆفیشناڵی هەواڵ، وەک کارمەندانی پێوەندییە گشتییەکان، لە سروشت و ڕەوانبێژیی هەواڵ دەگەن. دەزانن ئەگەر هەواڵ بدەن بەرۆژنامەنووسێک کە لەگەڵ شێواز و ویستی ڕێکخراوەکەی دێتەوە، ئەوا ڕۆژنامەنووسەکە وەک خۆی و بێ گۆڕان بەکاری دێنێت. ڕۆژنامەنووسی مۆدێرن چاوەڕێی

بەرهەمی زیاتری لێ دەکرێ ڕۆژانە لەچاو ڕۆژنامەنووسەیلی ٢٠ ساڵ یان ١٠ ساڵ لەمەوبەر، کاتێ نووسیاران داوای دووبارە نووسینەوەی میدیا ڕلیس دەکەن. لە ژێر باری ئەم پاڵەپەستۆیەدا، ئاسانە هاوکێشەی "ئەگەر نەشکاوە چاکی مەکەوە" جێبەجێ بکەیت بۆ نووسیاری، یان تەنانەت دڵنیاکردنەوەی هەواڵ.

ئەوانەی میدیا ڕلیس دەدەن بە ڕێکخراوگەلی هەواڵ زیاتریان دەسدەکەوێ لەم سینارۆیە. ئامادەکردنی میدیا ڕلیسێک زۆر باشتر ئامانج دەپێکێ لە دیمانەیەک و زیاتر کۆنترۆڵیان دەبێ بەسەر زانیاری و ناوەڕۆکی قسەیان. هەرچەندە نووسیار دەسەڵاتی هەر هەیە چی بڵاو بکاتەوە و نەکاتەوە لە ڕلیسەکە بەڵام خاوەن ڕلیسەکە هێدی ترە چونکە بارەکە لە دیمانە جیاوازە کە تێیدا چاوەڕێی دەستی ڕۆژنامەنووس دەکا چی لە دیمانەکە دەکا و ناکا. هەروەها، ئەو کارمەندانەی میدیا دەزانن چۆن زانیارییەکان گۆش بکەن بەو ئاراستەی کە سەرنجڕاکێش بێت بۆ کەناڵەیلی میدیا. ئەمە چانسی کەناڵەیلی میدیا زیاد دەکات ئەو گۆشەیە بەکار بێنێت کە لەلایەن بەکارهێنەرانی میدیاوە هەڵبژێردراوە. یان بەکارهێنەرانی میدیا ڕووداوێک دروست دەکەن بەشێوەیەک سەرنجی میدیا کێش بکات و ئیتر ئامادەبوونیان بۆ مەبەستێکی جیا بەکار دێنن.

پشتبەستن بەسەرچاوەگەلی هەواڵ دەتوانرێ قۆرخ بکرێ و کاریگەری لەسەر ئەجندای هەواڵ هەبێ. کاریگەرییەکانی سەر ژووری هەواڵ وەک دێدلاین، شوێن و ستاف تەلبەندی چڕ دەخەنە بەردەم ئەو ڕۆژنامەنووسانەی بەرپرسن لە هەڵبژاردنی هەواڵ. لە ئەنجامدا، ڕۆژنامەنووسان دێن ئەو هەواڵ هەڵدەبژێرن کە ئاسانە بۆ دیتنەوە و نووسیاری. لە سەردەمێکی پڕ ڕووداودا، فۆتۆ و بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆهەواڵ و بەکارهێنانی بەرهەمێکی ئامادەی میدیا ویستێکی زۆر بەهێزە، بەتایبەتی کاتێ ئابووری لە بەرهەمهێناندا مانای "بەرهەمی زیاتر بەڕۆژنامەنووسی کەمتر" بدا.

ئاندەروود بەرێکی نوێ دەخاتە بازاڕ و دەڵێ بەڕێوەبردنی مۆدێرنی میدیا ململانە دروست دەکا لە نێوان پێشاندانی واقیعێک تا بلوێ ورد و شێواندانی واقیعەکە بۆ بەرژەوەندیی ئەوانەی کۆنترۆڵی پرۆسەی بەرهەمهێنان دەکەن.

لە هەموو ئەمانەدا، ڕۆژنامەنووس هەندێ کۆنترۆڵی هەر بەدەستە. کاریگەری هەیە لەسەر چالاکییان بەڵام ئەمە هەموو شتێک نییە. ڕاستییەکەی، بەهای خودی ڕۆژنامەنووسەکە و ئەو شوێنەی کاری بۆ دەکا واقیعی کاری ڕۆژانەی ڕۆژنامەنووسەکە دروست دەکات. لەسەر ئاستی تاکدا، ئەوەی کار لە کاری ڕۆژنامەنووس دەکا بریتییە لە ئەزموونەکەی، چۆنیەتیی ڕاهێنانی، قەبارە و جۆری کولتووری ڕێکخراوەکە، فشاری نووسیاران و بۆچوونی کەسانی. وەک ئیپستن گوتەنی ڕۆژنامەنووس بەکرێگیراوی کەس نییە، بۆیە وێڕای فشاریش کاری باشیان هەر دەردەکەوێ. بەڵام، بەدەست ڕۆژنامەنووس نییە چی باشترین بەرهەمە بۆ ئەو شوێنەی کاری بۆ دەکا. لە هەمان کاتیشدا، کاری ڕۆژنامەوانی پێکهاتووە لە کۆمەڵێک بڕیاری سەربەخۆ. ئۆدۆنەل دەڵێ تێکەڵکردنی دەسەڵات بەبێ کۆنترۆڵ واتە چی تر کاری ڕۆژنامەنووسان ناچێتە چوارچێوەی پرۆفیشناڵیزمەوە.

ڕۆژنامەوانی مۆدێرن پێناس ناکرێ بەکۆمەڵێک قسەی سادەی وەک "ڕۆژنامەنووسی دامەزراو لەلایەن ڕۆژنامە و گۆوار"، لەبەرئەوەی گەلێ ڕۆژنامەنووس هەن ئەو وەسف نایانگرێتەوە. ڕۆژنامەنووسان پشت نابەستن بە کۆدی پرۆفیشناڵی سەندیکاکانی ڕۆژنامەنووسان چونکە گەلێ ڕۆژنامەنووس دەسەڵاتی ئەوەی نییە پابەند بێ بە یاساکانی سەندیکا. بێ لەمەش، خودی کۆدەکان ناتوانن ڕۆژنامەنووس بکەن بەتەیارە و لە باتیی جەماوەر هەواڵ هەڵبژێرن و بڕیاری بازرگانی و پیشەیی و ئەخلاقی بدەن.

شۆن دەڵێ بۆچوونی کۆن گوایە ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ کەسێکە هەموو شت دەزانێ بەسەرچووە و ناگونجێ لەگەڵ تێگەیشتنی ئێستەی ڕۆژنامەوانی. ئەو دەنووسێ ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ زانیاری لە بەرگی خۆی دەرناهێنێ و یاساکانی سەندیکاشی بیر نایەتەوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر، بگرە چارەسەر لە گیرفانی ئەو دەقە دروست دەکەن کە بەندە بەو کێشەیەی لەسەری دەنووسن. ئەمەش دەوەستێتە سەر ئەزموونیان و لێکدانەوە و تێڕامانیان.

بەڕای شۆن، ئەو جۆرە ڕۆژنامەنووسە ئەزمووندارە ناتوانێ هیچ فێری ڕۆژنامەنووسێکی تازە بکات تەنێ بەهۆی وەسفکردنی ڕێنوێنی و یاسا و تیۆرەکانی میدیا. هەروەها ناشتوانێ وا لەو تازەیە بکات وەک ئەو بیر بکاتەوە بەهۆی وەسفکردنی ئەو ڕێگانەی ئەو کاریان پێ دەکا.

> زۆرجار ناتوانین ناو لەو شتە بنێین کە دەیزانین. کاتێ هەوڵ دەدەین وەسفی بکەین خۆمان ون دەکەین، یان کرچوکاڵ وەسفی دەکەین. زانینی ئێمە لەناو کارەکانماندایە، لە هەستماندایە بەرامبەر ئەو شتانەی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین. زانینمان لە کارماندایە.

ئەو مۆدیلەی شۆن باسی لێوە دەکا نموونەییە بۆ ڕۆژنامەوانی چونکە کاری باش پێوەرە بۆ ڕۆژنامەوانی باش، بەڵام "باش" و "ڕۆژنامەوانی" لە جیهانی مۆدێرندا پێناس دەکرێن نەک کۆن. ڕۆژنامەوانی باش واتە توانای دەستنیشانکردن و پۆلێنکردن و ئەولەویەتدانە بە توخمەیلی هەواڵ. ڕۆژنامەنووسان زانیاری هەڵدەسەنگێنن بەپێی ئەزموون و وردی و جەماوەر و بەرژەوەندییان. با بگەڕێینەوە سەر ئەو سیناریۆیەی پێشتر باسمان کرد. نووسەر ڕۆژنامەنووسە ئەگەر پرسیار لەو زانیارییە بکا لەناو پرێس

ڕلیسدایە نەک تەنێ بیانووسێتەوە بەوشەی جیاجیا. پرسیارکردن، ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی گشتی و فیلتەرەکانی لەسەرەوە باسمان کرد، میدیا ڕلیس دەگوازرێتەوە لە پالپشتیی بزنسێک بۆ ڕۆژنامەوانی.

## ئەنجام

واقیعی ڕۆژنامەوانی لە سەرەتای سەدەی ٢١ ئەوەیە ناکرێ چی تر لە چوارچێوەی دامەزراندن (تەعینکردن) و بەڕێوەبەرەوە سەیر بکرێ. ڕۆژنامەنووسیش وا پێناسەکە ناکرێ کە یەکێک دوای ڕاهێنان دەچێتە بوار کارکردن بێ هیچ بەرپرسیارەتیەکی کۆمەڵایەتی و تێگەیشتن لەو دەسەڵاتەی وەک تاک هەیەتی بۆ ڕوونکردنەوەی ڕووداوگەلی دنیا بۆ خەڵک. ئەم پێناسەیە هەر لە سەدەی بیستەوە پووجەڵ بووەتەوە. ئەم بەشە باسی لەوە کرد ئەوەی ڕۆژنامەوانی لە چالاکەیلی میدیا جیا دەکاتەوە بریتییە لە بیرۆکەی خزمەتکردنی بەرژەوەندیی گشتی. ڕۆژنامەنووسان خزمەتی خەڵک دەکەن بەهۆی گوتنی ڕاستی، تەنانەت ئەگەر ڕاستی تاڵ و سەر بەئێشەش بێ.

گونجاوترین پەنجەرە بۆ ڕامان لە ڕۆژنامەوانی بریتییە لە ڕەچاوکردنی زانیاری بەپێی بەهای گشتی و کۆکردنەوەی و بلاوکردنەوەی. بەشی ٣ زیاتر لەمە دەکۆڵێتەوە.

## ڕۆژنامەوانی وەک بڕیاردان

سەرەداوێکت دەسدەکەوێ گوایە حەفت کەس هاتوونەتە کوژران لە هێرشێکی هەڕەمەکی لە چێشتخانەیەکی سەرپێی (فاست فوود) لە گەڕەکی ئێوە. نووسیارەکەت دەیەوێ تۆ ئەم هەواڵ خێرا ئامادە بکەیت بۆ بەلاڤۆکی دواتر. چیت پێویستە بزانی پێش ئەوەی دەست بەنووسینی هەواڵەکە بکەیت؟ لە کوێ و چۆن دەست بەکۆکردنەوەی زانیاری پێویست دەکەی؟ چۆن بڕیار دەدەیت چ لە هەواڵەکە باس دەکەیت و چی باس ناکەیت؟

لەوانەیە لە پەروەردەی ڕۆژنامەوانیدا، فێربوون بەهۆی کارکردنەوە باو بێ، بەڵام تەنێ کارکردن گرەنتیی فێربوون ناکات. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر بڵێی ڕۆژنامەنووسێک پرۆفیشناڵە چونکە ئەوەی فێری بووە لە بارودۆخی نوێ بەکاری دێنێت، ئەوا هەڵە و نەشیاوە. سروشتی ڕۆژنامەنووس ئەوەیە بەتێپەڕبوونی کات ستراتیجەکانی خۆیان بەرەو پێش دەبەن و خۆیان دەگونجێنن. دەگەنە ئەوێ لە ڕێگەی ڕەچاوکردنی بنەماگەل یان یاساگەل و لە ژێر ڕۆشنایی بەهاو و ئەزموونی پرۆفیشناڵانەیان. هەموو ئەو هۆیەلانە لەناو ڕۆژنامەنووسێک کۆ دەبنەوە و لەگەڵ ئەو شتەی لە پەروەردەی فەرمی یان ڕاهێنان فێری دەبێ دەیکەن بەڕۆژنامەنووسێکی پرۆفیشناڵ. بەم پێیە، هەر ڕۆژنامەنووسێک بەپێی ئاست و توانای خۆی ئەو شتانەی لەبارەی ڕۆژنامەوانییەوە فێری دەبێ لێکدانەوەی بۆ دەکا و بەکاریان دێنێ. ئەمە لە

هەر ڕۆژنامەنووسێک ڕەنگ دەداتەوە لە هەردوو پرۆسەی ڕۆشنبیری و پرۆفیشنالّیدا لەگەڵ ئەو بەهایانەی لە کارەکەدا ڕەچاو دەکرێن.

ڕۆژنامەوانی واتە بڕیاردان، جا بڕیار لەبارەی هەواڵ یان ئەخلاقیاتی بڵاوکردنەوە بێ. بۆ بڕیارێکی لەجێ و کاریگەر، ئێمە پێویستمان بەبنەماگەل، یان باوەڕی هاوبەش هەیە بۆ ئەوەی بیانکەین بەبنچینە بۆ بڕیارەکان. بەڵام، یەکێ لەو کێشانەی کە ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ تووشی دەبێ ئەوەیە ڕۆژنامەوانیی مۆدێرن چیی تر کارێکی نییە ئامادە، بەڵکو دەبێ ئامادەی بکەیت، ئامادەکردنیش بڕیاری دەوێ. پێرسن دەڵێ: گەلێ جۆری ڕۆژنامەوانی هەیە لەوانەش: ڕۆژنامەوانیی کۆمەڵگە، ڕۆژنامەوانیی کۆمپانیا، ڕۆژنامەوانیی ئاژانس، بڵاوکردنەوە و وەشان، ڕۆژنامەوانیی حکوومەت و توێژینەوەی کۆمەڵایەتی، هەموو ئەمانە زۆر خێرا دەگۆڕێن و پێش دەکەون. لە هەموو ئەو بوارانەدا، ڕۆژنامەنووس شارەزاییی خۆی لە ڕێگەی کارەکەیەوە دەردەخا. کۆرب دەڵێ کاری باش برێتییە لە پرۆسەی دابینکردنی زانیاریی لە ڕێگەی ئەزموونەوە. ئەم بەشە باسی ئەوە دەکا پرۆفیشناڵەکان چۆن بیر دەکەنەوە، باسی کاری باش و هەوڵەکانی دەستەی پسپۆڕێتیی مەعریفە دەکا.

## لە زانینەوە بۆ توانا

گیلبەرت ڕایل دەنووسێ زانین بەسێ قۆناخدا دەڕوا و پێدەگا. یەکەم، قۆناخی زانینی چی، ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر توانای ناساندنی شتێک، بۆ نموونە، ناسینەوەی بەرهەمی ڕۆژنامەوانی. قۆناخی دووەم برێتییە لە زانینی چۆن، واتە توانای دووبارەکردنەوەی ڕێنوێنی، کار و ئەو توانایانەی بەکاردێ بۆ بەرهەمی ڕۆژنامەوانی. سێیەم قۆناخە کە ڕایل بە بەڵگەی زانینی دادەنێ برێتییە لە توانای کردن. ئەمە لە ڕۆژنامەوانیدا واتە پرۆسەی ڕۆشنبیری پێویست بۆ کاری ڕۆژنامەوانی، توانای ناساندنی هەواڵ،

کۆکردنەوە و هەڵسەنگاندنی زانیاری. ڕۆژنامەنووس ئەو بڕیارانە لە فیلتەر دەدا لە ڕێگەی تێگەیشتنی خۆی لە جەماوەر، بۆ کێ دەنووسێ، ئەولەویەتی وەشانکارەکەی و باوەڕەکانی خۆی لەبارەی ڕۆڵی ڕۆژنامەوانی لە کۆمەڵگەدا. لەوانەش ئەولاتر، ڕۆژنامەنووس ئەو پرۆسانە بەکار دێنێ بۆ ئەوەی بگاتە ڕادەی پرۆفیشناڵی کە دواجار هەمووی بۆی دەبن بەئەزموونێکی دەوڵەمەند.

ڕەخنە لە پەروەردەی ڕۆژنامەوانی پێ لەسەر ئەو هزرە هەڵناگرێ کە ڕۆژنامەوانی شتیکە فێری کەس ناکرێ، بگرە خەڵک بەهۆی ئەزموونکردنی فێری دەبێ. ئەم بۆچوونە پشتڕاست دەکرێتەوە بەبیرۆکەی ئەوەی هیچ یاسایەک نییە بۆ ڕۆژنامەوانی، هەمووی دەوەستێتە سەر بارودۆخ و هەلومەرج. بێگومان کارکردن لە ڕۆژنامەوانی هەردەم لە بەرهەمەکەیدا دەبینرێ. واتە ئەزموون و بەها و شێواز و تێگەیشتن لە جەماوەر و بەها و ئەزموونی نووسیار و کات و شوێن هەمووی بەدیار دەکەوێ لەو چیرۆکەی دێتە بڵاوکردنەوە. بەپشتبەستن بە دەقەکە، فشارگەلی تری کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری بەدیار دەکەون. بەڵام، ئەم بۆچوونەی لەمەڕ ڕۆژنامەوانی مانای ئەوە دەدا کە بیرکردنەوەی ڕۆژنامەنووس لەناو خودی خۆی دایە و ناکرێ شیبکرێتەوە. بۆ ڕۆژنامەنووس گەلێ زەحمەتە بێ باسی ئەوە بکا چی دەکا و ناتوانن باسی زانینی خۆیان بکەن. لەوانەیە بەس ئەوەت پێ بڵێن "بێ بیرکردنەوە دەزانین چی دەکەین." ئەمە لەبەرئەوەیە پرۆسەی بیرکردنەوەیان، کە لە ناخیاندایە، دەکەوێتە ئیش بێ ئەوەی ئاگایان لێ بێ، یان هەستی پێ بکەن.

شۆن لە کتێبەکانیدا باسی ئەو ڕێگایانە دەکا چۆن پرۆفیشناڵی جۆرەوجۆر پیادەی زانینی پرۆفیشناڵانەیان دەکەن. ئەو بەو پرۆسەیە دەڵێ "بیرکردنەوە لە کاردا"، دواتر ئەوها وەسفی دەکا "گفتوگۆکان لەگەڵ خۆماندا". شۆن دەڵێ زەحمەتە بۆ پرۆفیشناڵەکان بەڕوونی باسی

کارەکەیان بکەن. لە ڕۆژنامەوانیدا، پرۆسەی بڕیاردان و زانین بەشێکن لە پرۆسەی نووسین و لێکۆڵینەوە، چەندە بنووسی و بکۆڵییەوە، ئەوەندە توانای بڕیاردانت باشتر دەبێ. ڕۆژنامەوانی پێویستی بە فێربوونی شتی تازەیە، بیرکردنەوەی و ڕەخنەییانە و داهێنەرانەیە. ڕۆژنامەنووس، وەک بەشێک لە کارەکەیان، زانیاری کۆ دەکەنەوە و دواتر بەپێی بارودۆخ ڕەوا و بایەخی پێ دەدەن. ئەو ڕۆژنامەنووسەی چیرۆکێکی ورد و ڕاست و ئەخلاقی و سەرنجڕاکێش دەنووسێ، باش چووەتە قووڵایی بیرکردنەوەکانی. ڕەنگدانەوە پردێکە لە نێوان تیۆری ڕۆژنامەوانی و کاری پرۆفیشناڵی ڕۆژنامەوانی. لە ڕێگەی ڕەنگدانەوەی خود، ڕۆژنامەنووس دەتوانێ متمانە، پشتبەخۆبەستن، توانای چارەسەرکردنی کێشە و هاریکاری و توانای زانینی دەستەبەر بکا. هەر بەهۆی ڕەنگدانەوەی ناخە، ڕۆژنامەنووس دەتوانێ لە خۆی و کۆمەڵگەکەی و پیشەکەی بگات. ڕەنگدانەوەی ڕەخنەیی مەرج نییە هەموو کات نەرێنی بێ. کاتێ ڕۆژنامەنووسان باسی چیرۆکێک دەکەن، هەموو لایەنێکی چیرۆکە دەخەنە بەر باس، کە تێیدا ڕەنگدانەوەی خۆیان هەستی پێ دەکرێ، بۆ ئەوەی شتێک بنووسن سەرنجڕاکێش و لەجێ. وەک کینگ دەڵێ: بەبیرکردنەوەی لەوەی چی دەکەین، دەتوانین وەک ڕۆژنامەنووس بڕیاری باشتر بدەین و بنچینەی فەلسفەی ڕۆژنامەوانی دابین بکەین. وێڕای ئەمەش، ئەو شرۆڤانەیە نابێ زۆر دوورمان بخەنەوە لە ژووری هەواڵ.

## ڕۆژنامەوانی وەک بڕیاردان

بێرنارد کۆهن تێبینیی ئەوەی کردووە کە گەورەترین دەسەڵاتی میدیا لەوەدا نییە بەخەڵک بڵێی بیر بکاتەوە، بگرە لەوەدایە بیر لە چی بکاتەوە. خەڵک جیاوازە و دنیا جیاواز دەبینێ لەسەر بنچینەی ئەو نەخشەیەی نووسەران، نووسیاران و وەشانکارانی ڕۆژنامە بۆیان دەکێشن.

بەڕای کـۆهن کـارەکـانی ڕۆژنامــەوانی دەردەکـەون بەهـۆی کـێـشــان و کـێــشــانەوەی نـەخـشـــەی ڕۆژانە. وێڕای هـەمــوو ئەو قــســانەی لـەبارەی بابەتـیبـوونـەوە دەکرێ، بـەرهـەمی ڕۆژنامـەوانی قـەت ناتوانرێ لە پرۆســەی ڕۆشنبیریی ڕۆژنامەنووس جیا بکرێتەوە. لە شوێنی کاری میدیا لە دنیا، تاکی ڕۆژنامـەنووس لـە کۆمـەڵگە بێشـومـارەکانی دنیـا ڕۆژانە هەمـان بڕیار دەدەن لەبـارەی هـاوســەنگکردنی ئەولەویـاتی پرۆفــیــشـناڵی، بـازرگــانی و ئەخلاقییەوە. ڕۆژنـامەنووسان، لە کولتووری جیاجیاوە، وەڵامـی جیاجیایان دەسدەکەوێ، بەڵام خودیان لە پرۆسەی بڕیارداندا ڕەنگ دەداتەوە.

چۆمـسکی و هەرمـان دەڵێن خـۆسـانسـۆرکـردن، جگە لـەوەی پیلانێکە لە دانانی ئەجندای مــیـدیا، لـە کـارکـردنـدایە. دووپاتی دەکـەنـەوە لاگـرتـن لە میـدیادا سـەر هـەڵدەدا چونکە خـەڵک ناخ و خـودی بەســەر کـارەکاندا ڕەنگ دەداتەوە و دەیگونجـێنێ لەگـەڵ خـاوەندارێتیی میـدیا و گۆڕانـەیلی بازاڕ و سیـاسیدا. مـاگـینس دەڵێ ڕۆژنامـەنووسـان خۆیان نـاتوانن بڵێن لاگـیری دەکەن لە نـووسـینەکـانیـان چونکە بۆچوونی جیـاجیـا وەردەگـرن. ئەو دەڵێ ئاساییە لاگیری بکەی لە ڕووی هەستی کەسانی، بەڵام هەر دەبێ دادوەرانە بی کاتێ دێیتە سەر نووسینی بۆچوونی ئەوانی تر.

## کاری ڕژد و ڕەنگدانەوە

ئەو ڕێگەی ڕۆژنامـەنووسـان بەکاری دێنن بۆ وەسـفکردنی کارەکەیان ڕەنگە لەســەر بیــرۆکـەی ڕەفـتــاری غـەریزی بنیــات بنرێ، بەڵام بـەهای ڕژدی و ڕەنگدانەوەش بـەکــارەکــەیانەوە دیارە، بەس لە هەمــوو وشــەیەک نـا کــە دەینـووسن. لـە کــاری ڕۆژانـەی ڕۆژنامــەوانیــدا، توانـای بیــرکــردنەوە و پشتبەستن بەزیرەکیی خۆت سیفەتی پڕ بەهان. ئەم سیـفەتانە ڕەنگدانەوەی ڕەخنەییشـیـان تێدایە لە کاردا، پێمـان دەڵێن ئێمـە دەتوانین بیر لـەو شتـە بکەینـەوە کــاتێ کــە دەیکەین. ئـۆدۆنیل دەڵێ ڕۆژنامــەنووســان بەردەوام

مەعریفەی تیۆرییان بەرامبەر ئەزموونی کار تاقی دەکەنەوە، پاشان ستراتیجێکی بۆ دەدۆزنەوە و دەیانگونجێنن. بۆد و فلیتی پێیان وایە ڕەنگدانەوەی ڕەخنەیی و کاری ڕژد سێ قۆناخیان هەیە: یەکەم قۆناخ ئامادەکردنە. ئەمە جەخت دەکاتە سەر ئەوەی ڕۆژنامەنووس چی دەزانێ، ئەگەرەکان دادەنێ و دەزانێ پێویستی بەچییە. دووەم قۆناخ دەکەوێتە ناو کارەکە. بەشێوەی سەرنجدان و تێوەگلان دەردەکەوێ. لەم قۆناخە هێشتا بوار ماوە کارێک بکەیت کاریگەریی لەسەر ئەنجامەکەی هەبێ. دوا قۆناخ دەکەوێتە پاش ڕووداوەکە، تاکی ڕۆژنامەنووس ئەزموونەکەی بەقووڵی هەڵدەسەنگێنێت.

نابێ هزری ڕەنگدانەوە تێکەڵ بکرێ بە کپی و بێ چالاکی. ڕەنگدانەوە مەرج نییە مانای ئەوە بێ کات بکوژی و بوەستی و بیر لە کارەکە بکەیتەوە ئەوجا ئەنجامی بدەیت. شۆن پێناسەی ڕەنگدانەوەی کرد بەوەی کە ڕوودەدا لە کاتی ئەنجامدانی شتێک بەڕژدی. ئەو پێی وایە هەڵەیە بیرکردنەوە و کارکردن لە یەک جیا بکرێنەوە، دەڵێ دەبێ کار لە کار جیا بکرێتەوە چونکە هەر کارە و جۆرە بیرکردنەوەیەکی دەوێ. شۆن پێی وایە لە ڕێگەی ڕەنگدانەوەی ڕەخنەیی و کاری ڕژدا، کارکردن و بیرکردنەوە تەواوکەری یەکترن، چونکە کارکردن بەری بیرکردنەوە فراوان دەکا و بیرکردنەوەش خۆراکی کارکردن و بەرەکەیەتی. بۆیە هەموو لێکۆڵینەوە و کارێکی ڕۆژنامەوانی بەری بیرکردنەوە و کارکردنە لە یەک کاتدا.

تۆماس ڕەنگدانەوەی خود بە پرۆسەیەک پێناسە دەکا کە بەرهەم تێیدا دێتە چاودێریکردن لە ڕێگەی هەڵسەنگاندن و تێڕامان و بیرکردنەوە. ئەو پێی وایە ئەم پرۆسەیە ڕۆژنامەنووس دەگەیەنێتە پرۆسەی "شانازیی خود"، واتە ئەگەر ڕۆژنامەنووس کارێکی باش بکا ئەوا شانازی بەخودی خۆیەوە دەکا بەوەی کە توانیویەتی دەسەڵاتی بەکار بێنێ لە کارکردن لەو ڕووداوانەی کە کاریگەرییان بەسەر ژیانی خەڵکەوە هەیە. ئەو دەڵێ پرۆسەی

شانازی خود نابێ تێکەڵ بکرێ لەگەڵ پرۆسەی خۆبەگەورە زانین. پرۆسەی شانازیی خود کار لە ئیختیارەکانی ڕۆژنامەنووس دەکا، هەوڵەکانی، ئیلهام و بیرکردنەوەی و بەرەنگاربوونەوەی کاتە سەختەکان. تۆماس دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ڕۆژنامەنووسی بەتواناتر و شارەزاتر دەتوانن ئامانجی گەورەتر بۆ خۆیان دابنێن و زۆر باشیش پێوەی پابەند بن. چەندە ڕۆژنامەنووس شانازی بەخودی خۆیەوە بکا ئەوەندە توانای زیاتر دەبێ و بڕیاری باشتر بۆ خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی دەدا.

## ڕەنگدانەوە لە کاردا

پرۆسەی بەرهەمهێنان دەست پێدەکات کاتێ ستافی جێبەجێکار ڕەچاوی هەر نەشرەیەکی نوێی هەواڵ دەکا و ئیتر بەم شێوە بەردەوام دەبێ تا دەگاتە ساتی بڵاوکردنەوە. پاشان بۆ نەشرەی دواتر هەمان شتگەل دووبارە دەبنەوە. تەواوی پرۆسەکە لە کەناڵێکەوە بۆ کەناڵێکی تر دەگۆڕێ بەڵام ئامانج یەکێکە: پلانی داپۆشینەکە.

پرۆسەی بەرهەمهێنانی هەر تاکە چیرۆکێک چەندان کەس بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکا لە قۆناخی جیاجیای بەرهەمهێنانیدا. پەیامنێر، کە زانیاری کۆ دەکاتەوە و چیرۆکەکە دەنووسێ، ڕۆڵێکی کەم و سنووورداری هەیە لەم پرۆسەیەدا. بێگومان ستافی باڵا بەرپرسیارەتیی تریان هەیە، بەتایبەتی ستافی وەرزش (لە وڵاتانی ڕۆژئاوا-و.) و ستافی ڕیپۆرتاژ. ئەوان چەندان چیرۆکیان لە سەرچاوەی جیاجیاوە بۆ دێ و دەبێ بڕیار بدەن ئیش لەسەر کامیان بکەن. ئەو بڕیارانەی پێویستە بدرێن بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنان ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

- بڕیاری لەبارەی بەهێزی و لاوازیی هەر یەک لە پەیامنێرەکان
- هەر چیرۆکە و چەند کاتی دەوێ
- تا چەند چیرۆکەکە بەدڵی هەموو لایەک دەبێ.

هەر یەکــە بڕیارەیلـی خــۆی بەپێی گــرینگی ڕیز و ئامــادە دەکــا بۆ کـۆبوونەوەی دەسـتـەی نووسـیاران کـە لە پێش هـەر نەشرەیـەکـەوە ئەنجـام دەدرێ. هـەریـەکـە لایـەنە بەهـێـزەکـانـی چیـرۆکـەیل باس دەکـەن بـۆ ئەوەی یارمـەتی نووسـیـار بدەن کـامـە هـەواڵ دابەزێنێت. بۆ ئـامـادەکردنی ئەمـەش، نووسیـاری هـەر بەشێک ڕەچاوی هەموو زانیـارییێک و چەندان هۆیەل دەکا بۆ هـەر چیـرۆکـێک، وەک: بەهـای هـەواڵەکـە، کـە دەزانـرێ بەهـۆی کـات، دووری و ئەنجـام و پێـوەسـتـبـوون بەدۆخـی ئێـسـتـە و چەنـدان هۆیەلی تری پێـوەند بەبەرژەوەندیی گشتی.

وێڕای ئـەمــانەش، ڕۆژنـامــەنـووس ڕەچاوی چەندان لایـەنی تر دەکـا پێش بڵاوکـردنەوەی هـەر هـەواڵێک: هـەیکەلی هـەواڵەکـە، وێنە، لە چ گـۆشـەیەکـەوە بۆی بچـێ، گـونجـاندنی هـەواڵەکە لەگـەڵ شـێـوازی وەشـانی ڕێکخـراوەکـە. ڕۆژنامـەنووس دێ بەراوردی هەواڵی تازە دەکا لەگەڵ ئەوانەی پێش کـەمێک بڵاو کـراونەتەوە بۆ ئـەوەی بزانێ چەندە بەیەکـتـر دەچن. نووسـیــاری هـەر بەشـێک، کـاتێ پەیامنێر ڕادەسپێرێ، ڕەچاوی هـاوسـەنگی بابەت و ڕووداو دەکا بۆ ئـەوەی خـوێنەری بەئەزمـوون تێر بکات. بۆ نموونە، نووسـیـار هـەیە دەیان هـەواڵێکی بۆ دێ لە یەک کـاتدا، بۆیە یەکەم جار گرینگی بەوانە دەدا کە بایەخدارترن لەچاو هەواڵانی تری ڕۆژز

هیچ یاسـا و ڕێسایەک نییە نووسیاری بەش پشـتی پێ ببەسـتێ تا بزانێ کـامـە هـەواڵ بۆ هـەواڵگران دەسـدەدا. نووسـیـار هـەیە پشت بەداتـای حـەزی خـوێنەران دەبەسـتێ، بەڵام داتاش سـەتاسـەت پێت ناڵێ خـوێنەر حـەزی لە چییـە. بۆ نموونە، لێکۆڵینەوە لەمـەڕ بازاڕی هـەواڵ دەری دەخـەن کە هـەندێ هـەواڵ (بەپێی دووری و نزیکی، پێوەسـتـبـوون و ملمـلانەوە) بایەخـیـان زیاتر پـێ دەدرێ لەلایـەن هـەواڵگرانـەوە. بـەڵام، لێکـۆڵـینـەوە لـە بـازاڕ وەڵامــێـکـی سـەتاسـەتت ناداتێ تا بزانی کام لەو بەهـایانە لەوانی تر گرینگترە، چونکە گرینگی بەهاکان لە ڕۆژێکەوە بۆ ڕۆژێکی تر و لە چیرۆکێکەوە بۆ یەکێکی تر

دەگۆڕێ. ئاکام ئەوەیە ئەو چیرۆکانەی ئیختیار دەکرێن لە کۆبوونەوەی نووسیاراندا بڕیارگەلی خودین و تەنێ لەسەر بنچینەی ئەزموون و پرۆفیشناڵیتی و بەهای کەسانی دەوەستن. ئەم پرۆسەیە مەعریفەی پسپۆڕان نییە بگرە ڕەنگدانەوەی ڕەخنەییە لەسەر ئەزموونی کاری پرۆفیشناڵی. بۆیە ئاهەنگی بووکگواستنەوەی بابایەک ڕەنگە لە ڕۆژێکدا لەسەر شاشەی تیڤی زۆر گرینگی پێ بدرێ و لە ڕۆژێکی تردا، ئاهەنگی بووکگواستنەوەی کەسایەتییێک پشتگوێ بخرێ.

کە کاتی کۆبوونەوەی تەواوی نووسیاران بۆ پلاندانان دێ، نووسیاری هەر بەشێک لەگەڵ ستاف و نووسیارانی بەشەکەی کۆ دەبێتەوە. لە کۆبوونەوەکدا، هەر بەشدارێک ڕای خۆی لەسەر هەموو چیرۆکێکی بڕیار لەسەردراو دەدا، مەرج نییە تەنێ قسە لەسەر هەواڵەیلی بوارەکەی خۆی بکات، دەپەڕێتەوە بۆ بوارەکانی تریش. لەم کۆڕی هەواڵەدا، تەواوی بیرۆکەیل تاقی دەکرێنەوە و دەچنە ئەودیو مەعریفەی پسپۆڕییەوە. بەشداران پرسیار لە چیرۆکەیل دەکەن چۆن بنووسرێن، تاوتوێی هەموو لایەنەکانی دەکەن. بڕیاری کۆتا لەلای نووسیارە، بەڵام بەشداران پێکڕا لە کۆبوونەوەکە بڕیار دەدەن کام هەواڵە ببێتە یەکەم هەواڵ و بچێتە لاپەڕە یەک، یان یەکەم جار بێتە خوێندنەوە. ئەو هەواڵانەی گفتوگۆیان لەسەر دەکرێ، هێشتا ئامادە نەکراون، بگرە لە پرۆسەی ئامادەکردندا دەبن و گرەنتی تەواوکردنیان نییە. تیڤییەکان تەختەیەکی سپییان هەیە و لەسەروێ پلانی ڕۆژانەیان دەنووسن چونکە تەواوی بەرنامەی ڕۆژیان بەپێی ڕۆژەکە لە گۆڕاندایە.

بڕیاردان لەسەر ئەوەی چی گرینگە بۆ خەڵک و چیش هەو نییە، کۆبوونەوەی نووسیاران بەهەمان ئەو پرۆسەیەدا دەڕوا کە نووسیارانی بەش لەگەڵ ستافی خۆیاندا دەیکەین. وەک نووسیاری هەر بەشێک لەگەڵ ستافەکەی، کۆبوونەوە گفتوگۆی بەهای هەواڵ دەکا، بەڵام جیاوازی ئەوەیە

کـە هی کـۆبـوونەوەی نووســیـاران زیاتر جـەخت دەکـاتـە ســەر تەواوی بڵاوکردنـەوەکـە نەک تەنێ یەک بەش. ڕەچاوی بەرتەلی خـەڵک دەکـەن بۆ ئەو هـەواڵانەی پێکرا دێنـە وەشـان. باسـی ئەوە دەکـەن خــەڵک لە چی بێـزارە و چۆن چەشـەی خـوێندنەوە یان تەماشـاکـردنی بۆ بێتە گەڕاندنەوە. لەسـەرووی ئەمانەشـەوە، بڕیار دەدەن چی مایەی سـەرنجڕاکێشـە و بایەخـە، ئەمەش تەنێ دەکەوێتـە سـەر بایەخ و بەها و ئەزموونی نووسـیارانەوە. پاترسن و ویلکینس دەڵێن هـەواڵ ڕەنگدانـەوەی چەند بەهـایـەکی کـــولتـــووری و نـۆرمــــێکی پرۆفـیـشـنـاڵـیـە. پاترسـن دەڵێ ئەو قـسـەیەی گـوایە ڕۆژنامـەنووسـان بۆنی هـەواڵ دەکــەن لەوەوە هـاتووە کـــە ڕۆژنـامــــەنووس ڕاهـێـنـان و ئەزمــــوونـی پرۆفیشناڵانەی خۆی بەکار دێنێ، بۆیە بۆنی هـەواڵ دەکا.

وەک چۆن نـووسـیـاری بەش ڕەچاوی هاوسـەنگی و شـوێنی هەواڵەیلی ئەرێنی و نەرێنی دەکـا، کـۆبوونەوەی نووسـیـارانیش ڕەچاوی هـاوسـەنگیی تەواوی وەشـانەکە دەکا و ڕێک دەکەون لەسـەر ئەوەی کە تێکڕای هەواڵەکان هـاوسـەنگیـیـان تێدا بێ لە ڕووی هـەواڵ نەرم و ڕەق و ڕژد و سـووکـەوە بۆ تێرکردنی چەشـەی خەڵک. تێگەیشـتنێکە هەیە گوایە خەڵک حەزی لە هەواڵی نارژدە هەتا ئەگەر هیچ زانیاریێکی بەسـوودیشی تێدا نەبێ. بۆ نموونە، لە سـەرەتای ۲۰۰۰، هەواڵی پۆلیسێکی ئینگلیز کە گونی دێتە گەستن لەلایەن ئاژەڵێکەوە دەبێتە بنێشـتـە خۆشـەی ڕادیۆ و تیڤی و ڕۆژنامـەکانی دنیا. ڕۆژنامەنووس گرینگی بەم هەواڵە دەدا لەبەرئـەوەی تێگەیشتنێک هەیە گوایە ئەو کـەسـەی خـۆشی لە هەواڵێکی وا ببینێ ئیـتـر بەردەوام سـەیری میـدیا دەکا. ئەمـە گرینگە بۆ ڕۆژنامـەنووسـان چونکە سـەرکەوتنی کـارەکـەیان لە ڕادەی جـەمـاوەری بەرهـەمـەکـەیان دایە، سـەرکـەواتنی بـازاڕی بەرهـەمـیش پێــوەرێکە کــاری ڕۆژنـامــەنووســانی پێ دێتــە هـەڵســەنگاندن لەلایەن بەڕێوەبەرانەوە.

کـۆبوونەوەی نـووسـیـاران هەمـوو دەم ڕاسـپـاردەی نیـیـە لەســەر ئەوا

هەواڵانەی دێنە وەشـان، بەتایبـەتی لە ڕۆژنامـەدا، بەڵام بڕیار دەدا لەسـەر گـرینگی هەواڵەکـان، ئەو هەواڵانەی کـە فـێری خـەڵک دەکەن بیـر لە چی بکەنەوە. لەوانەیـە نووسیـار پێشنیـازی سـەردێرێکیش بکا بۆ ئەوەی هزرێک بدا بەسـتـاف لەسـەر چۆنیـەتیی هەواڵەکـە. لە کـۆتاییی کـۆبوونـەوەکـەدا، نووسـیـارانی بەش دەچنەوە شـوێنی خـۆیان کار لەسـەر ئەو سـۆنگەیە دەکەن لە کۆبوونەوەکە بـڕیاری لەسەر درا. هەر بەشـە و ئەرکی جیـاوازە، بەڵام ئێمە جەخت دەکەینە سەر نووسیاری هەواڵ.

نووسـیـاری هەواڵ لە کۆبوونەوەی نووسـیـاران بەلیسـتێک هەواڵی گرینگ دێتـە دەرەوە و کـاریان لەسـەر دەکـا. ئەم ڕۆژنامـەنووسـە خـۆی یەک هەواڵ نانووسێ، بەڵام بەرپرسـە لە تێگەیاندنی پەیامنێران کە چی بنووسن و چی پێویستـە بۆ هـەواڵەکە. نووسیاری هەواڵ پێش هەموو شـتێ پەیامنێر بۆ هـەر هـەواڵێک یان زیاتر دیاری دەکـا و ڕایاندەسـپـێرێ بەکارەکـە. ئەم پرۆسـە، لەوانەیە چەند خولەکێک ببا، کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە لەسەر نووسینی هەواڵەکە. ڕاسـتـە نووسـیـارەکە باشـترین پەیامنێر هەڵدەبژێرێ، بەڵام ئەم هەڵبژاردنەی خودیانەیە چونکە ئەو دەزانێ کام پەیامنێر دەتوانێ کام دیمانە بەباشـترین شـێوە بکا و بیکات بەهەواڵ. کاتێ قسـە لەگەڵ پەیامنێر دەکا، نووسیـارەکە ئیختیـاری هەیە و خودیانە زانیاری پێ دەدا. ئیتر بەم شـێوەیە نووسیار وێنەی هەواڵەکە دەکێشێ و هەواڵەکە نزیکەی ئامادەیە پێش ئەوەی پەیامنێر دەسـتی پێ بکا. نووسیـاری هەواڵ هـەوڵ دەدا ئەو بەهـایانە لە پێش هـەمـوو شـتێ دابنێ کـە لە کـۆبوونـەوەی نووسـیـاران جـەخـتـیـان لەسـەر کراوەتەوە. ئـەم بەشـەی کارەکە ئەوە لە پیشـەی ڕۆژنامەوانـی ڕوون دەکاتەوە کە چەندان ڕێگە هەیە بۆ نووسینی هەواڵێک، ئەگەر ڕاستیش نەبن، وردن.

دوای قـسـەی نووسـیـارەکـە لەگـەڵ پەیـامنێـر، ئـەوەی دواتر قـسـەکـانی نووسـیـار وەک ڕێبەرێک بەکار دێنێ. ئەگـەر بێـو لەسـەر گۆشـەیەکی جیـاواز لەوەی نووسـیـار کـار بکا ئەوا دەبـێ بەرگری لەو بڕیارەی دژی نووسـیـارەکە

بکا. وێڕای ئەمەش، پەیامنێر دەسەڵاتی زۆری هەیە لەسەر ئەوەی چی لە پاشتر دێ. گرینگ نییە پەیامنێر چەندە بابەتی بێ، هەر کارێک هەر وشەیەک دەیکا و دەینووسێ دەکەوێتە سەر ناخی پەیامنێرەکە خۆی کە ڕۆژنامەنووسان درک بەو ڕاستییە ناکەن. کەرتی دووەمی ئەم کتێبە، کە بەبەشی چوارەم دەست پێدەکا، بەوردی باسی بڕیارەیلی پرۆفیشناڵ دەکا کە ڕێنوێنی پەیامنێر دەکەن لە کاردا. ئەم پرۆسە ڕێنیشاندەرێکە بۆ تەواوی پیشەی پەیامنێر- چۆن هەواڵ دەناسن، لێکۆڵینەوە و سەرەکی و لاوەکی، هەڵسەنگاندنی سەرچاوە و نووسین و پێداچوونەوە. ئەو ڕێگەیەی پەیامنێر چەندان پرسیاری پێ وەڵام دەداتەوە لە کاتی بەدواداچوونی هەواڵێک ڕەنگدانەوەی بەهاگەلی پرۆفیشناڵی و بازرگانی و ئەخلاقیی خودی پەیامنێرەکەیە.

با بگەڕێینەوە ناو ژووری هەواڵ، ئەنجامەیلی پەیامێنر دەستی کەوتووە ڕێی تێدەچێ تەواو بێنە گۆڕان. نووسیاری هەواڵ یەکەم کەسە بڕیار دەدا ئاخۆ هەواڵەکە بەکەڵکی وەشان دێ. ئەگەر بەکەڵک نێ، نووسیاری بۆی هەیە داوا لە پەیامنێر بکا بیگۆڕێت، دووبارە بینووسێتەوە یان دیمانەی زیاتری بۆ بکا. هەرکە نووسیاری هەواڵ قایل بوو، هەواڵەکە ڕەوانەی لای نووسیاری لاپەڕە دەکرێ. کاری نووسیاری لاپەڕە ئەوەیە هەواڵ بەپێی ئەولەویات لەو شوێنانە دابنێ کە دیزاین و دیاری کراوە بۆی. نووسیاری لاپەڕە بڕیاری داهێنەرانە دەدا لەبارەی ڕێکخستنی نووسینەکە لەسەر لاپەڕە، ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر قەبارە و زمانی سەردێرەکە کە لەگەڵ نووسینەکە دێتەوە. سەردێر لەلایەن نووسیارێکەوە دەنووسرێ کە ئیشی تەنێ ئەوەیە سەردێرێک بنووسێ باش و جوان و پڕ بەشوێنی دیاریکراو بێ. نووسیاری لاپەڕە بۆی هەیە لە نووسینەکە کەم بکاتەوە بۆ ئەوەی فیت بێ بەشوێنی دیاریکراو بێ ئەوەی پرس بە پەیامنێرەکە بکا. ئا لێرەدا گۆڕانی گەورە بەسەر ئەو هەواڵە دێ کە پەیامنێر

نووســیــتی. دوا کــەس دەسکاری هەواڵەکــە دەکــا لەوانەیە نووســیــاری بەرهەمــهـێنان بێ، کە کاری تەنێ بینینی هەواڵەکەیە پێش ئەوەی بێتە وەشـان. ئەم نووسیارە بۆی هەیە هەواڵەکە کورتتر بکاتەوە ئەگەر پێویست بکا. ئەم نووسیارە هەواڵ دەدا گۆڕانکاری بکا بۆ سەرنجڕاکێشترکردنی هەواڵەکە بەڵام بەکاتێکی کەم.

## بڕیاردان لە کاردا

لە سیناریۆی سەرەتای ئەم بەشە وردبەوە. لەلایەک، سیناریۆکە چیرۆکە هەواڵێکە تێدا ڕۆڵی ڕۆژنامەنووس تەنێ کۆکردنەوەی و تۆمارکردنی فاکتەیلە. بەرژەوەندیی گشتی لەم جۆرە ڕووداوانەدا لەوانەیە بەرز بێ لەسەر بچینەی بەهای دووری و نزیکی، پێوەستبوون، ئەنجام و کات و تازەیی هەواڵەکە، بەڕادەیەک کە کوشتنی بەکۆمەڵ هێشتا کارێکی نائاساییە. لەلایەکی ترەوە، وەڵامدانەوەی پرسیارگەلی "کێ، چی، لە کوێ، کەی، بۆچی و چۆن؟" بێگومان ئەرکێکی ئاڵۆزە، چونکە لێکدانەوەی جۆرەوجۆری بۆ دەکرێ.

لە سیناریۆکەدا، یەکەم شت پێویستە لەسەر تۆ بیکەی ئەوەیە بزانی ئاخۆ سەرەداوەکە/ زانیارییەکە ڕاستە. دەبێ بزانی ئاخۆ ڕووداوەکە بەڕاستی ڕووی داوە، ئەو زانیارییەی بەتۆ دراوە وردە و درۆی تێدا نییە، چونکە هەرکە بڵاوت کردەوە ئیتر چیرۆکەکە دەبێتە مایەی باوەڕپێکردن کە پێشتر تەنێ قسە یان دەنگۆ بووە. ئاساییە بیرت بۆ ئەوە بچێ، ئەگەر حاڵەتەکە ڕاست نەبێ، کە توندوتیژی لە کەشوهەوایەکی بازرگانیی ئەو ناوچەیەدا هەیە. دووەم شت کە دەبێ بیکەی ئەوەیە زانیاری یان فاکتێکت هەبێ پێت وابێ پێشتر دەیزانی. دەتوانی شتێک لەبەر بکەیت و بچیتە شوێنی ڕووداوەکە، لەوێ، ئینتیباعی ڕاست و دروستی تۆ دەبن بەفاکت بۆ تۆ. دەتوانی تەلەفۆنێک بکەی بۆ دوکانەکە و دەست بەپرسیار بکا، بزانە کەس

وەڵام دەداتەوە. زەنگ لێ دە بۆ دوکـانەکـانی دراوسـێی بزانە هـیـچـیـان بیـسـتـووە. بۆ ئەوەی ئەرکی سـەر شـانت بەرامـبەر بەبەرژەوەنـدیی گشـتی بەجێ بگەینی، دەبێ وەڵامی دروست بدەی بەخـەڵک بۆ پرسـیـارگـەلی "کێ، چی، لەکوێ و کەی؟" پێویستت بەوەیە لایەنێکی ڕەسـمی دووپاتی هەواڵەکە بکاتەوە، لـەم کـەیسـەدا، پێـویسـتـە قسـە لەگـەڵ پۆلیس بکەیت. پێش ئەوەی تەلەفـۆنی بۆ بکەی، دەبێ بزانی هـەیکەلی دیمـانەکـەت چۆن و بـەچی دەست پێدەکەی، ئەمـە وێڕای زانینی خاڵە لاواز و بەهێزەکانی سەرچاوەیی مـرۆیی بۆ وەرگرتنـی زانیـاری. بۆ نموونە، بەسـەرێک، ئەفسـەرێکی پۆلیس دەتوانێ ئەو فـاکتـانەت پـێ بدا کـە تۆمـارکراون، ئەمـەش سـەرچاوەیەکی دەسـەڵاتە. بەسەرەکەی تر، ئەفسەری پۆلیس تاکێکە ڕەنگە بۆچوونەکانی بەکەڵکی هیچ نێن. بۆیە ڕێی تێدەچـێ سەرچاوەی ڕەسمـی لە بارودۆخـێکدا ڕاسـتی بڵـێ و لەوی تر هەڵە. باشـە پەیامنێـر چۆن دەزانـێ ڕاسـتـە یان هەڵە، لێـرەدا تەنێ بەهـۆی ڕەنگدانەوەی ڕەخنـەییی خـودی خـۆی هـەست بەشـتـەکـان دەکـا و دەتوانێ حوکم بدات.

پەیامنێر دەبێ بزانێ چ پرسیارێکی هـەیە بۆ دیمانە بۆ وەرگرتنی فاکت. لە کـۆی ئەو دەســەڵاتانـەی ڕۆژنامـەنووس هەیـەتی، بڕیـاریان لەبـارەی چی بنووسن و چی نەنـووسن لە کاتی پەیامنێریدا کاریگەرییـەکی گەورەی هـەیە لەسـەر ئـەو پەیامـانەی دەگـا بە خـەڵک. بۆ نموونە، ئـاخـۆ گرینگە لەم هـەواڵە ئەو کـەسـانە بناسـێنی کـە کـوژراون؟ سـوودی ئـەمـە چییـە؟ ئـەگـەر ناوی مـردووان بڵاو بکەیتـەوە، لەوانەیە بۆ بـەکەسـوکاری مـردووەکە دەڵێی پێش ئەوەی پۆلیس پێیان بڵێ، ئەمەش تووشی شۆکو خەمێکی گەورەیان دەکا. لە هەمـان کاتدا، بڵاوکردنەوەی ناوی کوژراوان خـەڵکانی تر دڵنیـا دەکاتەوە کـە خزم و خۆشەویستانیان بەر نەکەوتوون.

لە کـاتی دیمانـەکـەدا، ڕەنگدانەوەی ناخـی پەیامـنێـر بـەسـەر زانیـاریی کۆکراوەدا دیارە چونکە پەیامنێر دەزانێ چی وەرگرتووە و تا چەند ڕاست و

هەڵەن. باشە ڕۆژنامەنووس چۆن جیاوازی دەکا لە نێوان ڕاو و ڕاستی؟ وەک بەشێک لەو پرۆسەیە، ڕۆژنامەنووس دەبێ قسە لەگەڵ سەرچاوەی تر بکا بۆ دووپاتکردنەوەی ئەو زانیارییانەی بەدەستی کەوتوون. کام لەو زانیارییانەی کۆتکردوونەتەوە ناتوانی دووپاتیان بکەیتەوە؟ بۆ نموونە، ئەو زانیارییە بڵاو دەکەیەوە گوایە هاتوهاوارێکی زۆر هەبوو لە کاتی ڕووداوەکە؟ ئەگەر زانیت ئەمە زۆر گرینگە، دەبێ حسێبی ڕاست و دروستیشی بکەیت. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆژنامەنووس دەبێ ڕەچاوی ئەم پرسیارە بکات "دەتوانم بەرگری لە نووسینەکەم بکەم لە دادگە؟" هەندێ فاکت بەئاسانی و لەڕێگەی بەڵگەی جەستەیی دەسەلمێنرێن. ئاخۆ سەرچاوەی تر وەک میدیای تر، داتابەیس ماڵپەڕ و کتێب لە سەرچاوەگەلی تر ڕاسترن؟ بۆچی؟ ئەم سیناریۆیە گرینگیی کاریگەریی ڕۆژنامەنووس دەدخا چونکە ڕۆژنامەوانی لە کاتی کارکردندا دەوەستێتە سەر ڕەنگدانەوەی ناخ و هزری ڕۆژنامەنووسەکە. هەرکە دیمانەکە تەواو بوو، پەیامنێر دووبارە دەبێ ڕەچاوی ئەم پرسیارە بکات "ئەو فاکتان چین پێوەندییان بەڕووداوەکە هەیە؟" ئەم بڕیارە دەدا لە ژێر ڕۆشناییی تێگەیشتنی پرۆفیشناڵانە لە ڕۆڵی ڕۆژنامەوانی: بەرژەوەندیی گشتی و بەرژەوەندیی و بایەخی خەڵک. پێ نووسین، ڕۆژنامەنووس دەبێ ڕەچاوی ئەوەش بکات "چ هەلومەرجێکی دەقەکە تموح و ویستەکانم سنووردار دەکا؟"

هەروەک بینیمان، شۆن بەڕوونی باسی ئەو ڕێگەی کرد کە پرۆفیشناڵەکان لە کاردا ڕەنگ دەدەنەوە و گفتوگۆ لەگەڵ خۆیاندا دەکەن. گفتوگۆی ڕۆژنامەنووس لەگەڵ ناوەوەی لە کاتی نووسیندا واتە ڕەنگدانەوەی ڕەخنەییی لە کاردا. لەو سیناریۆیەدا، پەیامنێر کۆنترۆڵی لەسەر ئەوەدا هەیە چۆن ڕووداوەکە هاتووەتە وەسفکردن. ئەوە دەزانێ چونکە ڕۆژنامەنووسە و پسپۆڕی زانیارییە و دەزانێ بەهاکانی هەواڵ چییە و کامە بەها پێش کامەیان دەکەوێ. بەشی چوارەم زیاتر لە بەهاکانی هەواڵ قووڵ

دەبێتەوە. لە سیناریۆکەدا، یەکەم بەها برێتییە لە دوور و نزیکی چونکە ڕووداوەکە لە ناوچەیەکی لۆکالدا ڕووی داوە و نزیکە لە خەڵک. دووەم پێوەستبوونە چونکە ڕووداوەکە پێوەندی ڕاستەوخۆی بەخەڵکەوە هەیە. ئەوانەی هەواڵەکە دەخوێننەوە ڕاستەوخۆ دەکەونە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکە چونکە لێیانەوە نزیکە و پێوەندی پێیانەوە هەیە. ڕەنگدانەوەی ناخی ڕۆژنامەنووسەکە لەوەی کامە بەها لە پێش کامەیە کاریگەری هەیە لەسەر بڕیاردانی ئەوەی چی بنووسێ و چی نەنووسێ و چی پێش بخات. هەر ئەمەش لە پێشەکی هەواڵەکە ڕەنگ دەداتەوە. لە سیناریۆکەدا، هەواڵەکە لەبارەی سروشتی هەڕەمەکی هێرشەکە دەبێ و ژمارەی کوژراوان و دیمەنی تاوانەکە.

لەو جۆرە ڕووداوانەدا ڕۆژنامەنووس خێرا بەدوای پرسیاری "بۆچی" دەکەون و دەیانەوێ لەسەرەتا ئەوە وەڵام دەنەوە چونکە خوێنە کە هەواڵەکە دەبیستێ یەکسەر دەپرسێ "بۆچی" ڕووی دا. کاتێ گۆشەیەک هەڵدەبژێری و لەسەری دەنووسی، ئەمە واتە پشتگوێخستنی گۆشەکانی تری ڕووداوەکە. هەڵبژاردنی گۆشە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی ڕۆژنامەنووسە لەبارەی تێگەیشتنی لە جەماوەر و دەزانێ چییان دەوێ.

سێیەم قۆناخی ڕەنگدانەوەی ڕەخنەیی ڕوودەدا کاتێ پەیامنێر بەهەواڵەکەدا دەچێتەوە پێش ئەوەی بینێرێ بۆ وەشان. لە سیناریۆکەدا، پەیامنێر هەواڵە نووسراوەکە هەڵدەسەنگێنێ لە ڕووی کۆمەڵ، سنوور، زمان، سیستم و ڕوونی. ئەمە دەوەستێتە سەر کاریگەریی نووسین لە بڵاوکردنەوەی زانیاری. لە خوارەوە پێشانی دەدەم چۆن هەندێ بڕیار دەوەسێتە سەر تێبینیکردن و ڕنگدانەوەی خودی نووسەر.

## ئەنجام

ڕەنگدانەوەی ڕەخنەیی وەک بەشێک لە کاری ڕۆژنامەوانی نابێ هەرگیز لەگەڵ تێڕامان و تێگەیشتنی ڕۆژنامەنووس تێکەڵ بکرێ کە لە بارێکە یان هیلاکە و لە کۆتاییی حەفتەدایە. کارەکە لەبارەی تێوە گلانەوە نییە لە تاوان یان بەرگریکردن لە کارێک. پابەندبوونێکی چالاک لە ڕۆژنامەنووساندا هەیە بۆ دەرخستنی پرۆسەکان و دیاریکردنی بەهاکان لە کاتی کارکردندا. لانگەر وەسفی چۆنێتی شارازەبوون لە پرۆسەکە وەسف دەکات بەوەی نەک هەر پێوەندی بە بڕیاری پرۆفیشنالانە هەیە بگرە ڕەهەندی کاریگەریی خودیش ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە.

کەرتی دووەمی ئەم کتێبە، ڕۆژنامەوانی لە کاردا" باسی ئەو پرۆسانە دەکا ڕۆژنامەنووسان ڕۆژانە پێیدا تێپەڕدەبن بۆ دۆزینەوە، هەڵبژاردن، کۆکردنەوە، هەڵسەنگاندن، نووسینی و نووسیاریکردنی هەواڵ. لە خوارەوە بەهێڵکاری ڕوونی دەکەمەوە چۆن بڕیار دەدرێ.

خشتەی پرۆسەی بڕیاردان لە کاتی کاردا

سەرەداوێکت دەستدەکەوێ گوایە حەفت کەس هاتوونەتە کوژران لە هێرشێکی هەڕەمەکی لە چێشتخانەیەکی سەرڕێی (فاست فوود) لە گەڕەکی ئێوە. نووسیارەکەت دەیەوێ تۆ ئەم هەواڵ خێرا ئامادە بکەیت بۆ بەلاڤۆکی دواتر. چیت پێویستە بزانی پێش ئەوەی دەست بەنووسینی هەواڵەکە بکەیت؟ لە کوێ و چۆن دەست بەکۆکردنەوەی زانیاری پێویست دەکەی؟ چۆن بڕیار دەدەیت چ لە هەواڵەکە باس دەکەیت و چی باس ناکەیت؟

↓

ڕاستە؟

هیچ شتێ لەبارەوەی ئەمەوە دەزانی؟ چۆن دەیزانی؟ چۆن دووپاتی دەکەیتەوە؟ پێویست بە چ فاکتێکە بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە بەمتمانەوە؟ چۆن فاکتەیلت دەسدەکەوێ؟

↓

کێ دەتوانێ پێت بڵێ پێویستت بەچییە بزانی؟

دەتوانن فاکتی سەلمێنراوت پێ بدەن؟ لە سۆنگەیەکی ڕەسمیی دەسەڵاتەوە قسەت بۆ دەکەن؟ چ پرسیارێکیان لێ دەکەی؟ هیچ سەرچاوەیەکی دۆکیونێتەری هەیە؟ دەتوانی سەرچاوەی ئۆنلاین بەکاربێنی، ئەگەر هەبێ؟

↓

تەمای چ زانیارییەکت هەیە لە دیمانەکە وەرگری؟

فاکتەکان چۆنن بەپێی هەر دیمانییەک (دیمانی واتە ئەو کەسەی دیمانە دەکرێ، دیمانەر واتە ڕۆژنامەنووسەکە-و.)؟ زانیارییەکە تایبەتە یان گشتییە؟ ئاخۆ زانیارییەکە دەسەلمێنرێ، چۆن؟ دیمانییەکان جێی باوەڕن؟ بۆچی؟ ئاخۆ هیچ یەکێک لە دیمانییەکان دەیەوێ شت بشارێتەوە؟

↓

فاکتەکان چین؟

هیچ زانیارییەکی کۆکراوە هەیە نەسەلمێنرێ؟ ئاخۆ زۆر گرینگە بۆ هەواڵەکە و ناتوانی پشتگوێی بخەی؟ بۆچی بەجێی بێڵی؟ قایلی سەرچاوەکان و جێی باوەڕن؟ ئاخۆ هەندێ سەرچاوە لەوانی تر

باوەڕدارترن؟ بۆچی؟ دەتوانی بەرگری لەخۆت بکەی لە دادگە لەسەر هەواڵەکەت؟

↓

هەواڵەکەت چۆن دادەڕێژی؟

گرینگترین بەشی هەواڵەکەت چییە؟ کامە بەهای هەواڵ دەخەیتە پێش ئەوانی تر؟ جەماوەر چەند کاریگەری لەسەر ئەمە دەبێ؟ لید (پەرەگرافی) یەکەمت چی دەبێ؟ ئەو گۆشانە چین پشتگوێیان دەخەی؟ ئاخۆ کۆت یان لێدوانێک هەیە کە بابەتی سەرەکی هەواڵەکە پشتڕاست بکاتەوە؟ ئاخۆ هەواڵەکە بەپێی ئەم لێدوانە دێتە داڕشتن؟ ئاخۆ هەواڵەکەت یاساییە بڵاوی بکەیتەوە؟ دەتوانی بەرگری لە هەموو ئەو شتانە بکەیت نووسیوتن؟ چ شتێکت پێشتر لەبارەی ئەمەوە زانی بوو؟ هیچ پرسیارێک ماوەتەوە بێ وەڵام؟ بۆچی؟

↓

چیرۆکەکە بێلایەن و وردە؟

ئەوەی نووسیوتە پشتڕاستت کردووەتەوە بەلێکداوێنی ڕەسمیی دەسەڵات؟

هەواڵەکە زیان بەکەس دەگەیەنێ؟

زیانەکە پاساوی هەیە؟

هەواڵەکە لە بەرژەوەندیی گشتییدایە؟ بۆچی؟

↓ ↓

بەڵێ — نەخێر: چی ترت پێویستە بزانی پێش

بڵاوکردنەوەی

ڕازی بەهەموو لایەنەکانی ئەو هەواڵەی نووسیوتە؟ بۆچی؟

چی شتێک هەیە بتوانی باشتری بینووسی؟

ئەگەر هەواڵێکی لەم جۆرەت کرد لە داهاتوو، جیاوازی دەنووسی لەمەی ئێستە، جیاوازییەکە چییە؟

ئەم هەواڵە هەواڵی تر بەدوای خۆیدا دێنێت؟

لەکوێ و چۆن دەست دەکەی بەبەدواداچوونی ئەم بیرۆکەیە؟

کەرتی دووەم

# رۆژنامەوانی لە کاتی کاردا

بەشی چوارەم

## دۆزینەوەی هەواڵ

تۆ لە وێستگە چاوەڕێی شەمەندەفەر دەکەی و گوێت لە دوو کەس دەبێ باسی ئاژاوەیەک دەکەن کە دوێنێ شەو لە پارکێکی لۆکال ڕووی داوە. ناوەڕۆکی گفتوگۆکەیان ئەوەیە کۆمەڵە گەنجێک شەوانە دەچنە ئەو پارکە و دەخۆنەوە و خەڵک بێزار دەکەن. هەردووکیان پێیان وایە خەڵک ناوێرن شەوانە بچنە ئەو پارکە و پۆلیسیش تا ئێستە پێ ناچێ هیچی کردبێ. ئاخۆ ئەمە هەواڵە؟

بۆ زۆربەی ڕۆژنامەنووسەیلی ئەزمووندار، دۆزینەوەی هەواڵ قورسترین کارە. دوودڵیان لەبارەی ئەوەی لەکوێ دەست پێ بکەن چارەسەر ناکرێ بەو زمانەی ڕۆژنامەنووسان وەسفی "هەواڵ"ی پێ دەکەن. ئەوان باس لە "لووت" بۆ هەواڵ و "دیتن"ی چیرۆک دەکەن. واتە بۆنی هەواڵ بکەیت و دواتر بینووسی. کاتێ خۆشحاڵن بەئەنجامی بۆنکردن و نووسینی هەواڵ، ئەوا پێی دەڵێن هەواڵ. پێشەکی هەواڵ دەبێ سەرنجڕاکێش بێ نەک خێرا بنووسرێ، بەڵام هەواڵی باش هەردەم "پێ"ی هەیە و هەندێ جاریش "تۆپ". هەندێ ڕۆژنامەنووس، لە ژێر فشاردا، پێناسەیەکی ستانداردی هەواڵ دەکەن، بەڵام هەموویان دەڵێن تا هەواڵەکە نەبینن بەنووسراوی نازانن هەواڵەکە باشە یان خراپ. ئەم بەشە دەکۆڵێتەوە لە سروشتی هەواڵ و ئەو فاکتەرانی کار دەکەنە سەر حومکدان لەسەر هەواڵ، بەتایبەتی ڕۆڵی جەماوەری نیشانکراو. ئەم بەشە باسی میتۆدی ناساندنی هەواڵ دەکات،

باسی تەواوی پرۆسەکە دەکا لە ڕێگەی ئەو سیناریۆیەی لەسەرەوە باس کراوە.

## پێناسەی هەواڵ

وشەی "هەواڵ" بۆ وەسفکردنی ئەو شتانەی ڕۆژنامەنووس دەینووسێ بەلایەنی کەم ماوەی ٥٠٠ ساڵ دێتە بەکارهێنان، تەواوێک پێش ئەوەی ڕۆژنامەیل بێنە گۆڕێ. هەواڵ، گرینگ و فشە، دەکرێ بێنە بەکارهێنان بۆ بەستنەوەی خەڵک بەیەکتری لە کۆمەڵگەیەک و بیانخاتە گۆ لەگەڵ یەکتر. هەواڵ زانیاری بەخەڵک دەدا کە پێویستیان پێیە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو شتانەی لە دنیا و دەوروبەریاندا ڕوو دەدەن. خەڵک هەواڵ بەکار دێنێ بۆ بڕیاردان تا بتوانن وەک هاوولاتییەکی هۆشیار و ئاگەدار کار بکەن. هەروەها هەواڵ یارمەتییان دەدا لە ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەیان بەهۆی ئاگەدارکردنەوەیان لە کەشوهەوای پێشبینیکراو، کێشەیلی هاتوچۆ، گەشتێکی گەورە یان کارێکی جەماوەری.

پێناسەکردنی هەواڵ کێشەی هەیە چونکە پێناسەکە ڕەچاوی چوار پرسیار دەکا:

١- هەواڵ بۆ چ مەرامێک دادەنرێ؟

٢- ئەرکەیلی ناوەندێکی تایبەتی هەواڵ چییە؟

٣- سیفەتەکانی هەواڵ چین؟

٤- چ لە ڕووداوێک یان ڕایەک دەکا شایەنی هەواڵ بێ؟

یاسایەک نییە بڵێ ئەوەیە هەواڵ چونکە گوتنی ئەمە زۆر شت دەگرێتەوە. ئەوەی خەڵک باسی لێوە دەکەن ڕێی تێدەچێ لەبەر هەر شتێکەوە بێ، لەوانەیە ئەو شتانە تا ڕادەیەک نائاسایی بن. تەنانەت هەواڵی کەشوهەوا گرینگە ئەگەر بێو سەتاسەت ڕاست بێ. سایکلۆن، گرمەگرمی گەورە، گەرمای بەردەوام، تەڕێتی، وشکی، تەم و هەورەتریشقە هەردەم دەبن

بەهەواڵ لەو شوێنەی کە ڕوودەدەن چونکە ئاسایی نین. گوتنی ڕووداوی نائاسایی بەشێکی گەورەی کاری ڕۆژنامەنووسانە لەتەک گوتنی هەواڵی پێشبینکراو.

"هەواڵی پێشبینکراو" زاراوەیەک بەکار دێ بۆ وەسفکردنی ڕووداوی ڕۆژانە دێنە داپۆشین لەلایەن ڕۆژنامەنووسان. نووسیارەیلی هەواڵ لە ڕێگەی میدیا ڕلیس، داوەتنامە و فۆرمی تر لەو جۆرە ڕووداوانە ئاگەدار دەکرێنەوە. "هەواڵی پێشبیننەکراو" واتە هەواڵێک دێتە بەرهەم لە ئەنجامی پێوەندیکردن بە داوودەزگەی سەپاندنی یاسا. ئەو هەواڵانەش دەگرێتەوە کە ڕۆژنامەنووسان بەپێی سەرنجی خۆیان دەیزانن، یان سەرە داوێک لە یەکێک یان پێوەندییەکان. ڕۆژنامەنووسی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە پێوەندییەکی فراوانی هەبێ- خەڵک بناسێ کە هەواڵ، هزریان پێ دەدا یان ئامادەن بۆ دیمانە. ڕۆژنامەنووس پێوەندی دروست دەکات بەهۆی ڕەفتاری باش لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی پێوەندییان پێوە دەکەن، وردەکاریی پێوەندی هەموو کەسێکی بەسوود تۆمار دەکەن.

"هەواڵی باش" ئەو هەواڵەیە کە بەلای زۆربەی خەڵکەوە بایەخدار بێ. هەموو ڕۆژنامەنووسان، لە هەرکوێ کار بکەن و هەرچی بنووسن، دەنووسن بۆ خەڵکێک. بوونی ڕۆژنامەنووس بۆ خەڵکانێکە ئەو پەیامە بەکار دەبەن کە ڕۆژنامەنووس دەینێرێ. بەم پێیە، هەموو ڕۆژنامەوانی واتە هەواڵ، جا بەهەر شێوازێک بێ، لە ڕۆژنامە یان لە ئۆنلاین بێ. هەردوو ناوەند ئامانجیان هاژۆتنی جەماوەرە بەلایەک. ڕیپۆرتاژنووسانی کۆواریش هەواڵ دەدەن بەخوێنەر. دۆزینەوەی هەواڵ، ئەگەر هەواڵ هەرچییێک بێ سەرنجی هەواڵگران ڕابکێشێ، ئەرکێکی ئاڵۆز و خودییە. تەماشای ڕۆژنامەوانی وەشانکراو بکە، ڕوونە کە ڕۆژنامەوانی دێتە بەکارهێنان بۆ وەشانی هەواڵی خراپ و بەدەرخستنی تاوان. هەروەها بەکار دێ بۆ بەرزکردنەوەی کەسانێک کە هیچ سوودێکیان بۆ کۆمەڵگە نییە.

## بەهاکانی هەواڵ

بۆ بڕیاری ئەوەی خەڵک بایەخ بەچی دەدا، پێویستە زاراوەیەکی تری ڕۆژنامەوای بێتە ڕەچاوکردن: بەهاکانی هەواڵ. بەهاکانی هەواڵ بەناوکی پێوەندیی نێوان میدیا و خەڵک دێتە وەسفکردن. بۆ نموونە، خەڵک لە دنیا بەگشتی زیاتر بایەخ بەو شتانە دەدەن لە میدیا کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەیە لەسەریان. بۆیە مردنی پێنج کەس لە گەڕەکێک زیاتر شایستەی هەواڵە بۆ خەڵکی گەڕەکەکە لەچاو مردنی پێنج سەت کەس لە وڵاتێکی بیانی دوور. بەهای بەهێز بەندە بەو زانیارییەی دەتوانێ ڕاستەوخۆ کار بکاتە سەر خەڵک، هەروەها زانیاری لەبارەی شتگەلەوە کە ڕەنگە زیانیان پێ بگەیەنێت. بنەما بنچینەییەکانی هەواڵ ئەمانەن:

١- کاریگەری

٢- کات

٣- دوور و نزیکی

٤- ململانە

٥- تازەیی

٦- نوێ

٧- پێوەست

### کاریگەری

کاریگەیی هەواڵ واتە تا چەند هەواڵەکە پێوەندیی بەژیانی خەڵک هەیە و کاریان لێ دەکا. ئەم جۆرە هەواڵانە لەوانەیە پێوەندییان هەبێ بەژیانی ڕۆژانە وەک هەواڵی کەشوهەوای ئەمڕۆ کە ڕەنگە چەند ماڵێک تێک بدا لە ناوچەیەکی دیاریکراودا. ڕەنگە بەرزبوونەوەی نرخی بازاڕ بێ کە کار دەکاتە سەر خەڵک، ڕەنگە هەواڵێک بێ لەسەر ڕووداوێکی وەرزشی گەورە، یان هەواڵی ئەوەی یاسایەک بێتە گۆڕان.

کات

کات وەک بەهایەک بۆ هەواڵ واتە ئەو زانیارییەی کە یارمەتی ڕێکخستنی ژیانی خەڵک دەدا. بۆ نموونە، هەواڵ مانگرتنی شۆفێرانی پاس. خەڵک پێویستە ئەمە بزانێ پێش ئەوەی لە ماڵ بێتە دەر بۆ کار. هەواڵی پێشبینیکردنی بارینی تەرزەیەکی توند بۆ شەوی پێنجشەم، یان هەواڵی باجێک کە چوار حەفتەی تر دەچێتە واری جێبەجێکردنەوە.

دوور و نزیکی

بەهای دوور و نزیکی واتە تا چەند هەواڵێک نزیکە لە ماڵ. بۆیە هەواڵی مردنی چوار کەس لە ڕووداوێکی ئۆتۆمبیل لە گەڕەکەکەی ئێوە و نزیکی ماڵی ئێوە زۆر گرینگترە لە مردنی چوار هەزار کەس لە سۆمالیا. بۆ نموونە، لە ١٩٩١ لە کاتی شەڕی کەنداودا ٩٦ شەڕی تر لە دنیادا هەبوو. هەموو ئەو شەڕانە لە یەک کاتدا بوون، بەڵام تەنێ یەک شەڕ چووە ناو داپۆشینی نێودەوڵەتییەوە.

ململانە

ئەم بەهایە زۆربەی خەڵک بەمیدیا دەسەتێتەوە، بۆیە زۆرجار بە گرینگترین بەهای هەواڵ دادەنرێ لە میدیای ئەمڕۆ. دەبێ زیاتر لە یەک لایەنی ململانەکە هەبێ لە هەواڵەکەدا. چەندە جیاوازیی بیروڕاکان بەهێز بێ ئەوەندە ململانەکە گەورەترە. ململانە لە هەواڵ کار دەکاتە سەر هەستی خەڵک چونکە نیگەرانییان دەکا یان خەڵک هەست بەتاوان دەکا. زۆرجار ئەم بەهایە ڕۆژنامەوانی دەباتە قاڵبی ڕۆژنامەوانیی هەستیارەوە چونکە هەموو هەواڵێک دەبەستێتەوە بە سۆز و هەست.

### تازەیی

ئەم بەهایەی هەواڵ واتە تا چ ڕادەیەک پرسەکە یان هەواڵەکە گەرمە. پرسگەلی ژینگەیی ئێستە هەردەم هەواڵی تازە وگەرمن کە قەت پێشتر وا نەبووە. بزووتنەوەی ئافرەتان تازە و گەرم بوو لە حەفتاکان بەڵام لە نەوەتەکان ئەو تازەیی و گەرمییە نەما. دەکرێ ڕووداوێک لەسەر بابەتێک هەواڵی تازە و گەرمی لێ بێتە بەرهەم. بۆ نموونە، سیاسەتوانێک قسەیەک دەکا لە پەرلەمانی بۆنی ڕەگەزپەرستی لێ دێ، ئەمە، دەتوانێ تازەیی و گەرمی بدا بەو پرسانەی پێوەندییان بەڕەگەزەوە هەیە.

### نوێ

نوێی هەواڵ بەهایەکی بەرزی هەواڵە. پەندێک هەیە لەبارەی ڕۆژنامەوانی، دەڵێ "سەگێک پیاو بگەزێ هەواڵ نییە، پیاوێک سەگ بگەزێ هەواڵە." بێگومان ئەگەر بێو سەگەکە هار بێ چەندان پیاو لە ناوەڕاستی شەقامێکدا بگەزێ، ئەمە هەواڵە. شتی نائاسایی هەردەم دەبن بەهەواڵ. بۆ نموونە، ئەگەر سیاسەتوانێک لەسەر یەک پەتی حزبێک یاری بکا ئاساییە، بەڵام هەواڵ لێرەیە ئەگەر بێو سیاسەتوانەکە پەت پەتێن بکە لەم حیزب بۆ ئەو.

### پێوەست

پێوەستبوون ئاڵۆزترین و خودیترین بەهای هەواڵە. هەندێ جار، تەنانەت کاتێ هەواڵێک هەموو لایەنێکی هەواڵی تێدایە، بڵاو ناکرێتەوە. ئەم دیاردەیە خەڵکی لە دەرەوەی پیشەسازیی هەواڵ دێنێتە تاسان. بۆ نموونە، بۆچی درامایەک هاتە وەشان و گرینگی پێ بدرا، بەڵام درامای دوای ئەو پشتگوێ خرا؟ بۆچی ئاهەنگی زەواجی کەسایەتییەکی تیڤی دەچێتە لاپەڕەی یەکەم و ئاهەنگی یەکێکی تر باس ناکرێ؟

ئەو ناوەندەی ڕۆژنامەنووسەکە بەکاری دێنێ بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ کار

دەکـــاتە ســـەر ئەم بـەهـایـەی هـەواڵ. هـەندێ ڕووداو، وەک پـێـــشـــاندانـی تەقـەتەنـوور، بۆ تیـڤی هـەواڵێکی زۆر گـرینـگە چونکە تەنێ تیـڤی دەتوانێ بەجوانترین شێوە لایەنە جوانەکانی تەقەتەنوورەکە پێشان بدا. هەر شتێک وێنەیی بێ ئەوا بۆ تیـڤی باشـە. ئەمـەش ئـەوە ڕوون دەکـاتـەوە بۆچی تیـڤی هـەواڵی ڕووخـــانی درێژترین ئاگــردان لـە دنیـــا بـڵاو دەکـــاتـەوە. وێنـەی ڕەنگاوڕەنگیش هـەیە، بەڵام دەنگی لەگـەڵدا نییـە و تەقـەتەنوورەکـە جـوان پەخش ناکرێ. باشـترین هـەواڵ بۆ ڕادیۆ ئەوانەن کە تەواو نابن و بەردەوام لە گـۆڕاندان. لە کـاتی ملمـلانـەی تـەیموری ڕۆهـەڵات لە ١٩٩٩، گـەلێ بیـانی لەناو کونسوڵخـانەکانیـان ئاسێ بووبوون بـێ ئەوەی هیچ پێوەندییەکیـان بە دنیــاوە هـەبێ. ڕۆژنامـەنووسـانی ڕادیۆ، کـە تەلەفـۆنیـان دەکـرد، توانیـان واقـیـعـەکـە تۆمـار بکەن، یان زانیـاریی زیندوو بوەشـێنن، لـە کـاتێکدا ڕۆژنامەنووسان نەیاندەتوانی بچنە ناو شوێنەکە یان لێوەی دەربێن.

بەهای پێـوەسـتـی بەهـێزەترە بۆ چاپەمـەنی نەک پەخش کـاتێ دێتە سـەر بڵاوکردنەوەی زانیـاریی ئاڵۆز. میدیای نووسراو دەتوانێ بەقـووڵی زانیـاری بڵاو بکاتەوە لەگـەڵ نەخـشـە و هـێـڵکاری بەشـێـوەیەک کـە خـوێنەر بتـوانن هـەمووی هـەرس بکەن.

بڕیاردان لەسەر بەهاکانی هەواڵ پێویستی بەڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵە. بڕیاری ئەوانیش دەوەسـتێـتە سـەر چەند هـەواڵیـان لەبەردەسـتـە، چەندیان ئەڕێنن و چەندیان نەرێنی، هـەروەها دەبێ لە جـەمـاوەریش بگەن. بۆ هـەمـوو ئەوانەی تـازە دەچنە ناو ڕۆژنـامـەوانیـیـەوە، هـەمـوو شـتـێکە هـەواڵ ئـەگـەر نووسـیـار گوتی هـەوە. ڕۆژنامەنووسـان گـوێیـان لە زۆر بیـر و بۆچوون دەبێ، بەڵام دەبێ تۆ دەبێ بگەیت بە بەرەنجامەکانی خۆت.

## مانای هەواڵ

مانای هەواڵ بەهای هەواڵ دیار دەکات لەو فاکتانەی ڕەنگە خۆیان گرینگ نەبن، هەروەها ئەو بەشانەی هەواڵی پێ دێتە هەڵبژاردن کە مایەی بایەخە لای خەڵک. مانای هەواڵ ڕێگە دەدۆزێتەوە بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ ناو هەواڵەکە. پردێک دروست دەکا لە نێوان فاکت و ڕووداوەکە و هەتا پێشبینی کاردانەوەی خەڵکیش دەکا. ئاسانە مانای هەواڵ بدۆزیتەوە ئەگەر بێو پرسیارگەلی دروست بکەیت. پێش ئەوەی بتوانی ئەمە بکەی، دەبێ هەڵوێست یان بۆچوونی خۆت دیار بکەیت. هۆڵ دەڵێ قەت ڕۆژنامەنووس یەک مانا پێشکێش ناکا بگرە فرە مانا، کە لە ناویاندا یەکێکیان (گونجاوترینیان) لە هەموو ئەوانی تر زیاتر زەق دەکرێتەوە.

لەم سیناریۆیەدا، ڕۆژنامەنووسەیل و نووسیارانیان ڕۆڵێکی گرینگیان هەیە لەوەی کامیان پێشتر باس دەکەن: مانگرتنێک بۆ بەرگریکردن لە مافەیلی کرێکار یان گرووپێکی کەمینە کە داوا لە گشت دەکا ڕێزیان بگرن. بەپێی هەڵوێست و سەرنجی ڕۆژنامەوانەکە خۆی بۆ فاکتەکان ڕاستییەکە دێتە پێشکێشکردن. پارسن و ویلکینس دەگەنە ئەو ئەنجامەی کە هەواڵ ڕەنگدانەوەی چەند بەهایەکی کولتووری و نۆرمێکی پرۆفیشنالانەیە. ئەوان دەڵێن پێناسەی "بۆنکردنی هەواڵ" بۆ ڕۆژنامەوانەیل سەرچاوەی گرتووە لە ئەزموون و ڕاهێنانیان. گورڤیچ دەڵێ پابەندبوون بە پێناسەی پرۆفیشناڵی بەهاگەلی هەواڵ هێزێکی بەهێزە بۆ سازان، واتە، بۆ گەیشتن بە وەلامێکی گشتی، یان گەیشتن بەپرسیارێک ئەویش ئەوەیە: ئەمڕۆ گرینگترین هەواڵ چییە؟

## دۆزینەوەی هەواڵ لە کاردا

سینارۆیۆکەی سەرەتا ئەم بەشە ئەزموونێکی گشتییە بۆ ڕۆژنامەوانەیل. بەپێی پێگەیشتنیان، ڕۆژنامەوانەیل ڕادێن بەهەڵسەنگاندن و دیتنەوەی

بەهاگەلی هەواڵ. ڕۆژنامەوان چەندان بیرۆکەی تری باشی بەهزردا دێ کاتێ سەرگەرمی ئامادەکردنی هەواڵێکە. ڕەنگە سەرنجی شتێک بدا لە ڕێگەی چوونی بۆ کار، سواڵفەیەک لە ئاهەنگ، یان لە ئەنجامی خوێندنەوەی میدیاکانی تر کە ڕەنگە دەیان بیرۆکی لا دروست بکەن. لە کەیسی گردبوونەوەی خەڵک لە پارکەکە، دەبێ تۆ بڕیار بدەی ئاخۆ بیرۆکەکە لێکۆڵینەوە دەهێنێ یان نا. ئەمە پرۆسەی بڕیاردانی ناو ناخی ڕۆژنامەوانە، واتە گفتوگۆکردن لەگەڵ خودی خۆیاندا. گرینگترین پرسیار وەڵام بدرێتەوە ئەوەیە "ئاخۆ پێویستە خەڵک ئەمە بزانێ؟" بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، دەبێ وەڵامی چەندانی تر پێوەست بدەیتەوە. لەم کەیسەدا، دەبێ لایەنەکانی هەواڵەکە بناسێنی و بزانی دەیانەوێ ئەو چیرۆکە بێتە گۆتن. لەم کەیسەدا، ئەوانەی زۆر کاریگەر دەبن بەم ڕووداوە ئەوانەن لە نزیکی پارکەکە دەژین، ئەوانەی دەچنە ئەوێ، خەڵکی گشتی، کە ڕەنگ لەبەر ئەو کۆبوونەوەیە ئیتر نەچنەوە پارکەکە.

دوای ئەوە، دەبێ بەهاکانی هەواڵ بزانی یان ئەو فاکتەرانەی هەواڵەکە گرینگ و خۆش دەکەن بۆ خەڵک بەهۆی ئەم پرسیارە: ئەو بەهایانەی هەواڵ کامانەن پێوەندییان بەئەنجامی ئەم ڕووداوە هەیە؟ لەم کەیسەدا، یەکەم بەها ڕەنگە بەهای دوور و نزیکی بێ چونکە خەڵک بایەخ بەو شتانە دەدا کە ڕاستەوخۆ کار دەکەنە سەر ژیانیان. بەهای دووەم پێوەستبوون چونکە دێباب دەبێ بزانن ئاخۆ منداڵەکانیان لە مەترسیدان. بەهای کات چونکە ئەگەر کۆبوونەوەکە ترسناکە دەبێ خەڵک زوو بیزانن. یان بەهای بەرژەوەندیی گشتی چونکە خەڵک مافیان هەیە بزانن ئەگەر شتێک لە ئارادا بێ. ئاخۆ بەهای تر هەیە بێتە ڕەچاوکردن؟

لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارگەلە، ڕۆژنامەوان لە کۆتاییدا بڕیار دەدا ئاخۆ هەواڵەکە لە بەرژەوەندیی گشتییە. بەرژەوەندیی گشتی مانای ئەوە نییە خەڵک حەزی لە چییە. بەرژەوەندیی گشتی یان چاکەی گشتی ئەوەیە شتێک

بێتە گۆتن خەڵک پێویستە بیزانن، یان مافی زانینیان هەیە. بەشێکە لە بڕیاری ئەوەی هەواڵەکە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی دەکا یان نا، دەبێ بڕیار بدەی گۆتنی هەواڵەکە زیان بەکەس دەگەیەنێ، ئاخۆ پاساو هەیە بۆ زیانگەیاندنەکە. پێش ئەوەی بەردەوام بی دەبێ بڕیار بدەی ئاخۆ دەکرێ ئەو زانیارییە بەکار بێنی کە بیستووتە. یەکەم، ڕاوێژی بەویژدانت بکە. هەست بەچی دەکەی لە بەرامبەر ئەو شتەی تۆ دەتەوێ بیڵێی؟ ئەوانەی قسەیان دەکرد و تۆ گوێت لێیان بوو بهێنرێنە ناسین؟ زیانی پێ دەگا ئەگەر بێو زانیارییەکان بوەشێنی؟ ئەگەر لە شوێنی ئەوان بای هەستە بەچی دەکرد؟

دووەم، لە خۆت بپرسە: ڕێگەیەکی تر هەیە بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکەم و ئەو زانیارییە بەکار نەهێنم؟ لەم کەیسەدا، زانیاریەکە تەنێ بیرۆکەیەکە یان سەرە داوێکە. دەتوانی ئەو هەواڵە بوەشێنی بێ قسەکانی ئەوان؟ ئاخۆ هەموو ململانەیەک شایەنی هەواڵە؟ بۆچی؟ دەکرێ خۆت بەقسەکەران بناسێنی لە وێستگەکە و پێیان بڵێی گوێت لە گفتوگۆیان بووە؟ دەکرێ ئیزنیان لێ وەگری و بەدوای ڕووداوەکەدا بچی؟ چی دەکەی ئەگەر گوتیان نەخێر؟ ئەگەر بەدوایدا نەچی، ئەوساکە، تۆ ئەرکی خۆتت بەرامبەر بەخەڵک و بەڕێوەبەرەکەت بەجێ گەیاندووە؟

لە کۆتاییدا، لەناو مێشکی خۆتا گفتوگۆ لەگەڵ هەموو ئەوانە بکە لە ڕووداوەکە گلاون. بپرسە: چۆن بڕیارەکەم کار دەکاتە سەر ئەوانی تر؟ لەوانەیە بەڕێوەبەرەکەت بڵێ "ئەگەر کێشە لە شوێنێکی گشتی هەبێ خەڵک مافیان بیزانن." خەڵکی ئەو گەڕەکە سوود دەبینن ئەگەر ئەو ئاژاوەیە یان گردبوونەوەکە بێتە وەستاندن. ڕەنگە ڕەچاوی ئەوەش بکەی ئەوانەی لە کۆبوونەوەکە گلاون هەموو قسەیان لە دژیان ڕەت بکەنەوە، ئەگەر بێو قسەکەران هەڵە بن، ئەوا ئەوانەی پارکەکە دەبێ ئازاد بکرێن.

پێش ئەوەی بڕیار بدەی ئاخۆ هەواڵەکە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی دەکا، پێویستە تەماشای کۆبوونەوەی پارکەکە بکەی لە ڕووی

کۆمەڵایەتیشەوە. هەندێ کۆمەڵگە بەهیچ شێوەیەک چالاکییەکی وەها لە شوێنێکی گشتی قەبول ناکەن، هەندێکی تر لەوە دەبورن. بەپێی یاسا و بۆچوون و سنگەی کۆمەلایەتی، بەرەنجامەیلت لەبارەی بەرژەوەندیی گشتی ڕەنگە ئەو بیرۆکەیە لەخۆ بگرێ: هاووڵاتی مافی یاسایی و دیموکراتییان هەیە بۆ پرایڤەسی (تایبەتمەندێتی) و نابێ شەوان بێنە بێزارکردن. ڕەنگە بگەیتە ئەو ئەنجامەی کە یاسا هەیە لە دژی دەنگەدەنگی بێزارکەر و ئەگەریش چالاکیی نایاسایی بێتە ئەنجامدان، دەبێ بێنە وەستاندن. ڕەنگە بشگەیتە ئەو قەناعەتەی کە چالاکییەکی وەها نێتە باسکردن ڕەنگە زیان بەیەکێکەوە بگەیەنێ، هەروەها پارک شوێنێکی گشتییە و هاووڵاتییان دەبێ تێیدا هەست بەسەلامەتی بکەن. ڕەنگە بڕیار بدەی ئەمە هەواڵێکی لۆکالە و کار دەکاتە سەر خەڵکی ناوچەکە، هەروەها ئەگەر بێو خەڵک زووتر باسیان لەو دەنگۆیانە کردبێ، ئەوا بەلێکۆڵینەوە ڕەنگە خەڵک بێنە دڵنیاکردنەوە کەوا دەنگۆکان ڕاستن یان هەڵە.

## بەدواداچوونی هەواڵ

بەپێی ئەو بەرەنجامانەی پێیان گەیشتی دوای گفتوگۆ لەسەرەوە، ڕەنگە بڕیار بدەی کە هەواڵ شایەنی ئەوەیە بەدوایدا بچی. ئەم بڕیارە زنجیرەیەک پرسیاری نوێ دروست دەکا کە دەبێ وەڵام بدرێنەوە و ئا لێرەدا پەیامنێر پیادەی دەسەڵاتی میدیایی خۆی دەکا بۆ پێناسەکردنی "دنیایەکی مسۆگەر." هەر ڕۆژنامەوانێک بەرپرسیارەتیی زانینی شتێکی هەیە، دەبێ بڕیار بدا دەبێ پرسیارگەلێک بێنە کردن، وەرگرتنی وەڵامەیل و هەڵیان بژێرێ و پێکیانەوە بنێ بۆ دارشتنی هەواڵێکی ڕاستەقینە لەبارەی خەڵکی ڕاستەقینە. پەیامنێر دەسەڵاتێکی زۆری هەیە چونکە هەر ئەوە مانا بۆ زانیارییەکان دروست دەکا، ڕۆژنامەوانە بەخەڵکی دەڵێ بیر لە چی بکەنەوە. بۆیە پەیامنێران دەبێ بزانن لە چی تێدەگەن و (بۆچی)یش پێش ناساندنی

پرسیارگەل و ئاڕستەکردنیان.

پێش هەموو شتێ تۆ دەبێ بپرسی "پێشتر چی دەزانم؟" سێ جۆرە زانین هەیە: چی دەزانی، چی نازانی و بۆ نازانی کە نازانی. بۆ پەیامنێران، ئەمە واتە ئەو فاکتەیلی تۆ دەتوانی بەهێزیان بکەیت، واتە ئەو پرسیارانەی تۆ دەتەوێ وەڵام بدرێنەوە، واتە ئەو فاکتەرانەی تر دەبێ ڕەچاویان بکەی. بۆ یەکلاکردنەوەی ئەوەی زانراوە، دەبێ بزانی چۆن ئەو شتە زانراوە. یەکەم هەنگاو ئەوەیە دەبێ بزانی ئاخۆ هیچ یەکێک لەو فاکتانە بۆچوونە یان فاکتی تەواوە. دەبێ لە ڕاستیی زانیارییەکان دڵنیا بی، ئاخۆ هەر وا دێنە سەلماندن کە ڕاستن یان ڕای نەسەلمێنراون. لەم سیناریۆیەدا، سەرەداوەکە ڕایەکە و لەلایەن دوو کەسی نەناسراوەوە دێتە ئاڵۆگۆڕکردن. تۆ تەنێ لە وێستگەی شەمەندەفەر گوێبیستیان بووی. چۆن ڕای ئەو دوو کەسە دێتە سەلماندن و کێ دەیانسەلمێنی. پێش ئەوەی هیچ بڕیارێک بدەی، ڕەنگە بەدوای ڕای ئەو گرووپەیلەدا بچی کە کاریگەریی ڕووداوەکەیان لەسەرە.

ئەمە دووەم پرسیاری گرینگ لەم بەشەی پرۆسەکەدا بەدوای خۆیدا دێنێت. پرسیاری دووەم ئەوەیە "چۆن دیمانی هەڵدەبژێرم؟" پرسیارێکی گرینگە، چونکە ئەو سەرچاوەیلەی هەڵیان دەبژێری و بەیەکەمیان دەکەی (ئەولەویات) دەتگەیەنن بەوەی دەینووسی.

هەموو دیمانییە گرینگەکان دەبێ بێنە هەڵسەنگاندن لە ڕووی خاڵی بەهێز و لاوازیان وەک سەرچاوەیلی زانیاری. لەم سیناریۆیەدا، دانیشتووی لۆکال ڕەنگە ئەزموونی دەستی یەکەم دابین بکا لەبارەی کێشەکان و ببن بەسەرچاوەیەکی کۆتی ڕەنگاوڕەنگ لەبارەی ئەو ئەزموونانەی کە تێگەیشتنی خوێنەر لەمەڕ فاکتەیل بەهێز دەکەن. هەمان ئەو کەسانە ڕەنگە هەستیان بەهێز بێ لەبارەی پرسەکە و زیادەڕۆیی تێدا بکەن. بۆیە زانیاریی ئەوان لە دەرەوەی ئەزموونی کەسانییانە و دەبێ پشتڕاست بکرێنەوە لەلایەن دەزگایەکی فەرمییەوە.

دەبێ پۆلیس بتوانێ فاکت دابین بکا لەبارەی هەر رووداوێک پێی دەزانن. پۆلیس رای خۆی دەرنابڕێ. ئەفسەرانی پۆلیس چاوەڕێیان لێ دەکرێ زانیاری بدەن بەپێی دۆکیومێنتی رەسمی. بەرپرسانی حکوومی یان خاوەن یان سەرپەرشتیاری پارەکە دەتوانێ فاکتی پشتڕاستکراو بدا لەبارەی هەر زیانێک بەر پارەکە کەوتبێ یان هەر بەڵگەیەکی تر لەبارەی کۆبوونەوەی گشتی گەورە. ئەمانە دەتوانن زانیاری پشتڕاستکراو بدەن ئەگەر دانیشتووان نارەزایی دەربڕن لە ژێر هەر یاسایەکی پیسکردنی ژینگە.

گرووپی گەنجانی رێکخەر، کە رەخنە لە چالاکییەکانیان دەگیرێ، دەبێ هەلێکیان پێ بدرێ وەڵامی ئەو دەنگۆیان بدەنەوە خراونەتە پاڵیان پێش ئەوەی هەواڵەکە بڵاو بکەیتەوە. بێ لە مافی وەڵامدانەوە، ئەم گرووپە لەوانەیە باسی سۆنگەیەکی تر لەبارەی چالاکییەکانی یانەی گەنجان بکەن و لایەنی تری سەرچاوەی نارەزاییەکان دەربخەن. ئەندامانی گرووپی گەنجان، وەک ئەوانەی لە گەڕەکە دەژین، لەوانەیە کۆتی رەنگاورەنگ بدەن بۆ یارمەتیدانی زیندووکردنی هەواڵەکە بۆ خوێنەر. ئەگەر نکووڵیان لەوە کرد کۆبوونەوەکەیان بەهەرا و زەنایە، زانیاری لەو سەرچاوانە یارمەتیی پەیامنێر و خەڵک دەدەن بڕیار بدەن لەبارەی ئەو رەخنانەی لەو گرووپە هاتووەتە گرتن.

هەرکە زانیاریی پێویستت دابین کرد بۆ بەهێزکردنی بیرۆکەکە، دەبێ بڕیار بدەی "یەکەم جار قسە لەگەڵ کێ بکەم؟" ئەمە بڕیارێکی گرینگە، چونکە تۆ زانیاری کۆ دەکەیتەوە. ئەو شێوەیەی تۆ دیمانەکەی پێ ئەنجام دەدەی قووڵ کار دەکاتە سەر ئاراستەی هەواڵەکە.

بۆ نموونە، قسەکردن لەگەڵ خەڵکی گەڕەک رەنگە شوێنێکی باش بێ بۆ دەستپێکردن، بۆ ئەوەی بزانی ئاخۆ هەواڵەکە شایەنی بەدواداچوونە. خەڵکی گەڕەک سۆنگەیەکی مرۆی و سۆزداریت بەزمانێکی رۆژانە لەبارەی پرسەکە پێ دەڵێن و جەماوەری میدیاش ئەوەی دەوێ. خەڵکی گەڕەک

ناتوانێ وەک بەرپرسان قسە و مامەڵە بکەن لە کاتی دیمانە و زۆر گرینگی نادەن چۆن دیمانەکە دێتە ئەنجامدان. یەکەمجار قسەکردن لەگەڵ ئەم گرووپە دەبێتە هۆی پێناسەکردنی توخمی ململانەی هەواڵەکە لە رووی مرۆییەوە، بەڵام لەوانەیە تووشی پرسیاری ترت بکا بۆ دیمانەیلی دواترت. لەلایەکی ترەوە، ئەگەر شوێنت پۆلیس بێ، ئەو سۆنگەیەی وەریدەگری زیاتر لە رووی یاساییەوە دەبێ و زیاتر باسی دەسەڵاتی خۆیان دەکەن بۆ ئەوەی لە رێگەی تۆوە بەتەنگەوەهاتنیان بەخەڵکی بگەیەنن. عادەتەن پۆلیس ئەزموونی هەیە لە دابینکردنی زانیاری بۆ میدیا و لەوانەشە بەگومان بێ لە بایەخی میدیا. پۆلیس هەردەم هەوڵی ئەوە دەدا شتەکان بچووک بکاتەوە بۆ ئەوەی هەواڵەکە چی تر برِ نەکا. دەبێ ئاگەداری ئەوەش بی کە زۆرجار ئەفسەرانی پۆلیس رِا و رِاستی تێکەڵ دەکەن و زانیاری فەرمیت لێ ون دەکەن.

ئەگەر یەکەم جار بچیتە لای بەرپرسانی لۆکالی حکوومەت، زانیاری وەردەگری تەنێ لە روانگەی مولْکی گشتی و ئەو پرسگەلی یاسا و بەرپرسیارەتیی خۆیان. رەنگە تێرِوانینی حکوومەت ترش و خوێی پێوە بێ و هەموو شتێک هەر بەرِەنگاورِەنگی و باش پێشان بدا. ئەگەر یەکەم جار بچیتە لای رێکخراوەکەی گەنجان، رەنگە وەڵامیان جەخت بخاتە سەر بەردەوامبوونی رێکخراوەکەینا. لەبەرئەوەی ئەم گرووپە گلەییان لێ کراوە، بەرِای تۆ شەرِانگێز دەبن بەرامبەر بەتۆ؟ ئەمە کار دەکاتە سەر پرسیارەکانی تۆ و رێگەی کردنیان؟ ئەگەر بێو قسە لەگەڵ ئەم گرووپە بکەی پێش ئەوەی بچیتە لای خەڵکی گەرِەک، ئەمە چ کاریگەرییەکی دەبێ لەسەر پرسیارەکان بۆ خەڵکی گەرِەک؟ ئاخۆ خەڵکی گەرِەک باوەرِیان زیاتر پێ دەکرێ لەچاو ئەو گەنجانەی ئەندامی رێکخراوەکەن؟ ئەگەر یەکەم جار بچیتە لای هەندێ لە ئەندامانی رێکخراوەکە، تووشی هەمان گرفتی دیمانەکردنی خەڵکی گەرِەک دەبی، دەتوانن تەنێ رِای خۆیانت پێ بڵێن کە

ڕاستی و فاکت. هەروەها دەبێ تۆ تەوەقوعی وەڵامی ئەوان بکەیت، دەبێ بزانی ئەو تەوەقوعە چۆن کار دەکاتە سەر پرسیارەکانی تۆ.

لەبەرئەوەی پەیامنێر دیمانەکە دەکا، دەبێ خاڵە لاواز و بەهێزەکانی سەرچاوەکان بزانێ. بۆیە، پێش و پاش دیمانەکە، دەبێ بپرسی: من چاوەڕێی چ زانیارییەک دەکەم لەو سەرچاوانە وەرگرم؟

بۆ نموونە، زۆر گرینگە ئەو پرسیارانە لە خەڵک نەکەی کە ناتوانن یان لەو ئاستەدا نین وەڵامیان بدەنەوە. لە کەیسی دانیشتووانی گەڕەک تۆ دەبێ چاوەڕێی ئەوە بکەی ئەو فاکتانەت پێ بڵێن وەک خۆیان دەیبینن. بەڵام ئاخۆ زانیارییەکان تایبەتن یان گشتین؟ ئاخۆ زانیارییەکان پشتڕاستدەکرێنەوە، چۆن؟ ئاخۆ دیمانییەکان جێی باوەڕن؟ بۆچی؟ ئاخۆ هیچ پاڵنەرێک هەیە لەتەک ئەوەی دیمانییەکان داوای وەستانی کۆبوونەوەی گرووپەکە دەکەن؟ هەموو ئەو فاکتەرانە کار دەکاتە سەر متمانەی ئەو کارەی بەتۆی دەسپێرن.

لە کاتی دیمانەکردنی پۆلیسدا، تۆ چاوەڕێی فاکتی پشتڕاستکراو دەکەی، وەک زانیاری تۆمارکراو لەبارەی هەر یەکێک کە تۆمەتبار کرا بێ. ئاخۆ فاکتەکانی پۆلیس یارمەتیی ئەو هەواڵە دەدا تۆ بەدوای کەوتی؟ هەڵوێستی رەسمی پۆلیس چییە لەسەر دەنگۆکان؟ دیمانەیل لەگەڵ ئەفسەرانی پۆلیس ماڵی وەرگرتنی کۆتە. بەرپرسانی تر دەتوانن پشتڕاستی ئەوە بکەنەوە گوایە زیان بەپارکەکە یان شتێکی تر گەیەنراوە پێشتر. رەنگە بەرپرسان بتوانن پشتڕاستی هەر هەواڵێک بکەن ئەگەر ئاگەداری ناڕەزایی و گلەیی بن لەبارەی ژاوەژاوە و بێزارکردن. بەرپرسان دەتوانن فاکتەیلی تر لەبارەی یاسا و سنوورەیلی هۆڵ و پارک دابین بکەن.

کە دەچیتە لای ڕێکخراوی گەنجان و ئەندامانی ڕێکخستنی کۆبوونەوەکە رەنگە هەمان ئەو پرسیارانە ئاراستەی دانیشتووانی گەڕەکت کردوون. ئاخۆ زانیاریان تایبەتن یان گشتی؟ زانیارییەکان پشتڕاست دەکرێنەوە، چۆن؟ ئاخۆ دیمانییەکان جێی باوەڕن؟ بۆچی؟ چ پاڵنەرێک هەیە وایان لێ

دەكا نكووڵی لەو دەنگۆیان بكەن لەسەریان هەیە؟ بەحوكمی ئەوەی ئەوان تۆمەتبارن، ئاخۆ كەمتر باوەڕیان پێ دەكرێ لەچاو ئەوانەی گلەییيان كردووە؟ رەچاوی چی تر دەكەی بۆ دیمانەكردنی گەنجەیل؟ پرۆسەی كۆكردنەوەی هەواڵ بەوردی باسی لێوە كراوە لە بەشی پێنجەم.

دوای تەواوكردنی دیمانەیلی بەرایی، ئێستە دەتوانی بڕیار بدەی هەواڵە گرینگەكە بێتە وەشان یان نا. هەڵە تێگەشتنێک هەیە لەبارەی كۆكردنەوەی هەواڵ ئەویش ئەوەیە هەردەم لێكۆڵینەوەی یەكەمی رۆژنامەنووسان لەسەر هەواڵێک هیچی لێ شین نابێ. پێش ئەوەی بڕیار بدەی هەواڵەكە بنێری، دەبێ بتوانی وەڵامی ئەمانە بدەیەوە: فاكتەیل چین؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەمە گەلێ پرسیاری تر دێنە كردن. دەبێ بزانی ئاخۆ كام لەو زانیارییانەی بەدەستهاتوون پشتڕاست ناكرێنەوە. ئەگەر زانیاریی پشتڕاستنەكراوە هەبوو، ئاخۆ دەكرێ هەواڵەكە بەبێ ئەمە بێتە وەشان؟ ئەگەر بڕیارەكەت بەڵێ بوو، كامەی بەهای هەواڵ بەكار دێنی لە كاتی بڵاوكردنەوەی زانیاریی پشتڕاستنەكراو؟

رۆژنامەنووس دەبێ بڕیاری ئەوەش بدا ئاخۆ سەرچاوەكان جێی باوەڕن. ئاوها بەچاو جێی باوەڕن كاتێ میدیا لەبەردەمیان وەستاوە و گوێ لە قسەیان دەگرێ. ئاخۆ، بۆ نموونە، هەندێ سەرچاوەی رەسمی هەیە لە هەندێكی تر باوەڕیان زیاتر پێ دەكرێ؟ دەبێ تەواو لەوە دڵنیا بی كە تۆ دەتوانی بەرگری لە هەموو شتێک بكەی كە نووسیوتە تەنانەت لە دادگەش، ئەگەر پێویستی كرد. دەبێ دووبارە لە خۆت بپرسی، ئاخۆ هیچ زانیارییەک هەیە پشتڕاست نەكرابێتەوە.

پێش ئەوەی بڕیار بدەی بنووسی، بزانە كام لێدوان یان كۆت باس لە كرۆكی هەواڵەكە دەكا. ئاخۆ دەكرێ هەواڵەكە لەسەر ئەو كۆتە بێتە بنیات؟ كامە بەهای هەواڵ دەخەیتە پێش ئەوانی تر؟ بۆچی؟ هیچ لایەنێک پاڵەوان یان پیاوخراپی هەیە؟ ئاخۆ دادوەرانە بووی بۆ هەموو لایەكی هەواڵەكە؟

چۆنیـەتیی هەڵسـەنگاندنی زانیـاری و نووسـینی هەاڵ بـەوردی باسـی لێـوە کراوە لە بەشی٦ و٧.

لە کۆتاییدا، دەگەیتـە خاڵی بڕیاردان، "ئاخۆ هەواڵەکە شـایەنی گۆتنە؟" چۆنیەتیی وەڵامی ئەم پرسیارە دەوەستێتە سەر ئەو بڕیارانەی پێشتر داوتە و رەچاوکردنی بەهاگەلی هـەواڵ. لە سـەرەتاوە تا ئێستـە بەردەوام بڕیارت داوە لەسـەر بنچینەی تێگەیشتنی خۆت و خـوێنەر و بەرژەوەندیی گشتی. هەروەها ئەو بەهای هەواڵانە رەچاو دەکەی کە رۆژنامەکەت یان ئەو شوێنەی کـاری لێ دەکـەی گـرینگیـان پێ دەدا. رێکخـراوگـەلی هـەواڵ هەردەم جەماوەرێکی دیاریکراویان هەیە کاتێ دێنە سـەر بەیەکەمکردنی بەهاگەلی هەواڵ. لێکۆڵینەوە زۆر کراوە و دەریان خستـووە کـە رێکخراوەیلی هەواڵ هەردەم هـەواڵ بەپێی حـەز و ویستـی جـەمـاوەر و بـازاڕ بەرهەم دێنن. ئەم باوەڕە هـەیە لەسـەر بنچـینەی چەندان رووپێـو لەبارەی بـازاڕی هـەواڵ. دەزگەیلی هـەواڵ هەواڵ بەبەڵگەوە پێشان دەدان بۆ ئەوەی سـەرنجی خـەڵک رابکێشن، کە واشیـان کرد، ئەوا سـەرنجی رێکلامچییـەکـان رادەکێشن. نووسیـاران هەردەم دەزانن حـەزی خوێنـەر چییـە و بەدوای چیدا دەگەڕێن. بۆیە ئەوەی بـەرهـەمـی دێنن ڕنگدانەوەی بـازاڕ و جـەمـاوەرە. بەڵام، گـەلێ نووسـیـار هەن بەگـومـانن لەبارەی ئەو لێکۆڵینەوانە، بۆیە پشت دەبەستن بەتێگەیشتنی خۆیان بۆ زانینی ئەوەی خەڵک چی دەوێ.

لە کەیسی خەڵکی ناو پارکەکە، دیمۆگرافیـای خەڵکەکە و جەماوەری میدیا گرینگن. ئەگەر پارکەکە لە ناوچەیەک بوایە تا درەنگی شەو کراوەبا، زۆربەی دانیشتـووانیش گەنج بوونایە، ئـەوا بەهای هەواڵ پێوەست بە بێزارکردنی خـەڵک کـەمـتـرە لەوەی ئەگـەر لە ناوچـەیەکی کـەم گـەنج بوایە و زۆربەی دانیشتوان پیر بوونایە. ئەگەر جەماوەری میدیا خەڵکی پیر بوونایە، ئەو دەمە هـەواڵی بێزارکردنی خەڵک زۆر گرینگتر دەبوو تا کۆمەڵگەیەکی گەنج. ئەگەر هەواڵەکە ئامادە بکەی بۆ گوێگرانی گەنجی رادیۆ، ئەو گۆشـەیەی لە

هەواڵەکە جەختی لەسەر دەکەیەوە زۆر جیاواز دەبێ. بەهەمان شێوە، ئەگەر دەزگەی هەواڵەکە تەنێ هەواڵ بۆ جەماوەری لۆکال بوەشێنێ، ئەوا چالاکیی پارکەکە زۆر گرینگە لەچاو چالاکیی پارکێک لە شارێکی گەورە و میترۆپۆلیتان. دەزگەی هەواڵ لە شاری گەورە گۆشەی تر وەردەگرێ بۆ گۆتنی ئەم هەواڵە وەک، چالاکییەکی لەو جۆرە دەبێتە هۆی چ گرفتێکی گەورەتر.

بۆ ئەوەی بڕیارێکی ئەوتۆ بدەی بۆ بەردەوامبوون، دەبێ دیسان هەموو شتێک ڕەچاو بکەی لە ژێر ڕۆشناییی بەرژەوەندیی گشتی و مافەیلی خەڵک بۆ زانین. لەم کەیسەدا، دەگەیتە ئەم بڕیارە بەهۆی پێداچوونەوە بەو پرسیارگەلەی یەکەم جار کردت لەبارەی هەواڵەکە. ئاخۆ هەواڵەکە زیان بەکەس دەگەیەنێ؟ ئاخۆ دەکرێ هەواڵەکە بێتە گۆتن بێ زیان بەکەس یان بەرژەوەندیی کەس بگەیەنی؟ ئاخۆ لایەنە باشەکان ین خراپەکانی گۆتنی هەواڵەکە چین؟ بۆچی؟

لە کۆتاییدا، دەتوانی بڕیار بدەی ئاخۆ بیرۆکەکەت "هەواڵ"ە یان نا. بڕیارەکە هەرچییەک بێ، شتێکی تر هەیە بیری لێ بکەیەوە. ڕەچاوی فاکتەکان بکە و بپرسە: ئاخۆ هیچ هەواڵی تر لەم هەواڵە دەبێتەوە؟ تەنانەت ئەگەر بڕیارتدا بەدوای هەواڵی پارکەکەدا بچی و بڵاوی بکەیەوە، دەبێ بیر لەوەش بکەیەوە هەمان هەواڵ بەرەو چ سەرەداوێکی ترت دەبا. بۆ نموونە، هەواڵی پارکەکە ڕەنگە لێکۆڵینەوەیەکی لێ بکەوێتەوە لەبارەی تێچووی تێکوپێکدانی چالاکیی پارکەکە. چۆن پەیامنێر بەدوای ئەو بیرۆکەیەدا دەچێ؟ کوێ باشترین شوێن دەبێ لێوەی دەست پێبکەی؟ لەوانەیە هەمان سیناریۆ بیرۆکەیەکی تر بێنێتە ئارا لەبارەی کۆمەڵێک شوێنی تری گرووپەیلی گەنجان لە کۆمەڵگەکە. تێڕوانین و قسەی کێ ڕەسمیترینە بۆ ئەم بیرۆکەیە؟ هەواڵێکی تر لەسەر پارکەکە ڕەنگە لێکۆڵینەوەیەک بێ لە تاوانی ڕووالان یان بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر لە کۆمەڵگەکەدا. ئەگەر وابێ،

دەبێ یەکەم جار چ فاکتێک بەدەست بێنی و لە کوێ زانیارییەکانت دەسدەکەوێ؟

خشتەی دۆزینەوەی هەواڵ دەکا

تۆ لە وێستگە چاوەڕێی شەمەندەفەر دەکەی و گوێت لە دوو کەس دەبێ باسی ئاژاوەیەک دەکەن کە دوێنێ شەو لە پارکێکی لۆکال ڕووی داوە. ناوەڕۆکی گفتوگۆکەیان ئەوەیە کۆمەڵە گەنجێک شەوانە دەچنە ئەو پارکە و دەخۆنەوە و خەڵک بێزار دەکەن. هەردووکیان پێیان وایە خەڵک ناوێرن شەوانە بچنە ئەو پارکە و پۆلیسیش تا ئێستە پێ ناچێ هیچی کردبێ. ئاخۆ ئەمە هەواڵە؟

↓

ئاخۆ خەڵک بایەخ بەمە دەدا و دەیەوێ بزانێ؟ بۆچی؟
زیان بەکەس دەگەیەنێ؟ پاساو هەیە بۆ زیانەکە؟ ئەو لایەنانەی تێوەگلاون کێن؟

↓

کام بەهای هەواڵ وابەستەی ئەو بەرەنجامانەیە؟
ئاخۆ هەواڵەکە دەهێنێ بەدوای بکەوی؟ بۆچی؟

↓

پێشتر چی دەزانی؟
چۆنی دەزانی؟ هیچ شتێکت بەبیردا دێ؟ ئاخۆ ئەوەی دەیزانی دێتەسەلماندن؟ لەلایەن کێ؟

↓

چۆن دیمانی هەڵدەبژێری؟

ئاخۆ دیمانییەکان ئەزموونی دەستی یەکەمیان هەیە لەبارەی کێشەکە؟ دەتوانن کۆتت بدەنێ تا یامەرتی خوێنەر بدەن باشتر تێبگەن؟ دەتوانن فاکتی پشتڕاستکراو بڵێن؟ ئاخۆ تێڕوانینێکی رەسمی دابین دەکەن؟ ئاخۆ مافیان هەیە وەڵام بدەنەوە؟ ئاخۆ کێشەکە راستەوخۆ کاریان لێ دەکا؟

↓

تەوەقوعی چ زانیارییێک دەکەی لێیان وەرگری؟

ئەو فاکتانە چین کە دەیبینن؟

زانیارییان تایبەتن یان گشتی؟

ئاخۆ زانیارییەکان پشتڕاست دەکرێنەوە، چۆن؟

دیمانییەکان جێی باوەڕن، بۆچی؟

ئاخۆ دیمانییەکان پاڵنەرێکی شاراوەیان هەیە؟

↓

فاکتەکان چین؟

ئاخۆ کام زانیاری پشتڕاست ناکرێتەوە؟ ئاخۆ دەکرێ زانیاریی پشتڕاستنەکراو بەجێ بێڵی؟ بۆچی دەینووسی؟ گەیشتییە ئەو قەناعەتەی کە سەرچاوەکانت جێی باوەڕن؟ ئاخۆ سەرچاوە هەیە لە سەرچاوەی تر متمانەی زیاتریان پێ بکرێ؟ بۆچی؟ دەتوانی بەرگری لە خۆت بکەی لە دادگە؟ دەتوانی ئەو شتانەی دەیڵێی پشتڕاستیان بکەیەوە؟ لێکدانەوەت بۆی

چییە و چی پێشتر دەزانی؟

↓

هیچ پرسیارێک بێ وەڵام ماوەتەوە؟

بۆچی؟ گۆشەیەکی تر هەیە بۆ هەواڵەکە؟

هیچ لێدوانێک یان کۆتێک هەیە کە باس لە کرۆکی کێشەکە بکا؟

دەکرێ تەواوی هەواڵەکە لەسەر ئەو لێدوانە یان کۆتە بێتە بنیات؟ دوای ڕەچاوکردنی زانیارییەکان، کام بەهای هەواڵ لە پێش هەموویانەوە دێ؟ دەزانی کامە پاڵەوان یان پیاوخراپی چیرۆکەکەیە؟

↓

ئاخۆ هەواڵەکە شایەنی گۆتنە؟

بۆچی؟ تا چەند خوێنەرت کاریگەرییان لەسەر ئەمە هەیە؟

↓

هەموو ئەمان بەرەو دوو ڕێت دەبەن:

یەکەم

بەڵێ. ئەگەر بەڵێ بێ، دوای هەموو ئەمانە چی دەکەی؟

دووەم

نەخێر. ئەگەر نەخێر بێ، ئەم هەواڵە هیچ هەواڵێکی تری لێ دەکەوێتەوە؟

بۆ نموونە:

* لێکۆڵینەوە لە تێچووی تێکوپێکدان، کاریگەریی ئەمە لەسەر خەڵک

* لێکۆڵینەوە لە شوێنگەلی تری گرووپەیلی گەنج لە کۆمەڵگە

* لێکۆڵینەوە لە تاوانی رووداو و مادەی هۆشبەر لە کۆمەڵگە

* لێکۆڵینەوە لە سەرکەوتنەیلی گرووپەیلی گەنجان یان تاکی گەنج لە کۆمەڵگە.

### ئەنجام

ئەم بەشە ئەو پرۆسەی ئاشکرا کرد کە لەلایەن رۆژنامەوانان دێتە بەکارهێنان بۆ ناساندن و هەڵسەنگاندنی چیرۆکەهەواڵ. ئاشکرای کرد بەهۆی زنجیرەیەک بڕیار کە رەنگە بێنە جێبەجێبوون لەسەر هەموو بیرۆکەیەکی تری رۆژنامەوانان. وەڵامی "راست" لە هەر حاڵەتێکدا رەنگدانەوەی راستەوخۆی لایەنگەلی بارودۆخەکەیە کە بەرەو بڕیارمان دەبەن. ئەو لایەنگەلە ئەمانەن: رۆڵی وەشاندنی هەواڵ لە کۆمەڵگە، بۆچوونی کۆمەڵگە لەسەر بابەتەکە، لایەنی دیمۆگرافی جەماوەر، بەهای تاک و بۆچوونت لەبارەی رۆڵی میدیا لە خزمەتکردنی بەرژەوەندیی گشتی. چۆنیەتیی رێکخستن و گۆتنی فاکتەکان لە هەواڵ زنجیرە بڕیارێکی تری دەوێ، کە لە بەشی هەشتەمدا باسیان لێوە کراوە.

## هەڵبژاردنی هەواڵ

کاری تۆ ئەوەیە دانیشتنی هەفتانەی دادگەی لۆکال داپۆشی، هەواڵەیلی دادگەش لە رۆژنامەکە دێتە وەشاندن. سیاسەتی رۆژنامەکەت ئەوەیە کەیسەیل دێنە وەشاندن بێ ترس و بێ ئەملاو ئەولا. لەم بەیانییە تایبەتەدا، دەتاسێی کاتێ ژنی قایمقام لە دادگە دەبینی. تۆش دەسدەکەی بەپرسیار و پێت دەڵێن کە ئەو تۆمەتبارە بەدزینی شت لە سوپەرمارکێت. پێش دانیشتنەکە، دەبیستی ژنی قایمقام نەخۆشیی ئەقڵی هەیە و ئاگای لەخۆی نەبووە کاتێ لە سوپەرمارکێت شتێکی گرانبەهای دزیوە. دادگە تۆمەتەکە دەسەلمێنێ بەڵام بڕیاری گرتنی نادا لەبەر کەمکردنەوەی تاوانەکە بەپێی بارودۆخی ژنەکە. ئاخۆ ئەم هەواڵە بڵاو دەکەیەوە؟ ئەگەر بەڵێ، چۆن؟

لەوانەیە گەورەترین دەسەڵاتی رۆژنامەوان هەڵبژاردن بێ لەو هەموو رووداوە بێشومارە، لەو زانیارییەی پێشکێشی خوێنەری دەکا وەک هەواڵێک. کاتێ رۆژنامەوان بڕیار لەسەر نووسینی رووداوێک دەدا، تەواوی رووداوەکانی تر پشتگوێ دەخا یان کەمتر گرینگیان پێ دەدا. خوێنەریش ئاگەدارە کە میدیا باسی رووداوە هەر گرینگەکانیان بۆ دەکەن نەک هەموو ورد و درشێتک کە رۆژانە دێنە روودان. کاتێ شتێک دێتە دەستنیشانکردن بۆ وەشان، بایەخ و گرینگیی لەلای خەڵک روو لە کشانە.

بیــست ســاڵ لەمــەوبەر، لەســەر ڕۆژنامــەوانەیل دەکــرا بابەتی بن لە هەڵبـژاردنی هەواڵ، بەم شـێـوەیە دەسـەڵاتـیـان تێکەڵ بەبەرپرسـیـارەتیی کۆمەڵایەتی دەکرد. کێشـە ئەوەیە بابەتیبوون هزری بەهای تێدا نییـە، بەڵام بڕیارەیلی ڕۆژنامـەوان هـەمـووی بەندە بە بـەیەکـمکردنی بەهاگـەلی هەواڵ. بابەتیـبـوونی ڕاستـەقینە ئەوەیە هەمـوو چیرۆکـێک بێتە وەشـان بێگوێدانە ئەوەی تا چەند بایەخـدارە و چۆن دێتـە تێگەیشـتن. کـاتێ سـیـسـتـمـێکی پرۆفـیـشناڵی بـەها دێتە جـێبـەجـێبـوون لە هەڵبـژاردنی هەواڵ، دەبێ بێـتە هەڵسـەنگاندن لەسەر بنچینەی گرینگی بۆ کۆمـەڵگە، بەڵام فۆتۆگرافی باش لەتەک چیـرۆکی بێـزارکـەر دادەنرێن لەسـەر حسـێبی گرینگیـان. ئەمـرە و پێویستیشـە هەواڵ بەشێوەیەکی سـەرنجڕاکێش بێتە پێشکێشکردن چونکە دابینکەرانی هەواڵ هەردەم لە کێبـەرکێیەکی بازرگانیدان لەگەڵ یەکتر. ئەمە دەبێتـە هۆی جـەختکردنـە سـەر سکووپ scoop واتە سـەبقی ڕۆژنامـەوانی، و). ئەو هەواڵـەی تۆ هەڵی دەبژێری دەبێ یەکـەم جـار نوێ بێ و دواجـاریش جیاواز بێ. چیرۆکەهەواڵ داوای وروژاندن لـە خوێنەر دەکا، جا وروژاندنەکە ئاشکراکـردن، گەشـانەوە یان هەر شـتێکی سـۆزیـاری بێ وەک تووڕەبوون. ئەمە دەبێتە هۆی دروستکردنی فۆرمێکی ململانەیی یان درامایی هەواڵ.

لەبـەرئەوەی ڕۆژنامــەوانی بۆ خـزمـەتی بازاڕ دێتـە هـاژۆتن، ڕەخنەگـران مشـتومڕیانە میدیا وێنەیەک پێشـانی دنیا دەدا کە بەدڵی گرووپی باڵادەست بێ لە کـۆمـەڵگە، نەک وێنەیەکی ڕوون. ئەمـە کـەشـوهەوایەک دروست دەکـا تێیدا ڕۆژنامەوانەیل ئەوەندە خەمی جەماوەریان نابن، مەگەر لەسـەر پرسێک کــە هـەڵوێســتـی خــەڵک لـەســـەری ڕوون بێ. لەگـــەڵ ئـەوەشـــدا هـەندێ ڕۆژنامـەوانەیل خەمـی ڕازیکردنی جەمـاوەریانە، بەڵام بەگشـتی و لە میدیای دیاردا ڕۆژنامـەوانـی پشـتگیری ئەوە دەکا کـە هـەیە و ئاوێنەیلی کـۆمـەڵگەن. کەمینەیل، یان هـەر گەلێک ڕووبەڕووی جیـهانیبوونی حالی حازر بکە، بەهـای هـەواڵی نییە. یان، یەکێک لە نووسیارانی ڕۆژنامەیەکی شارێکی گەورە دوای

بڵاوکردنەوەی زنیجیرەیەک هەواڵ لەبارەی لانەوازان و بێ سەرپەرشتان، لە کۆبوونەوەیەکی هەواڵ بەستافەکەی گوت: "نامەوێ هیچی تر چیرۆک لەبارەی فاشیلەکان ببینم. خۆ خوێنەرانمان فاشیل نین."

دەسەڵاتێکی گەورەی رۆژنامەوان ئەوەیە لە توانایاندایە هاووڵاتی تایبەت زەق بکەنەوە. قسەیەک هەیە گوایە میدیا خەڵک زەق و دیار دەکا بەهۆی پێدانی داپۆشین و بایەخێکی زۆر. بێگومان، هەندێ جار میدیا چالاکی و کاروباری تاکێک زەق دەکاتەوە تا هی کەسێکی دیار. تۆ تەماشای کەیسی مۆنیکا لوینسکی بکە، ئەو کەسەی هاتە ناسین دوای ئەوەی هەواڵ پێوەندیی لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا لە ١٩٩٨ بڵاو بووەوە. بەهای بابەتیبوونی هەواڵەکە ئەوە بوو سەرۆکی ئەمەریکا تۆمەتبار کرا بەکارێکی ناشایستە و درۆشی لەبارەوە کرد، بۆیە ناسنامە و وردەکاریی ئەو کەسەی پێوەندی لەگەڵ هەبوو هێندەی سەرۆک بایەخدار نەبوو. دوو ساڵی دواتر، چالاکەیلی خاتوو لوینسکی بەهایەکی گرینگی پێ دەدرا و لە تەواوی میدیای نێودەوڵەتیدا دەهاتە وەشان و زەقکردنەوە. لەو سۆنگەیەوە، بووبوو بەکەسێکی دیار، هەرچەندە خۆی ئەوەی نەدەویست و هیچ پۆستێکی رەسمیشی نەبوو. داخۆ یەکێک بەرپرسە یان تاکێکی ئاسایی گرینگە بۆ هەڵبژاردنی هەواڵ. لە هەندێ وڵاتدا، وەک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەرپرسێک مافگەلی یاسایی کەمترە بۆ پرایڤەسی (تایبەتمەندێتی) تا یەکێکی ئاسایی.

ئەو بەها ئەخلاقییانەی رۆژنامەوانەیل رەچاوی دەکەن بۆ بڕیاردان لەبارەی هەڵبژاردنی هەواڵ زۆرجار لەم سەردەمەدا دەکەونە بەر پرسیاران. جانیت مالکۆلم وتارێکی نووسی و لە نیو یۆرکە بڵاوی کردەوە:

> هەر رۆژنامەوانێک، ئەوەی زۆر گێژ یان لەخۆبایی نەبێ، سەرنج بداتە چواردەوری خۆی دەزانێ ئەوەی دەیکا ئەخلاقییە یان نا.

ڕۆژنامەوان پیاوێکی بەمتمانەیە، بەدوای هەست و شانازیی خەڵکەوەیە، بێگوێ یان تەنیا، متمانە بەدەسدێنن و خیانەتیشیان لێ دەکەن بێ پەشیمان بوونەوە.

پێوەدانی راستەقینە لە وتارەکەی خاتوو مالکۆلم و دوایین کتێبی (ڕۆژنامەوان و بکوژ) بریتی نییە لە زمانە بەهێزەکەی، بگرە راستییەکەیەتی. زۆربەی ڕۆژنامەوانەیل لە خاڵێکدا سەرکەوتنی دیمانە دەزانن، بۆ نموونە، بیرۆکراتێک دڵڕەقی خۆی ئاشکار دەکا بۆ ئەو خەڵکەی پشتگیری دەکەن. ڕۆژنامەوان دێ ئەو قسانەی بیرۆکراتەکە تۆمار دەکا، باشیش دەزانێ هەرکە بیرۆکرات گوێی لەو قسانەی خۆی بێتەوە پەشیمان دەبێتەوە، بۆیە بیرۆکرات دەبێ وەڵامی سەرووی خۆی بداتەوە چونکە بەرپرسە لە قسەکانی. بەڵام ڕۆژنامەوان هەست ناکا کارێکی بێئەخلاقانەی کردووە. بۆ ڕۆژنامەوان ئەوەیە "بەڵێ گرتمان!" ڕۆژنامەوانەیل هەموو ڕۆژ تووشی ئەو بڕیارانە دەبن. هەموو کارێک دوودڵی ئەخلاقی تێدایە، بەڵام ڕۆژنامەوان ئەنجامی دوودڵییەکەیان بڵاو دەکەنەوە. بڕیارەیلی ڕۆژنامەوان لەبارەی بەرژەوەندیی گشتی کراوەن و لە نزیکەوە دێنە تەماشاکرن.

## هەڵبژاردنی هەواڵ

هەموو ڕۆژێ ڕۆژنامەوان زانیاری وەردەگرێ، کە تەنێ هەندێ کەس دەیزانن، و بۆ خەڵکێکی ئیجگار زۆر بڵاویان دەکاتەوە دوای بڕیاری پرۆفیشناڵ لەبارەی بەرژەوەندیی گشتی، متمانەی سەرچاوەکان و داگیرکردنی پرایڤەسی. ڕۆژنامەوان بەردەوام هاوسەنگییەک دەدۆزێتەوە لە نێوان ئەو ڕێگەیەی دەیانەوێ چیرۆکەکەی پێ بنووسن، ئەو ڕێگەیەی چیرۆکەکەی پێ بنووسن بۆ زۆرترین کەس و ئەو ڕێگەیەش بۆ نووسینی چیرۆکێک کەمترین زیان بە کەمترین کەس بگەیەنێت. زۆرجار دوودڵی هەیە چونکە ئەو شتانەی ڕۆژنامەوانەیل لەبارەیەوە دەنووسن واقیعین. خەڵک و

شـوێنەکـە، هـەروەها بەرەنجـامی بڵاوکـردنەوەشـی واقیـعین. جـۆر و پشـیی دوودڵییـەکان جیاوازە، بەڵام دوودڵی ئازارنەدانـی کەس هـەردەم لە پێشـەوەی ریزەکـەیە. بڕیاری بـڵاوکـردنەوەی وردەکـاریی تـاوانێک لەوانـەیە ترسـی لێ بکەوێتـەوە هیـچ کـەمـتـر نییـە لەگـەڵ بڕیاری بڵاوکـردنەوەی ناوی کـەسـێک کەبەهۆی کـارێکی ناشـایسـتـەوە گـیـراوە و دایکیـشـی تازە جـەڵتـەی دڵ لێی داوە. بەبڵاوکـردنەوەی لەوانـەیە یەکـێک بمرێ. لـەوانەیە مـاڵبـاتی یەکـێک بەتەواوی بێتە لێکترازان.

ڕۆژنامـەوانـەیل بـەردەوام بڕیاری ئەخـلاقی دەدەن بەکلـۆجێک کـە بەقـووڵی کـار لە کـارەکـەیان دەکا. تەنانـەت بیـرنەکـردنەوە لەبارەی کـاریگەریی ئەوەی دەینـووسـی دەبێـتـە جـۆرێک لە بـڕیاری ئەخــلاقی. بەڵگەی ئەو بڕیارانـە لەو شێوە دایە ئەو کەسـەی تازە دیمانەت کردووە وەسفی دەکەی، ئاخۆ ئەوە بڵاو دەکەیـەوە کـە بەڕێوەبەری بـانکێک مـیـزی لەسـەر مـەزرایەک کـردووە. ئەگـەر ئەمە بڵاو بکەیەوە لەوانەیە ئابڕووی بچێ یان کارەکەی لە دەست بدات، بۆیە بڕیاری ئەخـلاقی تـۆ رەنکە وێرانکەر بێ بۆ ئەو وەک هـەر گـۆڕانێکی یاسـایی بۆ مافی دادگەی دادوەرانە.

دانی بڕیـارێکی ئەخـلاقی قـەت ئاسـان نییـە و پراکـتیـز تاکـە ڕێگـەیە تا بتــوانـی ئەو بڕیارانـە بەمــتـــمــانـەوە بدەی. بـڕیاردانـی ئەوەی چـی بکـەی دانسـقـەیە، پێویسـتـی بە ویژدانە چونکە تۆ دەتەوێ بڕیـار بدەی کـامـە شت راستە. بڕیارێک هۆیەلی بێشوماری دەوێ.

لە کـاری ڕۆژانەی ڕۆژنامـەوانیـدا، بەهاکـان فـرەن. ئارەزووێک هـەیـە بۆ گـەیشتن بە راسـتی، و نووسـینی باشـترین چیـرۆک بـەشـێـوەیەی خـۆش و سـەرنجـڕاکـێش. ئارەزووی دڵخـۆشکـردنی بەڕێوەبەر هـەیە چونکە تۆ دەبێ بەپێی پێناسـەی نووسـیـار بۆ هەواڵ هەواڵەکـە بنووسی. هـەروەها بـەهای ئەخـلاقی و کـۆمـەڵایـەتیش بۆ رەچاوکـردن، وەک کـارکـردن بۆ بـەرژەوەندیی

گشتی و پاراستنی مافی تاک بۆ پرایڤەسی.

رۆژنامەوان گفتوگۆ لەگەڵ خۆی دەکا: چی لە بەرژەوەندیی گشتی دایە و ئاخۆ چیرۆکەکەم زیان بەکەس دەگەیەنێت یان نا. بڕیارەیلی تری وەک گەڕان، هەڵسەنگاندنی سەرچاوەیل و چۆنیەتیی نووسینی چیرۆکەکە، دوای ئەو گفتوگۆیە دێن و دەوەستنە سەر بابەتەکە و هەڵوێستی رۆژنامەوان لەو خاڵەدا.

دوودڵیی ئەخلاقی روو دەدا کاتێ بەها ئەخلاقییەکان بەریەک دەکەون و نازانی کامەیان هەڵبژێری. بەهای ئەخلاقی واتە یاسای رەفتارکردن بۆ نموونە "درۆکردن خراپە یان "نابێ کەس بکوژی". چی دەکەی ئەگەر یەکێک دەرگەت لێ بگرێ و پرسیاری یەکێکت لێ بکا، ئەگەر تۆ شوێنەکەی پێ بڵێی ئەوا دەیکوژێ؟ درۆکردن خراپە، کوشتنیش خراپە، دەبێ هەڵبژێری. لەوانەیە حەز بکەی هیچ نەڵێی لەبارەی کەسی سێیەمەوە بۆ ئەوەی نەکوژرێ، بەڵام لێرەدا راستییەکە دەشاریتەوە. هەموو بڕیارێک بەرەنجامی هەیە. لە رۆژنامەوانیدا، دوودڵییەکە ئەوەیە رەنگە شتێک بڵاو بکەیتەوە و زیان بەکەسێک بگەینی یان یەکێک شەرمەزار بکەی. بڕیاردان بردنەوەی تێدا نییە، چونکە هەندێ بەهای گرینگ، وەک مافی تاک بۆ پرایڤەسی، لەم ناوەدا تێدەچێ. ئاسوودەبوونی ویژدانی رۆژنامەوان کاتێ شت هەڵدەبژێرێ دەوەستێتە سەر سیستمی بەهای ئەخلاقی.

## بەهای غەیرە هەواڵ لە هەڵبژاردنی هەواڵدا

سیستمی کۆنی بەهای ئەخلاقی بەپێی تێپەڕبوونی کات گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەم بەشە باسی گەشەی ئەو سیستمە کۆنە ناکات. بگرە، چەند لایەنێکی باس دەکا کە پێوەندییان بە رۆژنامەوانی هەیە.

ئەخلاقی چاک، بەپێی پێناسەی ئەرستۆ، ئەخلاق لە کارەیل جیا دەکاتەوە بەهۆی جەختکردنە سەر کاریگەریی سیفەتی تاک. لەو سۆنگەوە، ئەگەر

ڕۆژنامەوانێک خۆی ئەخلاقی باش بێ، ئەوا بڕیارەکانیشی بەئەخلاقە. پاشان، بەپەشتبەستن بە کۆدی پرۆفیشناڵی کارکردن یان کۆدی ئەخلاق یان کۆدی رەفتار بۆ رۆژنامەوان ئەوە دیار دەخا ئاخۆ رەفتار و کاری رۆژنامەوان بەئەخلاقە یان نا. مرۆی بەئەخلاق ئەگەر بۆی بلوێ ئەوا کارێک دەکا لە دەرەوەی ئەخلاق، بەڵام کاتێ سنوورت بۆ دانا ئەوا هەر وەک خۆی بەئەخلاق دەمێنێتەوە. پاشان ئەم بۆچوونەش گۆڕا، گوتیان رەفتاری باش و بەئەخلاق ناوەستێتە سەر سیفەتی چاکی تاک، مرۆ بەئەخلاق دەبێ کاتێ پاڵنەرەکەی بەجێگەیاندنی ئەرکی بێ. لەم سۆنگەوە، لایەنی ئەخلاقی کارێک نەوەستایە سەر بەرەنجامەکانی. رۆژنامەوانەیل هاتن درۆ و ناوەندی نهێنیی تریان بەکار هێنا بۆ بەدەستهێنانی هەواڵ لەسەر بنچینەی ئەوەی کە هەڵدەستن بەئەرکی خۆیان. بۆ نموونە، ئەو رۆژنامەوانەی جانیت مالکۆلم رەخنەی لێ گرت لەبەر ئەوە بوو درۆی لەگەڵ سەرچاوەکەی (کە دیلێک بوو) کرد و ئەوەی لێ شاردەوە کە کتێبێک لەبارەی دیلەکەوە دەنووسێ. رۆژنامەوانەکەش بەرگریی لە خۆی کرد و گوتی ئەرکی رۆژنامەوان بۆ گەیشتن بە راستی لەسەرووی هەموو ئەرکە ئەخلاقییەکانی ترەوەیە.

رێگەیەکی تر هەیە بەرەنجام رەچاو دەکا بۆ بڕیاردان لەبارەی دوودڵی ئەخلاقی. مشتومڕی ئەوە هەبوو کە ئەنجامی کارێک بۆ زۆرترین چاکەیە، ئەمە لە رووی ئەخلاقییەوە سەلمێنراوە. سوودەیل بۆ رۆژنامەوانیی لێکۆڵینەوە خێرا دەردەکەون. بەکارهێنانی ئەم رێگەیە پێویتی بەرەچاوکردنی "خۆشی" هەیە لە بەرامبەر "ئازار". رەنگە بگوترێ ئەم رێگەیە هەر کارێک دەسەلمێنێ، ئەگەر زیان بگاتە یەکێک. بۆ نموونە، ئەخلاقیەن ئاساییە بۆ ستافی تیڤی بازرگانێکی کەم ئابڕوو بخەنە کەمینەوە، بەڵام ئەمە واتە بەدەستهێنانی زانیاری بەشێوازێکی ناڕاستگۆیانە. ئەو رۆژنامەوانانەی دێنەوە لەگەڵ ئەم هەڵوێستەی ئەخلاق زۆرجار خۆیان تۆمەتبار دەکەن بە یاریکردن بەژیانی خەڵکییەوە.

فەیلەسوفانی مۆدێرن جەختە دەکەنە سەر بڕیاری ئەخلاقی وەک هاوسەنگییەکی بەهاکان. پاترسن و ویلکینس مشتومڕیانە لەسەر ئەوەی ناوەڕۆک پرۆسەیەک بۆ بڕیاردان:

> بیرکردنەوە لە ئەخلاق تواستێکە هەر کەس دەتوانێ فێری بێ. یەکەم جار پێویستی بەهەندێ دیراسەی باکگراوندی ئەخلاق هەیە... هەر بەشێکی هۆیەلی گەیاندن دوودڵیی ئەخلاقی خۆی هەیە، بیرکردنەوە لە ئەخلاق هەمان شتە، جا نووسین، ڕێکلام یان هەواڵی مردنی یەکێک بێ...
>
> بیرکردنەوە لە ئەخلاق ئەو ئیختیارانە ئاسانتر ناکا، بەڵام، بەپراکتیزکردنی، بڕیاردان لەسەر حاڵەتێکی ئەخلاقی ڕوونتر دەبێ. ئەو دەمە ئەخلاق شتێک نابێ تۆ هەتبێ، بگرە شتێکە دەیکەی.

ئەوە بێنە بەرچاوت کاتێ ئەو کەسەی تۆ دیمانەی دەکەی شتێک بڵێ و پاشان پەشیمان بێتەوە. کێشەی تۆ لێرەوە دەست پێ دەکا چونکە ئەوەی گوتراوە لە کاتی خۆی بووە، پێوەست و زۆریش بایەخدارە بۆ خوێنەرت. دەزانی نووسیارەکەت زانیارییەکەی دەوێ و دەشزانی کە دیمانییەکەت ئازاری پێ دەگا ئەگەر ئەوەی پەشیمان بووەتەوە لێی بێتە بڵاوکردنەوە. دەتوانی شتە "ڕاست"ەکە بکەیت لە ڕێگەی سەرۆک یان سەرچاوەکەت، بەڵام هەر ڕێگەیەک بگری لەوانەیە هەست بەناڕەحەتی بکەی لەبارەی بەرەنجامەیلی بڕیارەکەت. هۆی ئەوەی هەست بەتاوان دەکەی ئەوەیە دڵسۆزی بەهێزترین پاڵنەری ئەخلاقییە. کاری ڕۆژنامەوان زیاتر بە ململانەی دڵسۆزییەکان دێتە پێناسەکردن. وەک کەسێک تۆ دڵسۆزیی خۆتت هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکی بەڕێز و شکۆمەندییەوە، ڕاستگۆ و کراوە بیت و ئازاری کەس نەدەی. دڵسۆزیی پرۆفیشناڵیش هەیە: نووسینێکی

باش، ئەوەی خـوێنەر دەیەوێ پێی بدەی، ببیـتـە ڕۆژنامـەوانێکی باشـتـر، بۆ کەسێکی بچووک هـەڵسیتەوە، جیهان بکەیت بەشـوێنێکی باشتر. دوای ئەوە دڵســۆزی هەیە بـۆ بەڕێوەبەر: کــارەکــان لە کــاتی خـۆیاندا تەواو بکەیت، بەرهـەمـهێنانی نووسینێک بەکەڵک و بەدڵ و ویستی بەڕێوەبەرەکە کار بکەی. لە کۆتاییدا، دڵسۆزییـەکان بەرامـبەر مـیدیا و ئەرکەیلی ڕەچاو دەکەی بۆ برەودان بـە ئازادیی قــســە، گــوتنی ڕاســتی، ببـی بەدەنگ و ئـاوێنەیەک بۆ کۆمەڵگە. لایەنێکی هەر بڕیارێکی ئەخلاقی، هەر دەم تووشی ڕۆژنامـەنووس دەبێ و لێی قـوتار نابێ، ئەوەیە قـەت هەلـی ئەوەی نییـە و ناتوانـێ پابەند بێ بەیەک شـتـەوە. کاتێ دێتـە سـەر بڕیاردان، دەرچەکان هەمـووی دادەخرێن. تەنانـەت بڕیاری ئەوەی هـیچ نەکـەی ئـاکـامـەیلی هەیە. هەندێ ڕۆژنـامـەوان دەڵێن نووســیــارانیــان بڕیار دەدەن، نەک خـۆیان، بۆیە ئـەخــلاقی تـاکی ڕۆژنامەکە پێوەندیی بەبڕیاری نووسیارانەوە نییە.

بەڵـی، نووســیــارەکــە دەیەوێ تۆ ئـەم کــارە بکەی. بـەڵێ، تـۆ لە پێگەیەک دایت دەســەڵاتت کــەمــە. بـەڵێ، ئەگــەر تـۆ نەیکەی، کـەســانی تـر هـەن بێ سێ و دوو دەیکەن. بەڵێ، هەمـوو شـتـێک پاڵت پێوە دەنێ بۆ کارەکە و هەواڵەکەش گرینگە. بەڵام ڕێگەیەک هـەیە جـەخت دەکاتە سـەر بڕیاردان و دەپرسێ: چۆن بەسـەر ئەو هەمـوو پاڵەپەستۆیە دەکەوی؟ چۆن شـتە ئەخلاقییەکە دەکەیت و زیان بـۆ ســەر پیـشــەکـەت کـەم دەکـەیەوە؟ ئەگـەر نەتوانـی ئەو چیـرۆکە ئەخـلاقیـەن بنووسی کـە نووسـیـارەکـەت دەیەوێ، ئەی دەتوانـی چ چیـرۆکـێک بـنووسی؟ باشــە تـۆ مــرۆڤـی و لاوازی لە بڕیاردانـی هەڵبـژاردنی ڕاسـتـەکـە، بەڵام ئەوە لاوازیی و دوودڵی قـەبول ناکا.

## هەڵبژاردنی هەواڵ لە کاردا

لە کاتێکدا ڕۆژنامەوان هەردەم تەنیا نییە لە بڕیاردان لەوەی چی بەچاوی خەڵک دەگا و ناگا، هەردەم پێوەرێکی کۆنترۆڵیان هەیە بۆ ئەو زانیارییەی دابینی دەکەن. سیناریۆکەی سەرەتای ئەم بەشە بێنە بەرچاوت. وەک پەیامنێرێکی دادگە، ئەوەی لەسەرتە داپۆشینی کۆبوونەوەکانی دادگەیە. ئەگەر نووسیارەکەت لە کەیسێک ئاگەدار نەکەیەوە، بەرەنجام ئەوەیە چیرۆکەکە نایەتە بڵاوکردنەوە، مەگەر میدیای تر لەوێ بن. ئەمە دەسەڵاتێکی زۆرە، بۆیە تۆ پێویستت بە سیستەمێکە بۆ دانی بڕیاری دادوەرانە و پشتپێبەستراو. بۆک دەڵێ بڕیاری ئەخلاقیی پرۆفیشناڵ هەردەم لە دەوری دوو پرسیار دەخولێتەوە: "ئەرکەیلی من چییە و بۆ کێن؟" و "کام بەها لە ئەرکەیلی من ڕەنگ دەداتەوە؟"

تەواوی سیناریۆکە بێنە بەرچاوت. تۆ دانیشتنی هەفتانەی دادگەلی لۆکال دادەپۆشی، ڕۆژنامەکەت هەواڵەیلی دادگە بڵاو دەکاتەوە. سیاسەتی ڕۆژنامەکەت ئەوەیە ناو دێتە وەشاندن بێ ترس و بێ لایەنگیری. سیاسەتی لەم جۆرەی ڕۆژنامە ئاساییە، بەتایبەتی لە میدیای هەرێمی تێیدا ڕووداوی ڕۆژانە بەشێک لە ناوەڕۆکی ڕۆژنامە. زۆرجار خوێنەر حەزی لەوەیە بزانێ ژیانی کەسایەتیی تایبەت چۆنە. لەوانەیە نووسیارەکە باوەڕی وابێ خەڵک حەزی لە ڕاپۆرتی ناو دادگەیە. لەوانەیە بڵێ خەڵک پێویستە بزانێ ئەگەر مامۆستایەکی قوتابخانە زۆر بخواتەوە، چونکە دەتوانێ کار لە پیشەکەی یان ڕەفتاری بکات. زانیاری لەبارەی فیتەری گەڕەگ گوایە زۆر لە ژنەکەی دەدا هەواڵێکە پێوەندیی بەخەڵکەکە هەیە، چونکە موشتەرییەکانی پێویستیان بەوەیە بزانن ئەگەر سروشتیی وەستاکە توندوتیژە.

وەک پەیامنێری دادگە، بڕیار دەدەی چی دەیان جار بڵاو بێتەوە و نەبێتەوە لە ڕۆژێکی دادگەدا. لەو بەیانییە تایبەتەدا، دەتاسێیی کاتێ ژنی

قایمقام لە دادگە دەبینی. دەپرسی و پێدەکەوی کە تۆمەتبارە بەدزینی شت لە سوپەرمارکێت. باش ئاگات لە پرۆفایلی ژنی قایمقام هەیە و دەزانی بۆ ئەم رەفتارە نائاساییەی کردووە. تۆ خۆشت لەوانەیە حەز بکەی بزانی بۆچی ژنێکی بەرێزی ئاوا تاوانێکی لەم جۆرەی کردووە. بەڵگە ئەوەیە راوێژکاری ژنەکە بەدادگە دەڵێ ئەو نەخۆشیی ئەقڵی هەیە و ئەو دەمەی ئەو کارەی کردووە دەرمانی خوارد بوو. سەردۆزگەری گشتی ئەمە پەسند دەکا، ژنەکەش دەتاسێ کاتێ شتی دزیاری بەسەردا ساخ بووەتەوە. دادوەر کەیسەکە وەردەگرێ، بەڵام نایگرێ لەسەر بنچینەی ئەوەی کە لە حاڵەتی دزینەکە تەندروستی باش نەبووە و پێشتر تەنێ سیفەتی باشی کردووە.

## پێناسەکردنی بەرژەوەندیی گشتی

هەندێ جار یارمەتیدانی خەڵکێکی زۆر بەشێوەیەکی کاریگەر واتە تێکوپێکشاندنی ئەوانی تر. ئاخۆ ئەوەی رووی دا لە کەیسی بەردەم دادوەر تۆمار دەکەی؟ ئاخۆ گۆتنی ئەم کەیسە کارێکی باشە؟ گرتنی ژنەکە هیچ پێوەندییەکی بەوانی ترەوە هەیە تا بیزانن؟ ئاخۆ فاکتی ئەوەی ژنەکە لە شوێنێکی گشتییە کار دەکاتە سەر بریارەکەت؟ ئاخۆ خەڵک مافی پرایڤەسی زیاتر لە ماڵ لە شوێنێکی گشتی؟ لەوانەیە رای تۆ ئەوە بێ ژنی قایمقام دەستی لە پرایڤەسی خۆی هەڵگرتبێ کاتێ چالاکییەکانی کەوتە بەر دیدی پۆلیس. بێنە بەرچاوت چەند کەسی تر ئەو رۆژە بەتۆمەتی دزین لە دوکان هاتوونەتە گرتن. ئاخۆ کەس هەیە مافی پرایڤەسی لە کەسی تر زیاتر بێ؟ بۆ هەڵسەنگاندنی ئەمە، دەبێ رەچاوی کاریگەریی رێژەییی بڵاوکردنەوە بکەی. ئاخۆ لەبەرئەوەی ژنی قایمقامە بۆیە شەرمی زیاتر لە دادگە بێ، بۆ خەڵکی تریش وایە؟ بۆچی؟ ئاخۆ مێژووی کارەیلی باشی ژنەکە مافی ئەوەی دەداتێ لەم حاڵەتە تایبەت بێ و بەسەریدا تێپەڕێ؟ ئاخۆ لەبەر پێگەکەیەتی رەفتاری باشی لێ دێتە چاوەڕێکردن؟

ئاخۆ بیرت بۆ ئەوە دەچێ چیرۆکەکە رەش بکەیتەوە ئەگەر ژنەکە هۆیەکی باشی هەبێ؟ لەلایەک، هیچ گرتنێک تۆمار نەکرا لە دژی ژنەکە، بەڵام لەلایەکی ترەوە، ئەمە دژی بەرپرسیارەتیی پرۆفیشناڵیت دەوەستێتەوە چونکە ئەگەر هەواڵەکە نەکەی ئەوا ئەرکی خۆتت بەجێنەگەیاندووە کە پابەندبوونە بە سیاسەتی رۆژنامەکەت. لە بەرپرسیارەتیی خۆت خۆش دەبی بۆ ئەوەی ئازاری کەس نەدەیت و بۆ هاوکارانت لە رۆژنامە بەجێی بێڵی تا ئەوان بڕیاری لەسەر بدەن؟ لەسەر چ بنچینەیەک دەڵێی ئەم هۆیە هۆیەکی ماقووڵە و چیرۆکەکە بڵاو ناکەیتەوە؟ ئاخۆ هەموو کەسێک بەو روبەیە دەپێورێت یان ئەوەتا دەبێ تای ئازار لەگەڵ تای کردنی کارەکە هاوسەنگ بن؟

ئاخۆ بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکە لە بەرژەوەندیی گشتیدایە؟ لەوانەیە بڵێی ئەوانی تریش وەک تۆ حەزیان لێیە بزانن گرتنەکەی چی لێهاتەوە. لەوانەیە بڵێی خەڵک تازە دەنگۆکانی بیستووە و پێویستە راستییەکە بڵاو بکرێتەوە. ئاخۆ حەز بۆ زانین و مافی زانین وەک یەکن؟ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە چ خزمەتێک بەبەرژەوەندیی گشتی دەکا؟ خەڵک پێویستە بیزانێ؟ زانینی ئەمە یارمەتییان دەدا ئەرکەیلی رۆژانەیان وەک هاووڵاتی باشتر بکەن؟ بڵاوکردنەوەی هەواڵکە چ مەرامێک دەپێکێت؟ بەپێی دڵسۆزییەکانت، لەوانەیە بڕیار بدەی کە نەگبەتیی ئەم ژنە پێوەندی بەکەسەوە نەبێ و بیشارێتەوە، یان لەوانەیە بڕیار بدەی کە خەڵک مافیانە هەر شتێک بزانن کە بەئاشکرا روو دەدەن.

پێش ئەوەی بتوانی بڕیار بدەی دەبێ بزانی تا چ رادەیەک رۆڵی گشتیی قایمقام بەهای هەواڵی هەیە. ئاخۆ ژنی قایمقام کەسایەتییەکی گشتییە؟ پێناسەی یاسایی کەسایەتیی گشتی لە دنیا بەپێی شوێن دەگۆڕێ. لە هەندێ وڵاتدا یەکێک دەبێ مووچە وەرگرێ بەرامبەر رۆڵێکی گشتی ئەوجا پێی دەگۆترێ کەسایەتیی گشتی. لە کۆمەڵگەی تردا هەر کەسێک پۆستێک

یان ئیمتیازێکی هەبێ و میدیا چالاکییەکانی داپۆشێ پێی دەگوترێ کەسایەتیی گشتی. بەم پێیە، وەرزشوانەیلی پرۆفیشناڵی سەرکەوتوو کەسایەتیی گشتیت چونکە بەشێکی کۆمەڵگە پێیان سەرسامن.

لە هەڵسەنگاندنی بەرژەوەندیی گشتی لەم کەیسەدا دەبێ رچاوی باجدران بکەی کە لەوانەیە لە رووی سیاسییەوە بۆچوونێکی تری لەسەر قایمقام هەبێ. رەنگە باجدەران رایان لەسەر قایمقام و ژنەکەی باش نەبێ. ئاخۆ دادوەرانەیە ئەگەر قایمقام تێوە گلێنییە پرسی ژنەکەی؟ ئاخۆ سنوورێک یا رێگەیەک هەیە قایمقام لە پرسی ژنەکەی بەدوور بگرێ؟ لە ئوستراليا کەیسێکی بەناوبانگی پرایڤەسی هەیە پێی دەگوترێ ئیتینگهۆسن بەرامبەر کۆواری ئێچ کیو لە ١٩٩٥. ئیتینگهۆسن یاریزانێکی دیاری تۆپی پێیە. کۆواری ئێچ کیو وێنەیەکی بڵاو دەکاتەوە دوای ئەوەی پاش تەواوبوونی یارییێک لە گەرماو وێنەکەی دێتە گرتن. شکاتی لە کۆوارەکە کرد و پارەیەکی ئێجگار زۆری وەرگرت. یاریزانەکە گوتی وێنەکە پێشێلی پرایڤەسی منی کردووە چونکە بەشێکی گەروگونی لە وێنەکەدا دیارە، هەروەها ئاگای لێ نەبووە کە وێنەیان گرتووە. کۆوارەکە گوتی وێنەکە لەلایەن یەکێکەوە گیراوە کە بەمۆڵەت لەوێ بووە. هەروەها گوتی وێنەکە وێنەیەکی پۆرنۆ (رووت) نەبووە و یاریزانەکەش لە زۆربەی وینەکانی پێشوویدا هەر زۆر لەشی دیارە. لە بڕیاری دادگەدا بەدیار دەکەێ کە یاریزانەکە دەسەڵاتی لەوێدایە کە دەتوانێ بڵێ چی بەشێکی لەشی تایبەت، بەواتایەکی تر، هەردەم سنوورێک هەیە لە رۆڵی گشتیی کەسێک.

کاتێ گفتوگۆ لەگەڵ خۆتدا دەکەی لەبارەی نووسینی هەواڵی ژنی قایمقام یان نا، بپرسە "چی بکەم ئەگەر ژنەکە کەس نەیناسێ؟ ئەگەر پێت وابێ یەکێکی ئاسایی شتێک بدزێ و هەواڵ نییە، ئەوا بڵاوکردنەوەی دزییەکەی ژنی قایمقام راستەوخۆ تاوانبارکردن و لێدانی قایمقامە. ئەگەر نەتەوێ بڵاوی بکەیەوە لەبەرئەوەی زیان بە ژنی قایمقام دەگەیەنێت، دەبێ بیرت

نەچێ ئەگەر یەکێکی تر بوایە هەواڵەکەت دەشاردەوە. ئەمە بڵاو ناکەیەوە چونکە ژنی قایمقامە؟

## دانی بڕیاری ئەخلاقی

بۆک باسی سێ هەنگاو دەکا بۆ بڕیاردان. هەست بەچی دەکەی لەبارەی ئەو شتەی دەتەوێ بیکەی؟ هەستت چۆن دەبوو ئەگەر تۆ ژنی قایمقام بای؟ رەنگە دڵت بە ژنەکە بسووتێ، یان هەر پێی نەسووتێ، ئەمە دەوەستێتە سەر ئەزموونی پێشووی خۆت. رەنگە ئەوەت بیر بکەوێتەوە هەموو ئەو کەسانەی پێشتر داوایان لێ کردووی ناویان بڵاو نەکەیتەوە، کەچی تۆ رەتت کردووەتەوە. لەوانەیە هیچ رایەکت نەبێ لەبارەی ژنەکە یان مێردەکەی، بەڵام قایمقامت بەیارییێکی دادوەرانە دێتە پێش چاو لەبەر پێگەکەی. کاتێ بەهەواڵەکەت زانی، بۆچی مامەڵەت لەگەڵ ئەو ژنە جیاواز بوو لەچاو هەموو ئەو ژنانەی تری ناو دادگە؟

## رێچکەی بۆک بۆ بڕیاردان

١- راوێژ بویژدانت بکە. هەست بەچی دەکەی لەبارەی کارەکە؟

٢- رێگەیەکی تر هەیە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکەت بێ ئەوەی ئەم کارە بکەی؟

٣- گفتوگۆ لەناو ناخی خۆتدا بکە لەگەڵ هەموو لایەنەکان، بپرسە "چۆن بڕیارەکەم کار لەوانی تر دەکا؟"

پاشان دەبێ لە خۆت بپرسی "ئاخۆ رێگەیەکی تر هەیە بگەم بەئامانجم (بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە) بێ ئەوەی زیان بەکەس بگەیەنم؟" لەم سیناریۆ تایبەتەدا، ئەو رێگەیە واتە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە بەڵام بێ ناوهێنان. ئاخۆ خوارکردنەوە نییە بۆ کەسێکی دەسەڵاتدار لە کۆمەڵگە؟ هیچ بڵاو ناکەیەوە؟ ئەی مافی پاریڤەسی تاک چی؟ تۆ دەسەڵاتت هەیە بڕیار بدەی ئەگەر ژنی

قـايمقـام بـەدەر بێ لە سـيـاسـەتی بەڕێوەبەرەکـەت، چونکە ئەگـەر هـەواڵەکـە نەنووسی ئەوا نايەتە بڵاوکردنەوە. ئەگەر پرايڤەسی لە پێش هەموو شتێک دانێی، ئـاخـۆ ئـەو کـاتـە ئەرکی خـۆتت بەجێ گـەياندووە بـەرامـبـەر بەخـوێنەرانت؟ ئەگـەر يەکێک لە نووسـيـارەکـان لێت تووڕە بوو چۆن پـاسـاو دەهێنيـتـەوە لـەسـەر نـەنووسـينی؟ بڵاونەکـردنەوەی هـەواڵەکـە زيان بەکـەس دەگـەيـەنێت؟ لـەوانەيە ئـەو ڕۆژە مـيـديای تر ئـامـادە بن. ئـاخـۆ بڕيارەيلی ڕۆژنامـەوانانی تر کـار لە بڕيارەکـەی تۆ دەکـەن؟ ئـاخـۆ ڕۆژنامـەکـەی تۆ بەخزمێنە تۆمەتبار دەکرێ ئەگەر تۆ هەواڵەکە نەنووسی؟

دوايەمين گفتوگۆ لەگەڵ خۆتی دەکەی بەوە دەست پێ دەکات "چۆن هەر بڕيارێک کار لەوانی تر دەکا؟ لەم کـەيسـەدا، سـەرۆکت لەوانەيە بڵێ "دزی لەلايەن ژنی قـايمقـام" هەواڵە و لەوانەيە هەواڵەکە لە لاپەڕە ٢١ بگوازنەوە بۆ لاپەڕە ٣. لەوانەيە خـوێنەر لە بێـتـاقـەتی و ڕۆتينی ڕۆژانـەی چێـژ لەوە وەربگرێ شت بزانێ لەبارەی هـەواڵێکی ئاوا لەسـەر بەرپرسـان. لەوانـەيە قايمقام بير لە پيشـەکەی و ئەو زيانەی پێی دەکەوێ بکاتەوە. لەوانەيە بڵێ ناوداری نادادوەرانەيە، باشە ڕەفتاری ژنەکەم چ پێوەنديی بە کارەکەمەوە هەيە. لەوانەيە پارێزگاری لە ژنەکەی و پيشەکەی بکات.

ژنەکـە خـۆی نـايەوێ ڕەفـتـارەکـەی بڵاو بکرێتـەوە، بـەڵام لەوانەشـە ئەو خـەڵکەی ئـەو ڕۆژە لە دادگـەن ئەوانيش نەيانەوێ. ئـاخـۆ چاکـەکـانی لە بەرژەوەنديی دەبێ و تۆزێک لە سـووکـايەتيـيـەکـەی کـەم دەکـاتەوە؟ تۆ وەک ڕۆژنامـەنـووس دەسـەڵاتت بەکـار دێنی بۆ کـپکردنی هەواڵەکـە؟ چۆن بڕيار دەدەی کێ باشـە و دەبێ بێـتـە پاراستن؟ لـەلايەکی ترەوە، هەر چۆنێک بێ زۆربەی خـەڵک گـوێی لە ڕووداوەکـە بووە. شـارۆکـەيەکی بچـووکـە و ئەوەی بايەخ بەو شتانە بدا دەزانێ، کەواتە چ زيانێک دەگەيەنێ؟ خوێنەر لەوانەيە بەشـاردنەوە تۆمـەتبـارت بکەن ئەگـەر هيچ نەنووسی، وەک پرۆفـيـشنـاڵێک دەتوانی ئەو خۆت لەو مەترسييە بدەی؟

بلاک و ستیل و بارنی ١٠ پرسیار پێشکێش دەکەن بۆ ڕێنوێنیکردنی ڕۆژنامەوان لە پرۆسەی بڕیارداندا. بەبەکارهێنانی ڕێچکەی ئەوان یەکەم جار پرسیار لە خۆت دەکەی چی دەزانی و پێویستی چی بزانی. لەم کەیسەدا، تۆ دەزانی ئەو پرسانەی لە دادگە دێنە تاوتوێکردن لە تۆماری گشتیدان و یاساییە بیانکەیت بەهەواڵ. دواتر، ڕەچاوی مەبەستی ڕۆژنامەوایت دەکەی. لە ئاستێکدا، لەسەر شانتە ڕاستی بڵێی. ئەوەشت لەسەر شانە کە کەمترین زیان بەوانی تر بگەیەنی لەو کارەی دەیکەی. ئەگەری ئابڕووچوونی ژنەکە خۆی یان مێردەکەی بەهۆی ئاشکرابوونی دزییەکە نکوولیی لێ ناکرێ. لەوانەشە ڕۆژنامەکە بڕووشێ ئەگەر کێشەیلی ژنەکە زەق بکرێتەوە. ئاخۆ تای ڕاستی گۆتن بەسەر تای زیان نەگەیاندن بەکەس دەکەوێ؟

**١٠ پرسیارەکەی بلاک و ستیل و بارنی**

١- چی دەزانم؟ پێویستە چی بزانم؟

٢- مەبەستی ڕۆژنامەوانیم چییە؟

٣- بایەخە ئەخلاقییەکانم چین؟

٤- ڕەچاوی کام سیاسەتی ڕێکخراوەیی و ڕێنوێنیی پرۆفیشناڵ بکەم؟

٥- چۆن بتوانم خەڵکانی تر بە تێڕوانینی جیاواز و بیرۆکەی فرە بخەمە ناو پرۆسەی بڕیاردان؟

٦- لایەنەکان کێن، ئەوانەی بڕیاری من کاریان لێ دەکا؟ پاڵنەریان چین؟ کامیان ڕەوان؟

٧- چی دەبێ ئەگەر ڕۆڵەکان ئاوەژوو بکرێنەوە؟ هەست بەچی دەکەم ئەگەر من لە شوێنی ئەوانی تر بام؟

٨- بەرەنجامەیلی تر کارەکەم چین؟ ماوە کورت؟ ماوە درێژ؟

٩- جێگرەوەکانم چین بۆ زیادکردنی بەرپرسیارەتیی راستی گۆتنم و کەمکردنەوەی زیان؟

١٠- دەتوانم بەتەواوی و بەڕوونی بیرکردنەوە و بڕیارەکەم بسەلمێنم؟ بۆ هاوەڵەکانم؟ بۆ لایەنەکان؟ بۆ خەڵک؟

هەروەها رەچاوی بنەماکانی کۆدی ئەخلاقی رۆژنامەوانەیل بکە، ئەوانی پێوەندییان بەتۆوە هەیە. کۆدەکان چییان پێیە بۆ دەرچەیەکی نوێ، نووسینی هەواڵ لەبارەی ئەوانەی نەخۆشیی ئەقڵییان هەیە؟ لەبارەی کەسانی لاواز و پەرپووت؟ سیاسەتی بەرێوەبەرەکت چییە لەسەر ئەم پرسانە؟ لەم کەیسەدا، رۆژنامە عادەتەن بەگشتی ئەو پرسانە دادەپۆشێ کە دەچنە بەردەم دادگە.

پاشان، بزانە تێڕوانینەکانی تر بڕیارەکە چین. پێت وایە هۆیەک هەیە بۆ شاردنەوەی هەواڵی ئەو ژنە؟ چۆن ئەو هۆیە بۆ نووسیارەکەت باس دەکەی؟ کێی تر هەیە پرسی پێ بکەی پێش ئەوەی لەگەڵ نووسیارەکەت قسە بکەی؟

بلاک و ستیل و بارنی پێشنیازت بۆ دەکەن پاشان رەچاوی پاڵنەری لایەنەکان بکەی. لایەنەکانی ئەم کەیسە ئەمانەن: ژنەکە و مێردەکەی کە قایمقامە، خوێنەر، دادگە و رۆژنامەکە. رەنگە بڵێی ژنی قایمقام قەت خۆزگەی نەدەخواست ئەو شتە رووی دابا، مێردەکەشی بەهەمان شێوە کە رەنگە لە لەکەداربوونی شۆرتی سیاسی بترسێ. لەوانەیە خوێنەر ئارەزووێکی باشی هەبێ بۆ دەنگوباسی ناو دادگە، بەڵام ئاخۆ پاڵنەری خوێنەر ئەوەیە زیاتر و باشتر بزانێ؟ لەوانەیە رۆژنامەکە بەیەکسانی و بەردەوام کەیسەکانی ناو دادگە داپۆشێ، بەڵام ئاخۆ ئەو بەهایە پاساوە بۆ زیانگەیاندن؟ لە خۆت بپرسە هەستت بەچی دەکەی ئەگەر لە شوێنی یەکێک لە لایەنەکانی ئەم کەیسە بووای. ئەگەر تۆ نەخۆشیی ئەقڵیت هەبووایە و ئەم کەیسەی تۆ هاتبا بەردەمی دادگە، بێگومان نەتدەویست خەڵک بیزانێ.

لەوانـەیە زۆر خـۆت دەپاراست. وەک خـوێنەر بیـر بکەوە، هـەسـتـت دەکـرد بێبەش کرای لە دەنگوباسێکی وا؟ تووڕە دەبووی لە ڕۆژنامـەکە ئەگەر دوای خوێندنەوەی هەواڵەکە دڵت بە ژنەکە سووتابا.

ڕەچاوی بەرەنجـامـەکـان بکە. بەرەنجـامـی مـاوە کـورت، هەواڵەکـەی تۆ نەخـۆشـیی ژنی قایمقـام زەق دەکاتەوە و سـەرنجی خـەڵک ڕادەکێشی ژنەکە چی بەسـەر هاتووە. مـاوە درێژ، لەوانەیە خـەڵک هۆشـیـار بکەیەوە لەوەی کە نەخۆشیی ئەقڵی تووشی چیت دەکا لـە کۆمـەڵگە. بەڵام، لەوانەیە ڕۆژنامەکە متمانە لە دەست بدا ئەگەر خوێنەر گلەییی کرد لە بڵاوکردنەوەی هـەواڵەکە. ئەی باشـە جـێگرەوەکانت (بەدیل) چین؟ ئـاخـۆ ڕێگەیەکی تر هـەیە بـۆ گۆتنی چیرۆکەکە و زیانـەکە کەم بکەیتـەوە؟ لەوانەیە بڵێی هەواڵەکە بڵاو دەکەیەوە بێ ناوهێنان، بەڵام ئاخۆ هـەمانی بەهای دەبێ؟ لەم کەیسـەدا، لەوانەیە بڵێی نووسـینی هەواڵەکە بـەهـەمـوو لایەن و فـاکتـەکانییـەوە دەبێتـە هۆی خـوێنەر کەمتر گاڵتـە بەژنەکە بکەن. لە کۆتاییدا، دەبێ بپرسی "چۆن بڕیارەکەم بۆ لایەنەکانی کەیسەکە دەسەلمێنم؟" ئەگەر بنەما ئەخلاقییەکان وەک ڕێبەرێک بەکـاربێنی و بتـوانی بـەهاکـان لە پرۆسـەی بڕیـاردان ڕەچاو بکەی، ئەوا دەتوانی ئەخـلاقیـەن بەرگری لە بڕیارەکەت بکەی تەنانەت ئەگەر خـەڵکیش گلەییان کرد.

ڕێچکەیەکی تر بۆ دانی بڕیارێکی ئەخـلاقی لـە ڕۆژنامـەوانی برێتـیـیـە لە خشتەکەی پۆتر، بەناوی پۆتەر کراوە کە ئایینناسێکە و دایناوە. خشتەکە ئەو بنەما و بەهایانە بەکار دێنی کە لەلایەن فەیلەسوفانی وەک ئەرستۆ، کانت و جۆن ستیوارت میلەوە پێناسە کراون. بەپێی خشـتـەی پۆتەر، دەبێ یەکەم جار بەوە دەست پێبکەی "فاکتەکان چین؟" لە کەیسی سیناریۆکەی سەرەتای ئەم بەشە، فـاکتەکان ئەوانەن تۆ ڕۆژنامـەوانی و ئەرکی پرۆفیشناڵیتە هەواڵ لەبارەی پرسـەکانی دادگەی لۆکالەوە ئامادە بکەی. بەهای بەڕێوەبەرەکەت بۆ هـەواڵ ئەوەیە ئەو هەواڵە باشـە کـە سـەرنجی خـوێنەر ڕادەکـێـشی. دەزانی

خەڵک حەزیان لەو هەواڵە دەبێ. هیچ نیازێکی خراپت نییە لە بەدواداچوونی ئەم هەواڵە، لەگەڵ ئەوەش، راپۆرتی دادوەرانە و ورد لەبارەی چالاکەیلی دادگە بەپێی یاسا دەپارێزرێ. بێ لەمەش، تۆمەتەکە دەچێتە تۆماری گشتی، بەڵام ئاخۆ تۆ هەواڵەکە دەگەیەنی بەخەڵکێکی زیاتر؟

### خشتەی پۆتەر

١- فاکتەکان چین؟

٢- بەڕای تۆ کام بەها دەچێتە پێش بەهاکانی تر؟

٣- رەچاوی بنەماکانت بکە؟

٤- کام دڵسۆزی لای تۆ بەهای هەیە.

لە خۆت بپرسە "کامە بەها لە پێش بەهاکانی ترە لەم سیناریۆیە؟" بەهای گۆتنی راستی دەسەپێنی بەسەر بەهای پرایڤەسی تاک؟ ئاخۆ بیرۆکەی دادوەری گرینگترە لە یاساکان؟ لە رووی پرۆفیشناڵییەوە سۆزیار یان بەردەوام بیت باشترە؟ ئاخۆ حەزی خوێنەر هەموو دەم لە بابەتی هەواڵەکە گرینگترە؟ ئاخۆ بەهای نووسینی هەواڵێکی پرۆفیشناڵانە دەسەپێنی بەسەر ئەرکەیلی کۆمەڵایەتی؟ لەم کەیسەدا، رەنگە بریار بدەی وێڕای رەچاوکردنی بەهای راستیگۆتن، تۆ رەچاوی بەهای دادوەریش دەکەی، کەواتە بەرژەوەندیی گشتی بەهۆی راستیگۆتن لێرە نایەتە خزمەتکردن.

ئێستە رەچاوی بنەما ئەخلاقییەکان بکە. بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە خزمەتی چی دەکا؟ زیان بەکەس دەگات؟ گۆتنی راستییەکە چاکەیەکی گەورەترە؟ چ چاکەیەکی هەیە؟ چۆن لایەنەیلی چاکی زیاترن لە زیانەیلی؟ پاڵنەری سەرەکیی تۆ چییە؟ ئاخۆ پێشخستنی پیشەکەتە وەک رۆژنامەوان؟ زەقکردنەوەی پرسێکی کۆمەڵایەتییە؟ یەکسان بڵاوکردنەوەی هەموو هەواڵێکە؟ ئەگەر بریار بدەی پاڵنەری ئەخلاقیت پێت دەڵێ دەبێ بەیەک چاو مامەڵە لەگەڵ هەموو کەسێک بکەی، کەواتە کارێکی ئەخلاقییە هەواڵەکە بڵاو

بکەیەوە. دەتوانی بڵێی ژنی قایمقام بەرپرسیارە لە بەرەنجامەیلی کارەکانی و تۆش هیچ ناکەی جگە لە بەجێگەیاندنی ئەکرت وەک رۆژنامەوانێکی پرۆفیشناڵ. بۆ ئەوەی بڕیارێک بدەی، دەبێ پلە بۆ دڵسۆزییەکان دابنێیت دوای رەچاوکردنی هەموو ئەو بەهایانەی تا ئێستە حوکمت لەسەر داون. لەم کەیسەدا، دەبێ ئەم دڵسۆزییانە بخەیتە سەر تەرازوو: دڵسۆزیی راستیگۆتن، ئاگەدارکردنەوەی کۆمەڵگە، پاراستنی پرایڤەسی، نووسینی چیرۆکێکی باش، ببیتە رۆژنامەوانێکی سەرکەوتووتر، سۆزیار بیت و دەنگ نەکەی. ئاخۆ چیرۆکی ژنی قایمقام دەنووسی؟

شتێک یەقینە: تۆ ناتوانی هیچ بڕیارێک نەدەی. هەندێ رۆژنامەوان ئەم جۆرە دوودڵییانە بەکارێکی زەحمەت دەزانن و هەوڵ دەدەن بەرپرسیارەتییەکە بخەنە ئەستۆی ئەوانی تر. رۆژنامەوانێکی ئاوا چیرۆکەکە دەنووسێ و بەجێ دێڵێ بۆ یەکێکی تر بڕیاری بڵاوکردنەوەی بدا. تەنانەت ئەو رۆژنامەوانەش، کە کڵاوی خۆی دەگرێ با نەیبا، بڕیار دەدا جەخت بکاتە سەر کام گۆشە لە کاتی نووسینی چیرۆکەکە، ئەو بڕیار دەدا کامە شت بنووسێ و چی بەخوێنەر بڵێ. هیچ تاکێکی رۆژنامەوان ناتوانێ قوتاری بێ لە بەرەنجامەیلی ئیختیارەکانی هەواڵ. چۆن دەیسەلمێنی و چۆن بڕیار دەدەی کام لایەنی هەواڵەکە بەبڕیارەکەی تۆ خەمناک دەبێ؟ پێویستت بە پرۆسەیەکە بۆ هەڵسەنگاندنی بڕیارەکانت چونکە پرۆسەیەک، سیستمێک وات لێ دەکا بەهاکان، دڵسۆزی و بنەماکانت بۆ هەموو هەواڵ و هەموو بارودۆخێک جێبەجێ بکەی. بەم شێوەیە، بڕیارەکەت دادوەرانە دەبێ بۆ هەڵبژاردنی هەواڵ.

## خشتەی هەڵبژاردنی هەواڵ لە کاردا

کاری تۆ ئەوەیە دانیشتنی هەفتانەی دادگەی لۆکال داپۆشی، هەواڵەیلی دادگەش لە رۆژنامەکە دێتە وەشاندن. سیاسەتی رۆژنامەکەت ئەوەیە

کەیسەیل دێنە وەشاندن بێ ترس و بێ ئەملاو ئەولا. لەم بەیانییە تایبەتەدا، دەتاسێی کاتێ ژنی قایمقام لە دادگە دەبینی. تۆش دەسدەکەی بەپرسیار و پێت دەڵێن کە ئەو تۆمتبارە بەدزینی شت لە سوپەرمارکێت. پاساوێک هەیە بۆ گۆتنی ئەم کەیسە؟ ئاخۆ دەبێ ژنەکە مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵدا بکرێ؟ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە خزمەتی چ مەبەستێک دەکا؟

↓

ئاخۆ خەڵک ئارەزووی لە زانینی ئەم کەیسە هەیە؟

بۆچی؟ ئاخۆ خەڵک پێویستی بەوەیە ئەمە بزانێ؟ بۆچی؟ ئاخۆ خەڵک مافێکی یاسایی هەیە بۆ زانینی ئەمە؟ ئاخۆ خەڵک مافێکی ئەخلاقی هەیە بۆ زانینی ئەمە؟ لایەنەکانی چیرۆکەکە کێن؟

↓

کارەکتەرەکانی ناو چیرۆکەکە کێن؟

ئاخۆ کەسی گشتی یان تایبەتین؟ پێگەیان جیاوازییەک دروست دەکا بۆ مافی پرایڤەسیان؟

↓

بەرەنجامەیلی بڵاوکردنەوەی ئەم چیرۆکە چین؟

رەچاوی لایەنەکانی چیرۆکەکە بکە بە خوێنەرانیشەوە، بزانە چۆن چیرۆکەکە کار لە هەر یەکەیان دەکا؟ کاریگەرییەکی ئەرێنی یان نەرێنییە؟

↓

ئاخۆ بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکە زیان بەکەس دەگەیەنێ؟

چۆن؟ پاساو هەیە بۆ زیانەکە؟ بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی دەکا؟ دەبێ هەردەم بەرژەوەندیی گشتی بێتە خزمەتکردن؟

↓

ئەرکەیلی من چین و بەرامبەر بەکێن؟

کام دڵسۆزیی گرینگترینیانە؟

↓

ئاخۆ چیرۆکەکە بەدواداچوون دەهێنێ؟

بۆچی؟

↓

ئەم پرسیارگەلی سەرەوە بەرەو دوو ڕێمان دەبەن:

ڕێی یەکەم: بەڵێ. ئەگەر بەڵێ بێ:

فاکتەکان چین؟

تۆ ڕۆژنامەوانی و ڕۆژنامەوانیش هەواڵ بڵاو دەکاتەوە؟

خەڵک حەز دەکەن ئەم هەواڵە بزانن؟

هەواڵی دادوەرانە و ورد و ڕاست بەپێی یاسا دێتە پاراستن؟

هەواڵەکە بەپێی خۆی بۆ تۆ هاتووە، تۆ بەنیازێکی خراپ بەدوایدا نەگەڕاوی؟

تۆمەتەکانی پۆلیس تۆماری گشتین؟

↓

کام بەها پێش ئەوانی تر دەکەوێ؟

بەهای راستی پێش پرایڤەسی؟

دادوەری پێش یاسا؟

دەبێ خۆت یەکلا بکەیەوە کام بەها پێش کام دەخەی و کاری لەسەر دەکەی.

↓

کام بنەمای ئەخلاقی لەسەر ئەم چیرۆکە جێبەجێ دەبێ؟

بۆ چاکەی گشتییە؟

کەس زیانی پێ دەگا؟

نووسینی چیرۆکەکە کارێکی ئەخلاقییە؟

رێگەیەکی تر هەیە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکەت؟

↓

رەچاوی دڵسۆزییەکانت بکە لە سۆنگەی ئەو بەهایانەی حوکت بەسەردا داون.

کام دڵسۆزی بەهێزترینیانە؟ راستی گۆتن؟ ئاگەدارکردنەوەی کۆمەڵگە؟

پاراستنی پرایڤەسی؟ نووسینی چیرۆکێکی سەرکەوتوو؟

ببیتە رۆژنامەوانێکی سەرکەوتووتر؟

ببیتە کەسێکی سۆزیارتر؟

چیرۆکەکە دەنووسی؟

چۆن بەرگری لە بڕیارەکەت دەکەی؟

ئەو پرۆسەیەی تۆ کاری پێ دەکەی دادوەرانە و جێی باوەڕە؟

ڕێی دووەم: نەخێر. ئەگەر نەخێر بێ:

کام بەهات پێش ئەوانی تر خستووە بۆ ئەم بڕیارە؟

پرۆفیشنالێتی؟ بازرگانی؟ ئەخلاقی؟

بەها کەسانییەکانت کاریان کردووەتە سەر بڕیارەکەت؟

لایەنگیری ئەرێنی یان نەرێنیت هەبووە بۆ هیچ یەکێ لە لایەنەکانی چیرۆکەکە؟

ئاخۆ هەندێ کەس لە کۆمەڵگە مافی پرایڤەسی زیاتریان هەیە لەچاو ئەوانی تر؟ بۆچی؟ لە کام بارودۆخ؟

چۆن جیاوازیی نێوان ئەخلاق و دڵسۆزیت کردووە بۆ ئەم بڕیارە؟

لەوانەیە بیر بکەیەوە "ئەی نووسیارەکە؟" بەڵام ئەوە تۆیت کۆنترۆڵی وشەکان دەکەی بۆ گۆتنی چیرۆکەکە، ئەو خاڵانەی تۆ جەختیان لەسەر دەکەی، ئەو شێوازەی پێی دەنووسی. نووسیارەکەت کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر ئەو شتەی تۆ دەینووسی، بەڵام هەواڵەکەت بەسەردا ناداتەوە و پێت ناڵێ "ئەمە هەواڵێکە لایەنی ئەخلاقی و بەرپرسیارەتیی تێدایە، بۆیە ئێمە شتی وا بڵاو ناکەینەوە."

## ئەنجام

هەواڵ پێشکێشی خوێنەر، بینەر یان بیسەر دەکرێ لە ڕێگەی پرۆسەیەک کە ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی کولتووری و کۆمەڵایەتییە. چەندان پرۆسەی پرۆفیشناڵی هەن بۆ هەڵبژاردنی هەندێ زانیاری کە گرینگن بۆ گۆتن. هەموو ئەمانە ڕەچاوی بەرژەوەندیی گشتی و تێگەیشتنی میدیا دەکەن بۆ پێدانی خەڵک ئەو زانیارییەی پێویستیان پێیە بۆ بەشداریکردن لە کۆمەڵگە. ئەوانەی دێنە هەڵبژاردن بابەتی نین، بگرە ئەنجامی هاوسەنگکردنی بەهای پرۆفیشناڵی و ئەخلاقی و بازرگانین. لە پێناسەکردنی بەرژەوەندیی گشتیدا، ڕۆژنامەوان دەگەڕێ بۆ هاوسەنگکردنی دەسەڵاتیان بۆ دانانی ئەجندا لەبارەی ئەوەی خەڵک بیر لە چی بکاتەوە و ئەرکەیلیان کە نابێ دەسەڵاتیان خراپ بەکار بێنن بۆ دەسکەوتی پرۆفیشناڵی یان بازرگانی. سیستمەیلی بڕیاردانی ئەخلاقی، وەک ڕێچکەی بۆک و خشتەی پۆتەر، ناوەندێک دەدەن بە ڕۆژنامەوان ڕەچاوی لایەنەکانی کۆمەڵگە بکەن کاتێ زانیاری بۆ هەواڵ هەڵدەبژێرن.

## کۆکردنەوەی هەواڵ

کوڕی ئەکتەرێکی ژنی بەناوبانگ بەمردوویی دۆزراوەتەوە. بەدارێکەوە لە گەرەکێکی لۆکاڵ و لە شوێنێکی گشتی هەڵواسراوە. یەکێک لە هاوکارنت لە ژووری هەواڵ بیرت دەخاتەوە کە مردووەکە یەک تاکە برای هەبوو و ئەویش دوو ساڵ لەمەوبەر بەرووداوی ئۆتۆمبیل مرد. پۆلیس لە شوێنی رووداوەکەیە، دیمانە لەگەڵ ئەو کەسە دەکرێ کە لاشەکەی دۆزیوەتەوە. ئەو کەسە هاوڕێی مردووەکە و دایکە جەرگسووتاوەکەیە. سنوورەکانی نووسینی راپۆرت لەبارەی مردن و خەم چییە؟ کەی لە بەرژەوەندیی گشتیدایە راپۆرت لەسەر خەم بنووسی؟ سنوور هەیە بۆ رۆڵی گشتیی کەسایەتییەکی گشتی؟

کاتێ رۆژنامەوانێک ئامادە دەبێ بۆ داپۆشینی هەواڵێک، ئامانج کۆکردنەوەی زانیاریی پێویستە بۆ نووسینی چیرۆکێکی ورد، راست و مانادار. یەکەم خەزێنە رۆژنامەوان زانیاریی لێ کۆ دەکاتەوە سەرچاوەکانە، دووەم خەزێنە ئەرشیڤە. ئەرشیڤ واتە کتێبخانە، لێکۆڵینەوەکانی سەر ئینتەرنێت، ئەرشیڤی میدیا و بەکارهێنانی زانیاری لە تۆماری گشتی. سەرچاوەیلی لاوەکی بەوردی باسیان لێوە کراوە لە بەشی حەوتەمدا.

ئەم بەشە جەخت دەکاتە سەر دیمانە، هەرچەندە هەندێ جار رۆژنامەوان

لێکۆڵینەوە دەکا بەهۆی تۆمارکردنی سەرنجەکانی خۆی. لەسەر ئەو سیناریۆیەی سەرەوە، میتۆدێک دێتە ئاشکراکردن بۆ هەڵسەنگاندنی لێکۆڵینەوەی سەرەکی و رەنگدانەوەی رەخنەیی لەسەر بڵاوکردنەوە و نەکردنەوەی زانیاری.

## دیمانە وەک سەرچاوەی سەرەکی

وەک رۆژنامەوان، دیمانە یارمەتیت دەدا خێرا وەڵام بەدەست بێنی بۆ پرسیارگەلی تایبەت لەسەر بابەتێک پێشتر شت لەبارەیەوە نازانی. بۆ نموونە، ئەگەر حکوومەت راپۆرتێکی ٤٠٠ لاپەڕەیی لەسەر پرسێک بڵاو بکاتەوە، رۆژنامەوان ناتوانێ و کاتی ئەوەشی نییە لە ماوەی دوو سەعاتدا هەمووی بخوێنێتەوە وهەرسی بکا و شتێکی لەسەر بنووسێ. مەگەر رۆژنامەوانەکە شارازەیی لەو بوارە هەبێ. رۆژنامەوان باشترین کەس نین باسی مانای راپۆرتەکە بکەن، چونکە ئەو کاتە دەبێتە لێکدانەوەیەکی کەسانی و رەسمیش نییە. بۆیە رۆژنامەوان تەلەفۆنێک بۆ یەکێک دەکا کە پێگەیەکی رەسمی هەیە و قسەی بۆ بکا لەبارەی راپۆرتەکەوە. پرسیاری ئاراستە دەکا بۆ ئەوەی وەڵامێک بەدەست بێنێ کە خوێنەر چاوەڕێی دەکا. دیمانە رێگەت پێ دەدا خێرا و راستەوخۆ لە سەرچاوەیلی سەرەکی زانیاری کۆ بکەیتەوە.

ئەو پرسیارەی لە دیمانییەک دەکەی ناتوانی ئاراستەی دۆکیومێنتێک بکەی. تەنانەت لەسەر تەلەفۆنیش، ناکاتە ئەوەی راستەوخۆ قسەی لەگەل بکەی چونکە لەسەر تەلەفۆن تۆ نازانی چۆن هەڵسوکەوت دەکا. دیمانەی رووبەڕوو یارمەتیت دەدا لە زمانی جەستەی دیمانی بگەی و سەتاسەت دەزانی مەبەستی چییە لە قسەکانی. لە دیمانەدا، دەتوانی داوای زانیاری زیاتر بکەی بۆ بابەتەکەت، دەتوانی پرسیار لەسەر ورد و درشتی بابەتەکە بکەی و گفتوگۆی وەڵامەکانی بکەی.

ڕێکخراوەیلی هەواڵ دیمانەیان زیاتر پەسندە وەک سەرچاوەی سەرەکیی هەواڵی زانیاری چونکە دیمانە بەنوێترین سەرچاوە دەزانن. دیمانە بەسەرچاوەیەکی زیندووتر دادەنرێ تا دۆکیومێنتێک. لە ڕۆژنامەوانیی وەشاندا دەنگی جۆرەوجۆر بەکۆڵەگەی بەلاڤۆکی هەواڵ دادەنرێ، هەروەها بەکارهێنانی دیمانە بیرۆکەیل لای بەکاربەرانی هەواڵ بەهێز دەکا چونکە ئەوساکە زانیارییەکان دەبن بەفاکت. خەڵک زیاتر باوەڕ بەدیمانییەکە دەکا تا ڕۆژنامەوانەکە. بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر، کاتێ تێگەیشتنی بەکاربەرانی میدیا سادە بوو بۆ هەواڵ و کۆکردنەوەی زانیاری، چیرۆکەکان کەمتر زانیاری زیندوویان تێدا بوو و زانیارییەکان ئەوەندە جەختیان نەدەکرایە سەر لای ڕۆژنامەوانەیل. لەو ڕۆژانەدا، وا دەزانرا فاکت پێویستی بەچێککردن نەبوو. ئێستا باوی ئەو ڕستەیە نەماوە "هەرچی لە ڕۆژنامەدا هەبێ ڕاستە"، ئەمە ئێستە گاڵتەی پێ دەکرێ لە کاتی باسکردنی ڕاست و دروستی ڕاپۆرتەکان.

ئەو پرسیارگەلەی ڕۆژنامەوان لە کاتی دیمانە دەکیا ڕەنگدانەوەی ئامانجی دیمانەکەیەتی. بۆ نموونە، ئەو پرسیارگەلەی ڕۆژنامەوانێک دەیکا بۆ وەرگرتنی زانیاری ئەمانەن: چی ڕووی دا، چۆن ڕووی دا، کێ تێوەی گلاوە، لە کوێ ڕووی دا و کەی ڕووی دا؟ دیمانەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە شتێک لەوە قووڵتر دەبێتەوە. نموونەی پرسیارگەلی دیمانەی لێکۆڵینەوە ئەمانەن: بۆ ڕێگە بەمە درا؟ کێ بەرپرسیارە؟ ئێستە چی دەکرێ؟ ئەمە مانای چییە بۆ ئایندە؟ کەی زانرا ئەمە ڕووی داوە؟ نموونەی پرسیارگەل بۆ وەرگرتنی زانیاری باکگراوندی ئەمانەن: عادەتەن چی ڕوو دەدا؟ بۆچی؟ کاریگەرییەکە چییە؟ بەهەمان شێوە، ئەگەر ڕۆژنامەوان بیەوێ زانیارییەکان لێک بداتەوە، ئەوا ئەم پرسیارانە دەکا: ئەمە مانای چی دەگەیەنێت؟ کار لە کێ دەکا؟ چۆن شتەکان دەگۆڕێ؟ دواجار دیمانەی کەسانی (شەخسی) هەیە تێیدا ڕۆژنامەوان دەیەوێ شت لەبارەی بەسەرهاتێکی دیمانییەکە یان سیفەتی بزانێ.

برادی دەڵێ رۆژنامەوان لە دیمانەیلدا بەدوای دوو شتدا دەگەڕێ: متمانە و زانیاری. دەستکەوتنی یەکەم تەنێ لە پێناوی دەسکەوتنی دووەمە. رۆژنامەوان دەبێ مایەی متمانە بێ لەلایەن ئەو کەسانەی دیمانەیان دەکا بۆ ئەوەی ئەوانیش مورتاح و راستگۆیانە وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە. ئەوجا رۆژنامەوان خۆی بڕیار دەدا بەو شتانە باوەڕ بکە کە پێی گۆتراوە یان نا. هەرچەندە رۆژنامەوان دیمانە بەکار دێنێ بۆ وەرگرتنی زانیاری دەستی یەکەم، سنوورگەلێک هەیە لەسەر دیمانە وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی فاکتەکان. مێنچەر بیری رۆژنامەوان دەخاتەوە کە قەت ناتوانن دڵنیا بن لەوەی ئەو زانیارییەی وەریدەگرن لە دیمانەدا دەقیقە.

> دەبێ پەیامنێر ئەوەی بیر نەچێ کە پشت بەیەکێکی تر دەبەستێ، تەنێ ئەو راستییە چیرۆکەکە لاواز دەکا. هیچ پەیامنێرێک قەت هەست بەدڵنیایی ئەوە ناکا کە سەرنجەیلی یەکێک بەقەت هی خۆی راست و درست نین یان ئەوەی ئەو کەسە بەدەر نییە لە لایەنگیری یان بەرژەوەدیی خود.

بەواتایەکی تر، رۆژنامەوان قەت نازانێ دیمانی چۆن بیر دەکاتەوە، بەس ئەوە دەزانێ چی دەڵێ. بۆیە رێی تێدەچێ دیمانە سەرچاوەی گومڕاییی فاکتەکان بن ئەگەر بێو دیمانی راستی نەڵێ.

دیمانی کارنامەی خۆی هەیە. رەنگە بیەوێ باشترین یان خراپترین رووی فاکتەکان پێشان بدا، رەنگە بخوازێ تەواوی رێڕەوی باسەکە بەلایەکی تر ببا. لەبەر هەندێ، ئەو رۆژنامەوانەی زانیاری لەرێی دیمانەوە کۆ دەکاتەوە دەبێ هەردەم گومانێکی لە قسەکان هەبێ. ئەمەش واتە تۆ دەبێ باش گوێ بۆ ئەو شتانە بگری کە لەگەڵ تێگەیشتنی تۆ بۆیان یەک ناگرنەوە، ئەوجار پرسیار لەو شتانە بکە. دیمانە ئاڵوگۆڕێکە لە نێوان دوو کەس یان زیاتر، هەریەکە قسەی خۆی دەپاڵێوێت بەپێی تێگەیشتن و بۆچوون و ئەزموونی. هەر کەس راستیی خۆی هەیە، و کاتێکیش ئالوگۆڕا ئەو زانیاری دەکەین

لەگەڵ یەکتر لێکدانەوە دەکەین لەبارەی ئەو شتانەی پێشتر زانراون. لەوانەیە دیمانە لەسەر بابەتێک بەبێ ناوەڕۆکی ورد زانیاری نادروستی لێ بکەوێتەوە. هەمان شت راستە بۆ بۆچوونەکانی رۆژنامەوان پێش دیمانە، کە کار دەکاتە سەر ئەوەی بیری لێ دەکەنەوە، دەیبینن، گوێیان لێ دەبێ و تێی دەگەن. مێنچەر باسی تاقیکردنەوەیەکی بەناوبانگ دەکا تێیدا قوتابیانی رۆژنامەوانی هەڵەیان زیاتر کرد کاتێ چیرۆکیان نووسی لەبارەی شتێک کە پێچەوانەی لایەنگیری و پێگەیان بوو، بەڵام هەڵەیان کەم بوو لە نووسینی ئەو چیرۆکانەی پێشتر هەستیان پێیان کردووە و پشتگیریان کردوون.

زۆرجار بەخراپ باسی دیمانە دەکرێ و رۆژنامەوان تۆمەتبار دەکرێ بەوەی کۆتێکی خراپ نووسیوە یان ئەو زانیارییەی وەریگرتووە چەواشەی کردووە و بەهەڵە تێیگەیشتووە. دەکرێ ئەمە رووبدا بێ ئەوەی رۆژنامەوان مەرامێکی خراپی لەپشتەوە هەبێ، بەلایەنی کەم لەبەرئەوەی کاتێ داوا لە یەکێک دەکەی فاکتەیلت پێ بڵێ لەبارەی شتێک، بەڕاستی داوایان لێ دەکەی هەڵسەنگاندێکی خودیانەی راستییەکە بکەن لە ژێر رۆشنایی هەڵسەنگاندنی خۆت. پاشان تۆ قسەی ئەو و بیرکردنەوە و تێگەیشتنی خۆت هەڵدەسنگێنی. ئاسانە و رێی تێدەچێ پەیامنێر و سەرچاوە چەواشەی راستی بکەن بێ ئەوەی پێی بزانن. هەردەم کات کێشەیە چونکە رۆژنامەوان هەردەم دێدلاینێکی سنووردار و دژواری هەیە. دەتوانی بچیە لای نووسیار و بڵێی "ناتوانم یەکسەر هەموو شتەکان وەرگرم، بۆیە پێویستم بەکاتی زیاترە بۆ نووسینی چیرۆکێکی باش"، بەڵام زۆربەی کات گوێت لەم وەڵام دەبی "باشە مادام چیت هەیە ئێستە بمدێ." هەواڵی دوێنێ بۆ دوێنێ بوو، ئەگە هەواڵەکە گەرمە ئێستە، پاڵەپەستۆ ئەوەیە هەر ئێستە بڵاوی بکەیەوە، جار هەر چۆن و چەند ئاڵۆزکاویش بێ. بۆیە رۆژنامەوانان رێک دەکەون و دوو کەس دیمانە دەکەن و و هەندێ باکگراوندی بۆ دادەنێن و هەواڵەکە ئامادە دەکەن. ئەم رێگە گشتییەی ئامادەکردنی هەواڵ کەموکوڕی هەیە چونکە

ئێمە هەموومان زانیاری هەڵدەبژێرین و گوێی لێ دەگرین: یەک کۆ یەک لەوانەیە بکاتە سێ. بۆ رۆژنامەوانێکی پرۆفیشناڵ ئاسانە هەواڵەکەی باسی چی دەکا پێش ئەوەی دیمانەکە بکات. دیمانە بۆ ئەوە نییە بەیەکێک بڵێی "هەموو شتەکانم پێ بڵێ، منیش گوێ لە هەموویان دەگرم و چیرۆکێکی لەسەر دەنووسم." بگرە دیمانە ئەوەیە تۆ هەواڵەکەت هەیە و دەتەوێ هەندێ کۆت وەرگری. چەند خەڵکی زیاتر بدوێنی ئەوەندە تێڕوانینی زیاترت دەبێ، کەمتر تووشی هەڵە و گومڕابوون دەبی.

بەکارهێنانی سەرچاوەی زۆریش لە دیمانە وەک سەرچاوەی هەواڵ نارەزاییی لێ کەوتووەتەوە. لەوانەیە پرسێک تەواو ئاڵۆز بێ، وێڕای ئەمەش، هاودژ بێ. بەکارهێنانی کۆت روونکردنەوەی هەردوو لا دژەکەیە. هەندێ جار هەواڵەکە پرسێک زەق دەکاتەوە و تەنێ یەک تێڕوانینی هەیە، هەر ئەمەش دەربڕینی رۆژنامەوان دەردەخا لە رستەی یەکەمی لید. هەندێ رێکخراوەیلی هەواڵ ئەو رێچکەیە بەکار دێن لەسەر بچینەی ئەم باوەڕە "ئێمە ئەمرۆ ئەم بۆچوونە باس دەکەین و کاتێکیش هەرایەکی گەورە لەلاکەی تر دروست بوو، هەینێ هەواڵێکی تر لەسەر هەمان پرس بۆ بەیانی ئامادە دەکەین."

شێوازی تری چەواشەکردنی زانیاری هەن. گەورەترینیان بێدەنگییە، واتە، ئەو شتانەی دیمانی نەگوتن، ئەو پرسیارانەی پەیامنێر نەیکردن. دانەپۆشینی بەشێکی هەواڵ رۆژنامەوان دەخاتە کێشە، بەتایبەتی کاتێ پەیامنێر پشت بەلێکدانەوە دەبەستێ. رێیەکی ترشی چەواشەکردن ئەوەیە پاڵپەستۆ خستنە سەر کەسێک بۆ زانیارییێک کە نییانە، یان ناتوانێ تەواو پشتڕاستی کاتەوە، یان ناتوانێ تەواو بیری بێتەوە.

دەتوانی زانیاری دەسهاتوو لە دیمانە چەواشە بکەیت بەهۆی رێڕەوی پرسیارەکانەوە. ئەو رێیەی پرسیارەکانی پێ دەکەی و دادەڕێژی کار دەکاتە سەر وەڵام. لە یەکێ لە ئەلقەکانی زنجیرەی کۆمیدی "بەڵێ سەرۆک وەزیران" لەسەر تیڤی لە ١٩٨٥، جۆن مۆرتایمەری نووسەر جوان وەسفی کێشەیەک

دەکا بەهۆی ڕێڕەوی پرسیارەکانەوە. لە چیرۆکەکەدا، حکوومەت بڕیار دەدا رووپێوێک بکا تا بزانێ خەڵک تا چەند پشتگیری دووبارە بەکارخستنی یاسای ئیجباری خزمەتی سەربازی دەکەن. بیرۆکراتێک ڕێڕەوی پرسیارەکان بۆ سیاسەتوانێک شیدەکاتەوە بۆ وەرگرتنی ئەنجام. گرووپی یەکەمی پرسیارەکان ئەمانەن:

١- نیگەرانی بەژمارەی گەنجی بێکار؟

٢- نیگەرانی بەزیادبوونی تاوان لەناو رووالاَن؟

٣- پێت وایە گەنج پێشوازی لە هەندێ بنەما و ئاراستە دەکا لە ژیانیدا؟

٤- پێت وایە گەنجی وەڵامی ئاستەنگ دەداتەوە؟

٥- پێت باشە یاسای خزمەتی سەربازی دووبارە بخرێتەوە کار؟

گرووپی دووەمی پرسیارەکان ڕێڕەوێکی جیاوازی هەیە:

١- نیگەرانی بەمەترسیی شەڕ؟

٢- نیگەرانی بەزیادبوونی چەک؟

٣- بەڕای تۆ، هەڵەیە خەڵک ناچار بکرێن پێچەوانەی ویستیان چەک هەڵگرن؟

٤- پێت وایە مەترسی دەبێ لەوەی چەک بدرێ بەگەنجانی بێکار و فێر بکرێن چۆن بکوژن؟

٥- دژی دووبارە خستنەکاری یاسای خزمەتی سەربازیت؟

مێنچەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە زۆرجار خەڵک کەمتر مایەی باوەڕت لەچاو سەرچاوەی جەستەیی. بێ سێ و دوو سەلمێنراوە زۆرجار خەڵک بەدوای بەڵگەدا دەگەڕێ تا وەڵامی ڕاست بدەنەوە. ئەوەش سەلمێنراوە کە هەندێ خەڵک وا دەردەخەن وەڵام دەزانن، بۆیە دان بەبێگوێیەکەی دانانێت. بەم دواییانە، وەڵامەیلی هەندێ کەس بەهۆی بەرژەوەندیی دەسەڵاتەوە هاتوونەتە چەواشەکردن.

دەتوانی کۆنترۆڵی پرسیارەکانت بکەی، بەڵام چۆن دەتوانی ئەگەر بێیتە دەسخەڕۆکردن؟ لێرەدا گرینگی گومانی تەندروست بەدیار دەکەوێ. لەخۆت بپرسە: پاڵنەری شاراوەی ئەو کەسە چییە؟ ئاخۆ ئەو کەسە دەزانێ من چیم دەوێ بۆیە وا دەڵێ؟ هیچ هۆیە هەیە وا لەو کەسە بکا زانیارییەکە چەواشە بکا؟ ئەو کەسە دەزانێ باسی چی دەکا؟ مەرج نییە رووبەڕووی هەموو قسەکانی بوەستییەوە، بەڵام وەک رۆژنامەوانێک تۆ قانوونیەن بەرپرسی لە هەر شتێ دەینووسی. گوتنی "پۆلیسێک پێمی گوت ئەوە راستە" بەبەرگری حسێب نییە لەبەردەم یاسا بۆ بڵاوکردنەوەی شتێک کە راست نییە. وەک رۆژنامەوانێک، خەڵکی جیاواز شتی جیاوازت پێ دەڵێن، بەڵام دواجار تۆ بڕیار دەدەی کام زانیاری بڵاو دەکەیەوە.

دواهەمین شت رەچاوی بکەی ئەو هەلومەرجەیە دیمانەکەی لێ دەکرێ. پرۆتۆکۆل بۆ گەڕان بەدوای زانیاری بەپێی کولتوور دەگۆڕێ و جیاوازە. رۆژنامەوانی مافی ئەوەی نییە خۆی بەسەر دیمانییەکان بسەپێنێ و بگرە دەبێ بەڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات. لە سەرووی ئەمانەش، دیمانی یارمەتی رۆژنامەوان دەدا بەزانیاری کە دەتوانێ بەئاسانی ئەو زانیارییە بشارێتەوە. رەچاوی بیرکردنەوەی ئەو کەسە بکە، بەتایبەتی ئەگەر کەسەکە پەست یان خەمناک بێ. ئەوەی دێتە گۆتن لە کاتی پەستیدا رەنگە زۆر دوور بێ لەوەی لە کاتی خۆشیدا دێتە گۆتن، بەتایبەتی ئەوانەی مادەی هۆشبەر و کحول بەکار دێنن.

هەرکە زانیاریت کۆ کردەوە، دەبێ راستییەکەی تاقیبکەیتەوە. لەوانەیە سەرچاوەیەک بڵێ شتێک لە ١٩٩٩ رووی داوە، بەڵام راستەکە ١٩٩٨ە. ئەو کەسە درۆت لەگەڵ ناکا، بەهەڵەدا چووە، بەڵام ئەوە یارمەتیت نادا لەوەی چۆن تۆ شتێکت بڵاو دەکەیەوە کە راست نییە. دەبێ هەوڵ بدەی ئەو زانیارییەی لەسەرچاوەی سەرەکی وەردەگری پشتڕاست بکەیەوە.

حەز و بایەخی مرۆیی بەهای گرینگی هەواڵن. بۆیە جێی خۆیەتی جەماوەرت بیانەوێ بزانن چی رووی دا لە سیناریۆی سەرەتای ئەم بەشە. هێشتا دەبێ گفتوگۆ لەگەڵ ناخی خۆتدا بکەی تا چ رادەیەک خەڵک مافی زانینی هەیە. دەبێ زانیارییەکانت هەڵسەنگێنی، بەتایبەتی ئەوانەی لە دیمانەکانت وەرگرتوون. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێ کاریگەریی حاڵەتەکە، توندوتیژی یان هەستیاریی گۆتنی مردن یان پەژارە رەچاو بکەی، بەتایبەتی دوای حاڵەتی خۆکوشتن. پێش نووسینی چیرۆکەکە، پێویستە بڕیار بدەی کام فاکت بڵاو دەکەیەوە چونکە لەوانەیە هەندێ فاکت هی ئەوە نەبن بێنە وەشان.

ئەو پرسیارگەلەی یەکەم جار لە خۆتیان دەکەی ئەمانەن: ئاخۆ خەڵک حەز دەکەن ئەمە بزانن؟ کام بەهای هەواڵ پێوەندی بەم بەرەنجامە هەیە؟ بۆ گەیشتن بەبڕیار، دەبێ رەچاوی ئەوە بکەی کە رووداوەکە لە گەڕەکێکی لۆکال رووی داوە و لەوانەیە خەڵک دێبابی خۆکوژەکە بناسن، بۆیە خەڵک بەم خەمەی ئەوان دەزانن. لەوانەیە لەسەر زانیاریی باکگراوندی بوەستی کە ئەوەیە تاکە برای خۆکوژەکە دوو ساڵ لەمەوبەر مردووە، ئەمەش تراجیدیایێکی تر بۆ ئەم خەمە نوێیەی ماڵباتەکە زیاد دەکا. دواجار، لەوانەیە رەچاوی ئەو بۆچوونەش بکەی کە بڵاوکردنەوەی چیرۆکی خۆکوشتنی گەنجێک خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی بکات بەوەی کە خەڵک بەئاگا دێنێت لەبارەی پرسی خۆکوشتن لەناو گەنجان.

دیمانە چالاکترین لێکۆڵینەوەیە رۆژنامەوان دەتوانێ بیکا، جا دیمانەکە لەسەر تەلەفۆن یان رووبەڕوو بێ. لەبەرئەوەی ئاڵوگۆڕێکە لە نێوان دوو یان زیاتر، وەڵامی کەسانیی پەیامنێر بۆ دیمانی کاریگەری دەبێ لەسەر ئەو زانیارییەی لە دیمانییەوە وەردەگرێ. یەکەم پرسیار کە پێوەندیی بەسیناریۆکە هەیە و دەبێ لەخۆتی بکەی ئەوەیە: چۆن دیمانییەکان

هەبژێرم؟ بۆ ئەمەیان، بزانە کام دیمانی ئەزموونی دەستی یەکەمی هەیە. ئاخۆ دیمانییەکە دەتوانێ کۆتێکت بداتێ کە یارمەتی تێگەیشتنی خوێنەر بدا؟ دەبێ رەچاوی ئەوەش بکەی کە دیمانی دەتوانێ زانیاری لە سۆنگەیەکی رەسمیی دەسەڵاتەوە بدا، چونکە بڵاوکردنەوەی لێدوانەکانی یارمەتی بەهێزبوونی متمانەی دەدا. پاشان رەچاوی ئەم پرسیارە بکە: چی لە دیمانییەکان چاوەڕێ دەکەم وەرگرم؟ لەم کەیسەدا، لەوانەیە پەیامنێر تەوەقوعی پۆلیس بکە لە شوێنی رووداوەکە و چەند فاکتێکی پشتڕاستکراو لەبارەی دیتنەوەی تەرمەکە وەرگرێ.

ئەوانەی تەرمەکەیان دۆزیوەتەوە لەوانەیە بتوانن زانیاری دەستی یەکەم لەبارەی بارودۆخی دیتنەوەکە بدەن، هەروەها پەیامنێر دەتوانێ دیمانەی دێباب یان هاوڕێیانی خۆکوژەکە بکات تا بتوانێ بیری خۆکوژەکە بخوێنێتەوە. پێش ئەنجامدانی دیمانەکە، دەبێ ئەم بڕیارەش بدەی: پێویستم بەکام فاکتە بۆ نووسینی چیرۆکەکە؟ ئەمانە بۆ نووسینی چیرۆک رەچاو بکە: کێ، چی، کەی، لە کوێ، بۆچی و چۆن. ئاخۆ وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەت دەوێ بۆ نووسینی چیرۆکێکی تەواو و مانادار؟ پێویستە بزانی بۆچی رووی دا؟ رێی تێدەچێ بەمتمانەوە وا بکەیت؟

لەم کەیسەدا، پەیامنێر یەکەم جار قسە لەگەڵ پۆلیس دەکا لەو شوێنەی تەرمەکەی لێ دۆزراوەتەوە. پۆلیس رووخۆش و هاوکارە. ئەو دووپاتی ناسنامەی خۆکوژەکە و کاتی دیتنەوەی تەرمەکەی دەکاتەوە. ئەوەش دەڵێ کە بۆنی کحولی کرد لە تەرمەکە دەهات. ئەوەشت پێ دەڵێ کە مردنی براکەشی لە بیرە دوو ساڵ لەمەوبەر بوو، هەرچەندە ئەوەش دەڵێ کە ئەو لە رووداوی مانتۆڕەکە نەبووە کە براکەی تیاچوو. دەڵێ، بۆ بڵاوکردنەوە نا، رووداوی براکەشی هەر خۆکوژی بوو بەڵام ئەوە قەت نەهاتە سەلماندن.

لە شوێنی رووداوەکەدا، قسە لەگەڵ ئەو دوو کوڕەش دەکەی کە

تەرمەکەیان دیۆزیوەتەوە، کە چاوەڕێن ئەفسەری لێکۆڵەر دیمانەیان لەگەڵ بکا. کــورەکـــان وروژاون بەڵام چ پێ ناچێ نیگەران بن. دڵخـــۆشن بەوەڵامدانەوەی پرسیارگەل و دەپرسن ئەگەر ناویان لە ڕۆژنامەکە بڵاو بکرێتەوە. پێوەیان دیارە تام لەو بایەخە وەردەگرن پێیان دەدرێ و دەڵێن یەکەم جار نەیانزانیوە تەرمەکە کێیە، دوایی برادەریان دەرچوو.

دەچییە ماڵی خۆکوژەکە و قسە لەگەڵ دێبابی دەکەی. لە پێش دەرگە چاوەڕێی، پیاوێک لێت نزیک دەبێتەوە پێت دەڵێ ئەو دراوسێ و باشترین هاوڕێی خۆکوژەکە بووە. تۆش ڕێک دەکەوی لەگەڵی دیمانەی بکەی دوای دیمانەکردنی دێباب. پاشان دەرگەت لێ دەکەنەوە و دەتبەنە ژوورێ و دەبینی دایکەکە پەرێشانە و چاوەیلی سوور هەڵگەڕاون. ڕازی دەبێ بەدیمانەکردنی و بەڵام زۆرجار لە پڕ دەدا لە زرمەی گریان. باشترین هاوڕێکەش پەرێشانە. چەند جارێک دووبارەی دەکاتەوە بۆچی هاوڕێکەی خۆی کوشتووە. بەڵام بەتۆ دەڵێ کە ژیانی ماڵباتی خۆکوژ تەواو نەبوو و زۆجار دەمەتەقێی لەگەڵ دێبابی بووە. دواتر پێنگاو بەپێنگاو باسی تێبینییەکانی دیمانەکە دەکەم.

پێش ئەوەی تاکە وشەیەک بنووسی، دەبێ یەکەم جار زانیاری کۆکراوە هەڵسەنگێنی بەهۆی ئەم پرسیارە: تا چەند سەرچاوەکانم ڕاست دەکەن؟ زانیاریی دیمانەکان فاکتیان تێدایە وەک کات و شوێنی ڕووداوەکە، هەروەها ڕای کەسانی تێدایە لەبارەی پاڵنەری خۆکوشتنەکەوە. پرۆسەی هەڵسەنگاندنی باوەڕی سەرچاوەکان چەندان پرسیاری تری دەوێ، کە بەمە دەست پێ دەکا: ئاخۆ هەموو دیمانییەکان توانای تەواوی وەڵامدانەوەیان هەبوو؟ وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر گرینگە بۆ نووسین لەبارەی پەژارە. ئاخۆ زیان بەکەس ناگەیەنی بەهۆی بڵاوکردنەوەی شتێک کە لەژێر پاڵەپەستۆدا گوتراوە؟ زۆرجار خەڵکی خاوەن پەژارە دەرمانی بۆ دەنووسرێ تا تۆزێک هێور بێتەوە. کەسێک لەوانەیە بیرکردنەوەی شێوا بێ بەڵام هێشتا دەتوانێ وەڵامی پرسیاران بداتەوە. لەوانەیە خەڵک حەز بکە بزانێ هەستی دایکی

خۆکوژ چییە، بەڵام ئاخۆ پێویستیان بەوەیە بزانن، هەروەها ئاخۆ پاساو هەیە بۆ ئەو زیانەی تۆ دەیگەیەنی لە رێگەی بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکە؟

**سەرنجەیلی دیمانەکان**

* ناسنامەی تەرمەکە لە رێگەی مۆڵەتی شۆفێری زانرا کە لە گیرفانی خۆکوژەکە بوو. ناوی جەیسن توگودە و تەمەنی ١٨ ساڵە.
* سمیس تەرمەکەی ناسییەوە. گوتی ئەوە کوڕی ژنە ئەکتەری تیڤییە بەناوی سالی توگود کە لەم گەڕەکە دەژی.
* سمیس بۆنی کحولی کرد لە شوێنی رووداوەکە، لەوانەیە خۆکوژ سەرخۆش بووبێ.
* تەرمەکە ماوەی چەند سەعاتێک لەمەوبەر مردبوو، گوریسەکە پەتێکی جیری پەردە بوو.
* سەتاسەت خۆکوژییە.
* "دیبابی هیچ زانیارییان لەبارەی پلانەکانی نەبوو، بەڵام ئەوان و ئێمەش پێمان وایە بەئەنقەست خۆی کوشتووە."
* "دایکەکە شێواوێکی راستەقینەیە"
* کوڕەکەی تر ناوی فرانکە. پۆلیس دەڵێ ئەویش خۆی کوشتووە بەڵام هیچ نەسەلمێنراوە.

دیمانەی دووەم: ئاندرو ساکسن (١٣) و سام ئالۆکس (١٢):

* ئەم دوو کوڕە لە قوتابخانە دێنەوە و عادەتەن قەتبرێک لێ دەدەن بەناو پارکی سمیس.
* تەرمەکە بەدارێکی گەورەی هەنجیرەوە هەڵواسراوە.
* زۆرجار منداڵ لەسەر لکەیلی دارەکە یاری دەکەن.
* جەیسنی راستەوخۆ ناناسن بەڵام زانیان کێیە و کوڕی کێیە.

* سـام غـاری دایە مـاڵێکی نزیک بۆ ئاگـەدارکـردنەوەی پۆلیس و دواتر گەڕایەوە شوێنەکە لەگەڵ ئاندرو چاوەڕێی پۆلیسیان کرد.
* ئاندرو دەڵێ: "قێزەوەن بوو. یەکسەر زانیمان مردووە چونکە رەنگی سەیر بوو."
* "هەڵواسـرا بوو، خـۆی بەدارەکـە شـۆڕ کـردبووەوە. پەتێکی پەمـەیی بەملییەوە بوو": سام گوتی
* ئاندرۆ: "تەرمەکەمان ناسی، هەموو کەس لەم ناوە دەزانێ توگود کێیە. دەبێ هەستی زۆر خراپ بووبێ بۆیە خۆی کوشتووە."

دیمانەی سێیەم: سالی توگود

* لەو رۆژەی کوڕەکە خۆی کوشتووە بینیویەتی، بەڵام نازانێ کەی بووە.
* کوڕەکەی هاوڕێی زۆر بوون و گرفتێکی وای نەبوو شایەنی گوتن بێ. کەم کحولی دەخواردەوە و قەتیش مادەی هۆشبەری بەکار نەهێناوە.
* غەریبی براکەی دەکرد.
* "ئێستە ئەو و فرانک دیسان پێکەوەن."
* نزیک بوو لە کوڕەکەی. لەبەر کار نەیاندەتوانی زۆر کات پێکەوە بەسەر ببەن.
* "نە هاوڕێکانی و نە ئێمەش چاوەڕێی ئەو شتـەمـان لێ نەدەکرد. باوەڕ ناکەم ئەو شتەی کردبێ."
* لە ژیان هەموو شتێکی هەبوو، وەڵامەکان لەگەڵ خۆی چوونە گۆڕ. نازانم چی بەدێبای تر بڵێم و ئاگەدارییان بکەمەوە."
* "وابزانم دەمتوانی دایکێکی باشتر بووام. بەس نەمزانی."

هەڵسەنگاندنی سەرچاوە

پرسیارکردن تەنێ کەرتێکە لە مەهارەکانی دیمانە. کەرتەکەی تر ئەمانە دەگرێتەوە: مێنچەر سێ پرسیار پێشکێش دەکا بۆ رێنوێنیکردنی

هەڵسەنگانی زانیارییەکانی دیمانە:

١- ئاخـۆ کـەسـەکـە ئاگـای لە رووداوەکـە بووە، یان لە یەکـێکی ترەوە بیستوویەتی؟

٢- ئاخۆ کەسەکە تەواوە و تەواو سەرنجی داوەتە رووداوەکە؟

٣- ئاخۆ سەرچاوەکە دەتوانێ وردەکاریی دروست بدا کە تەواو راست بن و لەگەڵ فاکتەکان بێنەوە؟

رەچاوی کۆت و زانیارییەکانی تری دیمانییەکە بکە. گەلێ تێرامان هەیە لەبارەی هۆیەلی خۆکوشتنەکە. لەوانەیە بپرسی بۆچی میدیا، کە ئەرکی سەرەکی خزمەتکردنی گشتییە، دەیەوێ باسی کاردانەوەی سروشتیی تراجیدیایەکی کتوپڕ بکا؟ لەلایەکی تر، ئاخۆ دەتوانی بە ٣٠٠ وشەی هەواڵ بەتەواوی باسی مردن بکەی؟ قایلی بەوەی دیمانەکان تەواون و دەتوانن وردەکاری راست و چۆنیەتیی بیرکردنەوەی خۆکوژەکەت پێ بڵێن؟

پرسیاری دواتر ئەوەیە ئاخۆ هیچ زانیارییەکی کۆکراوە دێتە پشتگوێخستن لەبەرئەوەی جێی متمانە نییە یان نەشیاوە بۆ وەشان؟ رێبەری بێژمار هەن لەبارەی ئەخلاقی بڵاوکردنەوەی خۆکوشتن. بەبەکارهێنانی ئەو رێبەرانە، لەوانەیە بڕیار بدەی هەندێ زانیاری بڵاو نەکەیەوە ئەگەرچی بەوردیش تۆمارکراون بۆ وەشان. بۆ نموونە، بڵاوکردنەوەی وردەکاریی گرافیکی لەبارەی تەرمەکە یان شوێنەکە چ خزمەتێک پێشکێشی بەرژەوەندیی گشتی دەکا؟ ئەگەر باسی وردەکاریی شوێنەکە بکەی، لەوانەیە دەیان کەسی تر سەردانی ئەوێ بکەن. دەبێ بڕیار بدەی ئاخۆ خەڵک سوود وەردەگرێ لە زانینی ئەوەی تەرمەکە بەکام دار هەڵواسرا بوو، یان چۆن بوو؟ بەهەمان شێوە، دەبێ بڕیار بدەی ئاخۆ باسکردنی رێگەی خۆکوشتنەکە خزمەتی کەس دەکا.

لەوانەیە حەز بکەی بەخەڵکی بڵێی بۆچی مردنێکی ناپێویست رووی دا،

بەڵام دەبێ بڕیار بدەی تێڕامانی جۆرەوجۆر لەبارەی پاڵنەری خۆکوشتنەکە بڵاو دەکەیەوە یان نا. بۆ نموونە، ئەگەر ئەم کۆتەی هاوڕێیەکەی بەکار بێنی "نەمزانییە هیچ گرفتێکی هەبێ بەڵام دەزانم دایکی گرفتی هەبوو و نەیدەتوانی مردنی فرانک لە بیر بکا." بەبڵاوکردنەوەی ئەم رستەیە تۆ بەخەڵک دەڵێی دایکی کاریگەرییێکی نەرێنی هەبووە لەسەر بیری خۆکوژەکە. بۆچوونی تر، وەک زەقکردنەوەی مردنی براکەی دوو ساڵ لەمەوبەر، ئەویش گرفتارە. لە رێی راپۆرتەیلی میدیاوە دەزانی کە ئەوسا کوڕەکەی تر بەتەنێ بووە لەناو ئۆتۆمبیل کاتێ خۆی بەدارێکەوە کێشاوە. ئاخۆ دەتەوێ بڵێی ئەویش خۆکوشتن بووە؟ دەتوانی ئەمە بسەلمێنی؟

دەبێ بەرێزەوە رەچاوی ئەوە بکەی کە نابێ "بەخراپ باسی مردوو بکەی"، بەڵام ئەگەر بێو تەنێ باسی سیفەتە باشەکان مردووەکە بکەی و بڵێی هیچ کێشەیەکی نەبووە و مرۆییێکی باش بووە، ئەو کاتە خوێنەر دەپرسێ بۆچی کەسێکی ئاوا باش لەپڕ خۆی دەکوژێ. بۆیە بەخەڵکی دەڵێی کە ئەوانەی خۆیان دەکوژن نابێ یارمەتی بدرێن یان بێنە ناساندن. خەڵکی وا لە هەواڵەکە دەگەن کە بێ هیچ هۆیەک کوڕەکە خۆی کوشتووە. ئەگەر بڵێی هیچ کێشەی لەگەڵ دایکی نەبووە و کارەکەش بەئەنقەست بووە، ئەوا بەخەڵکی دەڵێی کە کوڕەکە خۆی کوشتووە بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکت لا بێ لەسەر خۆکوشتنەکە.

هەندێ جار نزیکترین کەس لە چیرۆکەکە مەرج نییە باشترین سەرچاوەی زانیاریی راست بن. لەم کەیسەدا، لەوانەیە خەڵک حەز بکەن بزانن هەستی ئەکتەرە بەناوبانگەکە چییە دوای لەدەستدانی کوڕی دووەمی. بەڵام دەبێ بڕیار بدەی ئاخۆ ئەوەی دەیڵێ راستە و تۆش کۆتی دەکەی. لەوانەیە بڵێی بەهای هەواڵ هەیە چونکە دایکەکە بەناوبانگە و قسەی ئەو لەسەر مردنی کوڕەکەی گرینگە، بەڵام دەبێ رەچاوی ئەوە بکەی ئەوەی دەیڵێ لە کات و هەلومەرجێکی گونجاودا یان لە ژێر خەم و پەژارەدا گوتراوە. لەبەر خەمە

گەورەکەی لەوانەیە بەرپرسیارەتیی لەدەستچوونی کوڕەکەی بخاتە ئەستۆی خۆی، یان لەوانەیە نکوڵی لە کوڕەکەی بکا کە خۆی کوشتووە و بەجێی هێشتووە. ئەم دوو کاردانەوەیە باون لە کەسێکدا لە کاتی خەم و پەژارە. ئاخۆ ئەو قسانەی دایکەکە کە تۆ بەتەواوی تۆمارت کردووە مانای ئەوەیە بەکاریان بێنی و بڵاویان بکەیەوە؟

لە هەڵسەنگاندنی وردەکاری و باوەڕی زانیارییەکان، دەبێ ئاگەداری دەنگۆ و پاگەندە بی. بۆ نموونە، پۆلیس لە شوێنی ڕووداوەکە پێت دەڵێ ئەو گومانی هەیە مردنەکە بەهۆی کحولەوە بووە. ئەمە هێشتا فاکت نییە چونکە تەنێ پشکنینی پزیشکی دەتوانێ ئەوە بسەلمێنێ. نابێ پاگەندە و دەنگۆ و ڕا بڵاو بکەیەوە هەرچەندە ئەگەر پۆلیسیش وا بڵێ.

دراوسێکە لەوانەیە پێی وابێ زانیویەتی چ باس بووە لە ماڵی برادەرەکەی، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو تەنێ ئەوە دەزانێ کە پێی گوتراوە. لەوانەیە ئەویش خەمی بێ و بەدوای یەکێک شتێکدا بگەڕێ لۆمەی بکا. ئەمەش کاردانەوەیەکی باوە لە کاتی پەژارەدا.

ئەو کوڕانەی تەرمەکەیان دیتەوە زۆر نیگەران نەبوون بەمردنی کوڕەکە، بەڵام زیاتر گرینگی بەدەرکەوتنی خۆیان دەدەن و حەزیان دەکرد زیاتر بزانن تا قسە بکەن و خۆیان هەڵکێشن. لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە، تۆ بۆ ڕۆژنامەیەک کار دەکەی، بەهای هەواڵی تایبەت بەرۆژنامەکە سەر دەکەوێ.

### ڕەنگدانەوەی ڕەخنەیی

دوای ڕەچاوکردنی هەموو زانیارییەکان، پێویستە بڕیار بدەی کام فاکتە مانای چیرۆکەکەت ڕوونتر دەکاتەوە. وەک ڕۆژنامەنووسێک تۆ بڕیار دەدەی خەڵک چەند زانیاری پێ بگوترێ. ئەوەی تۆ هەڵیدەبژێری و لایدەدەی ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر تێگەیشتنی خەڵک بۆ چیرۆکەکە. ئەمە ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر تێگەیشتنی خەڵک لەبارەی پرسی گشتیی

خۆکوشتنی گەنجان و کاریگەریی راستەوخۆ لەسەریان. لەوانەیە لە ژووری هەواڵ پاڵەپەستۆ بخەیتە سەر لایەنە هەستیارەکانی چیرۆکەکە، بەڵام دەتوانی تەنێ بەشێک بیت لە چارەسەر یان لە کێشە. لەوەش گرینگتر، دەتوانی هەواڵێکی باش بنووسی بێ ئەوەی زیان بەکەس بگەیەنی.

دوای ئەوە بڕیار دەدەی کام فاکت لە هەواڵەکە دادەنێی. بۆ ئەمەش، دەبێ وەڵامی چەندان پرسیاری تر بدەیەوە. ئاخۆ پرسیارگەلی کێ، چی، لەکوێ، کەی، بۆچی و چۆن هەردەم شیاون و دەبێ لە هەواڵ وەڵام بدرێنەوە؟ لەم کەیسەدا، ناسنامەی کوڕەکە گرینگە چونکە ئەگەر هەواڵەکە بێ ناوی ئەو بنووسی ئەوا ناتوانی ناوی دێبابیشی بنووسی. ئەمە گرینگە چونکە پرۆفایل و پێگەی دایکی سەرنجی خەڵک زیاتر رادەکێشێت. ئەگەر ناوەکان بەکار بێنی، ئاخۆ ئەمە مانای ئەوەیە بەهای حەزی خەڵک گرینگترە لە مافی پرایڤەسی ماڵباتەکە؟

کە دێیتە سەر وەسفکردنی "چۆنیەتی"ی روودانی مردنەکە، چەندان زانیاریت لەبەر دەمدایە. بۆ هەڵسەنگاندن، پێویستە رەچاوی هەموو وردەکارییەکانی خۆکوشتنەکە بکەی. لێکۆڵینەوەگەل دەریان خستووە باسکردنی وردەکاری خۆکوشتن وایکردووە ئەوانەی خۆیان دەکوژن هەمان رێگە بەکار بێنن. لەوانەیە بگەیتە ئەو قەناعەتەی کە خەڵک زۆر حەز دەکەن چۆن خۆکوشتنەکە رووی داوە، بەڵام ئاخۆ بەوە رازی دەبی کە تۆ باست کرد و دواتر خەڵک بێن هەمان رێگە بەکار بێنن بۆ خۆکوشتن؟

پێویستە بیر بکەیەوە تۆ تەوەقوعی چی دەکەی لەم هەواڵە بەدەست بێنی. لەلایەک، سروشتی مرۆ وایە کە حەز دەکا هۆیەلی هەردوو مردنەکە بزانێ. لەلایەکی ترەوە، ئاخۆ ئەمە کاری تۆیە باسی ئەو پرسانە بکەی؟ بەرچاوکردنی هەموو ئەو شتانەی تا ئێرە بیرت لیکردوونەتەوە، لەوانەیە دیسان رەچاوی بەرژەوەندیی گشتی بکەی و بپرسی ئەم هەواڵە چ سوودێک بەبەرژەوەندیی گشتی دەگەیەنی؟

ئاخۆ چیرۆکەکەم ئامانجی ئەخلاقیی زیادبوونی تێگەیشتن لەبارەی خۆکوشتنەوە دەپێکێ؟ ئەو چیرۆکەی لەم سیناریۆیە دەکەوێتەوە دەکرێ بەشێوەیەکی تراجیدی و گێڕانەوە بینووسی، جەخت بکرێتە سەر پەژارەی دێباب و لەدەستچوونی کوڕەکەیان وێڕای ئەوەی ماڵباتێکی سەرکەوتووش بوونە. بەهای هەواڵ لێرە وات لێ دەکا هەواڵێکی باش لەسەر ئەم کەیسە بنووسی، هەواڵێک کە خەڵک ببزوێنێ. لەوانەشە بڵێی هەواڵێک دەنووسم لەبارەی ئەوەی خەڵکی سەرکەوتوو هەندێ جار وەک دێباب کەمتر کاریگەرن لەچاو دێبابی ماڵباتێکی ئاسایی. دەبێ ئاگەداری ئەوە بی کە ئەم جۆرە رووداوانە دێنە پێش یان ئەوەتا بەهۆی چارەنووسەوە یانیش بەهۆی فەشەلی دێبابەوەیە.

لە کۆتاییدا، لەبەرئەوەی لە نووسینی ئەم جۆرە هەواڵە تۆ یان بەشێکی لە چارەسەر یان لە کێشەکە، دەبێ لە خۆت بپرسی: ئاخۆ راپۆرتەکەی من یەک دەگرێتەوە لەگەڵ رێنوێنییە ئەخلاقییەکان بۆ نووسینی لەبارەی خۆکوشتنەوە؟ هەندێ جار داواگەلی ژووری هەواڵ لەگەڵ ئەولەویاتی رۆژنامەوان نایەنەوە لە ئاڵوگۆڕی تایبەتیی نێوان پەیامنێر و دیمانی. ئەگەر ویستت دانوستاندن لەگەڵ نووسیارێک بکەی کە حەزی لە هەواڵی هەستیارە، دڵنیابە لەوەی بای ئەوەندە فاکتت لایە بیسەلمێنی هەواڵەکە چەند زیان دەگەیەنی. تەنانەت ئەگەر نووسیارەکەت پێی داگرت، تۆ هێشتا دەتوانی زاڵ بیت و جەخت لەسەر لایەنە هەستیارییەکانی چیرۆکەکە بکەیەوە.

### ئەنجام

رۆژنامەوانی گەلێ جیاواز دەردەکەوت ئەگەر پەیامنێران دیمانەیان وەک لێکۆڵینەوە بەکار نەهێنابا. بۆ دەسپێک، زۆر زیاتر دەخایەنێ زانیاری کۆکەیەوە و سەریان لێ دەربکەی. رۆژنامەوانی ئەوەندە راستەوخۆ و خۆش

نەدەبوو ئەگەر بێو رۆژنامەنووسان تەنێ پشتیان بەوشکە فاکت ببەستابا و دەنگی ئەو کەسانەیان لە بیرکردبا کە لایەنی سەرەکی رووداون و تەنێ جەختیان لەسەر شارەزایان کردبایەوە. بۆ نموونە، ئەگەر خەڵک ویستی شتێک بزانێ لەبارەی ئەوە لە پەرلەمان رووی دا لە رۆژێکی تایبەتدا، دەیانتوانی چاوەڕێی نووسراوی پەرلەمان بکەن کە لە کۆتایی رۆژەکەدا دەردەچێ. بەڵام، زانیارییەکە بەزمانی پەرلەمانی دێتە گۆتن و خوێنەر دەبێ ئەم سەر و ئەوسەری بەرگە ئەستوورەکانی پەرلەمان بکەن تا ئەو زانیارییە دەدۆزنەوە کە بایەخی پێدەدەن. یان لەوانەشە خوێنەر هەر نەتوانێ بەسەر ئەو هەموو نووسراوەی پەرلەماندا بچێتەوە. رۆژنامەوان کۆنترۆلیان هەیە لەسەر ئەوەی چییان پێ دەگۆترێ، عادەتەن راهاتوون بەو پرسیارانەی هەڵی دەبژێرن بۆ کردن. بەڵام، رۆژنامەوان هەردەم کۆنترۆلی بڕیاردانی بەدەستە لەبارەی ئەوەی کام زانیاری بەسوودە بێتە گۆتن و کامەش دەبێ بێتە لابردن و باس نەکرێ.

ئەم کۆنترۆڵە لە بەشی دابێ قووڵتر باسی لێوە کراوە. بەشی دابێ جەخت دەکاتە سەر پرۆسەگەل لە هەڵسەنگاندنی ئەو زانیارییەی خۆت کۆیان دەکەیەوە. ئەو سەرچاوانە برێتین لە پایلی کتێبخانە، گشتی و تایبەتی، ئینتەرنێت و ئەرشیڤەیلی میدیا.

### خشتەی کۆکردنەوەی هەواڵ لە کاردا– هەڵسەنگاندنی سەرچاوەیلی سەرەکی

کوڕی ئەکتەرێکی ژنی بەناوبانگ بەمردوویی دۆزراوەتەوە. بەدارێکەوە لە گەڕەکێکی لۆکال و لە شوێنێکی گشتی هەڵواسراوە. یەکێک لە هاوکارنت لە ژووری هەوال بیرت دەخاتەوە کە مردووەکە یەک تاکە برای هەبوو و ئەویش دوو ساڵ لەمەوبەر بەرووداوی ئۆتۆمبێل مرد. پۆلیس لە شوێنی رووداوەکەیە، دیمانە لەگەڵ ئەو کەسە دەکرێ کە لاشەکەی دۆزیوەتەوە. ئەو

کەسە هاوڕێی مردووەکە و دایکە جەرگسووتاوەکەیە. سنوورەکانی نووسینی ڕاپۆرت لەبارەی مردن و خەم چییە؟ کەی لە بەرژەوەندیی گشتیدایە ڕاپۆرت لەسەر خەم بنووسی؟ سنوور هەیە بۆ ڕۆڵی گشتیی کەسایەتییەکی گشتی؟

↓

ئاخۆ خەڵک حەز دەکا ئەمە بزانێ؟ بۆچی؟
ئاخۆ هەواڵەکە زیان بەکەس دەگەیەنی؟
پاساو هەیە بۆ زیانەکە؟
لایەنەیلی هەواڵەکە کێن؟
چیرۆکەکە بەدواداچوون دەهێنێ؟ بۆچی؟

↓

کام بەهای هەواڵ پێوەندی بەو ئاکامانەوە هەیە؟

↓

پێشتر چی لەبارەی ئەمەوە دەزانی؟
چۆن دەیزانی؟
هیچت لە مێشکت داناوە؟
دەتوانی ئەوەی دەزانی پشتڕاست بکەیەوە؟چۆن؟

↓

پێویستت بەکامە فاکت هەیە بۆ نووسینی چیرۆکەکە؟

کێ مردووه و چی بەسەرهاتووه؟ چۆن؟

ڕووداوەکە لە کوێ بوو؟ کەی؟

ئاخۆ پێویستە بزانی بۆچی ڕووی دا؟

ئاخۆ دەکرێ ئەم کارە بکەی؟

↓

چۆن دیمانی هەڵدەبژێری؟

ئاخۆ ئەزموونی دەستی یەکەمن لە حاڵەتەکە؟

ئاخۆ دەتوانن کۆت دابین بکەن بۆ پتر تێگەیشتنی خوێنەر؟

فاکتی پشتڕاستکراو دابین دەکەن؟

لە سۆنگەیەکی ڕەسمیی دەسەڵاتەوە قسە دەکەن؟

↓

تەوەقوعی چ زانیارییەک دەکەی بەدەستی بێنی؟

دیمانییەکان دەتوانن زانیاری دەستی یەکەم دابین بکەن؟ زانیارییان گشتییە یان تایبەتی؟

زانیارییەکان پشتڕاست دەکرێنەوە، چۆن؟

دیمانییەکان جێی باوەڕن؟بۆچی؟

دڵنیای زانیاریی دیمانییەکان ڕاستن و پتشیان پێ دەبەسترێ؟

↓

سەرچاوەکانت تا چ ڕادەیەک باوەڕپێکراون؟

هیچ یەکێ لە دیمانییەکان بۆچوونی وەک فاکت باس کرد؟

هیچ لە دیمانییەکان زانیاری دا کە پاگەندە یان دەنگۆ بێ؟

دیمانییەکان پێدەچوون بتوانن وەڵام بەراست و دروستی بدەنەوە؟

دیمانییەکان زانیارییان هەبوو تا بتوانن بەتەواوی قسە لەسەر رووداوەکە بکەن؟

هیچ زانیارییەک هەیە نەتوان پشتڕاستی بکەیەوە؟ ئاخۆ دەکرێ ئەو زانیارییە پشتڕاستنەکراوە بەجێ بێڵی؟بۆچی بەجێی دێڵی؟

قەناعەتت بەوە هەیە کە سەرچاوەکانت جێی باوەڕن؟

کام بەهای هەواڵ پێش ئەوانی تر دەکەوێ؟

بیرۆکەی شۆرت و ناوبانگی کار لە بڕیارەکەت دەکەن؟

چۆن فاکتەکانت هەڵدەبژێری؟

دەبێ چی لە چیرۆکەکەدا هەبێ؟

هیچ کۆتێک هەیە لایبەری؟ بۆچی؟

کامە شت گرینگترینە لای خوێنەر؟

دوای ئەوەی خوێنەر هەواڵەکە دەخوێنێتەوە هەست بەچی دەکا؟

ئاخۆ هەواڵەکە رێکە لەگەڵ رێنوێنی ئەخلاقی بۆ نووسین لەبارەی خۆکوشتن؟

هیچ یەکێ لە فاکتەکان زیان بەکەس دەگەیەنی؟ پاساو هەیە بۆ زیانەکان؟ بۆچی

پاڵەوان یان پیاوخراپت دەست نیشان کردووە؟

↓

چۆن چیرۆکەکە دەنووسی؟

گۆشەکەت چییە؟

تا چەند رەچاوکردنی خوێنەر کار لە نووسینەکەت دەکا؟

ئاخۆ پێویستت بەزانیاریی زیاتر نییە؟

## هەڵسەنگاندنی سەرچاوەیلی هەواڵ

ئاژانسێکی هەواڵ هەواڵێک بڵاو دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە: ژن و مێردێکی پیر بەمردوویی لەماڵەکەیاندا دەدۆزرێنەوە. بەهۆی سیستمی غازەوە ژەهراوی بوونە و مردوون. کچەکەیان پاگەندەی ئەوە دەکا کە خەتای سیستمی غازەکە بووە. کۆمپانیای غاز رایدەگەیەنێت کە هیتەرە غازییەکە هاتووەتە پشکنین و هیچ کەموکوڕی نەبووە و دەبێ خەتای ژن و مێردەکە خۆیان بێ. تۆ پەیامنێری و داوات لێ دەکرێ لەمە بکۆڵییەوە، بزانی ئەگەر چیرۆکێکی گەورەتری لێ بکەوێتەوە و بینووسی.

رۆژنامەوان سەرچاوەیلی لاوەکی وەک ئەمانە بەکار دێنێت: کلیپینگی رۆژنامە (دێرێک یان دووان)، ئەرشیف، کتێب، تۆمار و دۆکیومێنتی فەرمی لەگەڵ سەرنج و لێکدانەوەیلی خۆی.

هەرچەندە رۆژنامەوان زۆر پشت دەبەستێ بە سەرچاوەیلی مرۆیی بۆ زانیاری و کۆت، بەڵگە بۆ راگەیاندنی شتێک عادەتەن لە سەرچاوەیلی جەستەییدایە. زنجیرەی سەرچاوەیلی جەستەیی بەپێی خەیاڵی رۆژنامەوانەکە خۆی سنووری هەیە. بۆ نموونە، چەندان کتێبخانەی جۆرەوجۆر هەن جیا لە کتێبخانەیلی گشتی. کتێبخانەی یاسا هەیە، کتێبخانەیلی زانکۆ، ئەرشیڤی حکوومەتی لۆکال و بەلاڤۆکەیلی حکوومی، ئەمانە بەشێکی کەمن لە سەرچاوەیلی زەوەند. لەناو کتێبخانەی گشتیش

سەرچاوەیلی تر هەیە وەک ئینسایکلۆپیدیا، پەرتووکەیلی ساڵ و تۆماری کەشوهەوای ساڵ کە رۆژنامەوان بەکاریان دێنێ بۆ چێککردنی فاکتەیل. سەرچاوەیلی تریش هەن وەک سەرچاوەیلی بایۆگرافی، سەرچاوەیلی لیستی کۆمپانیاکان و تاد. سەرچاوەیلی کاروبای گشتی هەیە وەک فایلی فاکتەکانی ئەمەریکا، ئیندێکسی تایمز، لەندەن. بۆ نموونە، ئەتڵەسگەلی بڵاوکراوەی شەستەکان پێشانی دەدا شتەکان چەندە گۆڕاون. وڵاتەیلی وەک سیام، پێرشیا، رۆدیسا و یەکەتیی سۆڤیێت نەماون، سنوورگەلی نیشتمانی ئەوەندە خێرا دێنە گۆڕین ئەتڵەسگەلیش خێرا خێرا دەگۆڕێن. زۆربەی رۆژنامەوانان لەسەر مێزیان سەرچاوەیلی هەرە تازەیان لەبەردەستە وەک فەرهەنگی نوێ، کتێبەیلی شەقام و تەلەفۆنە و ناونیشان. تەنانەت دەفتەری پێوەندییەکانی رۆژنامەوان خۆی، کە وردەکاریی سەرچاوەیلی تێدایە، ئەویش خێرا دێتە نوێکردنەوە.

رێکخراوەیلی گەورەی هەواڵ ئەرشیڤی میدیایان هەیە، وەک کتێبخانەیەکە هەموو هەواڵ و راپۆرتی بڵاوکراوەی پێشووی بەپێی بابەت تێدایە. ئەمڕۆ، رۆژنامەوانەیل بەناو ئەو داتابەیسە جەستەییانەدا دەگەڕێن بەهەمان شێوەی گەڕان لە ئینتەرنێت. ئەو فایلانە شتگەلی زۆر باشن بۆ رۆژنامەوان چونکە ئەنجامی خێرایان پێ دەدا لەچاو دانیشتن و خوێندنەوەی رۆژنامە دێر بەدێر.

ئێستە رۆژنامەوان زیاتر و زیاتر ئینتەرنێت بەکار دێنێت بۆ گەڕان بەدوای زانیاری باکگراوندی و دۆزینەوەی سەرچاوەیلی هەواڵ. ئینتەرنێت زۆر خێرا سەرچاوەیلی هەواڵ دەدا بەدەست، وەک بەشەکانی حکوومەت کە لێدوان و پرێس رلیسەکانیان تێدایە. راستییەکەی، بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی ئۆنلاین لەلایەن رۆژنامەوان بووەتە شتێک مایەی حەسانەوە چونکە زۆرترین فایل و سەرچاوە و زانیاری رۆژانە دەخرێنە سەر تۆڕی ئینتەرنێت. ئینتەرنێت هەردوو سەرچاوەیلی دۆکیومێنتی و مرۆیی دەدا بە

رۆژنامەوان، سەرچاوەگەلێک قەت پێشتر نەیانبینیوە و نەیانزانیوە. تاپسۆل وەسفی ئەوە دەکا چۆن رۆژنامەوان داتا کۆ دەکاتەوە و بەکاری دێنێ بۆ قورسکردنی چیرۆکەکە یان دیتنەوەی بیرۆکەی هەواڵ. ئەو پێی وایە وێڕای زانیاری باش، ئینتەرنێت زانیاری "پیس"یشی تێدایە و ناڕاستن، ئەمەش پێویستی بەکارێکی زۆرە بۆ پشتڕاستکردنەوە. ئەم بەشە باسی پرۆسەگەل دەکا رۆژنامەوان بەکاری دێنن بۆ نووسین: گەڕان بەناو ئەرشیڤ و کتێبخانە، ئامار، میدیا رلیس و پشتڕاستکردنەوەی سەرچاوەیل.

## هەڵسەنگاندنی سەرچاوەیلی هەواڵ

مێنچەر دەڵێ رۆژنامەوان "ترس و رێزی هەیە بۆ وشە"، جا گرینگ نییە سەرچاوەکە چی بێ چونکە رۆژنامەوان هەموو تەمەنی بەسەر دەبا لەگەڵ وشە لەسەر رۆژنامە. رۆژنامەوان کەمتر کات بەسەردەبەن لە پشتڕاستکردنەوەی زانیاری دۆکیومێنتکراو لەچاو پشتڕاستکردنەوەی قسەی سەرچاوەیلی مرۆیی. بۆ نموونە، رۆژنامەوان ئەرشیڤی میدیا یان کلیپینگی رۆژنامە بەکار دێنن. رۆژنامەوان دەزانێ دوای دیمانەکەی ئەو، میدیای تر زانیاریی ئەو سەرچاوەیە وەردەگرن. بەڵام، رۆژنامەوانی خەمی نییە کاتێ بۆ زانیارییێک پشت دەبەستێ بەراپۆرتێکی بڵاوکراوە چونکە دەزانێ رۆژنامەوانەکەی پێش ئەو راستی گوتووە. عادەتەن رۆژنامەوان نازانێ چۆن بەلاڤۆکی پێشوو دێتە ئەرشیڤکردن. ئەو رۆژنامەوانەی کاری یەکێکی تر وەک فاکت بەکار دێنێ، نازانێ چۆن رۆژنامەوانی یەکەم زانیاری هەڵبژاردووە. ئەو رۆژنامەوانەی کاری رۆژنامەوانی تر وەک سەرچاوە بەکار دێنێ هێندەی رۆژنامەوانەکە جێی باوەڕە. پرۆسەگەلی بیرکردنەوە پێویستی بەهەڵسەنگاندنی سەرچاوەیلی جەستەییە، ئەمە کارێکی ئاڵۆزە و دەبێ بەڕژی بێتە وەرگرتن لە پێناو دروستکردنی متمانە و بەردەوامبوون.

نموونەی ئەو بابەتە وەرگرە کە بەشێکە لە لێکۆڵینەوەی ئەم بەشە.

بابەتەکە لە تەمموزی ١٩٩٨ لە گۆواری وۆکلی بڵاو کراوەتەوە، کە بەلاڤۆکێکی نیشتمانیی دەستەی ڕۆژنامەنوانانی ئوستراڵیایە. ڕۆژنامەوانێک، کە هەڵگری خەڵاتی باشترینە ڕۆژنامەوانە، بابەتەکەی نووسیوە و وەک پەیامنێر لە واشنتن دیسی ئەو کاتە کاری دەکرد. ئێلین فانینگ بەوەی زانی کە ڕاستی زۆرجار دەکرێتە قوربانی ڕاکەڕاکەی بڵاوکردنەوەی هەواڵ لەسەر ئینتەرنێت.

بۆ هەڵسەنگاندنی سەرچاوەیەکی جەستەیی، یەکەم جار دەبێ قەناعەتت بەوە هەبێ کە قسەی سەرچاوەکە دەقیقە. مەرج نییە هەر زانیارییێک لە کتێب بڵاو بکرێتەوە دەقیق بێ. ڕۆژنامەوان هەردەم دەبێ ڕەچاوی مێژووی بڵاوکردنەوەکە بکەن لە هەڵسەنگاندنی تازەیی زانیارییەکە. بۆ نموونە، ئەو کتێبانەی لە شەستەکانەوە نووسراون زۆرجار جیاواز باسی مێژووی کۆمەڵایەتی دەکەن لەچاو ئەوانەی بەم دواییانە نووسراون. لە کەیسی بابەتەکەی گۆواری وۆکلی، بەلاڤۆکەکە و نووسەریش بەناوبانگن، بەڵام لەوانەیە بۆچوونی نووسەر لە ماوەی چوار ساڵدا گۆڕانی بەسەردا هاتبێ. لە هەڵسەنگاندنی زانیاری لەو بابەتەدا، تەواوی وتارەکە ڕای نووسەر خۆیەتی. بۆیە هەر شتێک لەو وتارە بەکار بێنی، دەبێ یەکەم جار پشتڕاستی بکەیەوە ئەو جار بینووسی. ئەمەش دەکرێ بەهۆی قسەکردن لەگەڵ سەرچاوەی سێیەم، بۆ نموونە، ئەرشیڤی ڕۆژنامەکە.

هەر کاریگەرییێکی تر لەسەر سەرچاوە دەبێ بێنە ناساندن و ڕەچاوکردن. پالیتز و ئینتمان دەڵێن لە هەر شوێنێک ڕێکخراوی میدیا مەبەستی کۆکردنەوە و نووسین و وەشانی هەواڵ بێ، ئاکامەکەی پشت بەستنە بە سەرچاوەی فەرمی و یەکەتیی نووسین. ماکمانوس دەڵێ ئاسانە پشت ببەستی بە ئاژانسەیلی هەواڵ و پرێس رلیس بۆ فێربوون لەبارەی ڕووداوەکانی کۆمەڵگە. ئەو دەڵێ ئەمە باشترە لەوەی ڕۆژنامەوان بگری و هەواڵت بۆ بدۆزنەوە. دەڵێ ئەمە ڕۆژنامەوانیی بێ هەستە و کارنامەیەکی

گـشــتـی دروست دەکــا لەلایەن ئـەوانەی بـەهێــزن لە کــۆمــەڵگە و پیــاوی چاپەمەنیان هەیە و رووداو دادەپۆشت.

پشتبەستن بە سەرچاوەیلی هەواڵ دەتوانرێ بێتە قۆرکردن بۆ کارکردنە سەر کارنامەی هەواڵ بەرێگەیەک رۆژنامەوانت دێنێتە بەرچاو وەک ئەوەی نەتوانێ یان نەیەوێ بەرگــــە بگرێ. ئەم جێبەجێ دەبێ لە میدیای نووسرا و بینراو و بیسراو.

رۆژنامــــەوان زۆر حـــەزی لە ســــەرچاوەیلی ئـەلیکتـــرۆنی هەواڵە، وەک ئینتـەرنێت، داتابـەیس و گرووپی هەواڵ چونکە خێـران و بەئاسـانی دەست دەکـەون. داتابەیسی ئۆنلاین زانیـاریی تایبـەتی بێـژمـار دەخـەنە بەردەست لەســـەر داوای رۆژنامـەوان. ئەگـەر بێـو بەدەست لەو زانیــارییـانە بگەڕێی، لەوانەیە چەندان مـانگی بوێ، بەڵام بەهۆی ئـامێری گەڕان لە کۆمیـوتەر زۆر بەئاسانی و دەتوانی لە چەندان بوار لە مـاوەی چەند چرکەیەکدا بەدەستیان بێنی.

کـۆچ بۆچوونێکی ئـەرێنی هـەیە لەســەر رۆڵی تەکنەلۆجـیـای ئۆنلایـن بۆ داهاتووی رۆژنامــــەوانی. ئەو دەڵێ ئینتــــەرنێت و تـەکنـەلۆجــیــای تر بۆ هەڵگرتنی زانیــاری، بـەری ژووری هەواڵ زۆر فــراوانتــر دەکــا. پێی وایە داهاتووی رۆژنامـەوانی تازەپێگەیشــتـوو گـەشـە چونکە دەتوانێ ئـازادانە دەسـتـی بەو سـەرچاوانە بگا خۆی هەڵیـان دەبژێرێ. ئەو هیـوای ئەوەیە ئەو رۆژنامـەوانانە پرسیـاری باشتر بکەن چونکە زانیاری باکگراونی باشتریان لە خـزمـەت و بەردەســتــە. کـۆچ پێی وایـە ئەمـە کـوالیـتی رۆژنامــەوانی و شکۆمـەندیی رۆژنامەوانان باشتـر و بەهێزتر دەکا. دانیش بەوەدادەنێ کە بەرگـەگـرتنێک لە نێـو رۆژنامـەوان و نووسـیـاران هـەیە کـە پێـیـان وایە زانیاریگەلی ئەرشیڤ کات زۆر دەبەن.

سـەرچاوەیلی ئۆنلاین وەک ئنیتەرنێت زۆرجـار مەترسیشیـان هەیە. ئازاد

گەیشتن پێی واتە هەر کەس دەتوانێ زانیاری بڵاو دەکاتەوە بێ گوێدانە دەقیقی ئەو شتەی دەینووسێ. لە کەیسێکی بەم دواییانەدا، دەستەی رایفلی نیشتمانی ئەمەریکا لەسەر وارگەی ئەلیکترۆنی بڵاوی دەکاتەوە و دەڵێ: تاوانی چەک سەتا سی زیادی کردووە لە ئوستورالیا لەوەتەی سەپاندنی یاسای چەک. ئەم ئامارە کە وەک فاکت نووسراوە پشتڕاست نەکراوەتەوە بەو ئامارەی کە لەلای نووسینگەی ئاماری تاوانی ئوسترالیا هەیە. رۆژنامەوانێک کە پەسندی ژمارەکانی دەزگە ئەمەریکییەکە دەکا زۆر زەحمەتە بتوانێ پشتڕاستی بکاتەوە چونکە پێی وایە هەر ئەو راستە. وایت دەڵێ زەحمەتیی پشتڕاستکردنەوەی زانیاری مەترسییەکی راستەقینەیە. نووشداری دەدا "دەبێ هێشتا لە خۆت بپرسی دەسەڵاتی ئەم زانیارییە چییە، چەند تازەیە، تا چەند دەتوانم وەک بەهایەکی راست وەریگرم؟"

### بەکارهێنانی سەرچاوەیلی هەواڵ لە کاردا

لەو سیناریۆیەی لە سەرەتای ئەم بەشەدا باسکراوە، دەبێ یەکەم جار بڕیار بدەی ئاخۆ فاکتەکان ئەوەندە زۆرن چیرۆکێکی گەورەتر دورست بکەن. وەک لە بەشی چوارەمدا باسکرا، تۆ بڕیاری بەهای بیرۆکەی چیرۆک دەدەی. ئاخۆ بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکە لە بەرژەوەندیی گشتیدایە؟ لەوانەیە لێرە رەچاوی مافی گشتی بۆ زانین بکەی چونکە لەوانەیە ئاگەداری مەترسیێک نەبن بۆ سەر ژیانیان. ئاخۆ زیان بەکەس دەگات ئەگەر بێو چیرۆکەکە راست بێ و تۆش بڵاوی نەکەیەوە؟ کۆمپانیاکەی غاز تووشاری زیانێکی دارایی دەبێ ئەگەر بێو خەڵک متمانەی سەلامەتیی غاز لە دەست بدنە. ئاخۆ پاساو هەیە بۆ ئەو زیانە بەو کارەی تۆ دەیکەی؟

ئەگەر بڕیار بدەی بەردەوام بی، پێویستە فاکتەکان کۆ بکەیتەوە و بڕیار بدەی چۆن دەیانزانی. بۆ ئەمەیان پێویستت بە بەڵگەیە وەک حاڵەتگەلی پێشووی مردن بەهۆی غازەوە. هەروەها پێویستە هەندێ باکگراوند پەیدا

بکەی لەسەر ئەوەی چی گوتراوە لەبارەی ئەم پرسە و ئەو زانیارییانەی وەرتگرتوون پشتڕاست بکەیەوە.

کاتێ دەست دەبەی بۆ سەرچاوەیلی بەردەست، دەبینی پێشتر قسە لەسەر ئەو پرسە کراوە لە ئاژانسەیلی هەواڵ، وەک ئەسۆشیەتد پرێس. کۆمپانیاکەی غاز قایل نابێ دیمانە بکا، بەڵام دوو میدیا رلیس و ناونیشانی وارگەی ئەلیکترۆنی خیت دەداتێ. نووسیارەکەش میدیا رلیسی ترت دەداتێ کە دوای رووداوەکە وەریگرتوون. بەگشتی تۆ چوار چیرۆکەیلی هەواڵ هەیە، دوو راپۆرتی بنەڕەتی و چوار میدیا رلیس. دوویان هیی کۆمپانیاکەی غازە کە لە ئاکامی پرسیارەکانی تۆ بەدەست هاتوون و دووانیش بەپێی خۆیان و بێ پرسیارکردن هاتوون.

دوو راپۆرتە بنەڕەتییەکە

یەکەم:

٢١ی حوزەیران/ مردن بەهۆی غازەوە

شاری کاپیتال، پێنجشەمە: ژن و مێردێکی پیر بەمردوویی لە ئاپارتمانەکەیاندا هاتوونەتە دۆزینەوە، پێدەچێ قوربانی لیکی غازی هیتەر بن.

پۆلیس گوتی تەرمی جۆزیف سۆڵت، ٨٢، و ژنەکەی ماری، ٧٨، لەلایەن کچکەیان خاتوو ماری گراند،٤٢، هاتوونەتە دۆزینەوە. گراند نیگەران دەبێ دوای ئەوەی دێبابی وەڵامی چەندان تەلەفۆنی ئەو نادەنەوە. دەچێ و بەمردویی دەیاندۆزێتەوە.

خاتوو گراند، کە تەلەفۆنی بۆ پۆلیس کرد، گوتی تەنانەت دوای کردنەوەی پەنجەرەکانیش بۆنێکی تیژی غاز لە

ئاپارتمانەکەوە دەهات.

گوتیاری پۆلیس جۆن سمیس گوتی تاقیگەی پزیشکی دووپاتی کردەوە کە کەپڵەکە بەغاز ژەهراوی بووبوون.

دووەم:

٢٢ی حوزەیران/مردن بەهۆی غاز/گلەیی/سمیس

شاری کاپیتال: کۆمپانیای غازی نیشتمانی رەتی کردەوە خزمەتگوزاریی غازی لۆکال مەترسیدار بێ دوای مردنی کەپڵێکی پیر لە ئاپارتمانەکەیان.

گۆتیارێکی کۆمپانیاکە دەڵێ غاز بەتەواوی سەلامەتە ئەگەر خەڵک کەمێک خەمی چاکردنەوەی وردە کەموکوڕیی سیستمەکە بخۆن.

"کۆمپانیاکە ناتوانێ بەرپرسیارەتیی بێگوێیی موشتەرییەکانی بگرێتە ئەستۆ،" گۆتیارەکە گوتی.

دوێنێ کچی کەپڵەکە گوتی هیتەری ئاپارتمانەکە سەلامەت نەبووە و حاڵەتەکەی وەها وەسف کرد "تراجیدیایەک چاوەڕێ بوو روو بدا"

خاتوو ماری گراندی چاو بەگریان باسی ئەوەی کرد چۆن تکای لە دێبابی، کە دوێنێ بەمردوویی بەهۆی ژەهراوی غازەوە دۆزراونەتەوە، کردووە هیتەری ئاپارتمانەکەیان بگۆڕن.

"بەردەوام پێم دەگوتن هیتەرەکە بەم شێوەیە چەند مەترسیدارە. دەمویست ئەوان هیتەرەکەیان لە غازەوە بگۆڕن بۆ کارەبایی، بەڵام گوتیان کۆمپانیاکەی غاز لەبەر دڵنیانەبوونی سەلامەتی نەیانتوانیوە ئەو هیتەرانە بفرۆشن."

دێبـــابی خـــاتوو گـــراند، جـــۆزیف و مـــاری ســـۆڵت، دوێنـێ بەمردوویی لە ئاپارتمانەکەی هاتوونەتە دۆزینەوە.

"کۆمپانیاکەی غاز گوتی پرسەکە چاککردنەوە بوو و ئەوان بەرپرسیار نین."

"دایک و باوکم بەداهاتێکی کەم خانەنشین بوون و ئێستەش لۆمەی مردنیان دەکەوێتە سەر خۆیان،" کچەکە گوتی.

لە ماوەی ١٢ مانگی رابردوودا، پێنج کەس بەهۆی هەڵمژینی غازەوە مردوون، زۆربەیان پیر بوون.

چوار هەواڵەکە

یەکەم

کۆمپانیای غاز لۆمەی مردووان دەکا لەبەر لیکی غاز

کۆمپانیای نیشتمانیی غاز گلەیی مردنی کەپڵێکی پیر بەهۆی ژەهراوی بوونی غاز لە حەفتەی رابردوو دەخاتە ئەستۆی کەپڵەکە خۆیان.

"کۆمپانیاکە ناتوانێ بێگوێیی موشتەرییەکانی بخاتە ئەستۆ،" گۆتیاری کۆمپانیاکە گوتی.

گۆتیارەکە گوتی سیستمی غازەکە "بەتەواوی سەلامەتن ئەگەر خەڵک کەمێکی خەمی چاکردنەوەی بخۆن."

هاوکات، بەرێوەبەری گشتیی کۆمپانیاکە، بەرێز جۆن سیلڤەری توورە، گوتی پیشەسازیی نیشتمانیی غاز پێوەری زۆر باشی هەیە بۆ کاری تەکنیکی، سەلامەتی و کوالیتی.

ئەم بەرتەکە دوای ئەوە دێ کە کچی کەپڵەکە، خاتوو ماری گراند، کۆمپانیاکەی تاوانبار کرد بەدانانی ئامێری خراپ لە

ماڵی دێبابی.

له ماوەی ١٢ مانگی رابردوودا، پێنج کەسی پیر بەهۆی هەڵمژینی غازەوە مردوون.

دووەم:

پیاوێکی غازلێدراو دەدۆزرێتەوە

پیاوێکی شاری کاپیتال بەهۆی ژەهراویبوونی بەغاک له مردوویی له ئاپارتمانەکەی دەدۆزرێتەوە.

جۆن براون، ٤٩، پێ دەچێ مردبێ دوای هەڵمژینی دووکەڵاوی غازی هیتەرئی ئاپارتمانەکەی.

دراوسێکان پۆلیسیان ئاگەدار کردەوە دوای ئەوەی بۆنی غازیان کرد له ئاپارتمانەکە.

پۆلیس دەڵێ پیاوەکە ماوەی چەندان رۆژ له ژووری مرد بوو.

٣ی حوزەیرانی ١٩٩٩

سێیەم:

سێیەم مردن بەغاز

ئافرەتێک بەمردوویی له ماڵەکەی دۆزرایەوە، ئەمە سێیەم کەسی پیرە بمرێ بەهۆی هەڵمژینی غاز لەم زستانەدا.

پۆلیس گوتی هیتەرێکی تێکچوو رەنگە هۆکاری رووداوەکە بووبێ.

خاتوو رۆز تیسکا،٨٢، لەلایەن دراوسێیەکی دوێنێ دۆزرایەوە.

تۆم رۆس، ٧٥، جۆن براون، ٤٩، بەهەمان شێوە له ماوەی ١٢ حەفتەی رابردوودا مردن.

٢٩ی ئابی ١٩٩٩.

چوارەم:

گلە لە هیتەری غاز کرا بۆ چوار مردن

گلەوگاز لە سیستمێکی تێکچوو کرا بۆ مردنی تراجیدیایی چوار کەس لە ماڵێکی ئاگرتێبەربوو لە شاری کاپیتال.

پۆلیس گوتی قوربانیان، کە ناویان نەهێنرا، بەکرێ لە خانووەکە بوون کە رۆژی هەینیی ئاگری لێ هەڵسا.

ئەفسەرانی ئاگرکوژێنەوە گوتیان پێدەچێ ئاگرەکە بەهۆی سووکەئاگرێکی جگەرەوە بێ کە بەر لیکی غاز کەوتووە و خانووەکەی سووتاند.

پۆلیس لە رووداوەکە دەکۆڵنەوە.

١٠ی ئابی ١٩٩٧.

بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو کەرستانە زنجیرەیەک پرسیار لە خۆت دەکەی لەبارەی هەر پارچە زانیارییێک. تاپسۆل بەمە دەڵێ دیمانەکردنی زانیاری. یەکەم پرسیار ئەوەیە: گۆشەی چیرۆکەکە چییە؟ چیرۆکەکە چەندان گۆشەی جیاوازی هەیە. بۆ نموونە، ئەو هەواڵانەی کۆتی خاتوو گراندیان تێدایە جەخت دەکەنە سەر پاگەندەیلی ئەو و حاڵەتی سۆزیاری. ئەمە تەواو پێچەوانەی میدیا رلیسی کۆمپانیاکەی غازە کە کۆمەڵێک فاکتی تێدایە. ئاخۆ زانیاریی لە کاتی سۆز کەمتر جێی باوەڕە؟ بۆچی؟ پاشان بزانە چۆن گۆشەکە بنیات نراوە. بەهۆی فاکتەکان یان رێگەی رۆژنامەوانەکە بۆ رێکخستنی فاکتەیل بنیات نراوە؟ ئاخۆ هێزی سۆزیاریی هەواڵەکە لەو کۆتانەدایە کە هاتوونەتە هەڵبزاردن یان لەو وشانەدایە لەلایەن رۆژنامەوان بەکار هێنراون؟ هەواڵە لە دید و تێڕوانینی کێ نووسراوە؟ کامە بەهای هەواڵ پشتی هەواڵەکەی گرتووە؟ بەهاکانی هەواڵ لە بەشی چوار و پێنجدا باسیان لێوە کراوە.

پاشـان، زانیارییەکـان هەڵسـەنگێنە وەک بڵێی لە دیمانە هاتبنە وەرگرتن. سـەرنجی هیچ فـاکتێکی هەڵەت کرد لە راپۆرتە بڵاوکراوەکـان؟ لە راپۆرتی یەکـەم و دووەمـدا، نـاوی مـردووەکـان لەوانـەیە جـیـاواز بن. چۆن دەزانی کـامـەیان راسـتـە؟ دەبـێ تەمـاشـای ناو، سـەرچاوە باکگراوند هەمـوو شـتێک بکەی.

چەند کـەس مـردوون؟ چۆن دەزانـی ئەوەندەیە؟ یـەک لە هـەواڵەکـان باسـی وارگەیەکی ئەلیکترۆنی دەکا. دەتوانی میدیا رلیسە وەرگیراوەکانی ئەوانەی سـەر وارگەکە چێک بکەی. بزانە کـامـەیان دەقیـقـترە؟ چۆن باوەڕی وارگەکە هەڵدەسـەنگێنی؟

بزانە هیچ زانـیـارییێک نەقـووسـانە. پاگەندەکانی هاتوو گراند پشـتڕاست دەکرێنەوە؟ ئـاخـۆ سـەرچاوەیەکی باوەڕپـێکراوی رووداوەکەیە؟ بزانە کـامـەیان زۆرترین بۆچوون و کـامـەشـیـان زۆرترین فـاکتی تێدایە. ئـەگـەر لە خـوارەوە تەماشـای مـیدیا رلیسـەکان بکەی دەبینی وەک هـەواڵێک نووسـراوە و جەختی لەسـەر گۆشـەیەک کـردووە. لەبەرئەوەی رۆژنامـەوان پێویسـتی بەگۆشـەیەکە زەقی بکاتـەوە لە هـەواڵ، بۆیە لەوانەیـە یەکسـەر هـەمـان گۆشـەی رلیسـەکە بەشـێـوازێکی تر دووبارە بکاتەوە. عـادەتـەن مـیـدیا رلیس بـەشـێـوەیەک دەنووسـرێن تا رۆژنامـەوان هـەمـان زانـیـاریی رلیـسـەکـە بـنووسـنەوە. رۆژنامەوان دەبێ خۆڕاگر بێ و بەو میدیا رلیسانە نەخلیسکێ چونکە رلیس هەیە دەڵێ دوو کـۆ دوو دەکـاتە پێنج. لەلایەکی ترەوە، دەکـرێ مـتـمـانە بەرلیـسی کـۆمـپـانیـاکـە نەکـەین بەس لەبەرئەوەی لایـەنی خـەتابارە؟ ئاخـۆ زەقکردنەوەی قـسـەی کۆمـپانیـایەکی گەورە و پشـتگوێخسـتنی گـەلەگازی هـاوولاتییان وەک بەهـایەکی هـەواڵ سـەردەکەوێ؟

میدیا رلیسی یەکەم

غازی سروشتی کوالیتی هەوال ژوورەوە دەپارێزێت

غازی سروشتی جێگرەوەیەکی سەلامەت و هەواپاکە بۆ هیتەری ناو ماڵان، کۆمپانیای نیشتمانیی غاز ئەمڕۆ گوتی.

بەڕێوەبەری گشتی جۆن سیلڤەر گوتی خراپ بەکارهێنانی یان پشتگوێخستنی سیستمی غازەکە مەترسیی گەورەی هەیە.

"بەپێچەوانەوە، پیشەسازیی غاز دەمێکە پابەندە بە کوالیتی هەوا و گرفتەکانی هەوا لە سیستمەکە،" ئەو وای گوت.

"لە ماوەی ١٠ ساڵی بوریدا، پیشەسازیی غاز ستاندارەی پیشەسازییەکەی داتا بۆ سیستمی غاز بۆ دڵنیابوون لە دەرنەچوونی غاز."

"هەروەها کارگەیلی دروستکردنی ئامێری غاز بەرنامەیلی لێکۆڵینەوە و گەشەپێدانیان هەیە بۆ باشترکردنی تەکنەلۆجیای سووتاندنی غاز، هەندێکیان سەرنجی هەناردەکارانیان راکێشاوە."

دەسپێشخەری تر هەن وەک دانانی تاقیگە بۆ تاقیکردنەوە و رەزامەندی بۆ فرشتنی هیتەری غاز.

بەهۆی هیتەری کارەبایی هەر ماڵێک غازی دوانۆکسیدی کاربۆن بەرهەم دێنێت پێنج ئەوەندەی بەکارهێنانی غازی سروشتی بۆ گەرمکردنی ئاو، چێشت لێنان و گەرمکردنەوە.

"غازی سروشتی دێتە بەرهەم، بەبۆڕی دێتە پێشکێشکردن بە بەکارهێنانی ستاداردی سەلامەتی و ژینگە لە تەواوی پیشەسازییەکە،" ئەو گوتی.

میدیا رلیسی دووەم

گومان لە سەلامەتیی ئامێری غازی نییە

کۆمپانیای نیشتمانیی غاز نیگەرانە بەدواهەمین راپۆرتی میدیا گوایە خزمەتگوزاریی غازی ناو ماڵان سەلامەت نییە.

بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیاکە، بەڕێز جۆن سیلڤەر، گوتی پیشەسازیی غازی سروشتی ستانداردی باشی کارکردنی هەیە وەک سەلامەتی و کوالیتی خزمەت و لەگەڵ ئەم ستراتیجانەی خوارەوە:

١- بڕوانامەی ئامێری نیشتمانی هەیە کە ئامێر و کەلوپەلی غازەکە بەپێی ستانداردەکان تاقیدەکاتەوە، ئەمە لە ڕێگەی پیشەسازیی دەستەی نیشتمانیی غازی ئوسترالی لە مالبۆرن کار دەکا.

٢- بەرنامەیلی ئیجباری وزە هەیە بۆ ئامێری غازی پیشەسازییەکە کۆدی کاری ژینگەی نیشتمانی پێڕۆ دەکا.

٣- دڵنیایی کوالیتی ژمارە یەکی جیهانە و خزمەتگوزاریی ژمارە یەک بۆ موشتەری دابین دەکا.

٤- کۆمپانیاکە یەکەم دەستەی پیشەسازییە مۆڵەتی پێ درا بەپێی ستانداردەکان کار بکا.

لەم کەیسەدا دوو میدیا رلیسی تر بەبێ داواکردن دەگەنە دەست. دەبێ چی پاڵ بە سیناتۆر بلۆ بنێ پێوەندی بەمیدیا بکات؟ وە سیاسەتوانێکی ئۆپۆزیسیۆن بەرامبەر حکوومەت، ئەولەویاتی سیاسەتی گشتی برێتییە لە رەخنەگرتن لە حکوومەت. هەروەها پاڵنەرێکی پرۆفێشناڵی کەسانیشی هەیە. لەلایەکی ترەوە، ئەو بەرپرسێکی هەڵبژێرداوە، پابەندە بەپرسەیلی کاریگەر بۆ سەر بەرژەوەندیی گشتی. بەپێی کام بەهای هەواڵ بۆچوونی سیناتۆر بلۆ دێتە بڵاوکردنەوە؟ ئەی میدیا رلیسی RRG نێودەوڵەتی چی؟ ئاخۆ ئەمە سەرچاوەیەکی سەربەخۆیە بۆ زانیاری چونکە نەک خاوەن گلەوگازە نە کۆمپانیاکەی غاز؟ ئاخۆ فاکتی سەرچاوەیەکی دوور لە چیرۆکی لۆکال کارنامەیەکی تر زیاد دەکا؟ پێش بەکارهێنانی زانیاری ئاڕ ئاڕ جی، دەبێ بزانی ئەگەر سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوە. لەوانەیە تەماشای وارگەی ئەلیکترۆنیان بکەی. بزانە ئاڕ ئاڕ جی مانای چییە، لەوانەیە کورتکراوەی

گرووپی سەرچاوەیلی نوێ بێ. ئاخۆ ئەمە کار دەکاتە سەر باوەڕی ئارِ ئارِ جی ئەگەر جێگرەوەیەکی گرووپی لۆبی وزە بێ؟

میدیا رلیسی سێیەم

بانگەشە بۆ پێداچوونەوە بەستاندارەدی سەلامەتی

گۆتیاری ئۆپۆزیسیۆن بۆ کاروباری بەکاربەر، سیناتۆر بلۆ، داوای پێداچوونەوە دەکا بە ستانداردی سەلامەتیی بەرهەمی غاز دوای مردنی کەپلە پیرەکەی شاری کاپیتال.

"من هیچ چارەیەکی مامناوەن لەسەر پرسی سەلامەتی قەبول ناکەن، بەڵام ستانداردی سەلامەتی پێویستی بەپێداچوونەوە هەیە،" سیناتۆر بلۆ گوتی.

"دەبێ ستانداردەکانی ناو کتێب نوێ بکەینەوە تا بتوانین چارەی گرفتەیلی نوێی سەلامەتی بکەین،" ئەو گوتی.

"بەکاربەران دەبێ بێنە پاراستن لە کاڵای ناسەلامەت. دەبێ ستانداردی سەلامەتی لە ئاست داواکاریی سەلامەتی بن و کاری کاربەدەستانی سەلامەتی ئاسانتر بکا باشتر بەر بدەنە کارەکەیان،" بەڕێز بلۆ گوتی.

داوای لە حکوومەت کرد لەسەر دابینکەرانی وزە بکا بە ستانداردی سەلامەتیی بەرهەمی غازدا بچنەوە.

"دیارە حکوومەت سەلامەتی خەڵکی لە بیر کردووە،" ئەو گوتی.

میدیا رلیسی چوارەم

کورتەی مردنەکان بەهۆی غاز لە دنیا

لێکۆڵەرانی نێودەوڵەتی دەریان خستووە ساڵانە هەزاران کەس دەمرن بەهۆی ئامێری غازی ناو ماڵان.

ئارِ ئارِ جیی نێودەوڵەتی ئەنجامەیلی لێکۆڵینەوە پێنج ساڵییەکەی لەسەر وارگەی ئەلیکترۆ بڵاو کردەوە دوێنێ.

لێکۆڵینەوە باسە لە ژمارەی مردووان دەکا لە دنیا کە بەهۆی غازەوە دەمرن.

بەڕێوەبەری ئارِ ئارِ جی ترێڤەر وایت ئەمڕۆ گوتی ئەو کۆمپانیایانەی غاز قازانجیان پێ لە خەڵک گرینگترە.

"تاکە خەمی ئەوان ئەوەیە وزە بەخەڵکی بفرۆشنەوە،" ئەو گوتی.

"لێکۆڵینەوەکەمان دەریخستووە سەتا هەشتای مردنەکانی غاز بەهۆی ئامێری خراپ یان خزمەتگوزاریی خراپەوە بووە، بەڵام تەنێ ٥,٠ یان لێپرسینەوەیان لەگەڵ کراوە،" ئەو گوتی.

بەڕێز وایت گوتی وزەی جێگرەوە، وەک هێزی خۆر، خراپەی کەمترە.

وردەکاریی زیاتر هەیە لە وارگەی ئەلیکترۆنیی ئارِ ئارِ جی: http:// rrg.com

## ڕەنگدانەوەی ڕەخنەیی

پێش ئەوەی چارەی ئەو دوودڵییانە بکەی کە لە سەرەتای ئەم بەشە تووشارت بوون، دەبێ هەڵیسەنگێنی چی دەکەی و چی دەزانی و نازانی. ئاخۆ زانیاری بەدەستهاتوو هاوسەنگی پرسەکە دەپارێزێت؟ بۆچی؟

چیرۆکێک لەبارەی تەندروستییەوە بەکاربەردان دەخاتە مەترسییەوە؟ ئەسڵی زانیارییەکان کوێیە؟ دەکرێ سەرچاوەیلی ئەو چیرۆکانە دیاری بکرێ؟ لە کەیسی میدیا رلیسەکان سەرچاوە دیارە، بەڵام کام زانیاری لە هەواڵدا بڵاو دەکەیەوە؟ ڕەچاوی ئەو زانیارییانە بکە هەتە. هیچ زانیارییێک هەیە پێویست بکە لایبدەی؟ بۆچی؟ هیچ زانیارییێکی پێویست هەیە و تۆ نەتبێ؟ کەوابێ، دەکرێ زانیارییەکە بەدەست بێنی پێش ئەوەی بڕیار بدەی چیرۆکەکە بنووسی؟ چۆن ئەمە دەکەی؟ ڕەچاوی ئەوە بکە ئەگەر هەموو زانیارییەکان پێوەندییان بە چیرۆکەکەوە هەبوو. ڕەنگە بۆچوونی

سیاسەتوانەکە گرینگ بێ بەڵام ئاخۆ تێگەیشتن لە پرسەکە باشتر دەکا؟ ئاخۆ هەستت بەوە کردووە کە شتێک هەیە لەناو ئەو هەموو زانیارییانە هاتووەتە حەشاردان؟ ئەو باوەڕانە لەسەر چی بنیاتنراون؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، رەچاوی تەواوی لێکۆڵینەوەکەت بکە. پرسی سەرەکیی چییە؟ دەتوانی دیاری بکەیت؟ لە فاکتەکان دڵنیایت؟ پێش ئەوەی هەنگاوێکی تر باوێی بزانە پاڵەوان و پیاوخراپت دیاری کردووە؟ ئاخۆ چیرۆکەکە زیان بەکەس دەگەیەنێ؟ ئاخۆ پاساو هەیە بۆ زیانەکە؟ لێرەدا دەبێ هاوسەنگییەک راگری لە نێوان ئەو زیانانەی بەکۆمپانیاکەی غاز و ئەوانەشی بە تەندروستیی خەڵک دەگا.

خشتەی کۆکردنەوەی هەواڵ لە کاردا: هەڵسەنگاندنی سەرچاوەیلی لاوەکی

ئاژانسێکی هەواڵ هەواڵێک بڵاو دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە: ژن و مێردێکی پیر بەمردوویی لە ماڵەکەیاندا دەدۆزرێنەوە. بەهۆی سیستمی غازەوە ژەهراوی بوونە و مردوون. کچەکەیان پاگەندەی ئەوە دەکا کە خەتای سیستمی غازەکە بووە. کۆمپانیای غاز رایدەگەیەنێت کە هیتەرە غازییەکە هاتووەتە پشکنین و هیچ کەموکوڕی نەبووە و دەبێ خەتای ژن و مێردەکە خۆیان بێ. تۆ پەیامنێری و داوات لێ دەکرێ لەمە بکۆڵییەوە، بزانی ئەگەر چیرۆکێکی گەورەتری لێ بکەوێتەوە و بینووسی.

↓

پرسەکانی ئەم کەیسە چین؟

لایەنەکانی کێن؟

لێکۆڵینەوەکەت زیان بەکەس دەگەیەنێ؟ ئاخۆ زیانەکە پاساوی هەیە؟

↓

پشت بەکام بەهای هەواڵ دەبەستی بۆ نووسینی چیرۆکەکە؟

↓

چیرۆکەکە ئەوە دەهێنێ بەدوایدا بچی؟ بۆچی؟

↓

پێویستت بەکام فاکتە پێش ئەوەی چیرۆکەکە بنووسی؟

بەڵگە لەسەر ئەوەی چەند کەس مردوون؟

بەلاڤۆکی پێشتر لەبارەی مەترسییەکانەوە؟

بۆچوونی لایەنەکان؟

↓

کام زانیاری لە ئەرشیف هەیە؟

چۆن سەرچاوەکانت هەڵدەبژێری؟

ئەوەی بەدەستیدێنی پشتڕاست دەکرێتەوە؟ چۆن؟

سنوورەیلی سەرچاوەکانی ئەرشیف چین؟

↓

چۆن هەر زانیارییێک هەڵدەسەنگێنی؟

گۆشەی چیرۆکەکەت چییە؟

بەچی گەشەی پێدەدەی؟
پیاوی خراپ و باش لە هەر چیرۆکێکدا هەیە؟
لە دید و تێڕوانینی کێ چیرۆکەکە دەنووسی؟
کام بەهای هەواڵ پشتی ئەم چیرۆکە دەگرێ؟
چی لەم چیرۆکە فێر بووی؟
چیرۆکەکە هیچ زانیارییێکی نەقووسانە؟
ئاخۆ ئەم نووسینە وێنەیەکی تەواوی رووداوەکە پێشکێش دەکا؟ بۆچی؟
سەرچاوەی ئەم نووسینە چییە؟

↓

سەرچاوەکانت تا چەند باوەڕپێکراون؟
چیرۆکەیلی ناو کتێبخانە لە کوێوە هاتوون؟
ئاخۆ دەگەیت بەسەرچاوەیلی چیرۆکەکە؟
تێبینیت چییە لەبارەی ناوەرۆکی میدیا رلیسەکان؟
بۆچی رۆژنامەوان زانیاریی ناو میدیل رلیس دووبارە دەکاتەوە؟
بەپێی کام بەهای هەواڵ زانیاریی سەرچاوەیل بڵاو دەکەیەوە؟
چی پاڵی بە سیناتۆر بلۆ ناوە قسە لەبارەی راپۆرتەیلی هەواڵ بکا؟
چی پاڵی بە ئارِ ئارِ جی ناوە پێوەندی بەمیدیاوە بکا؟
ئاخۆ ئارِ ئارِ جی سەرچاوەیەکە جێی باوەڕ بۆ ئەم پرسە؟
ئاخۆ کۆمپانیاکەی غاز سەرچاوەیەکە جێی متمانە بۆ ئەم پرسە؟ بۆچی؟
سەرنجی هیچ هەڵەیەکت داوە لە راپۆرتە بڵاوکراوەکان؟
کارنامەیلی تر کاریگەرییەکان هەبووە لەسەر نووسینی راپۆرتە

بڵاوکراوەکان؟

↓

چۆن دەرکەوتەکانت هەڵدەسەنگێنی؟

ئاخۆ کلیپینگەکانی هەواڵ و کەرەستەی تر ناوەڕۆکی پرسەکە هاوسەنگ دەکەن؟

دەبێ چی بخرێتە ناو چیرۆکەکە؟

هیچ زانیارییێک هەیە لابدرێ؟ بۆچی؟

بەپێی کام بەهای هەواڵ تۆ لێدوانەکان هەڵدەبژێری؟

ئاخۆ بۆچوونەکانی ئارِ ئارِ جی پێوەندییان بەچیرۆکەکەوە هەیە؟ بۆچی؟

↓

چیرۆکەکە دەنووسی؟

پرسی سەرەکیی لێکۆڵینەوەکت چییە؟ هاوسەنگیی چیرۆکەکەت لەبەرچاو گرتووە بۆ سەلامەتیی هەموو لایەک؟

چەند بۆچوونت لەسەر بابەتەکە وەرگرتووە؟

دڵنیای لە فاکتەکان؟

پێویستت بەزانیاری زیاتر هەیە؟

پاڵەوان یان پیاوخراپی چیرۆکەکەت دیار کردووە؟

هیچ یەکێ لە فاکتەکان ئازار بەکەس دەگەیەنێ.

پاساو هەیە بۆ زیانەکە؟ بۆچی؟

ئاخۆ نووسینی چیرۆکەکە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی دەکا؟

## ئەنجام

دەبێ لە سەرچاوەیلی جەستەییی هەواڵ بکۆڵرێتەوە بەهەمان ئەو ڕێگەیەی ڕۆژنامەوان چێکی ئەو زانیارییەکە دەکا لە خەڵکی وەردەگرێ. پەسندکردنی کەرەستەی بڵاوکراو وەک فاکت ئاسانترە، هەرچەندە ڕۆژنامەوان دەزانێ کاری ڕۆژنامەوانی بۆ نووسین پرۆسەیەکی خودییە. گۆڕانی تەکنەلۆجیا واتە ڕۆژنامەوان سەرچاوەیی زیاتری هەیە لەچاو پێشتر، ئەمەش شتێک زیاتر دەخاتە سەر ئازادیی زانیاری بەڵام ئازادی بەهۆی سەرچاوەیلی ترەوە تەلبەند دەکرێ. لەگەڵ گۆڕان بەسەر تەکنەلۆجیای زانیاری، بەڕێوەبەرانی زانیاری پەیدا بوونە کە کاریان قۆرخکردنی ئەو ڕێگەیە ڕۆژنامەوان دەستی دەگا بەسەرچاوەیلی و هەڵسەنگاندنی زانیاری. پرۆسەی هەڵبژاردنی زانیاری بۆ نووسینی هەواڵ زیاتر لە بەشی هەشتەمدا باسی لێوە کراوە.

## داڕشتنی هەواڵ

شەمەندەفەرێک لە هیندستان لە هێڵ لایداوە و لە ئاکامدا سەتان خەڵکی کوشتووە، هەندێ گەشتەوەری بیانیش بەرکەوتوون. هەرکە هەواڵەکە بڵاو دەکرێتەوە، ئاژانسەیلی هەواڵ و پەیامنێرانی ئۆنلاین لە هەموو کونجێکی دنیا راپۆرت لەسەر رووداوەکە بڵاو دەکەنەوە. لە هەموو ئەو زانیارییانە، تۆ دەبێ هەواڵێکی ٣٠٠ وشەیی بۆ بەلاڤۆکی دابێ ئامادە بکەی. دەبێ لیدەکەت چی بێ؟

رۆژنامەوانیی هەواڵ ژانرێکی نووسینی فرەیە بەڵام زۆریش سنووردارە. تەلبەندکراوە بەهۆیەل و پەیمانی بێژمار، لە سەرووی هەموو ئەمانە، ناسینی خوێنەر و چوارچێوەی کاتن. لە خراپترین باریدا، نووسینی رۆژنامەوانی دەکرێ کەم بکرێتەوە بۆ هاوکێشەیەک، لە باشتری باریشیدا، بزوێنەرە. ئەم بەشە ورد دەبێتەوە لە پرۆسەگەلی بەکارهێنراو لە بواری گواستنەوەی لێکۆڵینەوە بۆ ناو رۆژنامەوانی و ئەئامانجگرتنی خوێنەری دیاریکراو. ئەمانە پرۆسەگەلی رەخنەیی بڕیاردان و جێگرەوە و جێبەجێبوونیان بەدوادا دێ. داڕشتنی هەواڵ مانای ئەوەی نییە هەر شت بەپێکوەنان دروست بکەی. وشەی "داڕشتن" لێرە واتە ئەو پرۆسانەی رۆژنامەوان بەکاریان دێنێ بۆ بڕیاردن چی لابدا و چی بنووسێ لەو زانیارییانەی بەدەستی هێناون. لەم سۆنگەوە، داڕشتن زیاتر بەپرۆسەیەکی بنیاتنەر دەچێ وەک ئەوە وایە ماڵێک

لە کەرەستەی خاو لە نووکەوە دروست بکەی. چەندان ڕێگە هەیە وەستای خانوو دەتوانێ خانووەکەی پێ دروست بکا، چۆنیەتیی دروستکردنی دەوەستێتە سەر بودجە و سەرچاوەی بەردەست، هەروەها ئەو شێوازەی کە خاوەن خانووەکەی دەیەوێ.

## بەها ڕێژەییەکانی هەواڵ

هەموو میدیا، بازرگانی و نابازرگانی، ئاراستەی گرووپێکی دیموگرافی تایبەت دەکرێن لە کۆمەڵگەدا. لەوانەیە نووسیارگەل لەسەر بنچینەی ئەنجامەیلی بازاڕ بزانن خوێنەریان حەزیان لە چییە و چییان دەوێ، بۆ ئەوەی ڕۆژنامەکەیان تێڕوانینی ڕاستی دنیای تێدا بێ. زۆرجار ئەمە ڕۆدەچێ تا دەگاتە حوکمی پرۆفیشناڵ و ئەم گوتنە "خوێنەرانم وەک منن، بۆیە ئەوەی من حەزم لێیە، ئەوانیش حەزیان لێیە." کێشەی ئەم گوتنە ئەوەیە ئەگەر بێو لەسەر ئەم هێڵە کار بکەی ئەوا تەنێ جەخت دەکەیە سەر یەک بۆچوون، یەک ئایدیۆلۆجیای زاڵ، و بۆچوونەیلی جێگرەوە پشتگوێ دەخەی. ئەمە لەوانەیە وێنەیەکی چەواشەکراوی کۆمەڵگە بکێشێت: وێنەیەک شوێنێکی نییە بۆ تێڕوانینی گوزەرانی کۆمەڵگە یان کولتووری کەمبە. هۆیەکی ئەمە ئەوەیە ئەو گرووپانە بەهەژار تێ دەگەیشترێن یان بەبچووک لەلایەن ڕێکلامچییەکان، بۆیە نابن بەتارگێتی ڕێکلامەکان.

تێگەیشتن لە جەماوەر کار لەو گۆشەیە یان سۆنگەیە دەکا تۆ وەری دەگری، زمانیش گۆشەکە پتەوتر دەکا. ئەگەر بێو کۆمپانیای فۆرد یەکێک لە لکەکانی دابخات، ئەوەی گرینگ بێ لەبارەی ئەم هەواڵە بۆ خوێنەرانی چاپەمەنی دارایی ڕەنگ جیاواز بێ بۆ ئەوانەی داخستنەکە ڕاستەوخۆ کاریان لێ دەکا. ناسینی جەماوەر وات لێ دەکا بەوەدا بچیتەوە کە زانراوە. وەک ڕۆژنامەوان، گرینگە تۆ ئاگەداری ئەو لێکدانەوانە بیت. ئەگەر بتەوێ بەشدارییەکی بەسوودت هەبێ، پێویستە بەرگەی کولتووری ئەو لۆجیکە

بگری کـه دەڵێ "خـوێنەرانمان هەمـووی لە یەک گـرووپی کـۆمـەڵایـەتین، بۆیە هـەمــوو ئەوانـی تر پشــتگوێ دەخـــەین." مـــاکـمـــانۆس و ئـەوانی تر دەڵێن کـاریگەریی جەمـاوەر لەسـەر میـدیای مۆدێرن تەنێ شـتێکە تا بەهۆیەوە ئەوە بەخـوێنەران بڵـێی کە پێشـتر دەیزانن یان شکیـان بۆی چووە. تا ڕێکلامـچی هەبێ دڵی خـۆش بکەی، کەس پاڵەپەسـتۆت ناخاتە سـەر بەدوای بۆچوونێکی جێگرەوەدا بگەڕێیت. هـاوکارێکم گوتی پرسیاری لێ کرا لیستێک ئامادە بکا ناوی بیرمـەندە گەورەکـانی وڵات و ئـەو قـوتابخـانانـەی تێدا بێ کە تێـیـاندا خوێندوویانە. هـاوکارەکەم ناوی ئافرەتان، خەڵکی ناسـوودمەند، هـونەرمەند و هەمـوو ئەوانەی لەو لیسـتـە کـرد کە پەروەردەیەکـی نانەریتییـان وەرگـرتبـوو. بەڵام کـاتێ کـە وتارەکـەی بیـنی بڵاو کـراوەتەوە تاسـا چونکە نووسـیـارەکـە لیسـتێکی دابەزاند بوو تەنێ پیـاو و قـوتابخـانەی نەریتی گەورەی تێدا بوو. ئەو نووســیــارە وای دانـابوو کـە خـوێنەران هـەمـووی لە یـەک گـرووپن بۆیە پێویست ناکا هیچ لەبارەی مێژوو و باکگراوندی گرووپی ترەوە بزانن.

هـەمـــوو ئـەو راپۆرتـانەی لـە بارەی ڕووداوێکەوە دێنە وەشـــان، چاوەڕێی کاردانەوەیان لێ دەکرێ، یان پێشبینی دەکرێ چییان لێ دەکەوێتەوە.

زۆربە نەک هەمـوو جـەمـاوەری ڕۆژنامـەوانی داوای هـەواڵێک دەکەن خـێرا هـەر بـکرێ. ریپــۆرتاجی ڕۆژنـامــەوانی هـێـواشــە و پڕە لـە بیــرۆکــە، بەڵام هـەواڵێکی ســـەر رادیـۆ لـە ٥٠ تا ١٠٠ وشـــە پێک هـاتووە و یەک یان دوو پرسـیـار و وەڵامـیش. هەواڵێکی سێ خـولەکی تەلـەفزیۆنی ریپـۆرتـاژە. ئەمـە کـاریگەرییـەکی زۆری هـەیە لەسـەر ئەو شـتـەی دەیڵـێی، چونکە هـەر پەیامـێک تۆ دەینێری دەبێ مـانادار بێ. نووسـین دەبێ روون و خـۆشرۆڤە بێ، نـوێترین هـەواڵ بـێ، بۆیـە راپۆرت و هـەواڵ هـەردەم بەنـوێتــرین و تـازەترین زانـیـــاری دەست پێدەکەن.

پێکهـاتـەی بنەڕەتی نـووسـیـنی هـەواڵ ئەوەیە زانـیـاری بێـتـە ڕێکخـستن

بەشێوەیەک کە شایەنی هەواڵ بێ. شایەنبوونی هەواڵ، لە بەشی چوارەمدا باس کراوە، دەوەستێتە سەر هەڵسەنگاندنی خودی و ئەم پرسیارە "خەڵک چی دەوێ؟" هەندێ جار فاکتێک شایەنی هەواڵە چونکە گرینگە، بایەخدارە یان سەیرە.

## نووسینی هەواڵ

نووسینی هەواڵ هەردەم بەگرینگترین فاکت دەست پێدەکا. کاتێ راپۆرت لەسەر یاریی تۆپپێ دەنووسی، بەشووتی دەسپێکی یارییەکە دەسپێناکەی، بگرە بەدواهەمین ئەنجامەیلی گۆڵ. بۆیە فاکتەکە لەگەڵ هەواڵە. ئەگەر یەکێک لەوبەر ئەو شوێنەی لێی کار دەکەی باڵەخانەیەک بتەقێنێتەوە، کە دەچیتەوە ماڵ بەم شێوەیە دەسپێناکەی، "ئەمڕۆ بەرۆژێکی ئاسایی دەچوو، بەڵام نەمزانی دواتر چەند نائاسایی دەبێ." دەڵێی، "یەکێک لەوبەر شەقام باڵەخانەیەکی تەقاندەوە!" لە فۆرمەکانی تری رۆژنامەوانی ئاساییە چیرۆکەکەت پێشەکییەک، ناوەڕاست و کۆتاییی هەبێ. بەپێچەوانەوە چیرۆکە هەواڵ شتێک بڵاو دەکاتەوە و دواتر خۆی خۆی رافە دەکا لە رێگەی بەڵگەی سەرچاوەیەکی رەسمی. بۆ نموونە، چیرۆکێک لەوانەیە بەم شێوە دەسپێبکا:

> باجە سەتا پەنجا بەرز دەبێتەوە (دڵنیاکردنەوە). قایمقام (خستەپاڵ) ئەمڕۆ هەڵکشانی نرخی دووپاتکردنەوە و گوتی پێویستی کرد بەتێچوو بگات (پشتڕاستکردنەوە).

دەبێ ناوەڕۆکەکەشی بنیات بنێی.

> ئەو لە کۆبوونەوەیەکی نانی بەیانی بازرگانان گوتی بەرزبوونەکە یەکسەر دەچێتە واری جێبەجێکردنەوە.

هەرکە لە دوو رستەی یەکەمدا ئاشکرات کرد هەواڵەکەت لەسەر چییە، ئیتر دەبێ زانیاریی زیاتری بخەیە سەر و پشتگیری بکەی لە رستەی

لۆجیکیدا. بەڵام هەواڵ فراوان دەبێ نەک لە یەک رستەدا درێژە بەهەمووی بدەی. تۆ بنیاتی شتێکی بایەخدار نانێی، یان لە سەرەتا دەسپێبکەی. ئەگەر سێ خاڵی سەرەکی هەبێ، نووسینی هەواڵ بەدوای یەک ریزیان ناکا و وردەکارییان بداتێ. یەکێک دەچێتە پێشەکی، دووەکەی تر دەچنە رستەی دووەم. پێشەکییەکە بەهۆی راستەی دووەم و سێیەم پشتڕاست دەکرێتەوە، هەندێ رەنگی دەچێتە سەر و پاشان دوو خاڵە لاوەکییەکە پشتڕاست دەکرێنەوە.

لە دارشتنی هەواڵێکدا، مەرج نییە رۆژنامەوان باسی هەموو شتێک بکا. وتارێک لەوانەیە ٨٠٠ وشە بێ، بەڵام پەیامنێر دەبێ هەواڵەکەی ٣٠٠ وشە بێ. ئەو دەبێ بڕیار بدا چی لابدات و لە پرۆسەکەدا دیاری دەکا هەواڵەکە چی بڵێ. کەواتە پێش ئەوەی دەسپێبکەی بنووسی دەبێ بزانی بابەتەکەت چییە. ئەمە کرۆکی هەواڵەکەیە، یەک رستەی وەسفی.

ئەمڕۆ باڵەخانەیەک بەهۆی ئاگر هاتە رووخان.

باجی نوێ ژیان بۆ ماڵبات زەحمەتر دەکا.

دەکرێ ئەو رستەیە ببێتە پێشەکییەکە، یان لەوانەیە بەزۆر وشە لە هەر شوێنێکی چیرۆکەکە بەدیار نەکەوێ. نووسینی هەواڵ واتە نووسینی فاکتی دیاریکراو بەڵام بابەتەکە زیاتری لەسەر دەگوترێ. پەیامەکە دێتە وەشان بەهۆی هەڵبژاردن و رێکخستنی ئەو وردەکارییانە. چۆن زانیارییی دێتە رێکسختن، دارشتن تا دەبێتە هەواڵ، ئەمە دەوەستێتە سەر بڕیاری پرۆفێشناڵیی ژووری هەواڵ، کە لە بەشی دووەمدا باس کراوە.

> بێگومان چاپەمەنی لایەنگیرە. چۆن ناکرێ وابێ؟ کۆکردنەوە، نووسیارکردن و بلاوکردنەوەی هەواڵ بڕیاری ئەو کەسانەی دەوێ باکگراوند و بەها و بنەمایان بەکار دێنن بۆ بڕیاردانی هەڵبژاردن و دووپاتکردنەوە و رەنگکردنی هەواڵەکە. پرسەکە

لایەنگیــریی چاپەمــەنی نیــیــە، بگرە ســـروشت و نـاوەڕۆکی لایەنگیرییەکەیە (بار، ١٩٧٧).

بار بەبیر ڕۆژنامـەوانان دێنێتـەوە کە کورتبینییە ئەگەر لایەنگیری ڕەت بکەنـەوە یان وابزانن تـەنێ ناوبژیوانـی بابەتیـانەی گـۆتنی ڕاسـتین. دەڵێ ناوەڕۆک نـابێ بێــتــە پشــتگوێخــستن، بەڕای ئـەو، دەبێ بـەشــێک بێ لە پەیامەکە. ڕاستت دەوێ، کە ناتوانی لە بیرۆکەکانت ڕابکەی نە مانای ئەوەیە بێـئـاگـایانە دەنـووسی نە مـانای نەبوونی بابەتیـانە دەگـەیەنێ. بێـلایەنی گـەوجـیــێکە ڕۆژنـامــەوانی پێ حــوکم دەدرێ. بێــلایـەنی واتە دابینکردنی زۆرترین زانیـاری بەپێی توانا. بۆ نموونە، ئەگەر تۆ فـاکتـەکانی مـانگرتنێک بڵاو بکەیەوە، دەبێ قــســە لەســـەر هۆکــارەکــانی بکەی، یان وردەکــاریی مـانگرتنەکە یـان ئەو شـتـانەی دەبنە هۆی مـانگرتنەکـە. با خـوێنەر، خـەڵک بڕیار بدەن ئەگەر پاسـاو هەبێ بۆ مـانگرتنەکە. بەڵام، بێـلایەنی مـانای ئەوە نییـە تۆ لەبارەی یەکێک دەنووسی حسێبی ئـەوە بکەی چی دەبێ ئەگەر ئەو لەبارەی تـۆوە بنووسێ. ئـەم جـۆرە نووسـینـە نـاهـاوسـەنگە، سـۆزیارە و ورد نیـیە! باشـتـر ئەوەیە دوای ئامـۆژگـاری سـید دیمەر بکەوین، نووسیـارێکی گـەورەی ڕۆژنامـەیەکی ئوسـتـرالیـا بوو لە سـەرەتای سـەدەی بیسـتـەم، کـە نووسی، "شـتێک نییە بەناوی ڕۆژنامـەوانی بابەتی. ئەگەر هـەستیـار نەبێ و هەست بەباتەکە نەکەی، بۆچوونت نەبێ، هـەست بەئازار و خـۆشی و سۆزیی ئەو شـتـە نەکـەی دەینووسی، قـەت نابیـتـە ڕۆژنامـەوانێکی باش. تێمـەکۆشـە بابەتی بی، تێکۆشە دادوەرانە بیت."

ئامــانجی نـووســینی هـەواڵ بـرێتـیــیــە لە بڵاوکـردنەوەی فـاکت لـەبارەی بارودۆخێک بەشـێوەیەک کە ئاسـان بێـتە تێگەیشـتن. نووسـینی هـەواڵ چ بە ٢٥ وشە چ بە٢٥٠ یان ٣٠٠ وشـە دەبێ تێبگەیشـترێ. لە داڕشـتنی هـەواڵدا، دەبێ هـەردەم ڕەچاوی شـەش توخم بکەی:

* کێ (بکەرانی چیرۆکەکە)
* چی (کاری ناو چیرۆکەکە)
* لە کوێ (بوونی جەستەیی)
* کەی (کاتەکەی)
* چۆن (پشتڕاستکردنەوەیە بۆ چی)
* بۆچی (لێدوانی دەسەڵاتداری)

بنچینەکانی نووسینی هەواڵ

١- سادە بنووسە. دەرکێ وشەی سادە و جنینیان بەڕاستی کاریگەریێکی بەهێزی هەبێ.

٢- شتەیلی یەکەم یەکەمە. نووسینی هەواڵ بەگورزێک دەسپێدەکا و دواتر خۆی خۆی شەرح دەکا.

٣- هەردەم ئەوەی دەینووسی بخە پاڵ سەرچاوەیەکی رەسمی.

٤- پێشەکییێکی باش هەموو شتێکە.

پێکهاتەی بنچینەییی هەواڵ

دوێنێ پیاوێکی شاری کاپیتال ١٣ ساڵ حوکم درا لەبەر کوشتنی گێلفرێندە کۆنەکەی.

(رستەی خوارەوە پێش هەموو شتێ دێتە نووسین. ئەم رستەیە وەڵامی کێ، چی، کەی و بۆچی دەداتەوە.)

لە کاتی دەرکردنی حوکمەکە لە دادگەی باڵای شاری کاپیتال، دادوەر ئارسەر بۆید گوتی حوکمی ریمۆند جۆن دیکسۆن پەیامێک بوو بۆ هەموو پیاوێک کە توندوتیژی نایەتە لێبووردن.

(رستەی دووەم کێ، چی، بۆچی پشتڕاست دەکاتەوە و چۆن و لەکوێ زیاد دەکا.)

دیکسۆن بەکوشتنی ماری مارتن هاتە تاوانبارکردن لە شاری کاپیتال لە جانیوەری پارساڵ.

(پەرەگرافی سێیەم سیاقی حوکمە دادەڕێژێت.)

"پەسندی ئەوە دەکەم کە بەڕێز دیکسۆن کاریگەریی خراپی مادەی هۆشبەر و کحولی لەسەر بوو لە کاتی تاوانەکە، بەڵام ناتوانم ئەمە بەپاساو پەسند بکەم بۆ رەفتارە توندەکەی،" دادوەرەکە لە کاتی خوێندنەوەی حوکمەکە وای گوت. "ئەولەویاتی من دەبێ پاراستنی کۆمەڵگە بێ."

(کۆت بەستراوەتەوە بەدووپاتکردنەوەی قسەی پاشتر)

دادوەر بۆید گوتی گیراو هاریکاریی پۆلیسی کردووە و تەرمی خاتوو مارتنی بەئەفسەرانی لێکۆڵەر پێشان داوە.

بۆ نموونە، ئەمەی سەرەوە بەشێکە لە راپۆرتێکی دادگە پێشانیدەدا چۆن پرسیارەکانی سەرەوە بەپێی دووپاتکردنەوە، پشتڕاستکردنەوە و خستنەپاڵ وەڵام دراونەتەوە. ئەم توخمانە پێویستن بۆ دارشتنی فاکتەیل و یەک شێوەیە لە شێوەکانی نووسین، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە هەموو پەیامنێرەکان وەک یەک بن. سەرنج بدە هەموو رستەکان بەزمانێکی سادە نووسراون، هەر رستە و ئایدیەکی تێدایە. زمانی هەواڵەکە سنووردارە چونکە کۆپیی دادگەیە، بەو حاڵەش، زمانەکە راستەوخۆیە و فرمانەکان چالاکن. هەروەک لە زۆربەی رۆژنامەوانیدا، دووپاتکردنەوە هەیە، واتە پیاوەکە هاتووەتە گرتن، هەروەها هۆکارەکەشی تێدایە.

ئەو هەواڵەی سەرەوە، هەر دووپاتکردنەوەیەک بەهۆی سیاقێکەوە دێتە پشتڕاستکردنەوە. بۆ باسکردن یان جەختکردنە سەر ئەوەی پێشتر نووسراوە، کۆت زیاد کراوە. کۆتەکان، لێرەدا دیمانەی رادیۆ و هەواڵی تیڤی، رێگەیەکی بەهێزن بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکە، سەرچاوەی کۆتەکە چەندە رەسمی بێ، پەیامەکە هێندە بەهێزە. کۆتەکە مانای تازەیی دەدا بە

رۆژنامـــەوانـی، بەشـی شـــایەتی بەچاو دیتـــە. ئەمـــە پێـی دەڵێن "رەنـگ". ئەم زاراوە لەو بیـرۆکە هاتووە کە فـاکتـەکە رەش و سـپـیـیـە و کـراوە نییـە بۆ لێکدانەوە. ئەوجـار "رەنـگ" قـووڵی زیاد دەکـا، هـەر فـاکتـە و لە شـوێنی خـۆی باس دەکا.

زمـانی راسـتـەوخـۆ زینـدووە. کـاتێ قـسـەی یەکـێک وەک خـۆی لە کـۆتدا دەنووسـی، خـوێنەر هـەر تەنێ ئەوە نـاخـوێنێـتـەوە چـی گـوتراوە بگرە ئەو رێگەیەی پێی گـوتـراوە. بەم شـێـوەیە خـوێنـەر بەڵگە لە قـسـەی قـسـەکـەر وەردەگرێ. هـەروەها، کـۆت دێتـە بەکارهێنـان بۆ بەخـشـینی جـۆرەوجـۆریی بەپەیام. رادیۆ و تیڤی دەنگی جۆرەوجۆر بەکاردێنن چونکە سەلمێنراوە خەڵک بێزار دەبێ ئەگەر بێو بۆ ماوەیەک تەنێ گوێ لە یەک دەنگ بگرێ. تەنانەت کـاتێ راپۆرتێک نووسـینەوەی پرسـیـار و وەڵام بێ، هێـشـتـا نووسـیـاری بۆ دەکرێ بۆ دامەزراندنی بابەتەکە و پشتڕاستکردنەوەی بەهۆی رۆژنامـەوان. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆتەکان نزکیترین بن لە واقیع، بەڵام کەموکوڕیان دەبێ ئەگەر بێو رێک نەخرێن.

لە کاتێکدا کۆت دەتوانێ رەنگ بۆ راپۆرتە هەواڵ زیاد بکا، هێزی نووسین لەو زمانەدایە پەیامنێر چیرۆکەکەی پێ دەنووسێ.

پێشنیازی ئەوەی ئەو ناراستگۆ بووە هاتە رەتکردنەوە لەلایەن سیناتۆر.

سیناتۆر نکووڵی لە پاگەندەیلی گەندەڵبوونی کرد.

رستەی یەکەم بکەر نادیارە چونکە بکەر، سیناتۆر، لە کۆتاییی رستەکەیە، نەک سـەرەتا. بەکـارهێنـانی فـرمـان و نـاویش بێـهـێـزە چونکە کـارەکـە، کلکلانەکـە لە رسـتـەکـەدا بێـهـێـز پێـشـان دەدا. رەچاوی هێـزی رێژەییی "رەتکردنـەوە" و "نکووڵیکردن" و نـاڕاسـتـگۆ" و گـەندەڵ" بکە. رسـتـەی دووەم دەقیقترە و پەیامەکە زیاتر دەگەیەنێ لەچاو ئەوەی یەکەم.

کـاتێ دێی فـاکـتـەیل پێکەوە دەنێـی، کـۆت و گـێـڕانەوەت هـەیە، دەبـێ بێی

هەموو ئەمانە ڕێک بخەی بۆ گەیاندنی پەیامێکی تەواو. ناکرێ لەبەر خاتری کورتبڕی و گەیاندنی پەیامی تەواو بێی شت بنووسی و دواتر شەرحی نەکەی. لەو حاڵەتانەدا دەبێ شتێک بەجێ بێڵی. مەبەست هەردەم دابینکردنی شتەکانە بەڕاست و دروستی.

بۆ ئەوەی شتێک دەقیق بێ، دەبێ لە سیاقێکی روون پێشکێش بکرێ. ئەمە جیاوازە لە بیرۆکەی رساتی، کە رەهایە. بۆ ئەوەی شتێک راست بێ، دەبێ وابێ لە هەموو رووێکی مانای سیاقەکەدا، لە رۆژنامەوانیدا ئەمە هەردەم نالوێ. بۆ نموونە، رۆژنامەوان لەوانەیە بنووسێ: بەپێی قسەی پۆلیس ئاگرەکە سەعات ١٠ی شەو دەستی پێ کرد. لەوانەیە رۆژی دواتر دەرکەوێ ئاگرەکە سەعات ٦:٣٠ی شەو رووی داوە. ئەوەی رۆژنامەوانەکە نووسی چی تر راست نییە، بەڵام هەر دەقیق بوو لەو رۆژە بەپێی قسەی دەسەڵاتدار، پۆلیس. لەبەر هەندێ رۆژنامەوان دەبێ قسەی دەسەڵاتدار بخاتە پاڵ ئەوەی دەینووسێ. ئەگەر رۆژنامەوانەکە نووسیبای "ئاگرەکە سەعات ١٠ی شەو دەستی پێ کرد"، بێ ئەوەی بیخاتە پاڵ هیچ کەسێک، رۆژی دواتر دەردەچێ بەس راست نییە.

تێگەیشتن لە خەڵک کار دەکاتە ئەو شتەی دەچێتە سەر رۆژنامە، یان بەلاڤۆکی هەواڵ، هەروەها کار لەو رێگەی نووسینی هەواڵ و زمانەکەشی دەکا. بۆ نموونە، ئەم دوو پێشەکییەی خوارەوە بۆ یەک هەواڵ دابنێ. زمانی هەر یەکەیان رۆژنامەوانەکە دەخاتە لایەک و ئاشکرای دەکا سۆزیاری خەڵک کەوتووەتە کوێ.

١- گرووپێک لە ئۆتۆمبیلی زۆر خێرا تووشاری موزیک بوون ئەمرۆ کاتێ لە دادگە بوون بۆ بەرگریکردن لەو تۆمەتانەی سەریان بەهۆی دەمەتەقێ لەگەڵ پۆلیس لە رۆژی دووشەم.

٢- ئەندامانی یانەیەکی ئۆتۆمبیلی شاری کاپیتال ئەمرۆ بەدادوەریان گوت

پۆلیس کـاردانەوەی توند بووە کـاتێ ئەوان تـووڕە دەبن چونکە پێـیـان دەگوترێ نابێ کۆبوونەوەی هەفتانەی خۆیان لە کەنار دەریا بکەن.

دەبێ ئاگـەداری لایەنگیریی کـەسانیت بیت لـە نووسینـدا و دڵنیـای بکەوە ئەوەی دەینووسـی پشـتـڕاسـتی بکەیـەوە. بۆ نمـوونـە، پـەیامنێـرێکی تر کەیسەکەی دادگە بەگۆشەیەکی جیا دادەپۆشێ.

ترسێکی زۆر هاتە کایەوە بەهۆی ئافرەتێکی شـاری کاپیتـال پێش ئەوەی بێتـە کـوشتن، دادوەرێکی دادگـەی باڵا ئەمـڕۆ گـوتی و کـەچی بکوژەکـەی بەکەمترین سزای کوشتن حوکم دا.

"کـەچی" وشـەیـەکی سـادەیە و وای پێـشـان دەدا نووسـەر بـەحـوکـمی گـیـراوەکـە رازی نیـیـە و رەتی دەکـاتەوە. رەچاوی ئەم شـتـانەب کـە کـاتێ دەنووسی، ئاگـەداربە لە سـادەترین وشـە رات بەدیار دەکـەوێ. خـراپـتـرین کاری رۆژنامەوانی ئەوەیە حوکمی خراپ بدەیت و پەیامەکە بشێوێنی.

## داڕشتنی هەواڵ لە کاردا

رەچاوی سینـاریۆی سـەرەتای ئەم بەشـە بکە. بـەهۆی چەند سـەرچاوەیێکەوە هـەواڵەکەت پێکوەناوە، تۆ پرۆسـەیەک بەکاردێنی بۆ جێبەجێکردنی بەهاگەلی هـەواڵ بۆ خـوێنەرێکی دیاریکراو. ئـەرکەکە ئاسـتـەمـە، چونکە دەبێ بەدوای شتی نادەقیق، شتی نائاسـایی، لیدی شـاردراو، جیاوازیی کـات و فاکتەیلی تردا بگەڕێیت کە کار دەکەنە سـەر رێگەی هەڵسەنگاندنی ئەو زانیارییانەی هەتە. لـە پرۆسـەی نـووسـینـی هـەواڵدا، دەبێ ئاگـات لە دەنگی بـکەر و دیار و نادیار بێ، بەکـارهێنانی فرمـان، لۆجـیکی هـەواڵ، پێکهـاتـەی رسـتـە و رۆڵی زمـان و تۆنی پەیامـی مـیـدیا بێ. هـەروەهـا دەبێ ئەو لێکدانەوانە لـەبەرچاو بگری کـە بەسـتـراونـەتەوە بە بەهـای هـەواڵ یان حـەزەکـانی خـوێنـەرت. پێش نووسـیـاریکردنی هەواڵەکە، دەبێ بەپرۆسـەیەکـدا بچی بۆ هـەڵسـەنگاندنی زانیـاری. ٧٠٠ وشـە زیاترت هـەیە لێـیـان هـەڵبـژێری بۆ نووسـینـی هـەواڵێکی

٣٠٠ وشەیی، کەواتە دەبێ زۆر وشە قووت بکەی.

ترازانی شەمەندەفەر/هیندستان/ پۆل جۆنس

بەلانی کەم ٥٠٠ کەس لە تێکشکانی شەمەندەفەرێکی هیندی هاتنە کوشتن

شۆلاپور: بەلانی کەم مردنی ٥٠٠ کەس دووپات کراوەتەوە لە خراپترین رووداوی شەمەندەفەر لە هیندستان لە دوو دەیەی بوریدا.

گۆتیاری خاچی سوور ڤاندام رام گوتی بەلانی کەم ٨٠ی تر بریندار بوون، هەندێکیان بەسەختی، کاتێ شەمەندەفەرەکە لە شۆلاپور، ٦٠کم رۆئاوای بۆمبێی، لە هێڵ ترازا.

ئەو گوتی نزیکەی ٢٠٠ کەس لە فارگۆنەکانی پێشەوە دەسبەجێ هەپڕوون بەهەپڕوون بوون، نزیکەی ١٥٠شیان دواتر لە نەخۆشخانە بەهۆی سەختیی برینیان مردن.

شەمەندەفەرەکە، باوەڕ دەکرێ نزیکەی بە٧٠٠ نەفەرەوە وەرگەڕاوە، کە گەشتەوەری بیانیشی تێدا بووە، خزمەتگوزاریی ئاسایی ناو وڵاتەکە بووە.

تیمی فریاکەوتن بەشەویش کار دەکەن بۆ دۆزینەوەی هەر یەکێک ئاسێ بووبێ لەناو ئاسن و پەردووی شەمەندەفەرەکە.

پۆلیس گوتی هێڵەکە سەلامەت بوو و هیچ هۆیەلێکی میکانیکی لەپشت تێکشکانەکە نییە. "یەکێک کارەکەی خۆی بەباشی نەکردووە،" ئەو گوتی. "دیارە کە شەمەندەفەرەکە بێتام پڕ بووە."

بەرپرسانی خاچی سوور گوتیان برینداران گەیەنرانە نەخۆشخانەکانی بۆمبێی و ناوچەیلی دەوروبەر.

زیادەی ترازانی شەمەندەفەر/ ئالن

بیانی مردوون له کارەساتی هیندستان

بۆمبێی: بەلانی کەم ٢٠ بیانی مەزندە دەکرێ لەناو ئەو کوژراوانەدا بن لە خراپترین رووداوی شەمەندەفەر لە ٢٠ ساڵی بوریدا.

گۆتیاری باڵویزی ئەمەریکا سەلن لیرۆی گوتی گرووپێکی نۆ بزنسمانی ئەمەریکی لە رێکخراوی مایکرۆسۆفت باوەڕ دەکرێ بەو شەمەندەفەرە لە رێگەدا بووبن بۆ کۆنفرانسێک لە نیودەلهی.

ئەو گوتی راپۆرتی نادووپاتکراو دەڵێن پێنج ئوستـرالیش لەناو شەمەندەفەرەکەدا بوونە.

لە ٥٠٠ کەس زیاتر کوژران کاتێ شەمەندەفەرێک لە شۆلاپور، رۆئاوای بۆمبێی، ترازا لە هێڵ.

یەکەم پرسیار بێتە وەڵامدانەوە ئەوەیە "خاڵە سەرەکییەکانی ئەم هەواڵە چین؟" بۆ بڕیاردان لەسەر بەهاگەلی هەواڵ تا فاکتەکانت هەڵبژێری، دەبێ رەچاوی فاکتەکان بکەی لە رووی کات، دوور و نزیکی، دیاربوون، ئاکام و حەزی مرۆیی. بەهاگەلی هەواڵ بۆ ئەم هەواڵە کاریگەریی راستەوخۆی تێگەیشتن لە خوێنەرانی لەسەرە. بەسەرێک، سیناریۆکە تراجیدیایەکی مرۆییە، بۆیە شایەنی هەواڵە. لە هەمان کاتدا، بەهای ئاکام کزە، چونکە شوێنی رووداوەکە زۆر دوورە لە خوێنەری تۆ، بۆیە مردنی یەکێک لە گەڕەکی خوێنەرانی تۆ گرینگترە بۆ ئەوان لەچاو مردنی چەندانی تر لە شوێنێکی دوور. کەواتە، دوور و نزیکی رۆڵێکی گرینگی هەیە. کەواتە لەسەر هەرسێ هەواڵ دوور و نزیکی شتەکان دەگۆڕێ، بەڵام حاڵەتی شازیش هەیە. لە هەواڵی بزنسمانە ئەمەریکییەکان، ئەمە بۆ خوێنەری ئەمەریکی گرینگە هەرچەندە دووریشە، گرینگتر دەبێ هەواڵەکە ئەگەر بڵێ سەلامەتن و هیچیان لێ نەهاتووە. بەڵام چی دەبێ ئەگەر یەکێک لەو بزنسمانانە سەرۆکی مایکرۆسۆفت بیل گەیتس بێ؟ لەم سیناریۆیەدا، دیاریی

کەسایەتیی ئەو دەبێتە یەکەمین بەهای هەواڵ کە دەبێ گرینگی پێ بدرێ بۆ خوێنەری ئەمەریکی.

زیاتر/ تێکشکانی شەمەندەفەر لە هیندستان ٢/ئالن

ئەمەریکایی، ئوسترالی لە تراژیدیای هیندستان هاتنە کوشتن

دووپات بووەوە هەشت بیانی مردن لە تێکشکانەکەی دوێنێی شەمەندەفەر لە باشوری هیندستان.

قوربانییان لەلایەن خاچی سوور هاتنە ناساندن: جۆن براون، ٤٥- سیدنی، ئوستralیا، پیتەر سمیس، ٢٤، رۆبەرت جۆن، ٢٨- ویلینگتن- نیوزلاند و مایکل بیرنس،٢٦- ئۆکلاند،نیوزلاند.

ئەندامانی تیمی مارشی روالانی ئەمەریکا، هەپی تراڤلەز، کە بەگەشت لە هیندستان بوون لەناو مردووانن.

بەرپرسانی باڵوێزری ئەمەریکا گوتیان ناوی قوربانیان نایەنە بڵاوکردنەوە تا کەسوکاریان لە تراژیدیاکە ئاگەدار نەکرێنەوە.

گرووپێکی بازرگانانی ئەمەریکا، پێشتر وا دەزانرا لەناو شەمەندەفەرەکە بووبن، بەسەلامەتی و باش دیترانەوە.

زیاتر/تێکشکانی هیندستان/جۆنسن

تازیە لە شارۆکەیەکی ئەمەریکا لەبەر تراژیدیای هیندستان

هەپی ڤالی: شارۆکەی قەشەنگی هەپی ڤالی، ئیینديانا، ئەمرۆ تاساوە لەبەر مردنی ئەندامانی باندە نێودەوڵەتییە بەناوبانگەکەیان.

بەلانی کەم چوار ئەندامی هەپی ڤالی هاتنە کوشتن دوێنێ لە تێکشکانی شەمەندەفەر لە باشوری هیندستان.

هەپی تراڤلەز یەکەم بوون لە دنیا دوای سەرکەوتنیان بەسەر باندەکانی تر لە بۆنەی کردنەوەی يارییەکانی ئۆلمپیک.

ئەمانە لە مردووان بوون: کایلا و بۆ براون، هەردوو تەمەن ١٢، بروک فۆرێست، ١٢، ماری مارگرێت ماکۆی، ١٤، کریتۆفەر زیمەر، ١٣، کیڤن ماکۆی، ١٣، چەک مانس، ١٢.

سەرۆکی باندەکە تۆم سمیس گوتی هەپی تراڤلەز لە هەموو شوێنێک نموونەی گەنجان بوون.

هاوکات، ئەندامانی جەرگسوتاوی مالبات پرسیار دەکەن چۆن منداڵەکانیان سواری شەمەندەفەرێکی ئێجگار قەرەباڵغ بوونە.

زیاتر/ تێکشکانی هیندستان/ ئۆلمپیک/ سمیس

ئەستێرەگەلی سەبەتەی ئۆلمپیک بزرن لە تێکشکانی هیندستان

ئۆسلۆ: ١٥ی جانیوەری – حەفت ئەندامی تیمی پێشەنگی سەبەتەی نەرویج بزرن، ترسی مردنیان لێ دەکرێ لە تێکشکانی حەفتەی بوریی شەمەندەفەر لە هیندستان.

یەکەم جار وا دەزانرا پیاوەکان بەباڵفرگە لەناو هیندستان سەفەر بکەن، بەڵام دەستەی بەڕێوەبەری دوێنێ دووپاتی کردەوە کە هەموو هەوڵی پێوەندیکردن بەئەندامان فەشەلی هێناوە.

بەڕێوەبەری تیمی ترۆمس ئینار ستیفنسن گوتی لەدەستدانی تەنانەت یەک یاریزان کاریگەرییەکی شکێنەری لەسەر تیمی ئۆلمپی نەرویج دەبێ.

"بێ هیوا نابین هەتا تەواو دڵنیا نەبین لە کوێن،" ئەو گوتی.

زیاتر/ تێکشکانی هیندستان/ باوک/ رۆبیرتس

گەشتی تراژیدیای ئاهەنگی لەدایکبوونی باوکێک

سیدنی: باوکی سێیان لە سیدنی بەناوی جۆن براون، ٤٥، ویستی لە هیندستان بچێتە ماڵەوە بۆ ئاهەنگی لەدایکبوونی کوڕەکەی، تێچووەکەی ئەوەندە زۆر بوو ژیانی تێچوو.

بەڕێز براون بەگەشتی بازرگانی لە هیندستان بوو کاتێ دوا بڕیاری دا شەمەندەفەرە چارە رەشەکە بگرێ لە شۆلاپور کە دوێنێ تێک شکا و ٥٠٠ کەسی کوشت.

"جۆن بەئومێد بوو باڵفڕگەیەکی زووتری گرتبا و بۆ ماکسی کوڕی بکاتە سەرپرایز بۆ پێنجەم لەدایکبوونی،" هاوڕێیماڵباتەکە رۆس براین گوتی.

بەڕێز براون دەربازی بوو و ئێستە لای ژنەکەی جودی، کوڕەکەی ماکس، ٥، و سۆفی شەش مانگانە.

ئەم دوو هەواڵەی سەرەوە گۆشەی مرۆیی پێشان دەدەن لە چیرۆکێکی گەورە. ئەگەر بێو بەهای دوور و نزیکی بیانگرێتەوە، ئەو گۆشانە زۆر بەهێز دەبن. بەرژەوەندیی مرۆیی دەکرێ بێتە گشتاندن لە رێگەی تێکەڵکردنی ئاکام و دیاربوونەوە. بۆ نموونە، ئەگەر کۆمەڵگەیەک دانیشتوانی هیندی زۆر بێ، رەنگە ئاکامی راستەوخۆی هەبێ هەرچەندە خوێنەر جوگرافیەن دوورە. بەرەچاوکردنی ئەو پرسیارانە، دەگەیتە بەهای هەواڵ کە رێت پێشاندەدەن بگەیتە ئەنجامی ئەوەی چی بنووسی و چی نەنووسی.

هەڵبژاردنی هەواڵ

ئێستە دەبێ ئەوەندە زانیارییەی هەتە هەڵیسەنگێنی. هەندێ راپۆرت کولتوریەن تایبەتە، نیشان لە کۆمەڵگەیەکی دیموگرافی تایبەت دەگرێ. دەبێ بڕیار بدەی کەی رەگەز، نەتەوە یان ئیتنی پێوەندیی بەهەواڵەکەت هەیە. رەچاوی بەهای پێوەستبوون بکە لە هەموو زانیارییەکان و بزانە چی بەکەڵکی خوێنەرت نایەت و چیش بەکەڵکی دێ. ئێستە دەبێ راستی و دروستیی زانیاری رەچاو بکەی و لێیان هەڵبژێری. چۆن دەقیقی زانیارێک هەڵدەسەنگێنی ئەگەر نەتوانی سەربەخۆیانە چێکی بکەی؟ سەرنجی هیچ فاکتێکت داوە هەڵە یان نەگونجاو بێ؟

ئەو دوو هەواڵەی سەرەوە فاکتیان تێدایە لەبارەی رووداوی

شەمەندەفەرەکە، بەشوێن و ژمارەی مردووانیشەوە. بۆ نموونە، یەکێکیان شوێنی رووداوەکە دیاری دەکا: شۆلاپور، ٦٠کم لە رۆئاوای بۆمبێی. رووکەشانە بیر بکەیتەوە، هیچ رۆژنامەوانێک گومانی لە شوێنە جوگرافییەکە نییە، بەڵام تەماشایەکی ئەتڵەس دووپاتی دەکاتەوە کە بۆمبێی دەکەوێتە کەناری رۆئاوای هیندستان، بۆیە هەر شوێنێکی رۆئاوای شارەکە کەنار ئاوە. ئەم جۆرە هەڵەیە رۆژنامەوان لە یەکتری وەردەگرن و بەردەوام دووبارەی دەکەنەوە. لە ژمارەی مردووان وردبەرەوە. دوو هەواڵ دووبارەی دەکەنەوە کە زیاتر لە ٥٠٠ کەس کوژراون. ئاخۆ لە هەواڵەکانی تر هەمان ژمارە هەیە؟ چۆن بڕیار دەدەی کام ژمارە راسترە؟ هەواڵێکیان دووپاتی دەکاتەوە چوار ئوسترالی مردوون. ئاخۆ ئەمە لە هەواڵەکەی تر هەمان شتە؟ ئاخۆ ژمارەی دەقیق گرفتە؟ بۆچی؟

وێڕای نەگونجان و هەڵەی ژماردن، دەبێ بزانی ئاخۆ ئەو زانیارییانەی تۆ هەڵیان دەبژێری دینە پشتڕاستکردنەوە. ئەو فاکتانەی لەو هەواڵانەی سەرەوەدا هاتوو، پشتڕاست دەکرێنەوە؟ ئاخۆ جێی باوەڕن و دەیانخەیتە راپۆرتەکەی خۆت؟ دەبێ رەچاوی ئەوەش بکە بەدووبارەکردنەوەی ئەو هەڵانە زیان بەکێ دەگەیەنی.

پاشان پێویستە توخمەکانی نووسینی هەواڵ بەیەکەم بکەی: کێ، چی، لەکوێ، کەی و چۆن. دیتنەوەکانت هەڵسەنگێنە، بڕیار بدە کام زانیاری بنووسی و کامەش نەنووسی، کامەش جێی باوەڕ نییە. کام زانیاری زۆر گرینگەو ناکرێ لە راپۆرتەکەدا نەبێ؟ چۆن ئەم دوودڵییە چارەسەر دەکەی؟

پاشان، ئەو توخمانەی کە دەبێ لە راپۆرتەکەدا بن هەڵسەنگێنە. بەهای پێوەستبوونی هەواڵ کامەیە بۆ ئەو زانیارییەی هەڵتبژاردووە؟ هەر شتێک یەکەم جار دەینووسی ئاشکرای دەکا تا چەند حەز و ئارەزووی خوێنەرت رەچاو کردووە. بۆ نموونە، ئاخۆ گەشەیەکی لۆکال دیاربوون دەگرێتەوە؟

ئەگەر وابێ، بۆچی مردنی یەک ئوسترالی بۆ خوێنەری ئوسترالی گرینگترە لە مردنی ٣٠٠ هیندی؟ بۆچی رزگاربوونی دەوڵەمەندێکی دنیا گرینگترە لە مردنی سێ کەس لە گەڕەکی خوێنەرەکەت؟ ئاخۆ ناوی ئەندامانی باندەکە پێوەستە بەهەر خوێنەرێک لە دەرەوەی ئەمەریکا؟ ئاخۆ پێوەستن بەهەموو خوێنەرێک لەناو ئەمەریکا؟ ئەی بزربوونی یاریزانەکانی نەرویج؟ ئەگەر مردبن، ئەم هەواڵە گرینگە بۆ دەرەوەی نەرویج؟.

## رەنگدانەوەی رەخنەیی

بەو ئیختیارانەدا بڕۆوە کە هەڵت بژاردوون و بزانە چ رەخنەیەکت هەیە لەسەریان. رەچاوی ئەو گۆشەیە بکە هەڵت بژاردووە. بۆچی باشترین گۆشەیە بۆ خوێنەر؟ بیر لە گۆشەی تر بکەرەوە، توانای رەتکردنەوەی ئەوەت هەبێ و بزانە گۆشەی باشتر هەیە؟ لەگەڵ خۆت دووپاتی بکەوە و خۆت دڵنیا بکە کە فاکتەکان راستن و سەرچاوە هەیە قسەی لەسەر دەکەن. ئەگەر هەر شتێک هەیە لە راپۆرتەکە کە نەخراوەتە پاڵ سەرچاوەیەک، لەخۆت بپرسە بۆچی لانەبراوە. بزانە راپۆرتەکەت زیان بەکەس دەگەیەنی، ئاخۆ ئەو زیانە پاساوی هەیە بۆ بەرژەوەندیی گشتی.

هەرکە دەست بەنووسینی راپۆرتەکە دەکەی، دەبێ وشەی خۆشیت بەکار بێنی نەک هەر نووسیارکردنی ئەوانەی لەبەر دەستن. لە نووسینی راپۆرتی کۆتاییدا، دەبێ پوولی خۆتی پێوەبێ و تۆ لە خەڵک بگەیەنی چ باسە. ئاخۆ راپۆرتەکەت جەخت دەکاتە سەر توخمەیلی درامی یان سۆزیاری؟ جەخت دەکاتە سەر مەودای رووداوەکە؟ رەچاوی ئەو فرمانانە بکە بەکارت هێناون؟ بکەر دیارن یان نادیار؟ راپۆرتەکەت هەست و سۆزی خوێنەر دەبزوێنێ؟

## ئەنجام

هەواڵ وەک فۆرمێکی قسەکردن یان نووسراوی گەیاندن هەردەم دێتە دارشتن، بەڕێگەیەک کە رۆژنامەوان هەرگیز هەموو زانیارییێک ئاشکرا ناکات لەبارەی پرسێکەوە هەیەتی. بگرە زانیاری بە پرۆسەیەکی پرۆفیشناڵی هەڵسەنگاندا تێپەڕ دەبێ کە نەک هەر دەستی پەیامنێر و سەرچاوەکانی تێدایە، بەڵکو کۆمەڵێک رۆژنامەوانی تر کە خەریکن تا هەواڵەکە دێتە بڵاوکردنەوە. ئەو پرۆسەیەی هەواڵی پێدێتە دارشتن رەنگدانەوەی حوکمەیلی پرۆفیشناڵییە لەبارەی بەهاگەلی هەواڵ، دەقیقی زانیاری و شێواز و زمانی نووسینی زانیارییەکانەوە.

### خشتەی دارشتنی هەواڵ لە کاردا

شەمەندەفەرێک لە هیندستان لە هێڵ لایداوە و لە ئاکامدا سەتان خەڵکی کوشتووە، هەندێ گەشتەوەری بیانیش بەرکەوتوون. هەرکە هەواڵەکە بڵاو دەکرێتەوە، ئاژانسەیلی هەواڵ و پەیامنێرانی ئۆنلاین لە هەموو کونجێکی دنیا راپۆرت لەسەر رووداوەکە بڵاو دەکەنەوە. لە هەموو ئەو زانیارییانە، تۆ دەبێ هەواڵێکی ٣٠٠ وشەیی بۆ بەلاڤۆکی دابێ ئامادە بکەی. دەبێ لیدەکەت چی بێ؟

↓

خاڵە سەرەکییەکانی هەواڵەکە چین؟

چۆن کات، دوور و نزیکی، دیاربوون، ئاکام و بەرژەوەندیی مرۆیی کار لە رێگەی نووسیاریکردنی راپۆرتەکە دەکەن؟

↓

پێش دەسپێک چ بەهایەکی هەواڵ لێرە بەکاردێ؟
بەهاکانی تری هەواڵ چین بەپێی گرینگیان بۆ ئەم هەواڵە؟
تا چەند بەهاکانی هەواڵ پێوەندییان بە هەواڵەکە هەیە؟

↓

ئاخۆ توخمەکانی هەواڵ (کێ، چی، لە کوێ، کەی و چۆن) هەردەم گرینگن لە لید؟ بۆچی؟
ئاخۆ توخمەیلی نووسینی هەواڵ کولتوورییەن تایبەتن؟
بەهای جیاواز کار لە نووسینی لیدی هەواڵ دەکا؟
کەی رەگەز، ئیتنی، نەتەوە یان ئاین پێوەستن بەلیدی هەواڵ؟

↓

کێ یان چ لایەنێکی هەواڵەکە شایەنترینە بێتە باسکردن؟ بۆچی؟
سیفەتە سەرەکییەکانی هەواڵەکە چین؟
هەڵبژاردنی لید چیمان پێ دەڵێ لەبارەی پرۆفایلی خوێنەر/بینەر؟

↓

چۆن هەر چیرۆکێک هەڵدەسەنگێنی؟
گۆشەی هەر نووسینێک چییە؟
گۆشەکە بەچی پەرەی پێ دەدەی؟
کام بەهای هەواڵ پشتی ئەم هەواڵە دەگرێ؟
چی لەم نووسینە فێر بوویت؟

هیچ زانیارییێکی پێویست لادراوە لە هەواڵەکە؟

ئاخۆ ئەم نووسینە وێنەیەکی تەواوی ڕووداوەکان پێشان دەدا؟ بۆچی؟

↓

تا چەند سەرچاوەکانت جێی متمانەن؟

هیچ هەڵەیەکت لە فاکتەکان بەدی کردووە؟

هیچ نەگونجاوییەک هەیە لە کورتەی ڕاپۆرتەکە؟

هیچ لێدوانێک هەیە لە ڕاپۆرتەکە کاری تێدا بێ؟

شتێک هەیە نەتوانی بێ پشتڕاستی بکەیەوە؟

هیچ لێدوانێک لەگەڵ یەکێکی تر بەریەک دەکەون و هاودژن؟

چۆن بڕیار دەدەی چی بەکار دێنی؟

↓

چۆن دیتنەوەکانت هەڵدەسەنگێنی؟

پرسی سەرەکی چییە لە لێکۆڵینەوەکەت؟

دەبێ چیرۆکەکە چی تێدا بێ؟

هیچ زانیارییێک هەیە پێویست بەلابردن بکا؟ بۆچی؟

گۆشەی لۆکال هەردەم گرینگی پێ دەدرێ؟بۆچی؟

کام بەهای هەواڵ لەگەڵ لێدوانەکان یەک دەگرێتەوە؟

کاریگەریی خوێنەر چەند گرینگە لەسەر بڕیارەکانت؟

کام بەهای هەواڵ پێوەستە بەناسنامەی ئەوانەی کوژراون؟

ژمارەکان چەندە گرینگن لەو هەواڵە؟ بۆچی؟

چۆن چیرۆکەکە دەنووسی؟

چیت لە خەیاڵە لەبارەی ئارەزوو و ویستی خوێنەر؟

دڵنیای لە فاکتەکانت؟

هیچ قسەیەک هەیە دووپات نەکرابێتەوە؟

پێویستت بەزانیاری زیاتر هەیە؟

هیچ یەکێ لە زانیارییەکان زیان بەکەس دەگەیەنێ؟ بۆچی؟

نووسینەکەت دەقیق و هاوسەنگە؟

گۆشەکەت چییە؟

قسەکانت پشتڕاست کردوونەتەوە و دراونەتە پاڵ سەرچاوە؟

کام لەمانە گرینگترین بۆ چیرۆکەکەت: کات، دوور و نزیکی، بەرژەوەندیی مرۆیی یان ئەنجام؟ بۆچی؟

هیچ پرسیارێک هەیە وەڵام نەدرابێتەوە؟بۆچی؟

چ شێوازێکت بەکارهێناوە؟ بۆچی؟

## نووسیاریکردنی هەواڵ

نووسیارەکەت هەواڵێکت دەداتێ و پێت دەڵێ: "لیدەکە مردووە و هەواڵەکەش پڕە لە کون. هەواڵەکە پاک بکەوە و بیکە ٥٠٠ وشە." لە کوێ دەستپێدەکەی؟ چۆن بڕیار دەدەی چی ببڕی و چی بهێڵییەوە؟ پێویستە چیی هەواڵەکە بێتە گۆڕین و بۆچی؟

کاتێ پەیامنێر لە نووسین دەبێتەوە، هێشتا پرۆسەی بڵاوکردنەوە زۆری دەمێنێ. قۆناخی بەرهەمهێنان (واتە نووسین، چاکردن، راستکردنەوە و دارشتنەوە) زۆر کار دەکاتە سەر ئەو هەواڵەی لە کۆتاییدا دێتە بڵاوکردنەوە. کەسی بەرپرس لەم پرۆسەیە بەپێی شوێنە بەناوی جیاجیا ناسراوە لە دنیا. بۆ نموونە، رەنگە ئەو کەسە پێی بگوترێ نووسیاری لاوەکی، نووسیاری بەش یان نووسیاری هەواڵ. لەم بەشەدا، زاراوەی "نووسیاری هەواڵ: copy editor" دێتە بەکارهێنان بۆ باسکردنی ئەم رۆژنامەوانە. ئەو پرۆسەی دێتە بەکارهێنان لەلایەن نووسیاری هەواڵ زۆر نزیکە لەوەی پەیامنێر بۆ تەواوکردنی کارەکانی.

هەواڵی باش ئەو هەواڵەیە فاکتی تێدا بێ، بەریزبەندییەکی باش نووسرا بێ و پێی راست هاویشتبێ، هەروەها فاکتەکان بەسادەیی باس بکا. گیبسن (١٩٨٩) دوو ئامۆژگاری سەرەکی پێشکێش دەکا بۆ رێنوێنیکردنی پرۆسەی نووسیاری– بۆ قوتاربوون لە گرێی بەفاریزە و بەکارهێنانی فرمان لەجیاتی ناو.

پرۆسەی نووسیاری دێتە بەکارهێنان بۆ راستکردنەوەی نووسینی زۆروبۆر، پێکهاتەی رستەی شێواو و رێزمانی هەڵە. پرۆسەکە نووسینی خراپ وەردەگێڕێت بۆ کوردییەکی سادە (لە دەقە ئینگلیزییەکە دەڵێ ئینگلیزییەکی باش، و.) و بیرۆکەی ئاڵۆز شیدەکاتەوە.

پرۆسەکە ئەمانەش دەگرێتەوە: رەشکردنەوەی وشەی ناپێویست و دانانی وشەی پڕ بەپێست و بەجێ بۆ خوێنەر. نووسیارانی هەواڵ ئەم کارانەش دەکەن: خاڵبەندی، راستکردنەوەی رێزمان و رێنووس. زۆربەی دەزگاگەلی هەواڵ "رێبەری نووسین"یان هەیە بۆ نووسینی وشەی تەواو بەرێنووسی تەواو. بۆ نموونە، شێوازی رۆژنامە ژمارە لە یەک تا نۆ بەنووسین دەنووسێ و لە ١٠ بەسەرەوە (واتە کە بوو بەدوو ژمارە) بەژمارە دەنووسێ. خوێنەر دەیەوێ یەکسەر تێبگات. داڕشتنی رستەی سادە و پەرەگرافی روون وا لە خوێنەر دەکا بەردەوام بێ لە خوێندنەوە. ئەم بەسە لە پرۆسەی نووسیاری قووڵ دەبێتەوە لە رێگەی راهێنان لەسەر هەواڵێک. پرۆسەی ئاڵۆزتری نووسیاری، کاتێ نووسەر لەگەڵ نووسیار تاتوێ دەکەن لەسەر ریپۆرتاژ، لە بەشی دەیەمدا دێتە باسکردن.

## پرۆسەی نووسیاریکردنی هەواڵ

چەند یاسایەکی سادە هەن بۆ رێنوێنیکردنی پرۆسەی نووسیاری. یەکەم هەنگاو بریتییە لە تێگەیشتن لە نیازی نووسەرەکە. نووسیار لێکدانەوەی خۆی بەسەر فاکتەکاندا ناسەپێنێ، بەڵام کار دەکا بۆ روونکردنەوەی نیازی نووسەر. رێگەیەکی باشی دەسپێکردن بریتییە لە خوێندنەوەی هەواڵەکە بەباشی. هەرکە زانیت باسی چی دەکا، دەتوانی هەڵیسەنگێنی و بزانی نووسەر تا چەند سەرکەوتوو بووە لە نووسینی.

وەک نووسیاری هەواڵ، کاری پاشتر ئەوەیە بزانی فاکتەکان هی هەواڵن و ئیختیارەکانی پەیامنێر هەڵسەنگێنی. هەندێ جار تەواوی هەواڵەکە دەبێ

بنووسـرێتەوە یان بدرێتەوە بەپەیامنێر بینووسێتەوە تا دەبێتە هەواڵێک شـایەنی گـوتن بێ. شـایەنی گـوتن، وەک لە بەشی چواردا باس کـراوە، بەهایەکی رێژەییە و بڕیارت لەسەری بەشێکی دەوەستێتە سەر تێگەیشتن لە خوێنەر، ئارەزوو و بەهاکانی.

تۆ دەزانی هەواڵ دەبێ ئەمانەی تێدا بێ: کێ، چی، لەکوێ، کەی و بۆچی. ئەگەر ئەم زانیارییانە لە هەواڵەکەدا هەبوون بەڵام لە سەرەتادا نەبوو، ئەوا دەبێ دووبارە بینووسییەوە. بڕیار بدە بەچ ریزبەندییێک ئەو توخمـان بێنە باسکردن. ئاخۆ "کێ" دەبێ لە "چی" بێ؟ ئاخۆ "لەکوێ" گرینگترە لە "کێ"؟ هەندێ جـار "کـەی" لـە هەمـوویان گـرینگترە، بەڵام بەدەگـمـەن "بۆچی" لە سەرەتای هەواڵ دێ، هەرچەندە قەت نابێ بخرێتە کۆتاییش. زۆرجار دوای "بۆچی" شـەشـەم توخـمی هەواڵ دێ "چۆن". هەندێ جـار هەواڵ وەڵامی هەر پێنج پرسیارەکەی داوەتەوە بەڵام خاڵی سەرەکی باس نەکردووە. دیسان لەخۆت بپرسە "کامە گرینگترین بەشی هەواڵەکەیە؟" بیرۆکەکانی هەواڵ دەبێ بەئاسـانی یەک بەدوای یەکدا بێن. ئاخۆ بیرۆکەکان لە ریزبەندییێکی لۆجیکی دان؟ ئاخۆ سروشتییانە یەک بەدوای یەکەوە هاتوون؟ ئەگەر تۆ ئەم هەواڵەت نوسیبا، لە کوێ دەستت پێ دەکرد؟ ئەگەر ئەو شوێنەی تۆ لێوەی دەستت پێ دەکرد ئێستە لە هەواڵەکە لە سەرەتادا نییە، چیت دەکرد؟ ئاخۆ دەبێ لیدەکە بۆ مردبێ، دەبێ لە کوێ بێ؟

ئەگەر ریزبەندی زانیارییەکان پێویستی بەچاکردن هەبێ، لەوانەیە بتوانی چاکی بکەی بێ ئەوەی سەرلەنوێ بینووسییەوە. هەوڵی رێکخستنەوەی پەرەگرافەکان بدە. هەرکەر پەرەگرافەکان لە ریزبەندییێکی دروستدا بوون، بەدوای بۆشاییـیەکانی هەواڵەکەدا بگەڕێ. لەوانەیە پێویست بکا هەندێ رستە دابڕێژییەوە یان شوێنیان بگۆڕی. پێویستت بەنووسینی پێشەکییەکی نوێ هەیە. هەندێ زانیاری لەوانەیە پێویستیان بەوە بێ لە پەرەگرافێکەوە بگوازرێنەوە بۆ یەکێکی تر، رستەکان رەنگە پێویستیان بەراستکردنەوە بێ،

ناو و جێناو ڕەنگە پێویستیان بەڕێکخستنەوە بێ. ئەگەر یەکەم جار بچیە سەر پێکهاتەکە، ئەوا کات بەفیڕۆ نادەی جارێکی تر دەسکاری پەرەگرافەکان بکەیت.

## چاکردن و بژارکردن

جارێکی تر سەیری هەواڵەکە بکەوە، ئەم جارە بەدوای ئەم هەڵانەی خوارەوەدا بگەڕێ. لە زمانی ڕۆژنامەوانیدا، ئەمە پێی دەگوترێ "چاکردن و بژارکردن: nuts and bolts"ی کارەکە. ئەمانەی خوارەوە کێشەیلی باو دەردەخەن:

## پێکهاتەی ڕستە

هۆجسن (١٩٩٨) دەڵێ پێکهاتەی ڕستە کلیلی نووسینی باشە. هەموو ڕستەیەک دەبێ بکەر و فرمانی هەبێ. فرمان، ئەگەر پێویستی کرد، دەبێ پشت بەئاوەڵفرمانێک ببەستێ. لەوانەیە ڕستە تەواوکەریشی هەبێ، وەک لە نموونەی خوارەوەدا دیارە:

کوڕەکە (بکەر) ڕایکرد (فرمان) بەخێرایی (ئاوەڵفرمان) بەرەو تۆپەکە (تەواوکەر).

پێکهاتەی ڕستە و خاڵبەندی کەرستەن دێنە بەکارهێنان لە ڕۆژنامەوانی تا هەواڵ ماندار و ورد و دەقیق بێ. زۆرجار دەزانی ڕستەیەک هەڵەیەکی تێدایە، بەڵام نازانی چۆنی چاکەیەوە. لەم حاڵەتەدا، ڕستەکە دووبارە بنووسەوە تا ڕوونتری بکەیەوە. هەندێ لە کێشە هەر باوەکان لە خوارەوە هاتوونەتە باسکردن. نووسیاری هەواڵ بەرپرسە لە دڵنیاکردنی ئەوەی خاڵبەندی هەواڵ ڕستە و ئاسان دێتە تێگەیشتن. ئەمەش پێویستی بەچێکردنی ڕستە و فرمان، ناو، جێناو و ئاوەڵفرمانەکان هەیە. یاسای تر دەبێ بێنە جێبەجێکردن لەبارەی درێژیی ڕستە و پەرەگراف و بەکارهێنانی ئامرازی پێوەندی. هەروەها دەبێ خاڵبەندی دەقیق بێ. ئەمە پێویستی

بەڕەنگدانەوەی رەخنەیی هەیە لەسەر بەکارهێنانی خاڵ (.)، سێمی کۆلن (;)، کۆلۆن (:) ، داش (–)، کەوانە و بڕین (ellipsis). هەروەها دەبێ چێکی ئەمانەش بکەی: ئەپۆستڕۆفی (_)، هایفن (–)، نیشانەی سەرسوڕمان (!)، کوۆتێیشن یان کۆت (" ") و نیشانەی پرسیار (؟).

لە پێناو بەخشینی مانا، دەبێ پابەند بی بەڕێسا بنەڕەتییەکانی تری نووسین بۆ کاری رۆژنامەوانی.

دەبێ بکەر دیار هەڵبژێری

ڕێسایەکی نووسینی هەواڵ ئەوەیە هەردەم بکەر دیار باشترە لە بکەر نادیار.

من کردم. (بکەر دیار)

کرا لەلایەن من. (بکەر نادیار).

هۆیەکی سادە هەیە بۆ ئەمەی سەرەوە ئەویش ئەوەیە بکەرنادیار زەحمەترە بۆ خوێندنەوە وشە زۆر سەرف دەکا. لە هەواڵی رۆژنامەوانیدا قەت ناڵێی "بکەر نادیار دەکرێ بێتە لابردن لە هەرشوێنێک لوا" چونکە جێگرەوە هەیە و دەتوانی بڵێی "بکەر نادیار لابە لە هەر شوێنێک لوا." بۆ ناسینەوەی بکەرنادیار بگەڕێ بۆ "لەلایەن...".

هەرگیز نەرێ و بکەرنادیار بەکار مەهێنە: ئەم جۆرە رستانە وشە زۆر خەسار دەکەن و زەحمەتترن بۆ تێگەیشتن.

لەم دوو رستەیە یەکێکیان باشترە:

١– منداڵەکان لەگەڵ مامۆستاکانیان و بەخۆو جانتاکانیان بەسەر شاخەکە کەوتن.

٢– لەگەڵ مامۆستاکانیان، منداڵەکان بەجانتاکانییانەوە بەسەر شاخەکە کەوتن.

بێگومان ڕستەی دووەم باشترە چونکە ڕوونتر و ئاسانترە بۆ تێگەیشتن.

وشەی بازاڕی بەکار مەهێنە چونکە هەموو کەس تێی ناگە. ئەم جۆرە دەستەواژانە تەنێ چەند کەسانێک تێیان دەگەن.

دەستەواژەی تایبەت بەکارمێنە. بەزمانێک هەواڵ بنووسە کە ستاندارد و گشتی بێ و زۆربەی کەس قسەی پێ بکەن و تێی بگەن.

فاریزە تەنێ لە شوێنی پێویست بەکار بهێنە: فاریزە دێتە بەکارهێنان بۆ ڕوونکردنەوەی ڕستەیلی ئاڵۆز و وەستان لە خوێندنەوەدا. تەماشای ئەو دوو مانا جیاوازە بکە لەم دوو ڕستەی خوارەوە:

"ئەم شتە چییە پێی دەڵێن خۆشەویستی؟"

"ئەم شتە چییە پێی دەڵێن، خۆشەویستی؟"

شتێکی زۆر سادە لەبارەی فاریزە ئەوەیە قەت کەم یان زۆر بەکاری مەهێنە. مەبەست لە بەکارهێنانی تەنێ ڕوونترکردنەوەیە. فاریزە بەتاک بەکار دێ:

هەرکە زانیت ڕستەیەک ڕێزمانیەن تەواو نییە، دەبێ ڕاستی بکەیەوە.

کێشەیەکی تر: زۆر بەکارهێنانی سێمی کۆلن (;): ئەمە کێشەیەکی تری ڕۆژنامەوانە جگە لە کێشەی زۆر بەکارهێنانی فاریزە. بەکارهێنانی سێمی کۆلن کاتی خۆی هەیە. ئەمە زۆر بەدەگمەن لە ڕۆژنامەوانی بەکار دێ چونکە لە ڕۆژنامەوانیدا ڕستەی کورت و دەقیق دێتە بەکارهێنان. ئەگەر ویستت زانیاری لە ڕستەیەکدا دابەش بکەیت، وا مەکە، بیکە بەدوو ڕستە.

ڕستەی ڕاستەوخۆ بەکار بێنە: بەری خۆ بدە ئەو دوو ڕستە جیاوازەی خوارەوە:

١- بەڕێز سمیس گوتی کەوا ئەو زۆر توڕەیە و ڕەچاوی کرداری ڕاستەوخۆ دەکا ئەگەر کێشەکە نەیەتە چارەسەرکردن.

٢- "من زۆر توڕەم لەبارەی ئەمە و ڕەنگە خۆم شتەکان بگرمە دەست ئەگەر

بێو کێشەکە نێتە چارەسەرکردن،" بەڕێز سمیس گوتی.

زۆر ئاگـەداری ڕێنـووس بە: دەبێ ڕێنـووسـێک بەکـار بێنی سـتـاندارد و ئاشنا بێ بەلای هەموو یان زۆربەی کەس.

دووربکەوە لە سـەردێری تاعـونئـاسـا: ڕۆژنامـەوان هەردەم حـەزی لە سەردێرێکە کە وەک تاعون وایە کەس تێاّ ناگات.

پێـویست بەزۆر نووسین ناکات: زۆرنـووسی هەواڵەکـەت باشـتـر ناکـا. ڕستەیەکی ستاندارد لە ٢٠ تا ٢٥ وشە تێپەڕ ناکات. کەمتر باشترە.

### هونەری قەساب

نووسیار هەواڵ کورت دەکاتەوە بۆ ئەوەی بگاتە ڕادەی داواکراو. یەکەم شت بۆ کـردنی ئەم کارە ئەوەیە زانیاری ناپێـویست لابەری، بەمـەرجێک کـار لە مـانای هەواڵەکە نەکات. ئەگەر هەواڵەکە هەر درێژ بوو، ئەوا نووسیـار دەبێ ڕستە بەڕستە پێدابێ و ژمارەی وشەکان کەم بکاتەوە.

پێوەندیی نێوان پەیامێنر و نووسیـار زۆرجار بەپرتەپرتە. نووسیـار دەڵێ بووەتە قـوربانی کـاری تەمـبەڵانەی پەیامنێـر. پەیامنێر دەڵێ نووسیـار باشـترین بەشی هـەواڵەکەمی قـووت کردووە. پەیامنێر دەکەون بەر زەبری تووڕەیی خـەڵک کاتێ نووسیـار هەڵە دەکا و بەهۆی لابردن مـانای هەواڵەکە دەگـۆڕێت. کـاری تۆ وەک نـووسـیـار ئەوەیە شت لابەری تەنانەت پەیامنێرەکەش هەست بەلابردنەکە نەکا.

هەندێ جـار ئەمـە کـارێکە و ناکـرێ. چەند سـاڵێک لەمـەوبەر داوا لە گۆشەنووسـێک دەکرا وتارەکەی لە ١٥٠٠ وشـەوە بکات بە ٥٠٠. ئەمـە دواتر بەکـارێکی مـەحـاڵ. زۆرجـار بەو جـۆرە نووسـیـارانە دەگـوترێ قـەسـاب، قـەسـابێک خـراپ. تۆ نـەبووی بەنووسـیـار تا هەرچی هەیە بیـبـڕی. ئەو نووسـەرەی شت دەنێـرێ و جارێک پێدادەچێتـەوە، چاوەڕێی ئەوە دەکا وەک خۆی و بێ گۆڕان نووسینەکەی بێتە بڵاوکردنەوە، نەک بەنیوەچڵی.

## نووسینی سەردێر

هەجسن دەڵێ سەردێرنووس (نووسیاری هەواڵ) دوو ئەرکی هەیە، هەردووکیان پێوەستن بەقۆرخکردنی وشە. ئەو بەم شێوەیە وەسفی نووسیاری هەواڵ دەکا "خەباتەیە، کەرەستە لە فیلتەر دەدا تا ناوەڕۆکی هەواڵەکە دەپاوڵێویت و سادەی دەکا و دەیکا بە پەیامێک خۆی دەڵێ (بمخوێنەوە)" (هەجسن، ١٩٩٨). ئەرکی دووەم ئەوەیە جێکردنەوەی وشە لەو شوێنەی بۆی دیاریکراوە، ئەو شوێنە لەوانەیە نووسیاری هەواڵ خۆی دیارینەکات. ژمارەی وشەکانی سەردێر دەوەستێتە سەر شێوازی بڵاوکردنەوەکە. ڕۆژنامەیلی تابلۆید وشەی گەورە بەکاردێنن، ئەمەش واتە سەردێری کورت بەکاردێنن. ڕۆژنامەیلی پەڕ گەورە شوێنیان زیاترە و وشەی زیاتر بۆ سەردێر بەکاردێنن. سەردێر سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ، بۆیە سەردێری باش حەز و ئارەزووی دەوێ. هەر سەردێرە لەوانەیە بتوانێ سۆزی خوێنەر ببزوێنێ، وای لێ بکات هەست بەدڵتەنگی، تووڕەیی یان خۆشی بکات. سەردێر دەبێ هەردەم خوێنەر پەلکێشی خوێندنەوەی هەواڵەکە بکات.

نووسینی سەردێر یەکێک لە کارە هەرە قورسەکانی نووسیار. پێویستی بەسەرنجێکی ئێجگار زۆری هەواڵەکە هەیە، فاکت و کۆت، بۆ نموونە، لە چەند وشەیەکدا دادەنرێن بۆ بزواندنی خوێنەر تا هەواڵەکە بخوێنێتەوە.

هەندێ سەردێرنووس خوێنەر دڵخۆش دەکەن بەوشەی گاڵتەئامێز. ئەم جۆرە سەردێرانە بۆ هەندێ هەواڵ دەشێن، بەڵام بەدەگمەن بۆ ڕاپۆرتە هەواڵ دەبن. بۆ نموونە، وشەی زۆر بەکارهاتوو دەبێتە کلێشە و نابێ ئەوەندە بەکار بهێنرێتەوە. گیبسن نوشداری دەدا بەوەی سەردێری باش ئەو سەردێرەیە کە زیرەکانە نووسرا بێ بەڵام مانادار بێ و هەردەم ڕاست و روون بێ. وشەیلی سەردێر دەبێ روون بن (وشەی سادە بن بۆ ئەوەی

ئاسان بێنە تێگەیشتن) و کاریگەر بن. سەردێر پێویستی بەفرمانێکی کارایە و دەبێ بێ پێچوپەنا بێ. لابردنی وشە لەوانەیە مانا بگۆڕێت، بۆ نموونە، گیبسن لەم سەردێرەدا ئەمە روون دەکاتەوە:

بەفرەبا لە سێ ویلایەت دەدا، یەکێک ونە

نووسیاری هەواڵ بەدوای وشەی سەرەکیدا دەگەڕێ لە هەواڵەکە بۆ ئەوەی لە سەردێردا بینووسێ. سەردێرەکە دەربڕی راستەوخۆی وشە سەرەکییەکانە. هێز و دەسەڵاتی سەردێری باش لە فرمانەکەیدایە. فرمان دەبێ بەهێز و رەنگاورەنگ بێ و پێکهاتەکە دەبێ بکەردیار بێ. سەردێر نابێ قەت گومڕاکەر بێ چونکە کارێکە لە کارەکانی رۆژنامەوانی. هەندێ وشە، بەتایبەتی وشە کورتەکان، زیاتر لە مانایەکیان هەیە و دەبێ ئاگەداریان بیت بۆ سەردێر. سەردێر دەبێ یەکبگرێتەوە لەگەڵ لید، بەڵام نابێ هەمان وشە لە هەردوو شوێنەکە دووبارە ببنەوە.

## نووسیاریکردنی هەواڵ لە کاردا

تەماشای هەواڵی ژمارە (١) بکە لە خوارەوە و لە خۆت بپرسە "هەواڵەکە لەبارەی چییە؟" لەبارەی پیاوێکە لە رووداوگەلێکدا رزگاری بووە، بەڵام تا پەرەگرافی شەش باسی ئەمەت بۆ ناکا. چی تر گرینگە لە هەواڵەکە؟ پیاوەکە ناچار کراوە لە شوێنێک بێ پڕ لە تیمساحی ترسناک و دەبوایە خۆراکی خۆی ببڕێ. هەروەها پەناگەیەکی بۆ خیۆ دروست کردووە لەسەر دارێک (چوێنراوە بەکەسایەتیی ئەدەبی رۆبنسن کرۆزۆ). لەوەش زیاتر، ئەو ئاگای لەوە نەبوو مارێکی گەورە لەسەر هەمان درەخت دەژی. بەهایەکی هەواڵ نووسێنراوە بەو فاکتەی کە پیاوەکە لە بارودۆخێکدایە کە بەلای زۆربەی خەڵکییەوە تۆقێنەرە. لەوانەیە بڵێی ئەم لایەنانەی هەواڵەکە گرینگترە لە هەستی خەڵک.

تۆ دەبێ پەرەگرافەکان رێک بخەیتەوە و گرینگترین شت بێنیتە سەرەتای

هەواڵەکە. دەبێ کامە یەکەم جار بێتە نووسین؟ ئەمە هەواڵێکە و دەبێ گرینگترین شت یەکەم جار بێتە گۆتن. لەم حاڵەتەدا، پیاوەکە بەساخ و سەلامەتی دیتراوەتەوە، دوای ئەوە باسی ئەو فاکتە دەکا کە چیرۆکێکی سەرسوڕهێنەری پێیە بیگێڕێتەوە. زانیاری لەبارەی کاری کاوبۆیەکان چەندە گرینگە پێش ئەوەی پیاوەکە بدۆزنەوە؟ سەرنجڕاکێشترین بەشی هەواڵەکە چییە؟ کام بەهای هەواڵ دەکەیە یەکە بەها بۆ ئەم هەواڵە؟ لەم کەیسەدا، سەرنجڕاکێشترین شت ئەوەیە چۆن پیاوێک لە وەها بارودۆخێکدا ژیاوە و ماوە. ئەم پەرەگرافانە، لە کۆتاییی هەواڵەکەدا دەبینرێن و دەگوێزرێنەوە بۆ سەرەتا.

هەواڵی ژمارە (١)

چوار کاوبۆی بۆ ماوەی چەندان رۆژ گەشتیان کردبوو بۆ ناوچەیەکی قەدەخەکراوی ئەوپەڕی باکور.

گەشتەکە گەرم، وشک و خۆڵاوی بوو بەڵام هەر کردیان چونکە یەکێکیان بەدوای خەونێکی لەمێژینەی کەوتبوو ئەویش سەردانیکردنی هۆزێکی رەچەڵەکی وڵاتەکەی بوو.

بەئەسپایی ئەسپەکانیان تاو دەدا چونکە دەیانزانی لە وەها شوێنێکدا جگە لە ما و دووپشک و تیمساحی بکوژ کەسی تر ناژی.

برینداربوون لێرە یان لەدەستدانی ئەسپەکەت واتە مردن.

دەتوانی سەرسڕمانیان بهێنیتە پێش چاو کاتێ لەو شوێنەدا راوکەری گای کەنوورە دەبینن کە ناوی رۆد ئانسلە.

گرووپەکە چوو بوونە خوارێ بۆ سەر رووباری فیتزمۆریس، لەوێ چاویان بە بەڕێز ئانسل کەوت کە لە کامپێکی چڕوپڕ دەژیا.

ئانسل پێی گوتن دوو مانگ لەمەوبەر ماڵی لەوپەڕی رۆئاوای

ئوسترالیا بەجێهێشتووە بۆ راوەماسی لە کەناڵی کوینسی رووباری ڤیکتۆریا، لە نزیک سنووری نێوان رۆئاوای ئوسترالیا و هەرێمی باکور.

بەڵام تراژیدیا ئەو کاتە دەسپێدەکا کاتێ شەپۆڵی دەریا بەلەمە ١٨ پێییەکەی بەڕێز ئانسل وەردەگێڕێ و هەڵی دەداتە ناو رووباری فیتزمۆریس، کە دواجار دەڕژێتە ناو کەناڵی کوینس.

کات دەمەوئێواران بوو کاتێ بەڕێز ئانسل و دوو سەگەکەی، لەگەڵ خۆیدا هێنابوونی، تووشی شۆک بوون.

"دیمەنێکی زۆر جوان بوو، بەڵام لە پڕ شتێکی گەورە بەلەمەکەی وەرگەڕاند و خۆم و دوو سەگەکە و کەلوپەلەکانمی خستە ناو ئاوەوە،" ئەو ئەمڕۆ گوتی.

بەڕێز ئانسل گوتی بەلەمە بچووکەکەی دیتەوە و هەندێ شیر و کەلەپەلی تری تێدا هێنا دەرێ.

"هەموو کاتە من بزر بوومە و نازانم لە کوێم. چوونە ناو دەریا وەک خۆکوشتن وایە، شەپۆڵی دەریا هەردێ بەرز دەبنەوە بۆیە هاتمە لای باکور و سەر ئەم رووبارە بۆ ئاوی پاک."

بۆ چوار رۆژی دواتردا، بەڕێز ئانسل و سەگەکانی، یەکێکیان لە کاتی وەرگەڕانی بەلەمەکە بریندار بووە، زۆر تێنوویان بوو، سەر ئاو کەوتبوون و خۆیان بەپارچەی بەلەمەکە گرتبوو پێش ئەوەی بگەنە رووبارەکە.

لە رۆژی پێنجەمدا، بەڕێز ئانسل کەوتە سەر وشکانی و کامپێکی لە قەراخ رووبارەکە دروست کرد.

"گوتم لێرە دادەنیشم تا تەڕایی لە ئۆکتۆبەر دەیگاتێ. پاشان وردە وردە چوومە ناو وشکانییەکە و ئەوجا پەناگەیەکم لەسەر

دارێک دروست کرد، هێشتا هێزم تێدا مابوو،" بەڕێز ئانسل گوتی.

"پەناگەم لەسەر درەختەکە دروست کرد بۆ ئەوەی دوور بم لە دووپشک و تیمساح. هەموو ئەو کاتە لەسەر دارەکە ژیاوم و مارێکی گەورەشی لەسەر دەژی، جارجار دەهاتمە خوارێ بۆ ئەوەی بزانم من کێم،" ئەو گوتی.

بەڕێز ئانسل گوتی زۆربەی فیشەکەکانی لەگەڵ بەلەمەکە بەئاودا چوون بەڵام چەند فیشەک و چەکەکەی هەر پێ مابوو.

"گای کێویم دەکوشت بۆ خواردن. حەفتەی یەکەم چوارم کوشتن بەڵام حەفتەی دواتر تەنێ یەکێکم کوشت، ئەوساکە تەواو بێهێز بووبووم."

پێستەکەم لێ دەکردنەوە و ئامادەم دەکردن بۆ خواردن. دوای پێست لێکردنەوە هەڵم دەواسین تا وشک دەبوونەوە. بەوشکی یان بەکوڵاوی دەمخوارد. من و سەگەکەم پێکەوە نانمان دەخوارد.

بۆ ئەوەی خۆراکی جۆرەوجۆری هەبێ، بەڕێز ئانسل هەندێ تووی کێوی دۆزییەوە.

گەورەترین ترسی بەڕێز ئانسل ئەو تیمساحە بوو کە زۆر لێی نزیک دەبووە و لەبەرئەوەی بۆنی سەگەکانی دەکرد.

ئەو گوتی تیمساحێکی ١٦ پێی کوشت کاتێ دەیویست سەگەکانی بخوا.

سەری بڕی و هەر بۆ یادگاری هەڵیگرتووە.

"تیمساحی زۆر بوو بەڵام نەمویست فیشەک خەسار بکەم، نەمویست بۆنی لاشەی مردوویان تیمساحی زیاتر داوەت بکەم."

بەڕێز ئانسل گوتی دوای ماوەیەکی زۆر بزربوون زانی کەس بەدوایدا ناگەڕێ چونکە بەگێڵفرێندەکەی گوتبوو کە بەلایەنی کەم بۆ ماوەی دوو مانگ دەڕوا. (٤٨٣ وشە).

ئێستە تەماشای هەواڵی ژمارە (٢) بکە. پەرەگرافەکان ڕێکخراونەتەوە بۆ جەختکردنە سەر گرینگترین لایەن و فاکتی هەواڵەکە، بەڵام خۆش بەدوای یەکدا نایەن و هەندێ بۆشاییی هەیە لە نێوان پەرەگرافەکاندا. لەم کەیسەدا، پێشەکییەکی نوێ پێویستە بۆ لەخۆگرتنی خاڵی سەرەکی. کۆتەکان دەبێ ڕێک بخرێن و بۆ بنیاتنانی چیرۆکە. هەواڵی ژمارە (٣) پێشانی دەدا چۆن ئەمانە دەکرێن بەهۆی دارشتنەوەی هەواڵەکە. جەخت دەکاتە سەر گرینگترین لایەنی چیرۆکەکە و بەخوێنەر دەڵێ کە تەواوی چیرۆکەکە وردەکاریی زیاتری ئەزموونی پیاوەکەی تێدایە.

هەواڵی سێیەم درێژترە لەوەی یەکەم و دووەم، ئەمەش کێشەیە چونکە هەواڵەکە دەبێ کورت بکرێتەوە. هەندێ جار لە باتیی کورتی بکەیەوە درێژتر دەردەچێ. پاشان بەهەواڵەکەدا وەرەوە، بەدوای هەڵەی ڕێنووس، دەستەواژەی بازاڕی، وشەی ناپێویست، شتی زۆر دووبارەوە بوو و ئاوەڵناوی ناوپێویست، ئەوانە قووت بکە. دەبێ ڕستەی بکەرنادیار، ڕستەی ناتەواو و ناروون و ڕستەی دووبارەوە بوو لابدەی.

تەماشای گۆڕانکارییەکان بکە لە هەواڵی ژمارە (٤). شتی دووبارەوە بوو لادراوە. پەرەگرافی یەکەم نووسراوەتەوە و گۆڕاوە. بەسەرهاتی تیمساحەکە نووسراوەتەوە بۆ ئەوەی سەرنجڕاکێشتر و بەهێزتر بێ.

زانیاری لە بارەی ژیانی بەڕێز ئانسل بەشێوەیەکی تر نووسراوە بۆ ئەوەی تەواوی وەسفی شوێنی ژیان و خانووی سەر دارەکەی بکات. کۆت دانراوە لەسەر چۆنیتی ژیانی. ژمارەیەک هەڵەی ڕێنووس چاکراوەتەوە. شێوازی ڕستەکان گۆڕاوە. تەماشای هەرسێ هەواڵی ٢، ٣، ٤ بکە لە خوارەوە:

دەتوانی سەرسڕمانیان بهێنیتە پێش چاو کاتێ لەو شوێنەدا ڕاوکەری گای کەنوورە دەبین کە ناوی ڕۆد ئانسلە.

گرووپەکە چوو بوونە خوارێ بۆ سەر ڕووباری فیتزمۆریس، لەوێ چاویان بە بەڕێز ئانسل کەوت کە لە کامپێکی چڕوپڕ دەژیا.

ئانسل پێی گوتن دوو مانگ لەمەوبەر ماڵی لەوپەڕی ڕۆئاوای ئوستراليا بەجێهێشتووە بۆ ڕاوەماسی لە کەناڵی کوینسی ڕووباری ڤیکتۆریا، لە نزیک سنووری نێوان ڕۆئاوای ئوستراليا و هەرێمی باکور.

بەڕێز ئانسل گوتی دوای ماوەیەکی زۆر بزربوون زانی کەس بەدوایدا ناگەڕێ چونکە بە گێڵ فرێندەکەی گوتبوو کە بەلایەنی کەم بۆ ماوەی دوو مانگ دەڕوا.

گەورەترین ترسی بەڕێز ئانسل ئەو تیمساحە بوو کە زۆر لێی نزیک دەبووە و لەبەرئەوەی بۆنی سەگەکانی دەکرد.

ئەو گوتی تیمساحێکی ١٦ پێی کوشت کاتێ دەیویست سەگەکانی بخوا.

ئەو گوتی سەری تیمساحەکەی بڕی و هەر بۆ یادگاری هەڵی گرتووە.

"تیمساحی زۆر بوو بەڵام نەمویست فیشەک خەسار بکەم، نەمویست بۆنی لاشەی مردوویان تیمساحی زیاتر داوەت بکەم."

بەڕێز ئانسل گوتی زۆربەی فیشەکەکانی لەگەڵ بەلەمەکە بە ئاودا چوون بەڵام چەند فیشەک و چەکەکەی هەر پێ مابوو.

"گای کێویم دەکوشت بۆ خواردن. حەفتەی یەکەم چوارم کوشتن بەڵام حەفتەی دواتر تەنێ یەکێکم کوشت، ئەوساکە تەواو بێهێز

ببووم،" هەروەها گوتی "پێستەکەم لێ دەکردنەوە و ئامادەم دەکردن بۆ خواردن. دوای پێست لێکردنەوە هەڵم دەواسین تا وشک دەبوونەوە. بەوشکی یان بەکوڵاوی دەمخوارد. من و سەگەکەم پێکەوە نانمان دەخوارد.

لە رۆژی پێنجەمدا، بەڕێز ئانسل کەوتە سەر وشکانی و کامپێکی لە قەراخ رووبارەکە دروست کرد.

"گوتم لێرە دادەنیشم تا تەڕایی لە ئۆکتۆبەر دەیگاتێ. پاشان وردە وردە چوومە ناو وشکانییەکە و ئەوجا پەناگەیەکم لەسەر دارێک دروست کرد، هێشتا هێزم تێدا مابوو،" بەڕێز ئانسل گوتی.

"پەناگەم لەسەر درەختەکە دروست کرد بۆ ئەوەی دوور بم لە دووپشک و تیمساح. هەموو ئەو کاتە لەسەر دارەکە ژیاوم و مارێکی گەورەشی لەسەر دەژی، جارجار دەهاتمە خوارێ بۆ ئەوەی بزانم من کێم،" ئەو گوتی.

بەڵام تراژیدیا ئەو کاتە دەسپێدەکا کاتێ شەپۆلی دەریا بەلەمە ١٨ پێیییەکەی بەڕێز ئانسل وەردەگێڕێ و هەڵی دەداتە ناو رووباری فیتزمۆریس، کە دواجار دەرژێتە ناو کەناڵی کوینس.

کات دەمەوئێواران بوو کاتێ بەڕێز ئانسل و دوو سەگەکەی، لەگەڵ خۆیدا هێنابوونی، تووشی شۆک بوون.

"دیمەنێکی زۆر جوان بوو، بەڵام لە پڕ شتێکی گەورە بەلەمەکەی وەرگەڕاند و خۆم و دوو سەگەکە و کەلوپەلەکانمی خستە ناو ئاوەوە،" ئەو ئەمڕۆ گوتی.

بەڕێز ئانسل گوتی بەلەمە بچووکەکەی دیتەوە و هەندێ شیر و کەلەپەلی تری تێدا هێنا دەرێ، بۆ ئەوەی تەواو سەر ئاو بکەوێ و خۆی پێوە بگرێ.

"هەموو کاتە من بزر بوومە و نازانم لە کوێم. چوونە ناو دەریا وەک خۆکوشتن وایە، شەپۆلی دەریا هەردێ بەرز دەبنەوە بۆیە هاتمە لای باکور و سەر ئەم رووبارە بۆ ئاوی پاک."

بۆ چوار رۆژی دواتردا، بەڕێز ئانسل و سەگەکانی، یەکێکیان لە کاتی وەرگەڕانی بەلەمەکە بریندار بووە، زۆر تێنوویان بوو، سەر ئاو کەوتبوون و خۆیان بەپارچەی بەلەمەکە گرتبوو پێش ئەوەی بگەنە رووبارەکە.

بۆ ئەوەی خۆراکی جۆرەوجۆری هەبێ، بەڕێز ئانسل هەندێ تووی کێوی دۆزییەوە.

چوار کاوبۆیەکە بۆ ماوەی چەندان رۆژ گەشتیان کردبوو بۆ ناوچەیەکی قەدەخەکراوی ئەوپەڕی باکور.

گەشتەکە گەرم، وشک و خۆڵاوی بوو بەڵام هەر کردیان چونکە یەکێکیان بەدوای خەونێکی لەمێژینەی کەوتبوو ئەویش سەردانیکردنی هۆزێکی رەچەڵەکی وڵاتەکەی بوو.

بەئەسپایی ئەسپەکانیان تاو دەدا چونکە دەیانزانی لە وەها شوێنێکدا جگە لە ما و دووپشک و تیمساحی بکوژ کەسی تر ناژی.

برینداربوون لێرە یان لەدەستدانی ئەسپەکەت واتە مردن.

هەواڵی ژمارە (٣)

پیاوێک بەڕێکەوت دێتە دیتنەوە دوای ئەوە لە باکوری ئوسترالیا لەناو تیمساحان بزر دەبێ و ژیانی خۆی لەسەر دارێک لەگەڵ مارێکی گەورە دەگێڕێتەوە، هەروەها گای راو کردووە بۆ خۆرام لەو ماوەیەدا.

هەروەها لە هێرشێکی تیمساحێکی ١٦ پێ درێژ رزگاری بوو و سەری بڕیوە و بۆ یادگاری هەڵیگرتووە.

چوار کاوبۆی بۆ ماوەی چەندان رۆژ گەشتیان کردبوو بۆ ناوچەیەکی قەدەخەکراوی ئەوپەڕی باکور، لەوێ ئەو پیاوە رۆد ئانسل، ٢٢، دەبێنن کە گای لە جۆری کەنوورە راو کردووە.

بەڕێز ئانسل بەپیاوەکانی گوت بەلەمەکەی تێک شکا لە رێی راوەماسی دوای ئەوەی تیمساحێکی گەورە بەلەمەکەی وەرگەڕاند. ئەو گوتی دەیزانی کەس بەدوایدا ناگەڕێت چونکە بەگێڵفرێندەکەی گوتبوو کە بەلانی کەم دوو مانگی پێدەچێت.

بەڕێز ئانسل گوتی زۆربەی فیشەکەکانی لەگەڵ بەلەمەکە لەدەستدا بەڵام تفەنگ و چەند فیشەکێکی قورتار کرد.

"گای کێویم دەکوشت بۆ خواردن. حەفتەی یەکەم چوارم کوشتن بەڵام حەفتەی دواتر تەنێ یەکێکم کوشت، ئەوساکە تەواو بێهێز بووبووم،" هەروەها گوتی "پێستەکەم لێ دەکردنەوە و ئامادەم دەکردن بۆ خواردن. دوای پیست لێکردنەوە هەڵم دەواسین تا وشک دەبوونەوە. بەوشکی یان بەکوڵاوی دەمخوارد. من و سەگەکەم پێکەوە نانمان دەخوارد.

گەورەترین ترسی بەڕێز ئانسل ئەو تیمساحە بوو کە زۆر لێی نزیک دەبووە و لەبەرئەوەی بۆنی سەگەکانی دەکرد.

ئەو گوتی تیمساحێکی ١٦ پێی کوشت کاتێ دەیویست سەگەکانی بخوا.

ئەو گوتی سەری تیمساحەکەی بڕی و هەر بۆ یادگاری هەڵیگرتووە.

"تیمساحی زۆر بوو بەڵام نەمویست فیشەک خەسار بکەم،

نەمویست بۆنی لاشەی مردوویان تیمساحی زیاتر داوەت بکەم."

"گوتم لێرە دادەنیشم تا تەڕایی لە ئۆکتۆبەر دەیگاتێ. پاشان وردە وردە چوومە ناو وشکانییەکە و ئەوجا پەناگەیەکم لەسەر دارێک دروست کرد، هێشتا هێزم تێدا مابوو،" بەڕێز ئانسل گوتی.

"پەناگەم لەسەر درەختەکە دروست کرد بۆ ئەوەی دوور بم لە دووپشک و تیمساح. هەموو ئەو کاتە لەسەر دارەکە ژیاوم و مارێکی گەورەشی لەسەر دەژی، جارجار دەهاتمە خوارێ بۆ ئەوەی بزانم من کێم،" ئەو گوتی.

ئانسل پێی گوتن دوو مانگ لەمەوبەر ماڵی لەوپەڕی ڕۆئاوای ئوسترالیا بەجێهێشتووە بۆ ڕاوەماسی لە کەناڵی کوینسی ڕووباری ڤیکتۆریا، لە نزیک سنووری نێوان ڕۆئاوای ئوسترالیا و هەرێمی باکور.

بەڵام تراژیدیا ئەو کاتە دەسپێدەکا کاتێ شەپۆڵی دەریا بەلەمە ١٨ پێییەکەی بەڕێز ئانسل وەردەگێڕێ و هەڵی دەداتە ناو ڕووباری فیتزمۆریس، کە دواجار دەڕژێتە ناو کەناڵی کوینس.

کات دەمەوئێواران بوو کاتێ بەڕێز ئانسل و دوو سەگەکەی، لەگەڵ خۆیدا هێنابوونی، تووشی شۆک بوون.

"دیمەنێکی زۆر جوان بوو، بەڵام لە پڕ شتێکی گەورە بەلەمەکەی وەرگەڕاند و خۆم و دوو سەگەکە و کەلوپەلەکانمی خستە ناو ئاوەوە،" ئەو ئەمڕۆ گوتی.

بەڕێز ئانسل گوتی بەلەمە بچووکەکەی دیتەوە و هەندێ شیر و کەلەپەلی تری تێدا هێنا دەرێ، بۆ ئەوەی تەواو سەر ئاو بکەوێ و خۆی پێوە بگرێ.

"هەمـوو کـاتە من بـزر بوومـە و نازانم لە کـوێم. چوونـە نـاو دەریا وەک خـۆکـوشـتن وایە، شـەپۆلی دەریـا هـەردێ بـەرز دەبنـەوە بۆیە هـاتمە لای باکور و سـەر ئەم رووبارە بۆ ئاوی پاک."

بۆ چوار رۆژی دواتردا، بەڕێز ئانسل و سـەگەکانی، یەکێکیان لە کاتی وەرگـەڕانی بەلەمەکە بریندار بـووە، زۆر تێنوویان بوو، سـەر ئاو کـەوتبـوون و خۆیان بەپـارچەی بەلەمـەکە گرتبـوو پێش ئەوەی بگەنە رووبارەکە.

بۆ ئـەوەی خــۆراکـی جـۆرەوجــۆری هـەبێ، بـەڕێز ئـانسل هـەندێ تووی کێوی دۆزییەوە.

چوار کـاوبۆیەکـە بۆ مـاوەی چەندان رۆژ گـەشـتـیـان کـردبوو بۆ ناوچەیەکی قەدەخەکراوی ئەوپەڕی باکور.

گەشـتـەکە گـەرم، وشک و خـۆڵاوی بوو بەڵام هـەر کـردیان چونکە یەکـێکیـان بەدوای خـەونێکی لەمـێـژینەی کـەوتبـوو ئـەویش سـەردانیکردنی هۆزێکی رەچەڵەکی وڵاتەکەی بوو.

بەئەسـپـایـی ئەسـپـەکـانیـان تاو دەدا چونکە دەیانزانـی لە وەهـا شـوێنێکدا جگە لە مـا و دووپشک و تیـمـسـاحی بکوژ کـەسـی تر ناژی.

بریندارببوون لێرە یان لەدەستدانی ئەسپەکەت واتە مردن.

هەواڵی ژمارە (٤)

پیـاوێک بەڕێکەوت دێتە دیتـنەوە دوای ئەوە لە باکوری ئوسـترالیـا لەناو تیـمـسـاحـان بزر دەبـێ و ژیانی خـۆی لەسـەر دارێک لەگـەڵ مـارێکی گـەورە دەگـێڕێتـەوە، هـەروەهـا گـای راوکـردووە بۆ خـۆرام لەو ماوەیەدا.

هەروەها لە پەلاماردانی تیمساحێکی ١٦ پێ درێژ رزگاری بوو و سەری بڕیوە و بۆ یادگاری هەڵیگرتووە.

چوار کاوبۆی بۆ ماوەی چەندان رۆژ گەشتیان کردبوو بۆ ناوچەیەکی قەدەغەکراوی ئەوپەڕی باکور، لەوێ ئەو پیاوە رۆد ئانسل، ٢٢، دەبێنن کە گای لە جۆری کەنوورە راو کردووە.

بەڕێز ئانسل بەپیاوەکانی گوت بەلەمەکەی تێک شکا لە رێی راوەماسی دوای ئەوەی تیمساحێکی گەورە بەلەمەکەی وەرگەڕاند. ئەو گوتی دەیزانی کەس بەدوایدا ناگەڕێت چونکە بەگێڵفرێندەکەی گوتبوو کە بەلانی کەم دوو مانگی پێدەچێت.

بۆ خۆپاراستن لە تیمساح و درندەیلی تر، بەڕێز ئانسل پەناگەیەکی بۆ خۆی دورست کردووە.

"بۆ خۆ پاراستن خانووێکم لە دار و پووش و پەڵاش لەسەر درەختێکی گەورە دروست کرد،" ئەو گوتی.

"هەموو ئەو کاتە لەوێ ژیانم بەسەربرد لەگەڵ مارێکی گەورە، کە جارجار دەهاتە خوارێ تا بزانێ من کێم،" ئەو گوتی.

بەڕێز ئانسل گوتی زۆربەی فیشەکەکانی لەگەڵ بەلەمەکە لەدەستدا بەڵام تفەنگ و چەند فیشەکێکی قورتار کرد.

"گای کێویم دەکوشت بۆ خواردن. حەفتەی یەکەم چوارم کوشتن بەڵام حەفتەی دواتر تەنێ یەکێکم کوشت، ئەوساکە تەواو بێهێز ببووم،" هەروەها گوتی "پێستەکەم لێ دەکردنەوە و ئامادەم دەکردن بۆ خواردن. دوای پیست لێکردنەوە هەڵم دەواسین تا وشک دەبوونەوە. بەوشکی یان بەکوڵاوی دەمخوارد. من و سەگەکەم پێکەوە نانمان دەخوارد.

گەورەترین ترسی بەڕێز ئانسل ئەو تیمساحە بوو کە زۆر لێی

نزیک دەبووە و لەبەرئەوەی بۆنی سەگەکانی دەکرد.

ئەو گوتی تیمساحێکی ١٦ پێی کوشت کاتێ دەیویست سەگەکانی بخوا.

ئەو گوتی سەری تیمساحەکەی بڕی و هەر بۆ یادگاری هەڵیگرتووە.

"تیمساحی زۆر بوو بەڵام نەمویست فیشەک خەسار بکەم، نەمویست بۆنی لاشەی مردوویان تیمساحی زیاتر داوەت بکەم."

"گوتم لێرە دادەنیشم تا تەڕایی لە ئۆکتۆبەر دەیگاتێ. پاشان وردە وردە چوومە ناو وشکانییەکە و ئەوجا پەناگەیەکم لەسەر دارێک دروست کرد، هێشتا هێزم تێدا مابوو،" بەڕێز ئانسل گوتی.

"پەناگەم لەسەر درەختەکە دروست کرد بۆ ئەوەی دوور بم لە دووپشک و تیمساح. هەموو ئەو کاتە لەسەر دارەکە ژیاوم و مارێکی گەورەشی لەسەر دەژی، جارجار دەهاتمە خوارێ بۆ ئەوەی بزانم من کێم،" ئەو گوتی.

ئانسل پێی گوتن دوو مانگ لەمەوبەر ماڵی لەوپەڕی رۆئاوای ئوستراليا بەجێهێشتووە بۆ راوەماسی لە کەناڵی کوینسی رووباری ڤیکتۆریا، لە نزیک سنووری نێوان رۆئاوای ئوستراليا و هەرێمی باکور.

بەڵام تراژیدیا ئەو کاتە دەسپێدەکا کاتێ شەپۆلی دەریا بەلەمە ١٨ پێییەکەی بەڕێز ئانسل وەردەگێڕێ و هەڵی دەداتە ناو رووباری فیتزمۆریس، کە دواجار دەڕژێتە ناو کەناڵی کوینس.

کات دەمەوئێواران بوو کاتێ بەڕێز ئانسل و دوو سەگەکەی، لەگەڵ خۆیدا هێنابوونی، تووشی شۆک بوون.

"دیمەنێکی زۆر جوان بوو، بەڵام لە پڕ شتێکی گەورە بەلەمەکەی وەرگەڕاند و خۆم و دوو سەگەکە و کەلوپەلەکانمی خستە ناو ئاوەوە،" ئەو ئەمڕۆ گوتی.

بەڕێز ئانسل گوتی بەلەمە بچووکەکەی دیتەوە و هەندێ شیر و کەلەپەلی تری تێدا هێنا دەرێ، بۆ ئەوەی تەواو سەر ئاو بکەوێ و خۆی پێوە بگرێ.

"هەموو کاتە من بزر بوومە و نازانم لە کوێم. چوونە ناو دەریا وەک خۆکوشتن وایە، شەپۆلی دەریا هەردێ بەرز دەبنەوە بۆیە هاتمە لای باکور و سەر ئەم رووبارە بۆ ئاوی پاک."

بۆ چوار رۆژی دواتردا، بەڕێز ئانسل و سەگەکانی، یەکێکیان لە کاتی وەرگەڕانی بەلەمەکە بریندار بووە، زۆر تێنوویان بوو، سەر ئاو کەوتبوون و خۆیان بەپارچەی بەلەمەکە گرتبوو پێش ئەوەی بگەنە رووبارەکە.

بۆ ئەوەی خۆراکی جۆرەوجۆری هەبێ، بەڕێز ئانسل هەندێ تووی کێوی دۆزییەوە.

چوار کاوبۆیەکە بۆ ماوەی چەندان رۆژ گەشتیان کردبوو بۆ ناوچەیەکی قەدەخەکراوی ئەوپەڕی باکور.

گەشتەکە گەرم، وشک و خۆڵاوی بوو بەڵام هەر کردیان چونکە یەکێکیان بەدوای خەونێکی لەمێژینەی کەوتبوو ئەویش سەردانیکردنی هۆزێکی رەچەڵەکی وڵاتەکەی بوو.

بەئەسپایی ئەسپەکانیان تاو دەدا چونکە دەیانزانی لە وەها شوێنێکدا جگە لە ما و دووپشک و تیمساحی بکوژ کەسی تر ناژی.

بریندابوون لێرە یان لەدەستدانی ئەسپەکەت واتە مردن.

هەواڵەکە هێشتا زۆر درێژە و دەبێ کورت بکرێتەوە. ئێستە کە دڵنیابووی لە چاکـردنەوەی هەڵەکانی تر، دەبێ دەسبکەی بەئەرکی دووەم ئەویش قووتکردنی هەواڵەکەیە. دەسبکە بەبڕینی ئەو پەرەگرافانەی کە پێویست و گرینگ نین. بۆ نموونە، باسکردنی هۆی ئەوەی بۆچی کاوبۆیەکان چوونەتە ئەوێ گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە ئانسل بەڕێککەوت دیتراوەتەوە. بەبڕینی ئەو زانیارییە، هەواڵەکە کەمێک کورت دەبێتەوە. هەروەها ئەو فاکتەی دەڵێ خۆراکی چی بووە و نەبووە، ئەویش گرینگ نییە.

پاشان ئەو رستانە دەسنیشان بکە کە دەکرێ کورت یان سادە بکرێنەوە. وەک بەشێک لەم پرۆسەیە "ئەو پێی گوتن " ئەم جۆرە دەستەواژانە دەبێتە "بەڕێز ئانسل". چەندان وشەی دووبارەوەبووی تێدایە، وەک بۆ دوو مانگ، دوو مانگ لەمەوبەر و تاد. چەند رستەیەکی تریش گرینگ نین کە لە هەواڵی ژمارە (٥)دا دیارە. دوای هەموو ئەو بڕینانەن، رستە بەرستە پێداوەرەوە، وشەی زیادە و لابدە و رستەکان کورتتر بکەوە. هەواڵی ٥ پێشانی دەدا چۆن کورت کراوەتەوە و بووەتە هەواڵێک ئامادە بۆ بڵاوکردنەوە.

هەواڵی ژمارە ٥

پیاوێک بەڕێکەوت دێتە دیتنەوە دوای دوو مانگ بزربوونی لە باکوری ئوستراليا لەناو تیمساحان. ژیانی خۆی لەسەر دارێک لەگەڵ مارێکی گەورە دەگێڕێتەوە. لەو ماوەیەدا بەڕاوکردنی گا ژیاوە.

لەوێ لە پەلاماردانی تیمساحێکی ١٦ پێ درێژ رزگاری بووە. سەری بڕیوە و بۆ یادگاری هەڵیگرتووە.

چوار کاوبۆی بەڕێکەو چووبوونە ئەو شوێنە دوورە و لەوێ ئەو

پیاوە رۆد ئانسل، ٢٢، دەبینن کە گای لە جۆری کەنووری راو کردووە.

ئانسل گوتی بەلەمەکەی تێک شکا لە رێی راوەماسی دوای ئەوەی تیمساحێکی گەورە بەلەمەکەی وەرگەڕاند. ئەو دەیزانی کەس بەدوایدا ناگەڕێت چونکە بەگێڵفرێندەکەی گوتبوو بەلانی کەم دوو مانگی پێدەچێت.

بۆ خۆپاراستن لە تیمساح و مار و دووپشک دڕندەیلی تر، ئانسل پەناگەیەکی بۆ خۆی لەسەر درەختێک دروست کرد.

"هەموو ئەو کاتە لەوێ ژیانم بەسەربرد لەگەڵ مارێکی گەورە، کە جارجار دەهاتە خوارێ تا بزانێ من کێم،" ئەو گوتی.

ئانسل گوتی هەموو کەلوپەلەکانی لەوەرگەڕانی بەلەمەکەی لەدەستدا، بەڵام تفەنگ و چەند فیشەکێک و هەندێ شیر و دوو سەگەکەی قورتار کرد. خۆی بەدارێکی بەلەمەکە گرت تا گەیشتە کەنار. لە ئەنجامدا، یەکێک لە سەگەکانی بریندار بوو.

"گای کێویم دەکوشت بۆ خواردن. حەفتەی یەکەم چوارم کوشتن بەڵام حەفتەی دواتر تەنێ یەکێکم کوشت، ئەوساکە تەواو بێهێز بووبووم،" ئانسل گوتی و بەردەوام بوو "پێستەکەم لێ دەکردنەوە و ئامادەم دەکردن بۆ خواردن. دوای پیست لێ کردنەوە هەڵم دەواسین تا وشک دەبوونەوە. بەوشکی یان بەکوڵاوی دەمخوارد. من و سەگەکەم پێکەوە نانمان دەخوارد."

گەورەترین ترسی ئانسل ئەو تیمساحەکان بوون کە زۆر لێی نزیک دەبوونەوە لەبەرئەوەی بۆنی سەگەکانیان دەکرد.

ئانسل گوتی تیمساحێکی ١٦ درێژی ١٦ پێیی کوشت کاتێ دەیویست سەگەکانی بخوا.

" دوای کوشتنی سەری تیمساحەکەم بڕی و هەڵمگرتووە بۆ یادگاری."

"تیمساحی زۆر بوو بەڵام نەمویست فیشەک خەسار بکەم، نەمویست بە بۆنی لاشەی مردوویان تیمساحی زیاتر داوەت بکەم."

کات دەمەوئێواران بوو کاتێ بەڕێز ئانسل و دوو سەگەکەی، لەگەڵ خۆیدا هێنابوونی، تووشی شۆک بوون.

"دیمەنێکی زۆر جوان بوو، بەڵام لە پڕ شتێکی گەورە بەلەمەکەی وەرگەڕاند و خۆم و دوو سەگەکە و کەلوپەلەکانمی خستە ناو ئاوەوە،" ئەو گوتی.

"هەموو کاتە من بزر بوومە و نازانم لە کوێم. چوونە ناو دەریا وەک خۆکوشتن وایە، شەپۆلی دەریا هەردێ بەرز دەبنەوە بۆیە هاتمە لای باکور و سەر ئەم رووبارە بۆ ئاوی پاک." (٣٣٣ وشە).

## ئەنجام

نووسیاری کەرەستەیەکی بەرهەمهێنانە لەلایەن رۆژنامەوانان بەکار دێ بۆ دڵنیاکردنی ئەوەی هەواڵەکە بەپێی پێویستی ستایل و درێژیی رۆژنامەکە بێ. نووسیاری پرۆسەیەکیشە بەهۆیەوە نووسەر پەیامەکانیان پۆلیش و پاک دەکەنەوە. پێشخستنی توانای نووسیاری بۆ بەهێزترکردنی نووسین لایەنێکی گرینگی پیشەکەتە و دەبێ هەر لە سەرەتاوە بایەخی پێ بدەی. چەندە نووسیارێکی باش بی، ئەوەندە نووسینەکەت باشتر دەبێ.

وەک پەیامنێر، دەبێ هەمان پرۆسەی نووسیاری هەواڵ بکەی پێش ئەوەی هەواڵەکەت بنێری. قەت وادامەنێ ئەوانی تر هەڵەکانت چا دەکەنەوە و ئیتر هەموو بەرپرسیارەتێک بخەیە سەر شانی نووسیار، نەخێر، دەبێ تۆش یارمەتی نووسیار بدەی. زۆربەی کات پەیامنێر کات و دەرفەتی نییە لە خەت

بێ لەگەڵ نووسیار بۆ چاکترکردنی هەواڵ. بەڵام، هەندێ جار پرۆسەی نووسیاری هاریکارییە لە نێوان و پەیامنێر و ئەو کەسەی ئەرکەکەی پێدەسپێرێ. لایەنێکی تری نووسیاری لە بەشی دەیەمەدا باس دەکرێ. دواهەمین ئامۆژگاری ئەوەیە: هەردەم دووجار بەسەر هەواڵەکەتدا بڕۆوە.

خشتەی نووسیاریکردنی هەواڵ لە کاردا

نووسیارەکەت هەواڵێکت دەداتێ و پێت دەڵێ: "لیدەکە مردووە و هەواڵەکەش پڕە لە کون. هەواڵەکە پاک بکەوە و بیکە ٣٠٠ تا ٣٥٠ وشە." لە کوێ دەس پێ دەکەی؟ چۆن بڕیار دەدەی چی ببڕی و چی بهێڵییەوە؟ پێویستە چیی هەواڵەکە بێتە گۆڕین و بۆچی؟

↓

ئاخۆ گرینگترین فاکت و سەرنج ڕاکێشترین زانیاری لە پێشەکییەکەدایە؟

ئاخۆ هەواڵەکە بەتازەترین و گرینگترین زانیاری دەس پێ دەکا؟

گرینگترین بەهاگەلی هەواڵ لەم هەواڵەدا چین؟

↓

ئاخۆ بەهاگەلی گرینگی هەواڵ لە هەواڵەکەدا ڕەنگی داوەتەوە؟

بەڵێ یان نەخێر:

ئەگەر بەڵێ بێ:

↓

ئاخۆ هەموو شتێکە لە هەواڵەکەدا روونە؟

هیچ هەڵەیەک هەیە لە فاکتەکان؟

هیچ نەگونجانێک هەیە؟

هیچ بۆشایێک هەیە پێویستی بەپڕکردنەوە بێ؟

هیچ رستەی ناروونی تێدایە؟

دەستەواژەی بازاڕی، کلێشە، دەستەواژەی تایبەت یان شتی دووبارەوەبووی تێدایە؟

ئەگەر نەخێر بێ

چۆن دەسدەکەی بەنووسیاریکردنی هەواڵەکە؟

ئاخۆ پێشەکییەکە دەگۆڕی؟

ئاخۆ رستەیلی پەرەگرافەکان رێک دەخەیەوە؟بۆچی؟

کام بەهای هەواڵ پێش ئەوانی تر بەکاردێنی؟

ئاخۆ هەموو شتێکە لە هەواڵەکەدا روونە؟

هیچ هەڵەیەک هەیە لە فاکتەکان؟

هیچ نەگونجانێک هەیە؟

هیچ بۆشایێک هەیە پێویستی بەپڕکردنەوە بێ؟

هیچ رستەی ناروونی تێدایە؟

دەستەواژەی بازاڕی، کلێشە، دەستەواژەی تایبەت یان شتی دووبارەوەبووی تێدایە؟

دەتوانی خۆت بۆشاییەکان پڕ بکەیەوە؟

چ سەرچاوەیەکت لە بەردەستە، بێ لەوانەی پەیامنێر بەکاری هێناون؟

هەواڵەکە زۆر درێژە

چۆن بڕیار دەدەی چی لێ دەبڕی؟ کام رستە گرینگە بۆ پاڵپشتیی بەهاگەلی هەواڵ؟ کام رستە گرینگە بۆ پاڵپشتیی مانای هەواڵەکە؟ کام رستە زانیاریی لاوەکی تێدایە؟ دەتوانی ئەو زانیارییە لاوەکییانە ببڕی، بۆچی؟ چیت لە مێشکدایە لەبارەی ئارەزووەکانی خوێنەرەوە؟

ئاخۆ هەواڵەکە هێشتا زۆر درێژە؟

ئەگەر بەڵێ بێ:

ئاخۆ هەموو زانیارییە ناپێویستەکانت قووت کردووە؟ ئاخۆ رستە و پەرەگرافەکانت نووسیاریکردووە؟ ئاخۆ نووسیاریی وشە و رستەکانیشت کردووە؟ پێکهاتەی هەواڵەکە ورد و دەقیقە؟ دەتوانی رستەکان کورتتر بکەیەوە بێ ئەوەی مانا ببڕی؟

ئەگەر نەخێر بێ

ئاخۆ هەواڵەکەت دەقیق و هاوسەنگە؟

گۆشەکەت چییە؟ بۆچی؟ ئاخۆ لێدوانەکانت پشتڕاست کردیتەوە و دراونەتە پاڵ سەرچاوەیێک؟

ئاخۆ پێکهاتەی هەواڵەکە بە بکەردیار یان نادیار نووسراوە؟

بەسەر فرمانەکاندا چووەوە، باشترین فرمانت بەکار هێناوە بۆ مەبەستەکەت؟

خاڵی سەرەکی هەواڵەکە بە روونی نووسراوە؟

هەموو بۆشایییەکان پڕ کراونەتەوە؟ دەگونجێ لەگەڵ ستایلی بڵاوکردنەوەی رۆژنامەکەت؟

رێزمانی تەواوە؟ سەردێرەکە مانادار و گونجاوە؟ ئاخۆ لە نێوان ٣٠٠–٣٥٠ وشەدایە؟

## کارکردن لەگەڵ وشە

بابەتێکت لە گۆواری FHM هاتووەتە پەسندکردن. گۆوارێکی نێودەوڵەتیی سەرکەوتووی پیاوانە. بەڵام، پێش بڵاوکردنەوە نووسیارەکە دەیەوێ دەسکاری بابەتەکەت بکەیت بەچەندان ڕێگە. یەکەم، پێشنیازی گۆڕان دەکا لە دەنگی یەکەم کەس. پاشان داوات لێ دەکا زانیاریی زیاتر بدەی لەبارەی سەرکەشییەکانی پێشووەوە. ئەوجا دەڵێ زۆر درێژە و کورتی بکەوە بۆ ٨٠٠ وشە. لە دوماهیدا، نووسیارەکە خۆیشی دەیبڕێ تا لە شوێنی دیاریکراو جێی دەبێتەوە. کامە پرۆسە بەکار دەبەی بۆ بڕینی چیرۆکەکەت بۆ بڵاوبوونەوە؟

ئێرنەست هێمینگوای، ڕۆژنامەوان و نووسەری ئەمەریکایی، وشەگەر (چوێنراوە بەئاسنگەر–و.) بەمانای تەواوی وشە. نووسینەکانی سادە و ساکارن، زۆربەی وشەکانی یەک یان دوو بڕگەیە. بۆیە ئێستەشی لەگەڵدابێ بەهێزترین نووسەری ئەدەبی مۆدێرنە. کاری هێمینگوای پێشانمان دەدا هێزی وشەی نووسراو زۆر لە خودی وشەکەدا نییە بگرە لە ڕێی ڕێکخستن، ریتم و لێشاوی بیرۆکەکاندایە. ڕۆژنامەوانی نووسراو بەزمانێکی سادە دەتوانێ خوێنەر قووڵ ببزوێنێ: بەگریانی خۆشی و ناخۆشیان بخا، تووڕەیان کا و وایان لێ بکا شتێک بکەن. ئادەم دەڵێ بەکارهێنانی زمانی سادە لە ڕۆژنامەوانی سنوورێکە لەلایەن خەڵکەوە سەپێنراوە.

ڕۆژنامەوانەیل دەبێ لەوەی تێبگەن کە زمانی سادەی هێمینگوای وەها ئاسان بۆی نەهاتووە، بگرە چەندان جار پاکنووس و نووسیاریکردووە، جا ڕۆمان یان فاکت. دەڵێن بەم شێوەیە بۆ پارێزەرەکەی نووسیوە: "من مینێکی ئەڵماسم هەیە ئەگەر خەڵک وازم لێ بێنن و لێم گەڕێن بەردەکان لە قوڕی شین بێنمە دەرەوە و پاشان بیانبڕم و پۆلیشیان بکەم."

لە وتارێکدا بەبۆنەی سەتەمین لەدایکبوونی هێمینگوای، جۆون دایدیۆن لەبارەی ستایلی هێمینگوای نووسی:

> ئەمە ئەو پیاوەیە وشە گرینگە بەلایەوە. کاری لەسەرکردن، تێیانگەشت و چووە ناویان. لە ٢٤ ساڵیدا هەندێ جار وەک ڕاهێنان بەسەر نووسینەکانیدا دەچووەوە، فەرەبارە دەینووسینەوە. تۆ گرینگی بەخاڵبەندی بدەی یان نا، هێمینگوای پێی دەدا. تۆ گرینگی بە "و" و "بەڵام"ەکان بدەی یان نا، هێمینگوای پێیانی دەدا. (دایدیۆن، ١٩٩٩).

وتارەکەی دایدیۆن پڕژایە سەر ئەوەی ئاخۆ هێمینگوای دڵخۆش دەبوو ئەگەر نووسینێکی بەناتەواوی یان نەقووسانی بڵاو کردبایەوە. ڕاستیان گوتوە ڕێی تێدەچێ زۆر شت لە نووسینی ناتەواو فێربی. ڕۆژنامەوانیی باش کارێکە زەحمەت چونکە ڕاستییە. خەڵک ڕاستەقینە، ئەزموون ڕاستەقینە: ڕۆژنامەوان لە ڕووداوی ڕاستەقینە بەشدار دەبێ و دەگەڕێ بەدوای ناساندنی کارەکتەرەکان و بیرۆکە و دراما. ئەم بەشە دەکۆڵێتەوە لە پرۆسەی خودنووسیاری (واتە خۆت نووسیاری هەواڵەکەت، نووسینەکەت بکەی). بەهۆی ئەم پرۆسەیە دەتوانی نووسینەکانت پارچە پارچە بکەی، ئەوجار بڕیاریان لەسەر بدەی، بڕیار لەبارەی ستایل، تۆون و ناوەڕۆک. پرۆسەکە دێتە باسکردن بەهۆی شیکردنەوەی بابەتێک کە بەڕاستی بڵاوکراوەتەوە لە سێ وڵات لە ١٩٩٩ و ٢٠٠٠ . پرۆسەکە لە نووسینێکی

ناتەواو دەسپێدەکا تا دەکرێت بەنووسینێک ئامادە بۆ بڵاوکردنەوە. پێنج درافتە. ڕێکخستنی ڕستە و بەکارهێنانی زمان پێشانیدەدا چۆن نووسیاری کار لە پەیامی میدیا دەکا.

## باکگراوندی وتارەکە

ڕووداوە هەواڵێک پاڵ بەنووسەرەکە دەنێ بۆ کۆوارێک ئەم وتارە بنووسێ کە لەم بەشەدا دەیخوێنین. ڕووداوەکە زۆر هەستیارە. پۆلیس پیاوێکیان لە دەست دەکوژرێ دوای هەوڵی گرتنی. پیاوەکە ئەفسەرێک دەکوژێ لەناو ئەو دەوەنەی خۆی لێ شاردبووەوە. پۆلیس بەهۆی ئەوە زانییان ئەو لەوێیە. پۆلیسەکەی تر تەقە دەکا و پیاوەکە دەکوژێ.

چیرۆکەکە زیاتری پێوەیە. ئەوە یەکەم پۆلیسە بێتە کوشتن لە هەرێمی باکوری ئوسترالیا لە ماوەی زیاتر ٤٠ ساڵدا. پیاوە ویستراوەکە ناسراو بوو و وەختێک ڕێزێکی تایبەتی هەبوو لە کۆمەڵگە. پیاوێک بوو بەئەزموون لەناو دار و دەوەن، پۆلیس قەت بۆی نەدەکرا وەها ئاسان بیدۆزێتەوە. لەوەش زیاتر، بەهۆی سەرکەشییەکانی بەپاڵەوان ناسرا بوو، ئەمە بووە هەوێنی فیلمێکی نێودەوڵەتی سەرکەوتوو بەناوی "تیمساحی دەندی". نووسەرەکە دەتاسێ بەچیرۆکەکە کە یەکناگرێتەوە لەگەڵ پیاوە کوژراوەکە: پیاوێکی وەها خۆشەویست، بەتوانا و زیندی بۆ دێتە کوشتن. نووسەر ئەم پرسیارە دەکا "چۆن کەسێکی وەها باش، وا خراپ دەبێ؟"

دەیڤد لێسە، هەڵگری خەڵاتی ڕیپۆرتاژ، لەبارەی ئاستەنگەکانی نووسینی پرۆفایلی کارەکتەری نووسی لە پێشەکیی کتێبەکەی بەناوی "سپیایی چاوەکانیان". ئەو گوتی پرۆفایل زیاتر وەسفکردنی ڕووداوگەلی ژیانی یەکێکە و ئەوانی تر چییان پێیە لەبارەی ئەو ڕووداوانە.

نووسەرەکە پرۆفایلێک لەبارەی کابرای کوژراو دەنووسێ. گرینگە لە سەرەتای گێڕانەوەکە کابرا نەکەی بەکەسایەتییەکی ڕۆمانسی، چونکە

بێویژدانانە پۆلیسێکی کوشتووە. بەقەد هێندەی ئەمە گرینگ ئەوەیە کابرا نەکەی بەدێوەزمەیەک. نووسەر تاساوە بەوەی چۆن پیاوێک هەشت حەفتە لە ژیانێکی قورس ماوە و نەیتوانی بەرگەی فشاری دنیای مۆدێرن بگرێ. لایەنێکی تر ئەوەیە نووسەر زانیاریی هەیە لەبارەی چیرۆکی پیاوەکە. چەند ساڵێک پێش ئەوسا، نووسەر کتێبێک دەخوێنێتەوە نووسراو لەلایەن کابرای کوژراو. بنووسی کتێبەکە زۆر جیاوازە کەسایەتیی پۆلیسکوژەکە لە کاتێکدا هەردووکیان یەکێکن. لێرەدا پرۆسەی نووسینی بابەتێک دەسپێدەکا بۆ بڵاوکردنەوە لە رۆژنامەوانی.

پێش چوونە ناو پرۆسەی نووسین، نووسەر دەبوایە بڕیار بدا کام بڵاوکراوە، ستایلی کامیان گونجاوە بۆ چیرۆکەکە. ئەمە گرینگە چونکە ئەو رۆژنامە یان کۆوارەی بابەتەکەت بڵاو دەکاتەوە کار دەکاتە سەر چۆنیەتیی ستایل، تۆون و پێکهاتەی چیرۆکەکەت. وەک رۆژنامەونێکی فریلانس، نووسەرەکە بەهۆی ئەزموونی زانی نووسینی بابەتێک و دواتر خوێنەری بۆ بدۆزییەوە ماندووکەر و بێهوودەیە. کۆواری FHM رەزامەندیان دەربڕی بابەتەکەی بۆ بڵاوبکەنەوە. بەم پێیە نووسەر زانی بەرەو چ ئاراستەیەک دەڕوا چونکە ئێستە زانی کام ستایل و پێکهاتە و تۆون بەکاردێنێت. لەم حاڵەتەدا، نووسەر کۆواری FHMی هەڵبژارد چونکە ویستی پەیامەکەی بگاتە بەو نێرانەی لە نێوان ١٨ تا ٣٥ ساڵین. نووسەر بیرۆکەی نووسینەکەی لای نووسیار باس کرد و ئەویش رازی بوو درافتێک ببینێ.

### پرۆسەی نووسین (درافتی یەکەم)

بتەوێ دەسبکەی بەنووسین پێویستت بەفاکت، کۆت، گێڕانەوە و چیرۆک هەیە بۆ روونکردنەوەی زانیارییەکان و سەرنجڕاکێشتری بکەی. چیرۆکەکەت پێویستی بەپشتڕاستکردنەوە هەیە، چونکە تۆ زانیاری دەدەی لەسەر ئەو بابەتە. نووسینەکەت باسی ژیانی یەکێک دەکا لە هەموو

رووێکەوە. یەکەم شت ئەوەیە خاڵی سەرەکی نووسینەکەت دیاری بکەی. خاڵی سەرەکی واتە هەموو شتەکانی تر لەسەر ئەوە بێنە نووسین. دەتوانی بەیەک رستە خاڵی سەرەکی دیاری بکەی. بۆ نموونە: " مردنی پیاوێک واتە مردنی ئەفسانەیەکی ئوسترالی ناو دەوەن." هەموو فاکت، کۆت، بەسەرهات، گێڕانەوە، چیرۆک و زانیاریت دەبێ لەسەر ئەم خاڵە سەرەکییە بنیات بنێی. دەبێ پێوەندییەکی تەواو لە نێوان هەموو ئەمانەدا دروست بکەی.

ئەو تەکنیکانەی لە رۆژنامەوانی دێنە بەکارهێنان ئەوانەن لەلایەن چیرۆکبێژی تریش بەکاردێن. رۆژنامەوانی ئەمانەشی تێدایە: گرێ (پلۆت)، کارەکتەر، کار، دیالۆگ، سیکوێنس، دراما، هۆ، ئەفسانە، میتافۆر و شیکردنەوە. تاکە جیاوازیی ئەوەیە زمانی رۆژنامەوانی سادەیە و روونە، رۆژنامەوان هەردەم گێڕەوەکەیە و رێنوێنی خوێنەر دەکا بۆ خوێندنەوەی چیرۆکەکە.

رۆژنامەوان دەستی خوێنەر دەگرێ بەناو گەشتی چیرۆکەکە، لە رێگەدا هەموو شتێکی بۆ روون دەکاتەوە. تۆم وولف لەبارەی رۆژنامەوانی دەڵێ "رۆژنامەوانی واتە باسکردنی دیمەنگەل. تۆ چاوەڕێدەکەی شت روودەن، تۆش ئەو شتانە باسدەکەی، ئا لەوێ دیالۆگ دروست دەکەی." لە رێگەی دیمەنگەل، رۆژنامەوان کارەکتەرەکان ئاشکرا دەکا: سیفەتیان، عادەتیان، هەستیان، تێڕوانین و بیرۆکەیان.

رۆژنامەوانیکی سیدنی پارچەیەکی لەبارەی پیاوێکی بێدەرەتان نووسی، هێندەی نەبرد زەردەخەنەی دەموچاوە هەژارییەکەی لە رێکلامێکی تەلەفزیۆن بەکارهێنرا و ناوبانگی دەرکرد. دوو حەفتە دواتر کابرا بەمردوویی دیتراوە لەبەر کێشەی کحول، رۆژنامەوانەکە چیرۆکێکی لەبارەی ژیانی پیاوەکە نووسی و بەم وشانە دەستی پێ کرد:

پازدە خولەک لە ناوبانگی جۆن یەنگ تەنێ دوو حەفتە ژیا، بەڵام

نەیتوانی چرکەیەکیشی بیر کەوێتەوە. (پێرین، ١٩٩٥).

لە چیرۆکی چارلیدا، کە راستی بوو، باش لەبارەی ئەو رێگەیەی نووسی کۆمەڵگە مامەڵە لەگەڵ پرسی دادوەریی مرۆیی دەکا. نووسینەکەی پێشەکییەکی بەهێزی هەبوو، زۆر کەس پێیان وایە باشترین بەشی پێکهاتەکەیە. هەندێ جار کۆتاییەکە بۆ نووسەر دێ، بەڵام خاڵی دەسپێک هەر تەنێ رستەیەک یان دەستەواژەیەک نییە، بگرە ستایل و تۆون و هەموو شتێک لەوێوە سەرچاوە دەگرن. هەرکە خاڵی سەرەکی دانرا، حسێبکە چوارچێوەکەت ئامادەیە و چیرۆکەکەتی تێدا دەنووسی. بیری لێ دەکەیەوە، پلانی بۆ دادەنێی، ئەمانە بەلای گەلێ نووسەر قورسترین ئەرکن، بەڵام بەم شێوەیە ریتمی نووسینەکە بەڕاستی دێن.

توانستی راستەقینەی نووسیاری لەوێدایە بزانی چی دەبڕی بۆ روونترکردنی نووسینەکە. هێمینگوای نووسین بەشاخەبەفر دەچوێنێ، چونکە گرینگ نییە چیرۆکەکە چەند گەورەیە نووسەر دەیڵی، هەردەم زۆر شت هەیە خوێنەر نایبینێ.

کۆت رێگەیەکی ئێجگار بەهێزە بۆ بنیاتنانی چیرۆکەکەت. کاتێ کۆتی یەکێک دەکەی، خوێنەر تەنێ ئەوە ناخوێنێتەوە سەرچاوەکە چی گوتوە، بگرە ئەو رێگەیەی قسەکەی پێگوتراوە، کەسایەتیی کەسەکە دەردەخا. کێشەی کۆت ئەوەیە هەمووی راستەوخۆیە و گێڕانەوەی تێدا نییە. کۆت بەتەنێ نزیکترت دەکاتەوە لە راستی، بەڵام راستی شتێکە کێشەدارتر. بەسەرهات بەشێکی سەرەکین لە کۆت چونکە رێ هەیە بیانەیتە قاڵبی گێڕانەوە. بەگێڕانەوەی بەسەرهاتێک بێ ئەوەی قسەی لەسەر بکەی، وا لە خوێنەر دەکەی خۆی بگاتە ئەنجام. بەڵام بەهەڵبژاردنی بەسەرهاتێک و پشتگوێخستنی ئەویتر، ئەو رێگەیە پێشانی خوێنەر دەدەی بەهۆیەوە لێکدانەوەی بۆ نووسینەکەی تۆ دەکا.

ستایل هەیە لە رۆژنامەوانی، ئەویش راستەوخۆ رەنگدانەوەی ستایلی

بڵاوكراوەكەیە. لە حاڵەتی پارچەكەی ئەم بەشە، خوێنەر پیاوانی تەمەن نێوان ١٨ بۆ ٣٥ن. ئەمە كار دەكاتە سەر ئەو ڕێگەیەی نووسەر وەڵامی "چی سەرنجڕاكێشترینە بەلای خوێنەر؟" دەداتەوە و بۆیە هەموو شتێک لە خاڵی سەرەكییەوە دەست پێ دەكا. هەموو نووسینێک بواری دووبارە كاركردنی تێدا هەیە، ڕێكخستنەوە، نووسیاریكردن و باشتركردنی.

زمانی ڕاستەوخۆی ڕۆژنامەوانی واتە شیعرەكە زیاتر بەفرمان دەنووسرێ. بۆ نموونە، جیاوازییە لە نێوان:

"بوەستە،" ئەو دەستی پێ كرد،

"بوەستە،" ئەو هاواری كرد،

"بوەستە،" ئەو هەناسەی دا.

وشە لە كاردا

ورد ببەوە لەو وتارەی شی كراوەتەوە لەم بەشەدا. پێش درافتەكان (چیرۆكی ٢ تا ٤) چیرۆكی بڵاوكراوە بخوێنەوە (١). ئاخۆ پێشەكییەكە ڕاتدەكێشێ بۆ ناو بابەتەكە؟ بۆچی؟ ژیانی وەسفكراو لە چیرۆكەكە سەرنج ڕاكێش و بزوێنەرە؟ خۆت لە هیچ یەكێ لە ئەكتەرەكاندا دەبینییەوە؟ خاڵی سەرەكیی چیرۆكەكە روونە، كەوابێ، چییە؟ ڕۆژنامەوانی هەوڵ دەدا بەرتەكێكی سۆزیاری لە خوێنەر ببزوێنێ، لەخۆت بپرسە: چۆن چیرۆكەكە وام لێ دەكا هەست بكەم؟ هەوڵ بدە سەرچاوەی كاردانەوەكانت بدۆزەوە. هیچ بەسەرهاتی تێدایە، كۆت یان گێڕانەوە؟ پێت وایە نووسەر بابەتییانە باسی ژیانی كابرا دەكا؟ پێویستە نووسەر بابەتییانە بێ؟ بەڕای تۆ چیرۆكەكە دادوەرانە نووسراوە؟ فاكتی گرینگی لەدەست داوە؟ لە كوێ سەرچاوەی ڕای خۆت دەدۆزییەوە لە چیرۆكەكە؟ ئێستە تەماشای چیرۆكەكە بكە و بەراوردی بكە لەگەڵ درافتەكانی پێش بڵاوبوونەوە (٢-٤) و بزانە نووسیار چۆن كاری لەسەر نووسینەكەی نووسەر كردووە.

## خاڵی سەرەکی و پێکهاتە

نووسەری ئەم چیرۆکە لە شتێک زیاتر دەکۆڵێتەوە، باس هەر تەنێ پیاوێکی پاڵەوان نییە کە جێی لە کۆمەڵگە نابێتەوە و ئازاد نییە بەپێی یاساکانی خۆی بژیت. ئەمە لەم رستەیەدا دیارە "ژیانی کێوی هەڵبژارد بەڵام لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا بزر بوو." ئاخۆ وەسفی نووسەر روونە: کابرای کردیتە پاڵەوان یان سەرسەری؟ لە هەندێ شوێن زۆر رێز لە کابرا دەنێ، ئاخۆ کار دەکاتە سەر کەسایەتیی پیاوەکە؟

نووسەر باسی ئەوەش دەکا چۆن خەڵکی تایبەت دەبن بەموڵکی گشتی بەهۆی رووداوگەلێک کە خۆیان هەڵینابژێرن و باجێکی زۆر دەدەن. نووسەر خۆشحاڵە بەباسکردنی ژیانی کابرا کە کەس پێشتر باسی نەکردووە. تەنانەت کەسانی نزیکی پیاوە مردووەکە قێز لە کۆتاییی توندوتیژی پیاوەکە دەکەن. بەڵام نووسەر بەشێوەیەکی تر باسی دەکا، ئاخۆ نووسەر سەرکەوتووە یان نا؟

رەنگە بگوترێ بەلایەک چیرۆکەکە سەرکەوتووە و بەلایەکی تریشدا ژێرکەوتوو. چیرۆکەکە زیاتر جەخت دەکاتە سەر رووداوگەلی بیست ساڵ لەمەوبەر، کە هەمووی باسی ئەکتەری سەرەکییە. ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو بەشەی ژیانی کابرا هەستیارە، خوێنەریش گەنجن و ئەمانەیان بیر نییە. ئاخۆ وتارەکەی تەنێ رووداوی مێژوویی کابرا نییە یەک بەدوای یەکدا ریز کراوە؟ پێت وایە نووسەر کارێکی باش یان خراپی کردووە؟ لەوانەیە نووسەر ئامانجی خۆی پێکابێت بەوەی کە راستە کابرا کارێکی خراپی کرد لە کۆتاییی ژیانی بەڵام بەهۆی ئەو چیرۆکە خەڵک دڵی بۆ دەسووتێ و بەزەیی پێدا دێتەوە.

هەواڵی (١) ئەم وتارە بڵاو کراوەتەوە لە کۆواری FHM

ئەفسانە و کەوتن

رۆد ئانسل، پاڵەوانی ساڵی ١٩٨٧ و ئەو پیاوەی بووە هەوێنی دەرهێنەر پۆل هۆگان بۆ فیلمی "تیمساحی دەندی"، وەک بکوژی پۆلیس کۆتاییهات. بۆچی؟

ساڵی ١٩٧٧ دنیا بۆ یەکەم جار گوێی لە رۆد ئانسل بوو، ئەوسا رۆبنسن کرۆزۆیەکی مۆدێرن بوو. ئەو پیاوەی هەشت حەفتە ژیا لە ژیانی کێویی هەرێمی باکور بەبێ ئاوی پاک و لەناو تیمساحان. لە ١٩٨٠ دیسان ئانسل بووە هەواڵێکی گەورە کاتێ کتێبێکی بەناوی "شەڕی کێوی" بڵاوکردووەوە، سەرکەشی و شارستانیەتی جوان پێشاندا. مایەی تاسان بوو پیاوێکی وا هەبێ لە کۆتایی سەدەی بیست. هەر یەکێکی تر با لە رۆژی یەکەم دەمرد، کاتێ تیمساحێکی زەبەلاح بەلەمەکەی وەرگەڕاند. بەڵام ئانسل ژیا. لە کتێبەکەی وەڵامی "بۆچی" دەداتەوە:

"هەموو پیاوێکی ئەم وڵاتە، ئەوانەی گا راودەکەن و بەخێودەکەن، پیاوانی دەواجن، هەر چییەک بن، هەموویان هەموو دەم گرفتیان هەیە. بەڵام قەت باسی ناکەن... بەڕای پرسەکە ئەوهایە ئەگەر سەرکەوتی بەسەر یەکێکیان و بشمێنی ئەوانی تر هەمووی ئاوخواردنەوەیە. وەک ئەوە یە بچی تەقە لە کەنغەر بکەی. ناگەڕێیتەوە بڵێی یەک بستی مابوو لێی بدەم. گرتووتە یان نا. من بەم شێوەیە ژیانم بینی لەوێ. هەتا رۆژنامە بەچیرۆکەکە راگەیشت و زۆر شتی گۆڕی."

لە ١٩٨٤ لە بەرنامەی مایکل پارکینسن دەرکەوت، لەم بەرنامەیە دەرهێنە پۆل هۆگان بیرۆکەی تیمساحی دەندی بۆ دێ.

پارکینسن لە تەواوی بەرنامەکەدا زەردەی دەهاتێ چونکە ئانسل پێڵاوی لەبەردانەبوو. تاسان ئەو کاتە دەستیپێکرد کاتێ گوتی لە هوتیلە نمرە یەکەکە لەسەر زەوی نوستووە نەک سەر سیسەم. گوتی زەوی لە واقیع نزیکترە.

ئێستە لەگەڵ ماڵ و منداڵی دەژی لە وێستگەی میلالوکا، ١٤٠کم لە رۆهەڵاتی داروین، گەرەکی "گا"یان لەلایەن حکوومەتی هەرێمی باکور لە ١٩٨٤ تەرخان کراوە. لەژێر کەپر دەنووستن و بەئاگر چێشتیان لێ دەنا. چوار ساڵی برد تا خانووێکیان دروست کرد، لەبەر کات و پارە.

"بەڵام ئێواران بەبێ تیڤی چیتان دەکرد؟" پارکینسن پەرۆشانە پرسی، میوانەکەی ناچار کرد یەکێ لە فێڵەکانی ئاشکرا بکا.

دارستانەوان ناچار بوو پێنج سەنتییەک هەڵگرێتەوە بەددانەکانی لە کاتی شناوکردن بەیەک قۆڵ. لەوە سەیرتر ئەوە بوو هیچ یەکێ لە بینەران نەیانتوانی پارەکە هەڵگرنەوە دوای ئەوەی پێنج خولەک هەوڵیان دا.

دواجار لە ئۆگەستی ١٩٩٩ ناوی دەرکەوتەوە. وێنەکان ئاشنا بوون، بەڵام سەردێرەکان جیاواز بوون.

سەردێری وەک "تیمساحی راستەقینەی دەندی هاتە کوشتن" یان "دوا سەعاتەیلی پۆلیسکوژ" جمەی دەهات. دەگوترا ئانسل پۆلیس عەریف گلین هوتسنی کوشت کاتێ پۆلیس رێگەیان داخست و وەستاندیان بۆ گەڕان بەدوای دوو بکوژی تر.

ژیانی رۆد ئانسل بەسەرشۆڕی کۆتاییی هات. لە پاڵەوانی ناو درستان بووە بکوژێکی بێگانە و پۆلیسێکی کوشت.

کاتێ یەکەم جار گەڕایەوە دوای بزربوونی لە فیتزمۆریس لە

١٩٧٧، رۆد ئانسل هیچ کەسی ئاگادار نەکردەوە لەبارەی زیندوومانی. ئەو لە کتێبەکەیدا نووسی "هیچ مانای نەبوو بموگوتبا: ئەها دایکە دوو مانگ ئاسێ بووم لەناو دارستان." بەڕاستی هیچ مانای نەبوو. وەک ئەوەیە بڵێی "ئاگر" دوای سووتانی خانووەکە. بەڵام چیرۆکەکە ئەوەندە سەیر بوو خۆی هاتە دەرەوە.

لە مانگی پێنجی ئەو ساڵەدا ئانسل لەگەڵ دوو سەگەکەی چووە دەرەوە بۆ راوەماسی. پلانێکی وای نەبوو. بەدەسگیرانەکەی گوت بەرەو رووباری ڤیکتۆریا دەڕوا بەبەلەم و دوو مانگی پێدەچێ.

لە ٢٢ ساڵییەوە ئەزموونی لەو شوێنە هەیە، چەندان جار لە تەمەنی ١٥ ساڵی چووەتە ئەو کوینسلاند لە ئوسترالیا. شەپۆڵ هەر لە رۆژی یەکەمەوە دژی وەستانەوە. هەرکە بەلەمەکەی رووە و کەنار کرد دژی شەپۆڵەکان، "شتێکی گەورە" بەلەمەکەی سەراوژێر کرد. خۆی بەبەلەمە بچووکەکە گرتەوە و دوو سەگەکە و چەند شتێکی تر گرتەوە، کەلوپەلەکانی تر هەمووی بەسەر ئاو کەوتن. ئانسل سەرقاڵی دەربازکردنی ژیانی خۆی بوو و بەرەو رووباری فیتزمۆریس چوو. پاش سێ رۆژ لەناو ئاو کەوتە سەر کەنار، نزیکترین ئاوەدانی ٢٠٠ کم دوور بوو لێی.

تازە دەستیکردبوو بەدەرهێنانی چەند کەلوپەلێک لە بەلەمەکەی کاتێ تیمساحێکی ٤,٨ مەتری هێرشی کردە سەری. "هەستی بەمن نەکرد،" ئانسل گوتی. "بەس یەکسەر بۆ لای ئێمە هات. کات رۆژی نیوەڕوانێ بوو. دەستمدایە تفەنگەکە و تەقەم لێ کرد... رەوشی سەگەکان زۆر خراپ بوو دوای ئەمە." ئانسل سەری

تیمساحەکەی هەر بۆ یادگاری هەڵگرتووە. سەوڵێک، تفەنگێک، ٢٧ فیشەک، دوو چەقۆ، بەردێک و ستیلێکی پێ بوو لەگەڵ سێ قۆدی، یەکێکیان بەتاڵ و یەکێکیان تا نیوەی شەکری تێدابوو. بەدوو کراس، دوو شۆرت، پانتۆڵێک و قایش و جاکەتێک راگەیشت. پووتەکانی لەکیس چوون، کەبەدەگمەن لە پێی دەکردن، چەندان ساڵ بوو پووتی هەر لە پێ نەکردبوو.

لەو چەند حەفتەیە، ئانسل گای راو دەکرد بۆ گۆشت و خوێنیان، کە جێگرەوەی ئاو بوو. دەیزانی چۆن سەریان ببڕێ، گۆشتەکەی وشک دەکردەوە تا زۆر بمێننەوە. جانتایەکی شازی دروست کرد بۆ هەڵگرتنی کەلوپەلی راوکردن.

"گایەکی گەنجم بینی لەسەر رێم بۆ کامپ. کوشتم و گونەکانم بڕی. دوای دەرهێنانی کەلاکانی، وشکم کردەوە و کردم بەجانتا بۆ هەڵگرتنی کەلوپەل."

باڕووتی یەکێ لە فیشەکەکانی بەکارهێنا بۆ کردنەوەی ئاگر و لەسەر درەختێک دەژیا دوور لە تیمساح، لەسەر لکی دارەکە مارێکی قاوەیی دەژیا. ئەو نووسی "زۆر گرینگی بەمن نەدا دوای ئەوەی بەمن راهات و منیش تخوونی نەدەکەوتم."

پەتێکی دروستکرد لە پێستی چێڵ. "پەتەکە بەکەڵک بوو، گوتم با هەر هەبێ ئەگەر بێو قاچێکم شکابا و راوم پێنەکرابا، یان فیشەکم پێنەمابا، دەمتوانی بەکارییبێنم بۆ گرتنی ئاژەڵ."

ئانسل هەموو بەیانیێک لەسەر دارەکە ئاگری دەکردەوە، بیرۆکەیەکی فەلسەفی بوو لەبارەی دەربازبوونی. وای دانابوو زۆر لەوێ دەمێنێتەوە، بۆیە فیشەکی زۆر خەسار نەدەکرد. زۆر ماندوو بووبوو ئێستە نەیدەتوانی بەناو دارستاندا ڕابکا، یان

بەپێی بڕواتە دەرەوە لێی.

بیری کەسی نەدەکرد، ئەو وای گوت. "باشترین شت ئەوەیە پشت بەخت ببەستی...ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ ڕاهاتبووم بەوێ، شتێکی لەم بابەتە... هەرچەندە بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەگەر من وانەبوومایە ئێستە نەدەگەیشتم بەو ڕۆژەی تێیکەوتووم.

ڕۆژانی تەنیایی بەنووسینی شیعر بەڕێ دەکرد. "شیعرم لەناو مێشکم دەنووسی،" ئەو نووسی، "چونکە هیچم نەبوو لەسەری بنووسم." شیعر، وەک دارستانەوانەکە، بێ دەرەتان بوو.

شەوانی لەسەر دار بەڕێدەکرد، تەماشای ڕەوەگورگی دەکرد ئاژەڵی تر دەکوژن. ئەو گوتی "گورگ ڕاوکەری زۆر دڕندەن، بەڵام لوورەیان لەبەر تیشکی مانگ جوانترین شتە بۆ بیستن لەناو دارستاندا."

دوای پێنج حەفتە باڵەفڕەیەک هات. ئانسل بینی، بەدوای کەوت، تەماشای کرد تا ونبوو. ئەمە ئەژنۆی شکاند. "قسەنەکردن لەگەڵ کەس، لەبیرت دەچێتەوە تۆ کێی. کات مانای نەبوو لای من، وەک ئەوە وابوو لە بۆشاییدا بژی، بەس ڕۆژم دەژمارد،" ئەو نووسی.

پەرجووئاسا ئانسل دیترایەوە و دەربازی بوو. چوار پیاوی دەواجن ٢٠٠کم دوور لە وێستگەکە بەڕێکەوت ئەویان بینی. ئانسل بەهیچ شێوەیەک تەوەقوعی ئەوەی نەدەکرد. دوای دوو مانگ، ئەو بیریدەکردەوە، ئەگەر خەڵک لێی بگەڕێن ئەوا دەچن لە رووباری ڤیکتۆریا لێی دەگەڕێن نەک فیتزمۆریس چونکە کەوتبووە ئەوێ.

بەڵام ئەوان هاتن. ئانسل گوێی لە دەنگی زەنگولەی ئەسپ بوو

لای رووبارەکە و بەرەو ئەوێ خشی. بەدوای شوێنپێی ئەسپەکان کەوت هەتا پیاوێکی بینی. باسی چیرۆکی بینینی ئەوان دەکا.

"گوتم رۆژ باش" و ئەویش گوتی، ئەتو چی دەکەی لێرە و بەرەو کوێ دەچی؟"

"بەختم نەیهێنا و بەلەمەکە حەفت حەفتە لەمەوبەر تێک شکا."

"دەزانی ئەمرۆ چییە؟"

"نازانم ئەمرۆ چییە،" ئانسل وەڵامی دایەوە.

بێ میزاج گەڕایەوە.

"یەکەم جار بەکسم نەگوت چیم بەسەر هاتووە. باسم نەدەکرد چونکە پێم وابوو گرینگ نەبوو. لەوانەیە من نەدەبا ئەوەم بەسەرهاتبا."

چیرۆکی ئانسل بوو بەسەردێر لە ئۆگەستی ۱۹۷۷، ئەزموونی کرا بەفیلمێک بەناوی "شەڕی کێوی" دواتر کتێبەکەی نووسی چونکە، ئەو گوتی، پێویستی بەپارە بوو تا قەرزەکانی بداتەوە کەوتبونە سەر لەو ماوەیەی بزر ببوو. کتێبەکە بووە هۆی ئەوەی چەندان کەس دیمانەی بکەن وەک پارکینسن و سەردانی چەندانی شاری تریشی کرد. بەپێچەوانەی بیرۆکەی ئانسل، ناوبانگی بووە هۆی لەدەستدانی ئەو رێزەی هەیبوو. ئەمە پێچەوانەی دەرهێنەر هۆگان و فیلمەکەی بەناوی تیمساحی دەندی بوو.

"سەلماندنی راستیی چیرۆکەکە زۆر گرینگ نییە. راستی و ناڕاستیش کاریگەریی هەیە لەسەر من، بەتایبەتی ئەوانەی لە کاردا لەگەڵمن یان دەمناسن. خەڵک لێرە فۆبیای هەیە لە میدیا دەرکەون. بۆیە بۆ من بەرخاپە گەڕایەوە... چونکە وایانزانی

کارێکی خراپ دەکەم لە میدیا دەردەکەوم."

ڕەتکردنەوەیەک بوو هیچ گەڕانەوەیەکی بۆ نەبوو. دوای مقۆمقۆکە، ئانسل گەڕایەوە وێستگەی میلالوکا. چیپس ماکینۆلتی ڕۆژنامەوان، ئانسلی لە ١٩٨٠ بینی، گوتی ئەو کابرایەکی باش و خۆشەویستە. ئەوانی تر کەمتر کەیفیان پێدەهات. ئەو دەڵێ "من فێر بووم کە کردار دەنگی لە وشە بەرزترە. هیچ مانایەک نابینم لەبارەی تاوتوێ و گفتوگۆ لەبارەی شتێک."

ئەگەر هەشتاکان بۆ ئەو باش بووبێ، لە ١٩٨٧ بەدارستانەوانی ساڵ ناسرا. شتەکان خراپتر بوون کاتێ بەرەبابی ئانسلییەکان ٣ هەزار گایان لەناوبرد لەسەر زەویزاریان بۆ لەناوبردنی نەخۆشییێک. سێ خاوەن گا هەریەکە ١٠٠ هەزار دۆلاریان وەک قەرەبوو لە حکوومەت وەرگرت. ئانسلییەکان وەریاننەگرت. گوتیان ئەوان ڕەخنەیان لە پلانەکە گرتووە، حکوومەت گوتی قسەی ئەوان نەیخوارد. زەواج تێکچوو و لە ١٩٩٠ ئانسل خۆی هەڵبژارد بۆ ئەندام پەرلەمان، هەر تێدەکۆشا لەپێناو لەناونەبردنی دەواجن. دۆڕاندی.

لە حوزەیرانی ١٩٩١ ئانسلییەکان ناچارکران شتیان بفرۆشن. "هەر من نەبووم کەوتم، تەواوی پیشەکە کەوت،" ئەو بەپەیامنێرانی گوت.

"ئەو بەتەواوی لێی هاتە دەرەوە،" بەڕێوەبەری هەنووکەی وێستگەی میلالوکا گوتی. کاتێ پۆل هۆگان لە فیلمەکەی لەسەر ئاستی دنیا سەرکەوت، ئانسل بردیە دادگە و داوای بەشی خۆی کرد. دووبارە دۆڕاندی.

راستییەکەی، تیمساحی دەندی چیرۆکی ئەو نەبوو. سەرەتا، هۆگان هەموو شتێکی بەکارهێنا کە دەچووەوە سەر ئەو پیاوەی "شەڕی کێوی" نووسی. تیمساحی دەندی کەوتە بەر دڵی خەڵکی و ویسترا. ئانسل کۆمپانیای خۆی پێباشتر بوو و ئەوانی تریش وەک ئەو بیریان دەکردەوە. لەوەش گرینگتر، کەسایەتیی هۆگان دەرکەوت و هەموو شتێک بەناوی ئەو ڕۆیشت. ئانسل، دەندی راستەقینە، هیچی پێبڕا.

لە ١٩٩٢ بەدزینی ماڵات لە زەویزاری دراوسێکەیان و هێرشکردنە سەر خاوەنی وێستگەکە هاتە گرتن. ئەو گوتی بەهەڵە دوو کیلۆمەتری لە وێستگە ٤٠ هەزار کیلۆمەتریە چوارگۆشەکەی دراوسێیان دابڕیوە، نەک دزی. بە٥٠٠ دۆلار غەرامە کرا و دوو ساڵیش لەژێر چاودێری، ئەوجا بەڕەلا کرا. بەڵێنی دا کۆڵ نەدا. "من دوو کوڕم هەیە و وا گەورە دەبن. هەردەم پێم گوتوون: "ئەگەر راست بژین و لانەدەن، ئەوا باش دەبن. من ناتوانم ئەوە بڵێم هەتا هەموو شتێک یەکلایی و روون نەکەمەوە."

لەوەتەی مردنی، میدیا ئاماژە بەوە دەکات کە ئانسل گۆڕا بوو. هەندێ دەڵێن مادەی هۆشبەری بەکاردێنا. دەنگۆی تر هەیە. یەکێک بە رۆژنامەی ئوسترالیەتی گوت کە تاسا بەدوا مشتومڕی لەگەڵ ئانسل.

"سەری تراشیبوو و پووتی کاوبۆی لەبەر دەکرد. ئانسل هەردەم پێخواس بوو و پرچی درێژ بوو. دەیزانی من کێم و دەمزانی تەماشای دەکم بەڵام لبری ئەوەی بڵێ "چۆنی هاسلی؟" کە هەر وای گوتووە، ئەمجارە هیچ قسەی نەکرد."

ئەفسەری لێکۆڵەر بڕیار دەدا چی وای لە رۆد ئانسل کرد بەو ئاراستەیەدا بڕوا. یەقین ئەوەیە پۆلیس بۆ ماوەی ١٢ سەعات بەدوایدا دەگەڕا دوای تەقەکردن لە دوو خاوەن موڵک. بەڵام تەوەقوعیان نەدەکرد چەکی پێبێت لە رۆژی نیڕوانێ لە کاتی داخستنی رێگە، جۆن دۆلبی مفەوەز گوتی "نازانم چی بڵێم لەبارەی پاڵنەری ئەو کابرایە. ئەگەر بیویستبا خۆی لە ئێمە بشارێتەوە ئاسان دەیتوانی چونکە ئەو دارستانەوان بوو."

پۆل تووهی رۆژنامەوان وەسفی دیمەنی مردنەکەی کرد لە رۆژنامەی ئوسترالیەن:

"لەڕ لاواز و پەشێو، رۆد ئانسل رەنگی نەهامەتی لەسەر نیشتبوو. بەمردوو نەدەچوو...قەت بەوە نەدەچوو ژیانی ئانسل لە سبەینەی سێشەم ئاوا گۆڕا بێت. چەندان ساڵ چۆن ژیا بوو هەروا دەهات پێش چاو."

رووداوێکی گەورە بوو بۆ پیاوێک کە رۆژانێک بە روحی دارستان ناسرا بوو. هاوکات رووداوێکی ناخۆشیش بوو بۆ گلین هوتسنی پۆلیس، باوکێکی گەنج، هاتە کوشتن کە لە ماوەی ٤٧ ساڵدا ئەوە یەکەم پۆلیسە بێتە کوشتن. سێی تر کەوتنە نەخۆشخانە. پاشان جیم ئۆبرایەنی پۆلیس، دوای ئەوەی بینی پۆلیسی هاوڕێی کەوتە خوار، ناچار بوو خۆی ئانسل بکوژێ.

لە هەر ساتێکی دوا سەعاتەکانی ئانسل، دەیتوانی ئۆتۆمبیلەکەی راگرێ و خۆی بکوژێ، بەڵام وای نەکرد. ئەوە بوو گەشتی دارستانەوانی شاعیر. ئەگەر بێو لەگەڵ دارستان بجەنگابا دەیبردەوە، بەڵام دواجار دۆڕاندنی لە تاریکیی دڵی خۆیدا، بەرەو پۆلیس چوو بۆ کۆتاهێنان بەژیانی.

درافتی یەکەم لە خوارەوە پێشان دراوە. ئەوەی سەرەوە هەمان ئەو کۆپییە لە کۆوارەکە دەیبینی و بڵاو کراوەتەوە. بەچەندان جار نووسیاریدا تێپەڕی تا گەیشتە ئەو ئاستەی سەرەوە.

هەواڵی (٢) یەکەم درافتی ئەوەی لەسەرەوە هاتووەتە بڵاوکردنەوە.

ژیانی راستەقینەی تیمساحی دەندی و من چەند ساڵێک لەمەوبەر ئاگامان لەیەکترە.

من لە ساڵی ١٩٧٧ رۆد ئانسلم ناسی. پیاوێکی تا بڵێی چەلەنگ و دەسڕەنگین بوو.

رۆد ئانسل، پاڵەوانی ساڵی ١٩٨٧ و ئەو پیاوەی بووە هەوێنی دەرهێنەر پۆل هۆگان بۆ فیلمی "تیمساحی دەندی"، وەک بکوژی پۆلیس بەکۆتا هات. بۆچی؟

ساڵی ١٩٧٧ دنیا بۆ یەکەم جار گوێی لە رۆد ئانسل بوو، ئەوسا رۆبنسن کرۆزۆیەکی مۆدێرن بوو. ئەو پیاوەی هەشت حەفتە ژیا لە ژیانی کێویی هەرێمی باکور بەبێ ئاوی پاک و لەناو تیمساحان. لە ١٩٨٠ دیسان ئانسل بووە هەواڵێکی گەورە کاتێ کتێبێکی بەناوی "شەڕی کێوی" بڵاو کردەوە، سەرکەشی و شارستانیەتی جوان پێشان دا. مایەی تاسان بوو پیاوێکی وا هەبێ لە کۆتایی سەدەی بیست. هەر یەکێکی تر با لە رۆژی یەکەم دەمرد، کاتێ تیمساحێکی زەبەلاح بەلەمەکەی وەرگەڕاند. بەڵام ئانسل ژیا. لە کتێبەکەی وەڵامی "بۆچی" دەداتەوە:

"هەموو پیاوێکی ئەم وڵاتە، ئەوانەی گا راودەکەن و بەخێودەکەن، پیاوانی دەواجن، هەر چییێک بن، هەموویان هەموو دەم گرفتیان هەیە. بەڵام قەت باسی ناکەن... بەڕای پرسەکە ئەوهایە ئەگەر سەرکەوتی بەسەر یەکێکیان و بشمێنی ئەوانی تر هەمووی

ئاوخــواردنــەوەیە. وەک ئـەوە یە بچـی تەقــە لـە کــەنغــەر بکەی.
ناگەڕێیتـەوە بلێی یەک بستـی مـابوو لێی بدەم. گرتووتە یان نا.
من بەم شـێـوەیە ژیانم بینـی لەوێ. هەتا ڕۆژنـامـە بەچیرۆکـەکـە
ڕاگەیشت و زۆر شتی گۆڕی."

ئێستـە لەگەڵ ماڵ و منداڵی دەژی لە وێستگەی مـیلالوکا، ١٤٠کم
لـە ڕۆهـەڵاتـی داروین، گــەڕەکی "گــا"یان لەلایـەن حکوومــەتی
هـەرێمی باکور لە ١٩٨٤ تەرخـان کراوە. لەژێر کـەپر دەنووستن و
بەئاگـر چێشـتـیـان لێ دەنا. چوار سـاڵی برد تا خـانووێکیـان
دروست کرد، لەبەر کات و پارە.

بینیم لە ١٩٨٤ لـە بەرنامــەی مـایکل پارکـینسن دەرکــەوت، لەم
بەرنامـەیە دەرهێنە پۆل هـۆگان بیـرۆکـەی تیـمسـاحی دەندی بۆ
دێ. پارکـینسـن لە تەواوی بەرنامـەکـەدا زەردەی دەهاتێ چونکە
ئانسل پێڵاوی لەبەردانەبوو. تاسـان ئەو کاتە دەسـتـپێکرد کاتێ
گوتی لە هـوتیلە نمرە یەکەکـە لەسـەر زەوی نوسـتـووە نەک سـەر
سیسەم. گوتی زەوی لە واقیع نزیکترە.

"بەڵام ئێواران بەبێ تیڤـی چیتـان دەکرد؟" پارکینسن پەرۆشـانە
پرسی، میوانەکەی ناچارکرد یەکێ لە فێڵەکانی ئاشکرا بکا.

دارســتــانەوان ناچار بوو پێنج ســەنتــیــیــەک هەڵگرێتــەوە
بەددانەکانی لە کـاتی شنـاوکردن بەیەک قـۆڵ. لەوە سـەیرتر ئەوە
بوو هـیچ یەکێ لـە بینـەران نەیانتـوانی پارەکـە هەڵگرنەوە دوای
ئەوەی پێنج خولەک هەوڵیان دا.

دواجـار لە ئۆگـەسـتی ١٩٩٩ نـاوی دەرکـەوتەوە. وێنـەکـان ئاشنا
بوون، بەڵام سـەردێرەکان جیاواز بوون.

سـەردێری وەک "تیمساحی ڕاستەقینەی دەندی هاتە کوشتن" یان

"دوا سەعاتەیلی پۆلیسکوژ" جەمەی دەهات. دەگوترا ئانسل پۆلیس عەریف گلین هوتسنی کوشت کاتێ پۆلیس ڕێگەیان داخست و وەستاندیان بۆ گەڕان بەدوای دوو بکوژی تر.

ژیانی ڕۆد ئانسل بەسەرشۆڕی بەکۆتا هات. لە پاڵەوانی ناو درستان بووە بکوژێکی بێگانە و پۆلیسێکی کوشت.

کاتێ یەکەم جار گەڕایەوە دوای بزربوونی لە فیتزمۆریس لە ١٩٧٧، ڕۆد ئانسل هیچ کەسی ئاگەدار نەکردەوە لەبارەی زیندوومانی. ئەو لە کتێبەکەیدا نووسی "هیچ مانای نەبوو بمگوتبا: ئەها دایکە دوو مانگ ئاسێ بووم لەناو دارستان." بەڕاستی هیچ مانای نەبوو. وەک ئەوەیە بڵێی "ئاگر" دوای سووتانی خانووەکە. بەڵام چیرۆکەکە ئەوەندە سەیر بوو خۆی هاتە دەرەوە.

لە مانگی پێنجی ئەو ساڵەدا ئانسل لەگەڵ دوو سەگەکەی چووە دەرەوە بۆ ڕاوەماسی. پلانێکی وای نەبوو. بەدەسگیرانەکەی گوت بەرەو ڕووباری ڤیکتۆریا دەڕوا بە بەلەم و دوو مانگی پێدەچێ.

لە ٢٢ ساڵییەوە ئەزموونی لەو شوێنە هەیە، چەندان جار لە تەمەنی ١٥ ساڵی چووەتە ئەو کوینسلاند لە ئوسترالیا. شەپۆڵ هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە دژی وەستانەوە. هەرکە بەلەمەکەی ڕووە و کەنار کرد دژی شەپۆڵەکان، "شتێکی گەورە" بەلەمەکەی سەراوژێر کرد. خۆی بەبەلەمە بچووکەکە گرتەوە و دوو سەگەکە و چەند شتێکی تر گرتەوە، کەلوپەلەکانی تر هەمووی بەسەر ئاو کەوتن. ئانسل سەرقاڵی دەربازکردنی ژیانی خۆی بوو و بەرەو ڕووباری فیتزمۆریس چوو. پاش سێ ڕۆژ لەناو ئاو کەوتە سەر

کەنار، نزیکترین ئاوەدانی ۲۰۰ کم دوور بوو لێی.

تازە دەستیکردبوو بەدەرهێنانی چەند کەلوپەلێک لە بەلەمەکەی کاتێ تیمساحێکی ٤,٨ مەتری هێرشی کردە سەری. "هەستی بەمن نەکرد،" ئانسل گوتی. "بەس یەکسەر بۆ لای ئێمە هات. کات رۆژی نیوەڕۆ بوو. دەستمدایە تفەنگەکە و تەقەم لێ کرد... رەوشی سەگەکان زۆر خراپ بوو دوای ئەمە." ئانسل سەری تیمساحەکەی هەر بۆ یادگاری هەڵگرتووە. سەوڵێک، تفەنگێک، ۲۷ فیشەک، دوو چەقۆ، بەردێک و ستیلێکی پێ بوو لەگەڵ سێ قۆدی، یەکێکیان بەتاڵ و یەکێکیان تا نیوەی شەکری تێدابوو. بەدوو کراس، دوو شۆرت، پانتۆڵێک و قایش و جاکەتێک راگەیشت. پووتەکانی لەکیس چوون، کە بەدەگمەن لە پێی دەکردن، چەندان ساڵ بوو پووتی هەر لە پێ نەکردبوو.

لەو چەند حەفتەیە، ئانسل گای راو دەکرد بۆ گۆشت و خوێنیان، کە جێگرەوەی ئاو بوو. دەیزانی چۆن سەریان ببڕێ، گۆشتەکەی وشک دەکردەوە تا زۆر بمێننەوە. جانتایەکی شازی دروست کرد بۆ هەڵگرتنی کەلوپەلی راوکردن.

"گایەکی گەنجم بینی لەسەر رێم بۆ کامپ. کوشتم و گونەکانم بڕی. دوای دەرهێنانی کەلاکانی، وشکم کردەوە و کردم بەجانتا بۆ هەڵگرتنی کەلوپەل."

باڕووتی یەکێ لە فیشەکەکانی بەکارهێنا بۆ کردنەوەی ئاگر و لەسەر درەختێک دەژیا دوور لە تیمساح، لەسەر لکی دارەکە مارێکی قاوەیی دەژیا. ئەو نووسی "زۆر گرینگیی بەمن نەدا دوای ئەوەی بەمن راهات و منیش تخوونی نەدەکەوتم."

پەتێکی دروستکرد لە پێستی چێڵ. "پەتەکە بەکەڵک بوو، گوتم با

هەر هەبێ ئەگەر بێو قاچێکم شکابا و راوم پێنەکرابا، یان فیشەکم پێنەمابا، دەمتوانی بەکاریبێنم بۆ گرتنی ئاژەڵ."

ئانسل هەمـوو بەیانییەک لەسەر دارەکە ئاگری دەکردەوە، بیرۆکەیەکی فەلسەفی بوو لەبارەی دەربازبوونی. وای دانابوو زۆر لەوێ دەمێنێتەوە، بۆیە فیشەکی زۆر خەسار نەدەکرد. زۆر ماندوو بووبوو ئێستە نەیدەتوانی بەناو دارستاندا را بکا، یان بەپێی بڕواتە دەرەوە لێی.

بیری کەسی نەدەکرد، ئەو وای گوت. "باشترین شت ئەوەیە پشت بەخت ببەستی...رەنگە لەبەر ئەوە بووبێ راهاتبووم بەوێ، شتێکی لەم بابەتە... هەرچەندە بیرم لەوەدەکردەوە کە ئەگەر من وانەبوومایە ئێستە نەدەگەیشتم بەو رۆژەی تێیکەوتووم.

رۆژانی تەنیایی بەنووسینی شیعر بەڕێدەکرد. "شیعرم لەناو مێشکم دەنووسی،" ئەو نووسی، "چونکە هیچم نەبوو لەسەری بنووسم." شیعر، وەک دارستانەوانەکە، بێ دەرەتان بوو.

شەوانی لەسەر دار بەڕێدەکرد، تەماشای رەوەگورگی دەکرد ئاژەڵی تر دەکوژن. ئەو گوتی "گورگ راوکەری زۆر دڕندەن، بەڵام لوورەیان لەبەر تیشکی مانگ جوانترین شتە بۆ بیستن لەناو دارستاندا."

دوای پێنج حەفتە باڵەفڕەیەک هات. ئانسل بینی، بەدوای کەوت، تەماشای کرد تا ونبوو. ئەمە ئەژنۆی شکاند. "قسەنەکردن لەگەڵ کەس، لەبیرت دەچێتەوە تۆ کێی. کات مانای نەبوو لای من، وەک ئەوە وابوو لە بۆشاییدا بژی، بەس رۆژم دەژمارد،" ئەو نووسی.

پەرجووئاسا ئانسل دیترایەوە و دەربازی بوو. چوار پیاوی

دەواجن ٢٠٠کم دوور لە وێستگەکە بەڕێکەوت ئەویان بینی. ئانسل بەهیچ شێوەیەک تەوەقوعی ئەوەی نەدەکرد. دوای دوو مانگ، ئەو بیریدەکردەوە، ئەگەر خەڵک لێی بگەڕێن ئەوا دەچن لە رووباری ڤیکتۆریا لێی دەگەڕێن نەک فیتزمۆریس چونکە کەوتبووە ئەوێ.

بەڵام ئەوان هاتن. ئانسل گوێی لە دەنگی زەنگولەی ئەسپ بوو لای رووبارەکە و بەرەو ئەوێ خشی. بەدوای شوێنپێی ئەسپەکان کەوت هەتا پیاوێکی بینی. باسی چیرۆکی بینینی ئەوان دەکا.

"گوتم رۆژ باش" و ئەویش گوتی، ئەتو چی دەکەی لێرە و بەرەو کوێ دەچی؟"

"بەختم نەیهێنا و بەلەمەکە حەفت حەفتە لەمەوبەر تێک شکا."

"دەزانی ئەمرۆ چییە؟"

"نازانم ئەمرۆ چییە،" ئانسل وەڵامی دایەوە.

بێ میزاج گەڕایەوە.

"یەکەم جار بەکسم نەگوت چیم بەسەر هاتووە. باسم نەدەکرد چونکە پێم وابوو گرینگ نەبوو. لەوانەیە من نەدەبا ئەوەم بەسەرهاتبا."

لە هەر ساتێکی دوا سەعاتەکانی ئانسل، دەیتوانی ئۆتۆمبیلەکەی راگرێ و خۆی بکوژێ، بەڵام وای نەکرد. ئەوە بوو گەشتی دارستانەوانی شاعیر. ئەگەر بێو لەگەڵ دارستان بجەنگابا دەیبردەوە، بەڵام دواجار دۆڕاندنی لە تاریکیی دڵێ خۆیدا، بەرەو پۆلیس چوو بۆ کۆتاهێنان بەژیانی.

"سەلماندنی راستیی چیرۆکەکە زۆر گرینگ نییە. راستی و ناڕاستیش کاریگەریی هەیە لەسەر من، بەتایبەتی ئەوانەی لە

کاردا لەگەڵمن یان دەمناسن. خەڵک لێرە فۆبیای هەیە لە میدیا دەرکەون. بۆیە بۆ من بەرخاپە گەڕایەوە... چونکە وایانزانی کارێکی خراپ دەکەم لە میدیا دەردەکەوم."

ڕەتکردنەوەیەک بوو هیچ گەڕانەوەیەکی بۆ نەبوو. دوای مقۆمقۆکە، ئانسل گەڕایەوە وێستگەی میلالوکا. چیپس ماکینۆلتی ڕۆژنامەوان، ئانسلی لە ١٩٨٠ بینی، گوتی ئەو کابرایەکی باش و خۆشەویستە. ئەوانی تر کەمتر کەیفیان پێدەهات. ئەو دەڵێ "من فێر بووم کە کردار دەنگی لە وشە بەرزترە. هیچ مانایەک نابینم لەبارەی تاوتوێ و گفتوگۆ لەبارەی شتێک."

ئەگەر هەشتاکان بۆ ئەو باش بووبێ، لە ١٩٨٧ بەدارستانەوانی ساڵ ناسرا. شتەکان خراپتر بوون کاتێ بەرەبابی ئانسلییەکان ٣ هەزار گایان لەناوبرد لەسەر زەویزاریان بۆ لەناوبردنی نەخۆشییێک. سێ خاوەن گا هەریەکە ١٠٠ هەزار دۆلاریان وەک قەرەبوو لە حکومەت وەرگرت. ئانسلییەکان وەریاننەگرت. گوتیان ئەوان ڕەخنەیان لە پلانەکە گرتووە، حکوومەت گوتی قسەی ئەوان نەیخوارد. زەواج تێکچوو و لە ١٩٩٠ ئانسل خۆی هەڵبژارد بۆ ئەندام پەرلەمان، هەر تێدەکۆشا لەپێناو لەناونەبردنی دەواجن. دۆڕاندی.

لە حوزەیرانی ١٩٩١ ئانسلییەکان ناچارکران شتیان بفرۆشن. "هەر من نەبووم کەوتم، تەواوی پیشەکە کەوت،" ئەو بەپەیامنێرانی گوت.

"ئەو بەتەواوی لێی هاتە دەرەوە،" بەڕێوەبەری هەنووکەی وێستگەی میلالوکا گوتی. کاتێ پۆل هۆگان لە فیلمەکەی لەسەر

ئاستی دنیا سەرکەوت، ئانسل بردیە دادگە و داوای بەشی خۆی کرد. دووبارە دۆڕاندی.

ڕاستییەکەی، تیمساحی دەندی چیرۆکی ئەو نەبوو. سەرەتا، هۆگان هەموو شتێکی بەکار هێنا کە دەچووەوە سەر ئەو پیاوەی "شەڕی کێوی"ی نووسی. تیمساحی دەندی کەوتە بەر دڵی خەڵکی و ویسترا. ئانسل کۆمپانیای خۆی پێ باشتر بوو و ئەوانی تریش وەک ئەو بیریان دەکردەوە. لەوەش گرینگتر، کەسایەتیی هۆگان دەرکەوت و هەموو شتێک بەناوی ئەو ڕۆیشت. ئانسل، دەندی راستەقینە، هیچی پێ برا.

لە ١٩٩٢ بەدزینی مالات لە زەویوزاری دراوسێکەیان و هێرشکردنە سەر خاوەنی وێستگەکە هاتە گرتن. ئەو گوتی بەهەڵە دوو کیلۆمەتری لە وێستگە ٤٠ هەزار کیلۆمەتریە چوارگۆشەکەی دراوسێیان دابڕیوە، نەک دزی. بە٥٠٠ دۆلار غەرامە کرا و دوو ساڵیش لەژێر چاودێری، ئەوجا بەرەڵا کرا. بەڵێنی دا کۆڵ نەدا. "من دوو کوڕم هەیە و وا گەورە دەبن. هەردەم پێم گوتوون: "ئەگەر ڕاست بژین و لانەدەن، ئەوا باش دەبن. من ناتوانم ئەوە بڵێم هەتا هەموو شتێک یەکلایی و ڕوون نەکەمەوە."

لەوەتەی مردنی، میدیا ئاماژە بەوە دەکات کە ئانسل گۆڕا بوو. هەندێ دەڵێن مادەی هۆشبەری بەکار دەهێنا. دەنگۆی تر هەیە. یەکێک بە ڕۆژنامەی ئوسترالیەتی گوت کە تاسا بەدوا مشتومڕی لەگەڵ ئانسل.

"سەری تراشیبوو و پووتی کاوبۆی لەبەر دەکرد. ئانسل هەردەم پێخواس بوو و پرچی درێژ بوو. دەیزانی من کێم و دەمزانی

تەماشای دەکەم بەڵام لبری ئەوەی بڵێ "چۆنی هاسلی؟" کە هەر وای گوتووە، ئەمجارە هیچ قسەی نەکرد."

ئەفسەری لێکۆڵەر بڕیار دەدا چی وای لە رۆد ئانسل کرد بەو ئاراستەیەدا بڕوا. یەقین ئەوەیە پۆلیس بۆ ماوەی ١٢ سەعات بەدوایدا دەگەڕا دوای تەقەکردن لە دوو خاوەن موڵک. بەڵام تەوەقوعیان نەدەکرد چەکی پێ بێت لە رۆژی نیڕوانێ لە کاتی داخستنی ڕێگە، جۆن دۆلبی مفەوەز گوتی "نازانم چی بڵێم لەبارەی پاڵنەری ئەو کابرایەوە. ئەگەر بیویستبا خۆی لە ئێمە بشارێتەوە ئاسان دەیتوانی چونکە ئەو دارستانەوان بوو."

چیرۆکی ئانسل بوو بەسەردێر لە ئۆگەستی ١٩٧٧، ئەزموونی کرا بەفیلمێک بەناوی "شەڕی کێوی" دواتر کتێبەکەی نووسی چونکە، ئەو گوتی، پێویستی بەپارە بوو تا قەرزەکانی بداتەوە کەوتبونە سەر لەو ماوەیەی بزر ببوو. کتێبەکە بووە هۆی ئەوەی چەندان کەس دیمانەی بکەن وەک پارکینسن و سەردانی چەندانی شاری تریشی کرد. بەپێچەوانەی بیرۆکەی ئانسل، ناوبانگی بووە هۆی لەدەستدانی ئەو ڕێزەی هەیبوو. ئەمە پێچەوانەی دەرهێنەر هۆگان و فیلمەکەی بەناوی تیمساحی دەندی بوو.

پۆل تووهی رۆژنامەوان وەسفی دیمەنی مردنەکەی کرد لە رۆژنامەی ئوسترالیەن:

"لەڕ لاواز و پەشێو، رۆد ئانسل رەنگی نەهامەتی لەسەر نیشتبوو. بەمردوو نەدەچوو...قەت بەوە نەدەچوو ژیانی ئانسل لە سبەینەی سێشەم ئاوا گۆڕا بێت. چەندان ساڵ چۆن ژیا بوو هەروا دەهات پێش چاو."

رووداوێکی گەورە بوو بۆ پیاوێک کە رۆژانێک بە روحی دارستان ناسرا بوو. هاوکات رووداوێکی ناخۆشیش بوو بۆ گلێن هوتسنی پۆلیس، باوکێکی گەنج، هاتە کوشتن کە لە ماوەی ٤٧ ساڵدا ئەوە یەکەم پۆلیسە بێتە کوشتن. سێی تر کەوتنە نەخۆشخانە. پاشان جیم ئۆبرایەنی پۆلیس، دوای ئەوەی بینی پۆلیسی هاورێی کەوتە خوار، ناچار بوو خۆی ئانسل بکوژێ.

## ئەنجام

نووسیاری، لە تەواوی ئەم کتێبەدا باسی لێوە کراوە، پرۆسەیەکە خودی و دەوەستێتە سەر ئەزموونی نووسیارەکە. ئەگەر سەرنج بدەی ئەم بەشە پێمان دەڵێ پێش هەموو شتێ دەبێ خاڵی سەرەکی دیاری بکەی لە نووسین، ئەوجا دارشتن و رێکخستن و گێرانەوە. دوای ئەوە نووسەر خۆی بەکۆمەڵێک برین و زیادکردندا دەروا. بیرمان نەچێ هیچ نووسینێک کامل نییە و چەندان جار پاکنووسی دەوێ. زمان، دەربرین، وێنە، هەڵبژاردنی فرمان و ناو و ئاوەڵناو، هەموو ئەمانە رۆڵی سەرەکییان هەیە لە دۆسیەی نووسیاری. کورتکردنەوە لایەنێکی تری گرینگی نووسیارییە، لە رێگەی وشەی کورت، رستەی کورت و پەرەگرافی مانادار دەبێ.

### خشتەی کارکردن لەگەڵ وشە

بابەتێکت لە گۆواری FHM هاتووەتە پەسندکردن. گۆوارێکی نێودەوڵەتی سەرکەوتووی پیاوانە. بەڵام، پێش بڵاوکردنەوە نووسیارەکە دەیەوێ دەسکاری بابەتەکەت بکەیت بەچەندان رێگە. یەکەم، پێشنیازی گۆران دەکا لە دەنگی یەکەم کەس. پاشان داوات لێ دەکا زانیاری زیاتر بدەی لەبارەی سەرکەشییەکانی پێشوو. ئەوجا دەڵێ زۆر درێژە و کورتی بکەوە

بۆ ٨٠٠ وشـه. له دوماهیدا، نووسیارەکه خۆیشی دەیبڕێ تا له شـوێنی دیاریکراو جێی دەبێتـەوە. کامـه پرۆسـه بەکار دەبەی بۆ بڕینی چیرۆکەکەت بۆ بڵاوبوونەوە؟

↓

خاڵی سەرەکیی وتارەکه چییه؟
ئاخۆ خاڵەکه به روونی دیاری کراوە؟
وتارەکه چ هەستێکت دەداتێ؟
چۆن خاڵەکه بنیات نراوە؟
ئاخۆ خاڵەکه بەفاکت پشتڕاست کراوە؟
خاڵەکه گونجاوە بۆ بڵاوکراوەکه (کۆوارەکه)؟
چۆن گۆڕان له دەنگی یەکەمەوە بۆ دەنگی سێیەم کار له خاڵەکه دەکا؟

↓

ڕەچاوی پێکهاتەکه بکه

ئاخـۆ چیـرۆکەکـه مـانادارە؟ بیـرۆکەکـان یەک بەدوای یەکدا دێن؟ ئاخـۆ بەهۆی پرۆسـەی نووسیـارییەوە بۆشـاییـیەکان پڕ کـراونەتەوە؟ هیچ لایەنێکی گێڕانەوەکه ناڕوونه یان نادیارە؟

چۆن پێکهاتەی وتارەکه گۆڕاوە دوای نووسیاریکردن؟

ڕۆڵی نـووسـیـار چیـیـه؟ رای تۆ چیـیـه لـەسـەر ئەو کـارەی نووسـیـار کردوویەتی؟

↓

چۆن ستایلی گێڕانەوە بنیات نراوە؟

توخمەکانی گێڕانەوەکە چین؟ چی زیاد کراوە دوای نووسیاریکردن؟ بۆچی زیاد کراون؟ چی لابراوە؟

↓

سەرنج بدە ئەو زمانەی نووسەر بەکاری هێناوە؟

↓

چۆن وتارەکە نووسیاری کراوە؟

↓

نووسیارەکە چ گۆڕانێکی کردووە؟

## سەرچاوەیل

Adam, S.G. (1993) Notes Towards a Definition of Journalism: Understanding an Old Craft as an Art Form. St. Petersburg, FL: The Poynter Institute for Media Studies.

Altschull, J.H. (1984) Agents of Power: The Role of the News Media in Human Affairs. New York: Longman.

Associated Press (2000) 'Poll: Four in 10 US journalists say they've softened tone.' News Report circulated on wire service 5 January 2000.

Bacon, W. (1999) 'What is a journalist in a university?' in T. Flew, J. Sternberg and C. Hippocrates (eds), Media Wars, Brisbane: Key Center for Culture and Policy, pp. 79–91.

Barr, T. (1977) Reflections of Reality. Melbourne: Rigby.

Black, J., Steele, B. and Barney, R. (eds) (1997) Doing Ethics in Journalism 3rd edn. Boston, MA: Allyn & Bacon.

Bok, S. (1978) Lying: Moral Choice in Public and Private Life. New York: Random House.

Boud, D. and Feletti, G. (eds) (1991) The Challenge of Problem Based Learning. London: Kogan Page.

Brady, J. (1977) The Craft of Interviewing. Cincinnati, OH: Writer's Digest.

Breen, M. (ed.) (1999) Journalism: Theory and Practice. Sydney: Macleay Press.

Breit, R. (1998) 'Legal pitfalls on the internet' in S. Quinn (ed.), Newsgathering on the Net. Winchelsea, Vic.: Precision Press.

Candlin, E.F. (1970) Teach Yourself Journalism. London: Teach Yourself Books.

Carey, J. (1998) Email transcript of interview with David McKnight, published on Jeanet discussion group.

Carlyon, L. (1982) Paper Chase: The Press under Examination. Melbourne:

Herald & Weekly Times Ltd.

Chomsky, N. and Herman, E. (1988) Manufacturing Consent. New York: Pantheon

Books.

Christians, C., Rotzoll, K. and Fackler, M. (1987) Media Ethics: Cases and Moral Reasoning. New York: Longman.

Cohen, B.C. (1963) The Press and Foreign Policy. Princeton, NJ: Princeton University Press.

Conrad, J. (1983) Heart of Darkness. Harmondsworth: Penguin.

Cudlipp, H. (1980) The Prerogative of the Harlot: Press Barons and Power. London: The Bodley Head.

Didion, J. (1999) 'Last words: those Hemingway wrote, and those he didn't', The Australian Magazine, July 17–18.

Elliot, D. (1986) Responsible Journalism. Beverly Hills, CA: Sage.

Epstein E.J. (1977) Between Fact and Fiction: The Problem of Journalism. New York: Random House.

Evans, H. (1972) Newsman's English. Oxford: Heinemann.

Ewart, J. (1997) 'Journalists, readership and writing', Australian Studies in Journalism, University of Queensland, pp.83–103.

Flew, T., Sternberg, J. and Hippocrates, C. (1999) Media Wars. Brisbane: Australian Key Center for Culture and Media Policy.

Forde, S. (1999) 'Reinventing the public sphere: the Australian alternative press industry.' Unpublished PhD dissertation, Queensland: Griffith University.

Gaunt, P. (1990) Choosing the News: The Profit Factor in News Selection. New York: Greenwood Press.

Gibson, M.L. (1989) The Writer's Friend. Ames, IA: Iowa State University Press.

Grattan, M. (1998) Editorial Independence: An Outdated Concept? University of Queensland: Department of Journalism.

Greenwall, H.J. (1957) Northcliffe: Napoleon of Fleet Street. London: Win-

gate.

Gurevitch, M. (1990) Culture, Society and the Media. London: Routledge.

Hall, S. (1992) ‘Discourse and power,’ in S. Hall (ed.), Formations of Modernity. London: Polity Press.

Hartley, J. (1996) Popular Reality. London: Arnold.

Henningham, J. (1998) ‘Australian journalists’ attitudes to education’, Australian Journalism Review, 20 (1): 77–90.

Hodgson, F.W. (1998) New Sub-Editing 3rd edn. Oxford: Butterworth-Heinemann.

Jervis, R. (1987) News Sense. Adelaide: Adelaide Newspapers Pty Ltd.

King, J. (1997) ‘Principles, professionalism and philosophy’, Australian Journalism Review, 19 (1): 19–34.

Koch, T. (1990) The News as Myth: Fact and Context in Journalism. New York: Greenwood Press.

Koch, T. (1991) Journalism for the 21st Century. New York: Praeger Publications.

Kolb, D. (1984) Experiential Learning: Experience in the Source of Learning and Development. Englewood Cliffs, NJ: Prentice Hall.

Langer, E.J. (1989) Mindfulness. Reading, MA: Perseus Books.

Lebacqz, K. (1986) Six Theories of Justice: Perspectives from Philosophical and Theological Ethics. Minneapolis: Augsburg Publishing House.

Leser, D. (1999) The Whites of Their Eyes: Profiles. Sydney: Allen & Unwin.

McGregor, C. (1983) Soundtrack for the Eighties. Sydney: Hodder & Stoughton.

McGuiness, P.J. (1999) ‘Media studies, journalism and the Zeitgeist, Quadrant, March: 2–5.

McManus, J. (1994) Market-Driven Journalism: Let the Citizen Beware. Thousand Oaks, CA: Sage.

McQuail, D. (1994) Mass Communication Theory 3rd edn. London: Sage.

Malcolm, J. (1989) ‘The journalist and the murderer’, The New Yorker,

March 1999.

Marshall, I. and Kingsbury, D. (1996) Media Realities: The News Media and Power in Australia. Melbourne: Longman.

MEAA (1997) Code of Ethics for Australian Journalists. Media, Entertainment and Arts Alliance, Australia.

Meadows, M. (1992) ‘A sense of deja-vu – Canadian journalism ponders its future’, Australian Journalism Review, 14 (2) July–Dec.

Meadows, M. (1997) ‘Taking a problem-based learning approcah to journalism education’, Asia Pacific Media Educator, No. 3, July.

Mencher, M. (1991) News Reporting & Writing. New York: W C Brown.

Nystrand, M. (1986) The Structure of Written Communication: Studies in Reciprocity Between

Writers and Readers. Orlando, FL: Academic Press.

Oakham, K.M. (1998) ‘Kick it Karl: a jump start for journalism education’, Australian Journalism Review, 20 (2): 24.

O’Donnell, P. (1999) ‘Professional communicators or multimedia information traffickers?’ Unpublished paper presented to the Journalism Education Association Annual Conference, Melbourne.

Paletz, D.L. and Entman, R.M. (1982) Media*Power*Politics. New York: Free Press.

Patterson, P. and Wilkins, L. (1994) Media Ethics: Issues and Cases 3rd edn. Dubuque, IA: McGraw-Hill.

Pavlik, J. (1998) ‘Journalism ethics and new media’, Media Ethics, 9 (2): 1–3.

Pearson, M. (1992) ‘Identifying key competencies for journalists’, Paper presented to the Journalism Education Association Annual Conference, Newcastle.

Pearson, M. (1994) ‘Re-thinking quality in journalism education’, Australian Journalism Review, 16 (2).

Perrin, A. (1995) ‘ Man who was bank’s TV face dies of neglect’ Sydney Morning Herald, January 10, p. 3.

Perry, R. and Ansell, R. (1980) To Fight the Wild. Sydney: Pegasus Books.

Ryle, G. (1960) Dilemmas. Cambridge: Cambridge University Press.

Samaritans (UK) (2000) 'Guide to reporting of suicide and mental illness', Samaritans.

www.samaritans.org.uk.

Schon, D.A. (1983) The Reflective Practitioner: How Professionals Think in Action. New York: Basic Books.

Schon, D.A. (1986) Educating the Reflective Practitioner. New York: Basic Books.

Schultz, J. (1994) Not Just Another Business: Journalism, Citizens and the Media. Sydney: Pluto Press.

Sellers, L. (1979) The Simple Sub's Book. London: Permagon Press.

Sheridan, L. (1977) 'Some first impressions' in Staff News, John Fairfax & Sons Pty Ltd, Sydney.

Sheridan Burns, L. (1995) 'Philosophy or frontline: a survey of journalism educators about teaching ethics', Australian Journalism Review, 17 (1): 1–10.

Sheridan Burns, L. (1996) 'Blocking the exits: focus on the decision in ethical decisionmaking', Australian Journalism Review, 18 (1): 87–99.

Sheridan Burns, L. (1996) 'From knowing how to being able', Teaching Review, 1 (1): 87–97.

Sheridan Burns, L. (1997) 'Problem-based learning: is it new jargon for something familiar?' Australian Journalism Review, 19 (1): 59–72.

Sheridan Burns, L. and Hazell, P. (1997) Response . . . Ability: Curriculum Materials for Journalism. National Youth Suicide Prevention Strategy University Curriculum

Project, Hunter Area Mental Health, Newcastle.

Sheridan Burns, L. (1999) 'The President's column', Australian Journalism Review,

21 (2): 4.

Sheridan Burns, L. (1999) 'The Legend and the Fall', FHM, Emap publications, Sydney, October.

Sheridan Burns, L. and Hazell, P. (1999) ‘Youth suicide and the media’s response . . . ability’, Asia Pacific Media Educator, 6: 57–71.

Silk, M. (1991) ‘Who will rewire America?’ Columbia Journalism Review, May–June: 45–8.

Spitzberg, B.H. and Cupach, W.R. (1988) Handbook of Interpersonal Competence Research. New York: Springer-Verlag.

Splichal, S. and Sparks, C. (1994) Journalists for the 21st Century. Norwood, NJ: Ablex Publications.

Stephens, M. and Lanson, G. (1986) Writing and Reporting the News. Orlando FL: Holt, Reinhardt & Winston Inc.

Tapsall, S. (1998) ‘Spreadsheets and databases’ in S. Quinn (ed.), Newsgathering on the Net. Winchelsea, Vic.: Precision Press.

Tapsall, S. and Varley, C. (2001) Journalism: Theory in Practice. Sydney: Oxford University Press.

Thomas, R. (1999), Learning News Writing: A Process Intervention in a Product Setting, unpublished Master of Arts thesis. The University of Auckland.

Underwood, D. (1993) When MBAs Rule the Newsroom: How Markets and Managers are Shaping Today’s Media. New York: Columbia University Press.

Warren, A. (1995) The Media Report. ABC Radio National, December 21.

White, S.A. (1992) Reporting in Australia. Melbourne: Macmillan.

Whitington, D. (1978) Strive to be Fair: An Unfinished Autobiography. Canberra: Australian National University Press.

Windschuttle, K. (1999) ‘Cultural studies versus journalism’, Quadrant, 15 (3): 11–20. Wolfe, T. (1975) The New Journalism. London: Pan Books.